# گۆزەکان لە گەنجەدا

عەباس موحەممەدی

بەشی سێهەم

ئەم نووسینە لە بەندینخانەیەکی وڵاتی ئینگلیسدا نووسراوە.

کەسانێک بە تەوشیەوە ئەوەندە توند بەسەر گوێزدا دەدەن کە ناوک و توێکڵ لەسەریەک پان دەکەنەوە. یەکێکیش وەک من ئەوەندە توند دەدەم بەسەر کاغەزدا کە وشە و مانا وەک ناوک و توێکڵ لەسەریەک پان دەکەمەوە!.

# بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بە بەخشندەیی خوای گەورە و لە ژێر ترس و تۆقاندنەکانی جن و ئنس توانیم کە بەشی سێهەمی نووسینەکەم تەواو بکەم. ناونیشانەکانی بەشی سێهەم بریتین لەم ناونیشانانەی خوارەوە:

گۆزەکان لە گەنجەدا

بایەقوش

شێخ و شێت

بەرد لە کەڵەک و بنەوادا

تەزوێ لە دەست و دەمدا

مرکان و تەقان

هەزار پێ و هەشت پێ لە بونیاد و چووندا

کاڵەکەمارانە و کەڵەکەمارانە

بزن لە شاخ شکاندندا

شیعر و وشتر بۆ عەرەب

گوێ و پشت بۆ کەر

عومەری خەیام و عومەری خاوەر

گۆچان و پێنووس

خۆر و کەڵەشێر لە شەڕدا

فرمێسک و مین لە ڕشتن و چاندندا

دان و ڕستە بۆ مەڕ و مرۆڤ

گەنم لە نێوان خەرمان و هومارد‌ا

گەنم و باران

کرم و کولە لە نێو پەنجەکانی منداڵدا

بەرەبەیانەکانی من لەسەر زەویدا

داری بی و بەڕوو لە تەڕی و وشکیدا

دۆن کیشۆت و ئادۆڵف هیتلر

تیشکی خۆر و ڕووناکی مانگ بۆ گەمەی منداڵان

سەرەتاکان و کۆتاییەکان

ڕوومەتەکان و ڕستەکان ، دەستەکان و ڕستەکان

زەنگیانە و جەواهر لە بەن و سندوقدا

پێنووس و تەزوێ

پێنووس و بەرد لە دەستی ڕاست و چەپدا

موورگی شین بۆ لە چاوو چوون و بە چاو چووندا

فرمێسک لە چاوی ڕاست و چەپدا

دەم و پێنووس لە خوێن و جەوهەردا

دەم بۆ هەنجاندنی خواردن و وتنی وشەکان

دار بۆ بنەپێ و لەپی دەست

گورێس و کا لە دوژمنی یەکدیدا

گورێس و مار لە دۆستی یەکدیدا

کەو و کەر لە پێگە و دەنگدا

ناسری ڕەزازی و ناسری سوبحانی

# گۆزەکان لە گەنجەدا

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

بۆ ئەوەی کە مرۆڤ خۆی بناسێت، وەک ئەوەیە کە چرایەک بە دەستەوە بگرێت و بچێتە نێو ئەشکەوتێکەوە کە بنێکی دوور و درێژی هەبێت. وردەکاریەکانی دەروون و ژیانی وردە وردە سەر دەردەهێنن. کەم کەم وشەکان و بیرەوەریەکان و بیرەکان و ڕووداوەکان خۆیان دەردەخەن. گرنگ ئەوەیە کە ئەو کەسە چەندە لە خۆیدا دەچێت و بەها بە تاریکی و شاراوەیی دەروونی خۆی دەدات. لەبەر ئەوەی کاتێک کە قوتابی و فەقێ ئەوەندە خەریک بە ناوەکان و ژیانی ناوەکان کرا، ئەوەندە لە خۆیان و دەروونی خۆیان دوور دەکەونەوە.

لە دەورەکانی نووسیندا، وشە و وێنەکان وردە وردە و کەم کەم دەکەونە سەردەم و بندەست، وە لە بەردەوامی نووسین و ناسیندا زیاتر چۆک و چوکەر دەدەن و دەکرێنەوە. کاری سەرەکی من ئەوەیە کە وشەکان و وێنەکان بە جوانی دەربهێنم. هەندێک وشە و وێنە لە بەشی یەکەمی ئەم نووسین هاتوون، بەڵام بە جوانی باس نەکروان، ئەمە ئاماژە بەوەیە کە خۆیان بۆ من نەکردووتەوە. لە درێژی و بەردەوامی نووسیندا هەر وێنە و وشەیەک خۆی دەکاتەوە و خۆی وەک سەربازی دۆڕاو دەدات بە دەستی منەوە، لەبەر ئەوەی کە وێنەکان و وشەکان بە تەنیا هیچیان پێ ناکرێت.

## گۆزەکان لە گەنجەدا

بیناسازی یان معماری زانست و هونەرێکە کە لە هەر خاک و خەڵکێکدا شێوە و نەخشەی تایبەتی خۆی هەیە. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بیناسازی لە ناوچەکانی دەشتی زەهاو و داڵاهۆنشینەکان، شوێنێکی تایبەتە بە ناوی گەنجە کە لە هەر خانوویەک بوونی هەیە. گەنجە بەو شوێنە دەوترێت کە گۆزەکان تێدا هەڵدەگیرێن و ڕادەگیرێن. گەنجە شوێنێکی چکۆلەیە کە لە پشتەوەی خانوو دروست دەبێت و ژنی ماڵ ئاگای لێیە کە چی تێدایە و چی تێد ڕاگیراوە؟. گەنجە شوێنی ئەو شتانەیە کە خاوەن ماڵ بۆ خۆشە بوون و پێگەیشتن ڕایدەگرێت. ئەو شتانەی

کە پێویستی بە گوزەری کات هەیە، ئەو شتانەی کە وردە تۆز و خۆڵی تەنیایی سەری دەگرێت!.

دەروونی کەسانێک لە نەوەکان و ناوەکان گەنجەیەکی تایبەتی تێدایە کە زۆر وێنە و چیرۆک و وشە و ڕستە و ناو تێدا ڕاگیراوە.

لە ئەدەبی مرۆڤیدا پێی دەڵێن بیرەوەری یان زاکیرە، وە بۆ ئەو بیرەوەری یان زاکیرە چەندەها جۆری جیاوازیان لەیەکدی جیا کردووەتەوە. بۆ نموونە باسی زاکیرەی کورت یان بڵندی کەسەکان دەکەن.

دەروونی من گەنجەیەکی تێدایە کە بەرپرسێکم بۆ دانیاوە کە هەر وشە و وێنە و چیرۆکێک کە لە ژیانم دەقەومێت هەڵیگرێت و خزمەتی بکات بۆ ڕۆژی پێویست.

## چەند تایبەتمەندی گرنگ

باسی تایبەتمەندیەکانی گەنجەی دەروونی خۆم دەکەم بۆ ئەوەی کە نەوەکانی کورد گەنجەی خۆیان بکەنەوە.

ئەوەی کە لە ڕابردووی هەر مرۆڤێک قەوماوە وێنەی کۆیەک دانەی هەیە. بۆ نموونە جووتیارێک پڕی توورەکەیەک دانی گەنمی هەیە. ئەو گەنمانە لە توورەکە لەگەڵ یەکدن، بەڵام نازانن کە کاتێک بە دەستێک وەشێنران، کامەیان لەگەڵ کامەیان نزیک دەبێت؟. بۆی هەیە کە چەند دان لە توورەکە لە یەکدی نزیک بن، بەڵام ئەو دانانە لە کاتی وەشاندن لە یەکدی جیا ببنەوە. هەروەها وێنەکان و بەسەرهاتەکانی مرۆڤ وەک دانەکانی گەنم لە توورەکە یان گەنجە پێکەوە دەبن، بەڵام لە کاتی نووسین و ڕێکخستن لە یەکدی جیا دەبن. هەریەکەیان بە دەستی خاوەن بەسەرهات، لە شوێنێک دادەمەرزێت.

تایبەتمەندی تری وێنەکان و چیرۆکەکان لە گەنجەدا ئەوەیە کە بۆی هەیە سەروبەری ئەو وێنە و چیرۆکانە بگۆڕێت و مرۆڤ تووشی مانەوە بکەن. بۆ نموونە، لە بیرمە کە دکتۆر حەمید عەزیز مامۆستای وانەی تیۆرەکان باسی کارڵ مارکسی دەکرد. وتی مارکس پاش ئەوەی نووسینەکانی ئینگلیسی تەواو کرد، ویستی کە بڕوات بۆ باکووری ئەفریقا بۆ ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکانی تەواو بکات، بەڵام کۆچی کۆتایی کرد و پرۆژە و لێکۆڵینەوەکانی تەواو نەکرد.

قسەکەی مامۆستا حەمید بە شێوەیەکی تر لە گەنجەی دەروونم هەبوو کە منی خستە ترس و مانەوە کە کامەییان دروستە!؟.

دکتۆر وتی: کارڵ مارکس دەیەویست کە بڕوات بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بۆ ئەوەی کە لێکۆڵینەوەکانی تەواو بکات!.

دەروونی مرۆڤ سەروبنی قسەکان و باسەکان دەگۆڕێت، شتەکان دەستکاری دەکات، وەک ئەوەی کە کەسانێک خواستی ئەوەیان هەیە کە تەشەنە بکەنە دەروونی مرۆڤ و بە خواستی خۆیان قسە و باسەکانی دەروون بگۆڕن یان بە خواستی خۆیان بەرجەستەی بکەن!.

تایبەتمەندی هەرە گرنگی تر ئەوەیە کە مرۆڤ و ئەو بەرپرسە دەروونیە کە گەنجە بەڕێوە دەبات، بە خواستی خۆیان وێنەکان و بەسەرهاتەکان هەڵدەگرن. هەرچیان کە بوێت هەڵیدەگرن. من پێموایە کە ئەوەی گرنگ بێت بۆ ناسین و ڕاستی وە یارمەتیدەر بێت کە من لە قەیرانەکان دەرباز بکات، بە خواست لە لایەن خاوەن گەنجەوە هەڵدەگیرێت و دەپارێزرێت.

تایبەتمەندی هەرە گرنگی تر ئەوەیە کە وێنەکان و چیرۆکەکان و وشەکان و ناوەکان لە دەروون دەبێت کە بگیرێنەوە. گۆزە لە گوزەری کات بەری خۆی دەگرێتەوە. هەروەها وێنەکان و چیرۆکەکان لە گوزەری کات، یەک دەگرنەوە. دەبێت کە سەبری پێوە بکەیت.

ژن سروشتی جۆرێکە کە کەمتر لە پیاو وێنەکان و چیرۆکەکان لە دەروونی ڕادەگرێت. ژن بۆ ناسین، سەبری لە پیاو کەمترە. ژن ئەوەی پێ دەکرێت کە گەنجە بپارێزێت. سینگ و دەمی ژن بەسەرهاتەکان تێدا وەک پیاو ڕاناگیردرێت، بەڵکو بە زووترین کات بەکاری دەبەن. زۆرێک لە مرۆڤەکان کە سەبریان بە گرتنەوەی دەروونی خۆیان نەکرد و وێنەکان و بەسەرهاتەکانی بە شێوەیەکی کوت و پڕ بە بێ ئەوەی کە شوێنی خۆی بگرێت بەکار برد، ئەوەیە کە ناتوانرێت سقە بە دەم و باسەکانی بکرێت!. نەک تەنیا ژنەکان بەڵکو زۆرێک لە نووسەران و بیرمەندان سەبر بە وێنەکان و وشەکان و چیرۆکەکان ناکەن. هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە گەنجەی دەروونیان نیە!.

لەو کاتەی کە لە بەندینخانە دەستم بۆ پێنووس برد، چووم بۆ گەنجەی هۆشم و سەرجەم گۆزەکانم کردەوە بۆ ئەوەی کە کەڵکیان لێ وەربگرم. هەریەک لە وێنەکان و چیرۆکەکان و بەسەرهاتەکان و وشەکان و ناوەکانم لە پێش خۆمدا هەڵڕشت و داوام لە خوای گەورە کرد کە یارمەتیم بدات کە شوێن و پێگەی شایستە بە هەریەک لەوانە بدەم.

## گۆزەکان لە گەییندا

کەسانێک لە ناوەکان لە کاتێک کە تەمەنیان دەگاتە پیری و کۆتایی، دەست دەبەن و بیرەوەری و نهێنی و ڕووداوەکانی ژیانیان بۆ خەڵک و خوێنەر و خوازیار دەکەنەوە و شل و شی و شیتەڵکاری دەکەن. بۆ نموونە ئیمام موحەممەدی غەزالی تووسی لە نووسینەکانی کۆتایی کتێبی المنقذ من الضلال دەنووسێت. پاش ئەوەی کە ساڵەهای ساڵ بیر و ژیر و هەست و تەنیایی تێکەڵ دەکات و دەگات بە کاتی قسەی کۆتایی ئەم کتێبە وەک باسی دەروونی خۆی دەنووسێت. نموونەیەکی تر مامۆستا هەژاری موکریانیە کە پاش ئەوەی دەگاتە تەمەنی پیری، بیرەوەریەکانی ژیانی لە کتێبی چێشتی مجێور دەنووسێت و باسی وردە کاریەکانی ژیانی دەکات.

زۆربەی ئەوانەی کە دەستیان برد بۆ نووسینەوەی ژیان و بەسەرهاتەکانی ژیانیان وەک بەرهەمی کۆتایی و بەستنی کتێبی ناوی خۆیان بووە. مانای ئەوەیە کە گەنجە و گۆزەکانی ژیانی ئەوان بە کاتی کردنەوەی کۆتایی گەیشتووە.

ئەم شێوە بووە شتێکی ئاسایی کە ناوەکان تا تەمەنیان نەگات بە پیری دەستیان ناچێت بۆ گۆزەکانی ژیانیان کە بیکەنەوە. هۆکاری زۆری هەیە، لەوانە ئەوەیە کە ناوەکان ژیان لە یەک دەروورە دەبینن، دووهەم ئەوەیە کە ناوەکان تا نەگەن بە پیری گۆزەکانیان ناگەیەت و ناگات.

دۆستێک بە من وتی: تۆ کە پیر نەبوویت، بۆ جۆرێک دەنووسیت کە گەیشتوویت بە کۆتایی **!؟**

دە ساڵی ژیان کار کردن و گیان کەندن و سەختی کێشان لەگەڵ مرۆڤ و ناوەکان، وای کرد کە گەنجەی دەروونم بگات و بگەیەت. بەرزی و نزمیەکان و سەختی و تاڵیەکان، دووری و نزیکیەکان، هەست و هەناسە سارد و گەرمەکان، پرس و

ترسەکان، تەنگی و کرانەوەکان، دەنگی زۆر و بێدەنگی سەیر، نەخۆشی و خۆشیەکان، وایان کرد کە گۆزەکانی گەنجەی دەروونم ئامادەیی ئەوەی هەبێت کە شتانێک بۆ بەخشین بگرێتەوە.

ئەو کارەی کە من دەیکەم ئەوەیە کە بەرە گەیوەکانی گۆزەکان دەردەهێنم و گۆزەکان بەتاڵ دەکەم، بۆ ئەوەی کە دیسان لە نوێوە بەری تازەی تری تێ بکەم بۆ ئەوەی کە بیگرێتەوە. کەوایە باوەڕم وایە ژیانی من یەک دەورە نیە وە یەک بەر و کۆتایی نیە، هەرچەند کە هەرهەمووی لە یەک گەنجە و دەستە گۆزەیەک دەگیرێنەوە!.

لێرە وریا بن کە بەسەرهاتی نەوەکان و ناوەکان وەک یەک نیە، هەر کەس ناتوانێت کە دەست بخاتە گەنجە و گۆزەکانی مەگەر ئەوە کە کاتی بگات. ئەو کاتە زۆر سروشتیە، گۆزەکان لە گەنجە هاوار دەکەن کە گەییون و ئامادە بوون.

" هەر کەس شایستەی ئەوە نابێت کە بە دەروونی خۆی ئاشنا بێت، وە هەرکەس دەستی بە گۆزەکانی گەنجەی دەروونی خۆی ناگات، مەگەر ئەوەی کە لە دەرەوە ئاگادار بکرێتەوە!."

زۆرێک لە ناوەکان و نەوەکان پاش ئەوەی کە دەستیان بە گەنجە و دەروونیان دەگات، شتێکی گرنگیان بۆ گرتنەوە بە دەست نەهێناوە. زۆرێکیان کە گۆزەکانی گەنجەی دەروونیان دەکەنەوە، دەبینن کە کەڕووی داوە و گەناوە!.

# بایەقوش

## بولبول و هەڵۆ و بایەقوش لە دەنگ و دەرکەوتندا

هەریەک لە پەلەوەرەکان کات و شوێنی تایبەتی خۆی هەیە کە دەرکەوێت. لە بەرەبەیانی ئاواییدا پەلەوەرەکانی بەرەبەیان لە دەوری دارەکان و پاساری خانووەکان و گەلەخانەکان دەردەکەون و بە جریوە و دەنگیان خۆیان دەردەخەن. پەلەوەرەکانی بەرەبەیان هەردەم پاش ئەوەی کە خۆر دەردەکەوێت، خۆیان و پەڕ و باڵی ڕەنگینیان بۆ خەڵکان دەردەخەن. پەلەوەرە جوانەکان و ڕەنگینەکان بە دەنگ و جووڵە و هات و چۆیان، سروشتی بەرەبەیان دەڕازێنن و ئاسوودەییەک بە زەوی و ژیان دەبەخشن.

**بەڵام بە پێچەوانەی پەلەوەرەکانی بەرەبەیان، دەستەیەکی تر لە پەلەوەرەکان ڕق و نەفەرتیان لە بەرەبەیان هەیە، بەڵکو لە کاتی ئاوا بوونی خۆر خۆیان بدەردەخەن. بایەقوش[1] لە کاتی ئاوا بوونی خۆر خۆی دەردەخات و لەسەر دیوارەکانی کەلاوەکان و تیری بەرقەکان خۆی دەنیشێنێت.**

**لە بایەقوش خراپتر، شەمشەمەکوێرەیە کە هیچ ڕوویەکی بۆ خۆر و ڕووناکی نیە، بەڵکو لە شەوانی تاریک و لە کونەکان و تاریکیەکان خۆی هەڵدەواسێت. ئەگەریش چرایەکی کەم نووری نەوتی ڕووناکی خۆی لێبدات، هاوار و دەنگێکی ناخۆش دەیگرێت و شوێنی خۆی دەگۆڕێت!.**

**ناوەکان بە تایبەت نووسەرەکان وەک پەلەوەرەکان کات و شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ دەرکەوتن. دەستەیەکی کەم لە نووسەرەکان لە بەرەبەیانان خۆیان دەردەخەن، ئەوانەی کە خۆیان لەبەر تیشکی خۆر و ڕووناکی دەردەخەن ناویان بۆ نەوەکان هیچ لێدانێکی نیە، بە پێچەوانەشەوە، ژینگە و هات و چۆ بۆ نەوەکان خۆش دەکەن. کەسێکی وەک سادقی هیدایەت کە ناوی بایەقوشی بۆ نووسینەکانی خۆی هەڵبژارد، تەنیا لەسەر وشەکانی نەبوو، بەڵکو ئەو وێنەیە تەشەنەی کردە سەرگۆڕەکەی و وەک هێمایەک بە ناوی خۆی ناساندی. سادقی هیدایەت، دەرمانخۆر و مەشرۆبخۆر و جگەرەکێش و تەنیا و هیلاک بوو!.**

سادقی هیدایەت هەروەها بە هەستی خۆشی بۆ ڕۆژئاوا وە هەستی ناخۆشی بۆ ئیسلام، وە بە هاوکاری وشەکان و ڕستەکانی ئەدەبی فەرەنسە، توانی فارس وەک بایەقوش دەربخات. فەرەنسیەکان مۆریان بە کەڵەشێر دەناسرێت، ئەوان بوون کە فەرهەنگی شێر و خورشیدی ئێرانی و پرشیانیان، کردە بایەقوش. مەبەستم ئەوەیە کە لە سەردەمی ناوی سادقی هیدایەت بەو لاوە ئیتر ئەدەبی فارسی بە نووسراوەی **بوف کور**، بایەقوشی کوێر، بە ئەدەبی بایەقوش دەناسرێت. **بایەقوش ڕووی ڕووناکی نیە. مانەوە لە خەڵوەتێکی سارد و تاریک، کە نیشانە و ئاماژە بەوەیە کە ئەدەبی فارس بە دەستی کەسێک جادوو و بە دەمی کەسێک مەسخ و وشک کراوە.**

[1] _ بایەقوش، کونەپەپوو.

ناوەکانی هەر ئەدەبێک، لەهەر دەورەیەک مۆر و هێمایەک بەو ئەدەبە دەبەخشن. ئیتر بەو مۆر و هێمایەوە ئەو ئەدەبە دەناسرێتەوە. سادقی هیدایەت ئەدەبی فارسی نوێ لە مۆر و هێمای بایەقوش دەرخست.

بولبول و پەلەوەرە ڕەنگینەکانی تر کە لە بەرەبەیان دێنە دەرەوە، دەنگ و ڕەنگی جوانیان هەیە، هەر بۆ ئەوە باشن کە دەرکەون و سروشت و ژینگە جوان و ڕەنگین بکەن. بەڵام سادقی هیدایەت و بایەقوش نە دەنگی بەرەبەیانیان هەیە وە نە ڕەنگی بەیانیان هەیە. لە تەم و تاریکی خۆیان بەدەردەخەن.

فردریک نیچە کە کەڵک لە ناوی هەڵۆ و مار وەردەگرێت، ئاماژە بە سروشتی خۆی دەکات. هێمای بوونەوەرێکە کە هی ئاوەدانی و ژیان و ژینگەی مرۆڤ نیە، بەڵکو لە سەرگەردانی و سەرگرە دەمێنێتەوە. هەڵۆ ئەگەر بەدەرکەوێت و خۆی لە سروشت و ژینگەی ئەوانی تر دەربخات، ئەوە لە دوورەوە و بە هەڕەشەوە خۆی دەردەخات و خۆی دەنوێنێت!.

لە ڕاستیدا من بەها بە نووسەرانی تەم و تۆز[2] نادەم، بەها بە ناوی ئەوانە نادەم کە وەک بایەقوش و شەمشەمەکوێرە دەژین و دەنگ و ڕەنگی خۆیان لە بەستراوەیی و تاریکیدا حەشار دەدەن.

بۆ ناوەکان ئەوە شایستەیە کە ئەگەر دەنگ و ڕەنگیان بۆ ترس و پرس، بۆ هەڕەشە یان ئاسایش هەیە، خۆیان دەرخەن و لێدان و پێدانی خۆیان بکەن.

## سینگ لە تەنیایی و تەنگانەدا

پاش ئەوەی کە دەورانی کتێب خوێندن لە دەرودەشت و کێوەکان گوزەری کرد. ڕووم لە شاری هەولێر و زانکۆی سەلاحەدین کرد. ئەوانەی کە حەز و خۆشیان بە دەرودەشت هەیە وە کات و ساتێک بۆ چوون و هاتن دەبینن، بۆی هەیە وایان لێ بێت کە بتوانن لە ژوورێک بۆ ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژ و هەفتەدا بژین و ئاسوودە بن. ئەمە باس لەوە دەکات کە کتێب و نووسینەکان چەندە دەتوانێت کە کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەبێت!.

[2] _ نووسەرانی تەم و تۆز، شاعیرەکان.

هەولێر منی لە ژوورەکەمدا بەسایەوە، وای کرد هەرکات و هەردەم لە ژوورەکەم خۆم  بە وشەکان و ڕستەکان و ناوەکان خەریک بکەم. هەر لەو کاتەوە وەک تاقی کردنەوە، زانیم کە توانای تەحەموڵ کردنی زۆرم هەیە، وە هەر لەو کاتانەوە، هۆش و زمانم لە بێ سنووری و خەروارها خەروار زەوی بەرەڵا و ئازاددا خۆی ناسیەوە. ئەمە وەک دیاری بوو، بۆیە ئەمە من نیم کە تەنیا سینگم دوو بست بێت، بەڵکو خەروارها خەروار بەرپانی لە هۆش و دەروونم هەیە کە بە ناوی منەوە پەرژینی بەدەورەوە کێشراوە.

لە لوتکەی کێو، لە ژووری تەنیا، لە شەقام. لە ئاوارەیی، لە شار بە شاری و وڵات بە وڵاتی، هەستەکان و هاتەکان دەبێتە پشت بۆ مرۆڤ، یەواش و ئارام فێری خاوێنی و ورد چوون، لە خۆدابوون وە لە خۆداچوون، سینگ دەکاتەوە وە خاوەنداری دەکات. بۆ نموونە گریان لە لوتکەی کێو لەگەڵ گریان لە بەندینخانە نیشانەی ئەوەیە کە بوونێکی خوازیار لە پشتەوەی ئەو چاوە هەیە کە فرمێسک دەڕێژێت. شوێنی وەک بەندینخانەی ئینگلیس، ژووری تەنیا لە هەولێر وە دەرودەشتی شاری ڕوانسەر، خەڵوەتگە و گۆشەیەکی ئارام و ئاسوودە بوون کە بوونە هۆی کێڵان و بەرهێنان و بەرهەمهێنان و داڕشتنی چوونی سنوورەکانی هزرەکان و هەستەکان لە سینگ و هۆشدا.

بەشێکی زۆر لە ناوە مرۆڤیەکان و ناوە دینیەکان باری خەڵوەتیان کێشاوە وە دەورانی گۆشە و خەڵوەتیان چێشتووە. ئەو ناوانە ڕستەکانیان لە خەڵوەت گەشەی کرد وە هەر لە خەڵوەتدا چوونی هەبووە.

**کەسێکی وەک سادقی هیدایەت لە فەرەنسە ڕستەکانی هەڵگرت وە لە هیندوستان بەری گرتەوە. سادق لەو خەڵوەتەی کە لە درێژی ژیانی پێوە گرێ خواردووە، توانیوە کە لە تەنیایی لەوەڕ بە وشەکانی خۆی بدات. سەید قوتب لە درێژی ساڵانی ژیانی هەمووی کۆ کردەوە تا ئەوەی کە لە دەورانی بەندینخانە هەمووی لە گیانی هاتە دەرەوە. فردریک نیچە ئەوەی کە لە بن دەستی زانکۆکان فێر بوو لە کێوەکانی ئالپ دژ بە زانکۆ و ئەو پەروەردە ڕژاندی. ناسری سوبحانی بە هۆی دەورانی خەڵوەت و گۆشەگیری کە چێشتوویە، توانیوە کە بەری هەبێت.**

**هەرکام لەو ناوانە وەک شوانێک بوون کە وشەکانیان وەک مەڕ داوەتە بەر بۆ ئەوەی کە بە خواستی خۆیان بیلەوەڕێنن و بە خواستی خۆیان گەشە و گەرای پێ**

بدەن. گەر شوانی مەڕی خۆت بیت جیاوازە لەوەی کە شوانی مەڕی کەسێکی تر بیت. ئەگەر شوانی بۆ مەڕی ئەوانی تر بکەیت، دەبێت کە بیبەیت بۆ ئەو شوێنەی کە دیاری کراوە کە مەڕەکان تێدا بلەوەڕێن. زۆرێک لە قوتابی و فەقێکان لەبەر ئەوەی کە کانی وشەکان و هەستەکان لە ناوەکانی تر وەردەگرن، ناچارن کە بە هەست و هزریان بچن بۆ ئەو ژینگە کە وشەکان و هەستەکان تێدا زایراون. ئیتر کاریان دەگات بەوە کە قوتابیەکان و فەقێکان دەکەونە شوێنی زایین و لەوەڕی وشەکان، چ لە زانکۆ بێت، چ لە ڕۆژئاوا یان لە مەکە و مەدینە!!.

گەر بیر لە وشەی دەرەوەی ڕستە بکەیتەوە، جیاوازە لەوەی کە بیر لە وشەی نێو ڕستە بکەیتەوە. گەر بیر لە وشە لە خەڵوەت بکەیتەوە، جیاوازە لەوە کە بیر لە وشە لە نێو ئەدەب و ناوەندی ئەوانی تردا بکەیتەوە. ئەگەر بیر لە ڕستە لە خەڵوەت بکەیتەوە، جیاوازە لەوە کە بیر لە ڕستە لە نێو ئەدەب و ناوەندی ئەوانی تر بکەیتەوە. ئەگەر بیر لە چەند ڕستەیەکی چەند ئەدەبێکی جیاواز لە خەڵوەت بکەیتەوە، جیاوازە لەوەی کە لە زانکۆ بیر لە چەند ڕستەی چەند ئەدەبێکی جیاواز بکەیتەوە.

گورێس لە خوری بزن دروست دەبێت، سەری گورێس بە سەری خودی گورێس دەبەسترێت. گورێس سەر و پەیکەری لە خوریەک دروست دەبێت. گورێس سەری خۆی بە ئەوانی تر نابەستێتەوە. کەسانێک کە چەند ڕستە لە چەند ئەدەب تێکەڵ دەکەن، کاری ناو و نەخشەی بەردەستیان دەخەنە قورسی و سەختیەوە. ئەو کەسانەی کە لە تەنیایی و بە دەستێک کار دەکەن، توانای بەری باشیان هەیە. فردریک نیچە هۆی تێکەڵیەکەی ئەوە بوو کە ڕستەی چەند ئەدەبی جیاوازی لە پەیکەریدا لە تەنیایی بە شەڕدا دەدا. فردریک نیچە شەڕی ڕستەکانی لەسەر سینگی خۆی دەکرد. بەڵام مامۆستا عەلی کەڵەک تەواوی کاری ئەوەیە کە ڕستەکانی ئەدەبێک لە سەر سینگی بکێڵێت و گەشە پێ بدات. سادقی هیدایەت هەروەک فردریک نیچە وشەکان و ڕستەکان لە تەنیایی پەلاماریاندا و کوشتیان، هەر ئەو وشانەی کە خۆی گەمەی پێ دەکرد، کردیانە قوربانی. بۆیە گرنگ ئەوەیە کە لە تەنیایی و خەڵوەتدا خەریک بە چ ئەدەبێکەوە دەبیت!؟.

ئەم ڕستانە بۆ ئەوانە باشە کە سینگیان کرانەوە و بەستراوەیی بینی بێت. هەرچۆن باسم کرد، من لە کەمپ لە دایک بووم وە بۆ ماوەی شەش ساڵ لە کەمپی

عێراق و بۆ ماوەی ساڵێک لە کەمپی ئێران بووم. ئەو کاتەی کە لە عێراق بووم لە دەرودەشتی شاری ڕۆمادی گەورە بووم وە کاتێک کە گەڕاینەوە، ژیان لە کەژ و کێو و بەرزی و نزمیەکان دەستی پێ کرد. لە شاری ڕوانسەر و دەورەی حوجرەدا زۆر هات و چۆی دەرودەشت و بەرزی و نزمیم کردووە، لە بەشە ناوخۆیەکانی هەولێر بۆ ماوەی زۆر لە ژووردا خۆم خەریک دەکرد. ئەو مانەوە لە ژووردا، سینگی منی لەو بەستراوەییە تەنگ دەکرد. هەرچی لە ساڵی دووهەزار و چوار بەرەو سەرەوە دەهاتم، تەنگانە سەروسینگی منی دەگرتەوە. لە ساڵی دووهەزار و هەشت بەرەو سەرەوە تەنگانەکان ئەوەندەی تر سەروسینگی منی دەگوشی. نەک تەنیا گوزەر لە کەش و هەواکان و بەرزی و نزمیەکان بوو، بەڵکو ئەو دەستە هەست و هزرانەی کە بۆ من دەهاتە پێش، دڵ و هەناوی منی تەنگ و تاریک دەکرد. بەهاداری ناوی من ئەوەیە کە زۆر گوشار و تەنگانە هاتووەتە سەر سینگ و دەروونم. هەر ئەوانە وای کرد کە سەخت و سەبوور بم. لە بەرەتاکانەوە من لە هەر شوێن و هەست و باردۆخێک بایەم، بیر و هزرم لە لای ڕستەکان و ناوەکان دەبوو. ئەگەر بێت و دەستە ناوێک بۆ ماوەیەکی زۆر لە هەر شوێن و کاتێک یاد بکەیت، ئەو ناوانە ئەگەر خاوەنی هەبێت، خاوەنی ئەو ناوانە دێتە فریادتەوە!.

**" سینگی ژن سەرەوەی بۆ مرۆڤ بەهای هەیە، بەلام سینگی پیاو بنەوەی بۆ مرۆڤ بەهای هەیە."**

لە بیرم دێت کە ساڵی هەزاروسێسەدوهەفتاوهەشتی هەتاوی لە سەرەتای دەستپێکردنی قوتابخانەکان لە مانگی میهردا، من و باوکم و کوڕە خاڵەکەم بەڕێ کەوتین بۆ شاری بەندەر عەباس بۆ ئەوەی کە لە قوتابخانەیەکی دینی وەربگیرێن و هەر لەوێ پەرە بە خوێندن بدەین.

ئەو کاتە ئوتوبوس هەفتەیەک دوو جار لە شاری کرماشان دەچوو بۆ بەندەر عەباس. ڕۆژی دووشەممە بوو و ئوتوبوسەکە هەموو کورسیەکانی گیرا بوو، لە بەختی ئێمە ئیتر شوێن نەمابوو. شاگردی ئوتوبوسەکە وتی تا ڕۆژی جومعە ئیتر ئوتوبوس نیە، ئەگەر دەتانەوێت، دەتوانن کە لە بوفەی ئوتوبوسەکە جێ خۆتان بکەنەوە!.

سواری ئوتوبوس بووین و لە بوفە لەگەڵ دوو کەسی تردا شوێنی خۆمان کردەوە. بوفە ئەو شوێنەیە کە لە دواوەی ئوتوبوسەکەدا، پشتی دەدرێت بە مەکینەی

ئوتوبوسەکەوە. ئەو شوێنەش ئەوەندە تەنگ و گەرم و تاریکە کە هی ئەوە نەبوو کە بیست و چوار کاتژمێر پشتی پێوە بدەیت. ئەوەندە دەرد و تەنگانەم لەو شەوە کێشا، کە ئێستەش دەردی لەسەر سینگ و ئەژنۆم ناوە. ئەوەندە شوێنەکەم تەنگ و گەرم بوو کە هەر ئەوەی مابوو گریانم لێ هەڵسێت، هی ئەوەش نەبوو کە دابەزین. ئیتر خۆمان لە بوفەی ئوتوبوسەکە هەر ئەم دیو ئەو دیو دەکرد. **دەردی ئەو شەوە لەسەر سینگم هێشتا ماوە!.**

کاتێک کە لە پێناو ناوێک و خواستێک پێ و سینگ بە کار دەبەیت، ئیتر گرنگ ئەوە نیە کە لەو کاتە بگەیت بە مەبەست، بەڵکو بەهادار ئەوەیە کە ئەو کاتە هەنگاوێک هەڵگیراوە، وە سینگ کە شوێنی هەوانەوەی ڕستەکان و وشەکانە، تووشی تەنگانە و دەرد بووە. ئەمە بۆ خۆی بنەڕەتێک بوو بۆ داهاتوویەکی شکۆدار. ئەوە یەکێک لەو شەوانەی بەرەتا بوو کە سینگی من دەرد و هەناسەی تێدا کێشا!.

بە خواستی خوای گەورە کە سەردانی قوتابخانە دینیەکەمان کرد، ڕوویەکی خۆشیان بە ئێمە پیشان نەدا. هەر ئەمە وای کرد کە دەردێک لەبەر من، سینگی باوکم بگرێتەوە. باوکم ئەوەندە تووڕە و نیگەران بوو کە خەم و دەرد نێوچاوانی گرت و ئەو خەمە تا ماوەیەک بە دەم و چاویەوە دیار بوو. زۆری پێ ناخۆش بوو کە من و کوڕە خاڵەکەم لەوێ وەرنەگیراوین. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە خەمۆکی و دەردێک لە سینگ و گیانی هەر هەمووومان بکەوێت.

پاش ماوەیەک کە بەسەر ئەو کاتە و ئەو تووڕەییە چوو، ستایشی خوای گەورەم دەکرد کە لەو قوتابخانە لە باشووری ئێران، لە بن دەستی فارسە سونیەکان وەرنەگیراوم. هەرچەند کە ئەو وەرنەگرتنە دەردی خستە سینگی من و باوکم و کوڕی خاڵەکەمەوە، بەڵام هەر ئەو وەرنەگرتنە بووە خێر و خۆشی کە لە داهاتوودا هەستم پێ کرد. گرنگترین خۆشی ئەوە بوو کە لە بەرتاوە، لە کۆی فارسەکان خەریکی خوێندنی دین نەبووم!.

# شێخ و شێت

**لە دەورانی خەڵوەتە کە ستایش کردن بەهرەی خۆی لە بەخشندەیی دەردەخات. بۆی هەیە لە ئاشنایی ناگەهانی و لە ناکاوە باری ئەو خەڵوەتە لە مرۆڤ بەرپان و فراوان بێت. لە کاتی خەڵوەتەیە کە ناوێک یان نووسنێک لە ناکاوە توانای**

ئەوەی هەیە کە خەڵوەتی مرۆڤ بەرەو نەخشە و سنووری بێبن ببات. خەڵوەت لە هەر بەرنامە و پەروەردەیەک بۆ ماوەیەکی کورت بە کار دەچێت.

خەڵوەت توانای ئەوەی هەیە کە مرۆڤ بەرەو پێگەی شێخی بەرێت، هەروەها خەڵوەت توانای ئەوەی هەیە کە مرۆڤ بەرەو شێتی بەرێت. شێخی بە پێچەوانەی شێتی، ئاماژە بەوەیە کە مرۆڤ بە سەلامەت لە یادی ناوەکان سەری دەرهێناوە. هەروەها شێتی ئاماژەیە بەوە کە مرۆڤ توانای ئەوەی نەبووە کە بە بەر و بەرهەم بگات و لە یادی ناوەکان سەرکەوتوو بێت.

مرۆڤ لە تەنیایی زۆر تووشی حاڵەتی ڕۆحانی و جنون دەبێت. کەسانێک کە بیر لە ناوی خوا دەکەن و یادی دەکەنەوە وە چاو و ئەژنۆیان هاوکاری دەکات، لەو وێنەیە پیاو شێخی دەیگرێت. کەسانێکی زۆر لەبەر بیر کردن و بەخۆداچوون و بە خۆخواردن، بەشەکانی منداڵی و هەرزەکاری لێیان زیندوو بووەتەوە. کاتێک کە لە ناوەخت و بە ناحەق بیر لە منداڵی بکرێتەوە، بۆی هەیە کە وشە و کردەکانی ئەو کاتە چوکەر بداتەوە، وەک فردریک نیچە!.

ئەو کەسانەی کە زۆر بە ناوی جۆراوجۆر و ڕوومەتی جۆراوجۆر و دوور و نائاشنا خەریک دەبن، ئیتر زۆر ئەستەمە کە بتوانن ڕوومەتیان لە خەڵوەت چاودێری و خزمەت بکەن.

گوزەر لە چۆڵەوانی زۆر جیاوازە لە چۆکدان لە خەڵوەت. مرۆڤ کە گەیشتە ئەو ڕادە بیەوێت کە بە لەش خەڵوەت بکات، دوور دەبێت لە کەسانی تر. بنەچەقی قسەکانی من کار کردن بە ناوەکانە لە دەرەوەی ڕستە و چیرۆک و نەخشەیەکی زمانی. کەسێکی وەک فردریک نیچە کە شێتی گرتی، سەرچاوەکەی ئەوە بوو کە بە بێ پشت و پەنا سەری کردە بیابانێک کە دەروونی ئەویان پوچەڵ کرد. ئەگەر بێت و قوتابیەک بیەوێت کە تەواوی تۆر و زنجیرەی ناوەکان لەبەر و بیر بکات وە بەو ناوانەوە کار بکات، وەک ئەو کەسەیە کە لە دارستانێکی گەورە بیەوێت کە ژیان بکات، ناوەکان پەلاماری دەدەن و دەیکەن بە قوربانی خۆیان. بۆی هەیە کە بەسەر دەستەیەک لە ناوەکان زاڵ بێت، بەڵام توانای ئەوەی نیە کە کار و ژیان لەگەڵ هەموو ناوەکان بکات. لە ناوەختێک وا پەلاماری دەدەن کە وەک شێتێک دەریدەخەن، هەروەک فردریک نیچە!.

سادقی هیدایەت کە گەنجێکی نازپەروەردەی بنەماڵەکەیەتی، بە وشەی مەرگ و سێبەر زۆر گەمە دەکات وە بە ناوی بایەقوش دەستی دەتەکێنێت. ئەو ناوانەی کە ئەو گەمەی لەگەڵ دەکات، هەر ئەوەی لێ دەکات کە وەک بایەقوش دوور لە بنە و ماڵی خۆی، لەسەر ماڵی ئەوانی تر گیان بدات!.

ئەو کەسانە خۆیان لە گۆمێکی وشەکان و ڕستەکان و وێنەکان دەدەن کە قووڵ و بێ جووڵەیە، ناوی خۆیان لە شوێنێک قوربانی دەکەن کە کەس بەسەریان شایەت نیە، ئەو کەسانە ڕێ و شوێن و ناویان بێ سەر و شوێن دەبێت. سادقی هیدایەت لە نووسینی کتێبی توپ مرواری دا دەسڵاتی بەسەر وشەکان و ڕستەکان نەماوە. ئەو چاوەڕوانیەی کە لە تۆی یەکەم دەکرێت لە بەرەکەیدا بەدی ناکرێت، بەڵام تۆ و بەری یەکەم و کۆتایی دەست دەدەنە دەستی یەکەمەوە. نیچە و سادقی هیدایەت تۆ و بەری یەکەم و کۆتاییان ناو و ڕوومەتیانی تێکدا. گەر بێت و ژیر و بیر بکەینە دادوەر، مرۆڤ دەبێت دان بەوە بنێت، کە تۆ و بەری یەکەمی هەر ناوێک ڕوومەتی ئەو مرووڤەیە، وشەکان و ڕستەکان پێش ئەوەی کەلەسەر کاغەز داڕژرێت، لەسەر ڕوومەتی مرۆڤ بە دی دەکرێت و شوێنی خۆی دەکاتەوە. سادقی هیدایەت کە خۆی کوشت کەسێک چووە سەر تەرمەکەی کە بزانێت گاز چی لە ڕوومەتی کردووە!؟. نیچە وێنەکانی ماوە کە وشەکان و ناوەکان چی بەسەر ڕوومەتی هێناوە!!.

## خورما لە وشکی و تەڕیدا

خەڵوەت دەورەی دەرمانە. بۆ چارەسەر کردنی هەر گرفت و دەردێک لە خەڵوەت، ناوەکان و وشەکان و ڕستەکان توانای هات و چۆیان هەیە. ئیتر لە دەورانی خەڵوەتدا ئەوە ئەو کەسە نیە کە خاوەنداری ناوەکان دەکات، بەڵکو ئەوە ناوەکانە کە توانای ئەوەیان هەیە کە بە خواستی خۆیان پێبدات و لێبدات. هەروەها پێویستە کە هەر کەسەو چەند دەورەی قورس و قایمی خەڵوەت ببینێت، بۆ ئەوەی کە بوونی بڕووخێنێت یان بیکاتەوە، بیکات بە شێخ یان بە شێت.

گەر بێت و مرۆڤی خوازیار چەند دەورە ببڕێت و لەو دەورانانە دەستە ناوێکی جیاواز بە کار بەرێت، ئەوە وەک ئەو کەسەیە کە باخێکی خورمای هەیە و بەری داری خورما پێگەیشتووە، ئەو کابرا دەیەوێت کە شانێکی خورما بە وشکی بفرۆشێت و زووتر بیکەنێت، وە دەیەوێت شانێکی تری تەڕ بفرۆشێت. ئەو دوو شانە وشک و

تەڕە لە بەرێکی ئەو باخە هاتووەتە بەرهەمەوە. کەسانێک هەر وەک ئەو خاوەن دارە و ئەو باخە، دەیانەوێت بەری وشک و تەڕی دار و باخێک لە کاتی جیاواز بنێرنە بازاڕەوە. کەسانێکیش وەک ئەو باخەوانەن کە سەبر دەکەن و بەریان هەمووی پێکەوە دەبەنە بازاڕەوە!.

هیچ بۆنیادێک بە ناوێک دانامەرزێت، وە هیچ بونیادێک بە ناوێک ناڕووخێت. هیچ مرۆڤێک بە دەورەیەک و زەرپەیەک، ناڕووخێت. ئەوانەی کە دەیانەوێت بە جوانی بژەنن و بیتاشن و ئامادەی بکەن، دەبێت پەنجە لە پێگەی لێدەر بۆ پێدەر بە کار بەرن.

## بەرد لە کەڵەک و بنەوادا

پاش ئەوەی لە خەڵکی لادێکەمان دوای سەرەوەی سێزدە ساڵ گەڕایەوە بۆ لادێ، هەر لە بەرەتاکانەوە خەریکی دروست کردنی بنەوا و بنەڕەتی خانوو بۆ خۆیان و گەلەخان بۆ مەڕوماڵاتەکانیان بوون. هەر بۆ ئەم کارەش دەستیان کرد بە کێشانی بەردی زەوی و زارەکانی دەوروبەری لادێ کە بە دەستی کەسانی تر وەک کەڵەکی بەرد کۆ کرابووەوە.

ڕۆژێکی هاوینی دەستەیەک لە پیاوان و گەنجانی لادێ تراکتۆر و ترێلیان بە ڕێ خست بۆ ئەوەی کە بەردەکان کێشە بکەن و بۆ دامەرزاندنی بنەوای خانوو بە کاری بەرن. دەستی هەموو بە بەردی گەرم و بە تین خەریک بوو، دەنگی تەقەی بەردیش کە دەدرا بە بن ئاسنی ترێلیەکە، دەنگێکی بەرز و ناخۆشی لێ دەهات!.

لەسەر کەڵەکێکی گەورە خڕ بووین و هەرکەسە دەستی بۆ جۆرە بەردێک دەبرد. منیش دەستم بۆ ئەو بەردانە دەبرد کە چکۆلە بوو کە هەڵیگرم و بیهاوێژمە نێو ترێلیەکەوە. چەند کەسێک دەستیان دایم بە پیکەوە[3] بوو. ئەوانە دەست و ڕوویان لەسەر ئەو بەردانە بوو کە دەبوو بشکێت بۆ ئەوەی کە بار بکرێت.

یەکێک لەو هەستانەی کە بەردەوام ئێمەی ئازار دەدا ئەوە بوو کە دەبوو هەستیار و وریا بین لەوەی کە بن بەرد و کوچکەکان مار و دەمارەکۆڵی[4] تێدا نەبێت،

[3] _ پیک بە جۆرێک بەرد لەتکەر دەڵێن کە سەرەکەی لە ئاسن دروست دەکرێت و دەستەکەی لە دارە.
[4] _ دەمارەکۆڵ، دووپشک.

لەبەری ئەوەی کە ئەمانزانی بۆی هەیە لە بنەوەی ئەو بەردە گەرمانە کە بە ناحەق لە شوێنێک کۆ بووەتەوە، ئاژەڵی ژەهرین هەبێت!.

یەکێک لە مامەکانم دەستی بۆ بەردێک برد و هەر ئەوەمان بینی کە مارێکی شاخدار سەری دەرهێنا، هەر هەمووومان ترساین و لەوێ دوورمان گرت و سەیری مارەکەمان دەکرد. ئەوەندەی نەبرد کە مارێکی تر سەری لە بن بەردەکان دەرهێنا، ئیتر هەست بە ترس  هەمووومانی گرتەوە. ئەوەانەی کە ئاسنیان بە دەستەوە بوو نزیک بوونەوە کە لە دوو مارەکە بدەن. کە نزیک بوونەوە لەشی دوو مارەکە دەرکەوت، هەردووکیان لێک ئاڵابوون، ئەوەندە منی ترسان کە زیاتر دوور کەوتمەوە. بە بەرد و ئاسن کەوتنە سەر دوو مارەکە، ئەوەندەیان لێدا کە دوو مارەکە لە ترسا سەریان گرتە نێو بەردەکان. پیاوەکان بەردی گەورەیان دەدایە سەر بەردەکان، ئیتر مەجال بۆ خۆ ون کردن نەبوو. یەکێک لە مارەکان سەری بەرز کردەوە، وەک ئەوەی کە بیەوێت بەرگری بکات. دوو ماری نێر و مێ بوون. ئەوەندە بەرد و ئاسنیان تێیان گرت، لێک جیا بوونەوە. یەکێکیان بریندار بوو و ئەوەی تریان خۆی دەرباز کرد و ون بوو، ئەو مارەی کە بریندار بوو، ئەوەندە بەردی بەر کەوت تۆپی و لەت لەت بوو، سەریان بە بەرد پان کردەوە و لە ترسی ئەوەی کە مارەکە بیەوێت لە ناکاوە بگەڕێتەوە و پەلامار بدات، ئەو کەڵەکەمان بە جێهێشت و بەرەو ئاواییەوە بەڕی کەوتین.

پاش ماوەیەک کە بەسەر ئەو ڕۆژە و ئەو دەورەدا تێپەڕی، خەڵک تەواوی بەردەکانی نێو زەوی و زارەکانیان بۆ دامەرزاندنی بنەوای خانوو و گەلەخان کێشا و دایانمەرزاند.

بە ناوی خوای گەورە خواستی ئەوەم هەیە کە بۆ بونیاد و پێدانێک کەڵک لە بەسەرهاتی ئەو ڕۆژە وەربگرم.

چیرۆکەکان و وێنەکان و وشەکان و ڕستەکان وەک ئەو بەردانەیە کە لە دەشتێک بەرەڵا و بێ خاوەن کەوتووە، ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لەو بەرد و چیرۆک و وێنە و وشە و ڕستانە بۆ دامەرزاندنی بونیادێک کەڵک وەربگرن، دەبێت دەست بۆ ئەو چیرۆک و بەردانە بەرن و بە کاری بەرن.

ناوکان بە تایبەت نووسەران ناتوانن کە منداڵێک بخەنەوە و سەرجەم هات و نەهاتەکانی سەر ڕێگەی ئەو منداڵە لە دەست و ئەستۆ بگرن، بەڵام دەتوانن کە بە هاوکاری وشەکان و وێنەکان و چیرۆکەکان منداڵەکان بخەنە نێو ژینگە و کەشێکی تایبەت و ژیانیان خاوەنداری بکەن.

هەمووی ڕابردووی من وەک دەشتی زەهاو بوو، کە پاش ئەوەی خەڵک گەڕایەوە بۆ ئەو دەشتە، دەشتێکی بینی کە بەردی بەرەڵا و بێخاوەن تێدا پژراوە. بە یارمەتی خوای گەورە هەمووی ئەو بەردانەم کۆ کردەوە و بۆ دامەرزاندی بونیادێک کێشام و ئامادەم کرد. ئەو کارەی کە من بەرانبەر بە ڕابردووم کردم، کاری کەسێکە کە خوای گەورە بەزەیی پێدا هاتووە. ژیانی هەر مرۆڤێک هەر لە سەرەتاوە وەک ئەو دەشتەیە کە بەردی بەرەڵای تێدایە، ئەو مرۆڤە بە گوزەری کات بەردەکانی دەشتەکەی، چیرۆکەکان و وێنەکانی ژیانی فراوان دەبێت، گەر بێت و ئەو مرۆڤە هاوکاری خاکی گیانی نەکات، ئەو بەردانە بەسەر یەک دەکەون و کەڵەکێک دروست دەکەن. کاتێک کە ژیانی مرۆڤ پڕ بوو لە ئەو چیرۆک و وێنە و ناوانە و بەسەر یەکدا کۆ بووەوە و لە بونیادێک دانەمەرزا و بێکەڵک مایەوە، ئیتر ئەوە مارەکان و دەمارەکۆڵەکانە کە کەڵکی لێ وەردەگرن. مار و دەمارەکۆڵ ئەو ئاژەڵانەن کە ترس و ژەهر و لێدان بە مرۆڤ دەبەخشن. هەروەها ئەگەر مرۆڤ بەسەر چیرۆکەکان و وێنەکانی ژیانی زاڵ نەبێت و نەتوانێت کە لە نەخشە و پەیکەرێک دایانمەرزێنێت، ئەوە ژیانی ئەو مرۆڤە دەبێتە کەڵەکێک لە ترس و ژەهر و لێدان و پێوەدان.

لە ئەدەبی مرۆڤیدا ناوێک نیە کە سەرجەم چیرۆکەکان و وێنەکان و ناوەکان لە نەخشە و پەیکەرێک بە خواستی خوای گەورە وە بە دەستی خۆی دامەرزێنێت، وە هەر کەسێک توانای ئەوەی نیە کە ئاوەها کارێک بکات، ئەگەریش کە هەرکەسە و بێت و بۆ خۆی ڕووداو و چیرۆکەکانی ژیانی کۆ بکاتەوە و لە نەخشەیەک دایڕێژێت، ئەوە تەوانای ئەوەیان نیە کە لەو کارە سەرکەوتن بە دەست بهێنن، مەگەر ئەوە کە خواستێکی ڕاست و پتەو لە پشتەوەی بێت. لێرە ئەوەی کە من دەمەوێت بە خوێنەری بگەیەنم ئەوەیە کە لە نێوان بەرد لە دەشتدا وە بەرد لە بونیاددا، دووریەکی زۆر نیە، ئەوە دەستە کە بەردی بەرەڵا بۆ بونیاد بە کار دەبات.

کاتێک کە بەردی بەرەڵا لە کەڵەک دەرهات و لە بونیاد بە کار چوو، ئەوە ئیتر مار نیە کە لە بن سێبەر و پەیکەری ژیان دەکات، ئیتر ترس و ژەهر لە بن ئەو بەردە گەشە ناکات، بەڵکو پشتی ئاغایەک و خاوەندارێک لەسەر پەیکەرێکی بەردەکان و چیرۆکەکان بە  ئاسوودەیی پاڵ دەداتەوە.

پاش ماوەیەک مارەکان لە پاساری خانووەکان دەرکەوتن، ئەمە ئاماژە بەوە بوو کە خافڵ نەبم کە ترس و هەراس و ژەهر و لێدان شوێنی خۆی دەکاتەوە، لەهەر بونیادێک بێت!.

ئەوەی کە من کردم ئەوە بوو کە بە یارمەتی خوای گەورە نەخشەیەکم لە ڕستەکان و چیرۆکەکان دامەرزاند، دەرودەشتی دەروونی خۆم پاک کردووەتەوە و زەمینە و ژینگەم بۆ ئاوەدانی خۆش کردووە. ئەوانەی کە دەیانەوێت لە وشەکانی کورد نەخشە دروست بکەن، دەشت و دەر زۆرە بۆ ئەوەی کە دڵ خۆش بن.

خاڵێکی زۆر گرنگ لەم باسەدا ئەوەیە کە خەڵکی دەشتی زەهاو پاش ئەوەی کە ڕژێمی بەعس خاکیانی داگیر کرد، بۆ ساڵەها ئاوارە بوون. لەو دەورە کە ئاوارە بوون، بەرد بۆ کەڵەکەکان دروست دەبێت. هەروەها ژیانی هەریەک لە ئێمە چەندەها دەورەی تێدایە کە ئاوارە دەبین و لە خاک و گیانی خۆمان دوور دەکەوێنەوە، لەو کاتەیە کە بەردەکان بۆ لێدان و پێدان، بۆ ژەهر و بونیاد، دەردەکەون. لەبەر ئەوەی کە ئەو کاتە ئێمە لە خاک و خوێنی خۆمان دوورین!.

## تەزوێ لە نێوان دەست و دەمدا

گەر بێت و بە خواست و مەبەست بمەوێت کە نەهێڵم نەوەی کورد کەڵک لە ڕێ و شوێنی نووسینی من وەر بگرێت، ئەوە سینگیان لێ تەنگ و هەناویان دەگوشرێت. کەسانێک وەک برادەر لە نزیکی من هەبوون کە بە خواستی خۆم نەمهێشتووە کە هەستەکان و ڕستەکانی من هەڵگرن، وا بە جوانی مۆرم لەسەر ڕستەکانی خۆم کوتاوە کە کەس ناتوانێت وەک تەزوێ بە دەم و دەستیەوە بیگرێت و بیەوێت کە بیکات بە تۆ و ژینگە بۆ هەستەکان و ڕستەکانی و بەرەتا و سەرەتایەک بۆ خۆی دامەرزێنێت.

کەسانێک کە تەزوێ بە دەستەوە دەگرن، جۆری بە دەست گرتنەکەیان جیاوازە. کەسانێک بۆ یاد و ستایش، دەنک بە دنکی دانەکانی تەزوێ لە نێوان پەنجەکانیان و دەمیان بە هۆشیاری گوزەر پێ دەدەن و پێکەوە بەند و بەستە و بە ئارامش و ئەسپایی پێوە دەڕۆن. هەروەها کەسانێک بۆ یاری و گەمە تەزوێ بە دەستەوە دەگرن و گەمەکەیان بە پەنجە و دانە نیە، بەڵکو بە ناولەپیان، بە کۆ دانەکان دەساون. لە هەمان کاتدا دەمیان خەریک بە یادی ناوی ترە!

ئەوەی کە من لە دەست بە پێنووسەکانی کورد دەیبینم، ئەوەیە کە ئەوانە وشەکان و ڕستەکان وەک تەزوێ بە لەپی دەستیان گەمەی پێ دەکەن، وە ئەگەر بێت و ئەوەیان پێ ئامۆژگاری بکەیت، نەزانن لەوەی کە وشەکان وەک دانەی تەزوێ دنک بە دنک یاد بکەنەوە. ئەوانە تەواناى ئەوەیان نیە کە بە نەرمی و بە یەواشی جووڵەی پەنجە و لێوەکانیان بە ناوێک و یادێک گەرم بێت. هەر ئەمە وا دەکات کە لە نێو ئەدەبی کورد کەڵەک و مار و دەمارەکۆڵ و ژاڵژاڵۆکەخووەکان و بۆق خووەکان و داڵەکەرخۆرەکان گەشەیەکی زۆر بکات.

قەزوان بەر و بەرهەمێکی شاخەکانی کوردستانە، وە ئەو تەزوێیانەی کە زۆر بۆ ستایش و یاد کردن بە کار دەچێت، لە قەزوان دروست دەکرێت. قەزوان بە توێکڵی سەختی خێری بۆ یادی ناوی خوا هەبووە، هەروەها قەزوان وەک دانی گەنم، پیرۆزیەکیان تێدا هەیە. قەزوان هەرچی کە بە دەستەوە بێت، خۆش دەست و جوان دەبێت. هەروەها قەزوان بێدەنگ لە دەست دەسووڕێتەوە. بەڵام ئەوانەی کە زاریان بە ناحەق زۆر دەکرێتەوە، هەر ئەوانە دنکی تەزوێکانیان زۆر زلە وە لەو دنکانە کەڵک وەر دەگرن کە سوورە یان زەردە یان ڕەنگی ترە، دەنگ و شەقە و تەقەی دێت، وە زۆر ئەمدەست و ئەو دەستی پێ دەکرێت. هەروەها زۆرێک لە ناوەکانی کورد بە بێ ئەوەی ئاگایان لە دەست و دەمی خۆیان هەبێت، هەر وشەیەکی ڕەنگاوڕەنگ وەک هەر تەزوێیەکی ڕەنگین بە دەستەوە دەگرن و هەر ناوێک یاد دەکەنەوە و ئەوەندە بە پەلە و زوو زوو خەریک بە وشەکانن، وەک ئەو کەسەی کە تەزوێ بە لەپی دەستی گەمە پێ دەکات.

هەرچۆن کە من لە ناوی قەزوان و بەردەکانی شاخەکانی کوردستان بۆ ئەدەب کەڵک وەردەگرم، هەروەها نەوەکانی کورد تەواناى ئەوەیان هەیە کە کەڵک لە ناوەکان و وشەکانی تری کورد وەربگرن. گەر سرنج لە ئەدەبی من بدرێت، زۆر بە

ئاسانی لە دەستە ناوێک کەڵک وەردەگرم کە هەرکەس لەبەردەستی هەیە، ئیتر نەوەکانی کورد ئازاد و خۆشبەختن کە زمانی کوردی پڕە لە وشە و ناوی تر کە شایستەی ئەوەیە کە بۆ کوردی بکاتەوە. هەمووی ئەم هەوڵانەش پەیوەندە بە ناوی خوای گەورە. ئەو کەسەی کە ناوی خوای گەورە لە دنکی تەزوێ بە نەرمی و فرمێسک یاد بکاتەوە، خوای مەزن بەخشندەیی پێ دەکات و بە خەروار دان و دنکی وشەکان لە تەزویەک بۆی گرێ دەدات.

# مرکان و تەقان

هەموو ئەو مرۆڤانەی کە دەست و دەمیان تەوانای ئەوەیان هەبووە کە کاریگەری لە زمان و ئەدەبی مرۆڤی بکەن، ئاشنایەتیان هەبووە بە شوێن و شێوازی بەخشین و گرتن و پێدان و چوونی وشەکان و ڕستەکان.

خەڵوەت و گۆشەگیری گەر چی دەرئەنجامی لێدەر و پێدەری لێ دەکەوێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەی قەیران و گرفتێکە کە ڕەوەندە و خوازیار پێیدا تێپەڕ دەبێت. تەقان و مرکان دوو وشەیە کە لە دەرئەنجامەکانی لێدانە، کە تەوانای هەیە خەڵوەت دروست بکات. دوو وێنەی بەرانبەر لە یەک دروست دەکات، ئەو پێستەی کە هەڵسا و پەنەما و دامرکا، پێویست ناکات کە دەستی بچێتە ناوەوەی، بەڵام ئەو پێستەی کە هەڵسا و تەقا، ئەوە دەست دەچێتە سەریەوە. بۆ نموونە کەسێکی وەک ناسری سوبحانی ناوی دامرکاوە، دامرکان لەو گوشارەی کە ناوی ئەوەی پەنەمان و هەڵیسان. جمهوری ئیسلامی ئێران نەک تەنیا ناوی ناسری سوبحانی، بەڵکو ناوی ئەحمەدی موفتی زادە و دەستەیەکی تر لە ناوەکانی دامراکان. ئەو ناوانەی کە دادەمرکێنرێن پاش ماوەیەک ئەو دەرد و ناڵەیەش کە لە سەریەتی لادەچێت.

ناوی عەبدوڵا ئوجەلان جۆرێک تەقا کە دەبوو دەستی تێ بچێت و چاودێری بکرێت. دەست تێچوون بەو مەبەستە کە دەرئەنجامی تەقان مەترسی زۆری لە سەرە. دەستە ڕستەیەک کە لە لەش و هۆشی ئوجەلان هات و چۆ دەکات، لە دەرەوەی ناوی ئەو کار و کاریگەری هەیە، بەڵام ئەو ڕستە و وشانەی کە ناوی ناسری سوبحانی دروست کرد، لە پەیکەری خۆی مایەوە و نەچووە دەرەوە. کەسێکی وەک

سەید قوتب کە لە بەندینخانە شیلەی هۆش ڕژاند، تەقاوە بەسەر موسوڵمانەکاندا، هەر ئەویان بە تاوانباری سەرەکی کۆمەڵە ئیسلامیە چەکداریەکان دەناسیەوە. فردریک نیچە خۆی باسی خۆی دەکات و دەڵێت ئایا من دینامیت نیم!؟. دینامیت کاری ئەوەیە کە دەتەقێتەوە و خاک چاڵ دەکات و لەش دەدڕێت. هەروەها ئەو کارەی کە سەید قوتب و نیچە کردیان چاڵ کردن و دڕاندنی پەیکەری مرۆڤ بوو.

گەر بێت و خواستی ئەوەمان هەبێت کە بزانین کێ دادەمرکێت و کێ دەتەقێتەوە؟ دەبێت خوای گەورە یارمەتیدەر بێت بۆ ئەو زانینە.

کرێکار و جووتیار وێنەی هەژاری و داماوی و نەدارین، هەر ئەو دوو ناوە لەسەر دوو بونیادی گرنگ کار دەکەن. کرێکار خشت دەباتە سەر بنەڕەت و جووتیار گەنم دەباتە سەر زەوی، دەستیان تا ئەو شوێنە کار دەکات و دەچێت. لەگەڵ ئەوەی کە لە دوو بونیادی گرنگ کار دەکەن، هەر دەم لەو بەرهەمەی کە دێتە کایەوە نسیبی کەمیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا چینی کرێکار و جووتیار تەوانی ئەوەیان نەبووە کە باس و بەرگری لە ناوی خۆیان بکەن، هەردەم ئەوەکانی تر هاتوون بۆ ئەوەی کە باسی ناو و پێگەیان بکەن.

دەستەیەکی زۆر لە ناوەکان وەک کرێکار و جووتیار دەستیان تا سەر بنەڕەت و خاک دەچیت، بەڵام ئەوە ئەوان نیە کە دروستکەری بنەڕەت و بەرهەمن. کاتێک کە وشە لە دەست بوو، زۆر جیاوازە لەوەی کە وشە لە هۆش بێت. ئەو وشەی کە دەست و دەم کار و گەمەی لەگەڵ دەکات، زۆر جیاوازە لەو وشەی کە دەم و دەروون بونیادی دەنێت!.

ئەوەی کە لە حوجرەکان و زانکۆکان فێری فەقێ و قوتابیەکانیان کرد ئەوە بوو کە وشەکانیان بە دەستەوە لە نێوان دەم و دەست هات و چۆ پێ دەکرد. پەروەردە کە دەستی بوو، هەر لە دەستەوە دەمێنێت و لە نێو دەستەکان سووڕ دەخواتەوە. هەر فەقێ و قوتابیەک بە نووسین فێری ڕستە کراوە. ئەو قوتابی و فەقێیانە گەر زۆر گەشە بکەن، فێری خاوەنداری وشەکان بە دەست دەبن.

باشترین یارمەتیدەری مرۆڤ دەستی خودی مرۆڤ بووە، بەڵام شایستە نیە کە وشە و ڕستە لە ڕێگای دەستەوە بە مرۆڤ بگات.

# خاڵۆ حوسەینی کێوکەن

بە هاوکاری حوسەینی کێوکەن دەتوانم پێگەی ناوی ناسری سوبحانی وەک نموونەیەک کە وەستا و کرێکار یەک دەگرێت، کەڵک وەربگرم. حوسەینی کێوکەن ناوی کابرایەکی خەڵکی بانیگانە کە سەر بە ناوچەی دەوروبەری شاری پاوەیە. هەروەها گوندی دوریسان، وەک لادێی ناسری سوبحانی ناسراوە کە نزیک بە شاری پاوەیە.

حوسەنی کێوکەن بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە چەند ژووری لە دڵی کێوێک دروست کردووە کە وەک شوێنەوارێکی گرنگی دەستی لەو ناوچە ناسراوە کە خەڵک وەک شوێنی بینین سەردانی دەکەن، ئەو خانووە کە حوسەینی کێوکەن دروستی کردووە، لەو ناوچە ناوی بەرز کراوەتەوە.

ئەو خانووە کە حوسەینی کێوکەن دروستی کردووە شوێنی ژیانی خۆی نیە، وە کەسیش ژیانی تێدا ناکات، وە بۆ ئەوەش نەکراوە کە کەسێک ژیانی تێدا بکات. ئەو خانووە وەک کارێکی دەستی بۆ بینین، وە لە ڕق و دەستە هەستێک کە کاک حوسەین بەرانبەر بە خەڵکی بانیگان هەیبووە، ئەو خانووەی دروست کردووە.

ڕۆژێک لەگەڵ دەستە فەقێیەک سەردانی بانیگانمان کرد و لە نزیکەوە خاڵۆ حوسەینی کێوکەنمان بینی کە بە لاقێکی شەل و گۆچانێک خەریکی لەوەڕاندنی دەستە بزنێک بوو کە لە باخی هەنگووری[5] بەر خانووەکەی دروستی کردبوو. پرسیارمان کرد لە خاڵۆ حوسەین کرد: خاڵۆ حوسەین چی پاڵی بە تۆوە نیا کە ئەم خانووە دروست بکەیت؟. خاڵۆ حوسەین بڕ بڕ و بڕاو بڕاو قسەی دەکرد، ئەوەندەش تەوانای ئەوەی نەبوو کە بۆ ئێمە قسە بکات. وتی: کێشەی ماڵ و خانووم هەبووە، کچەکەم، تاقە کچەکەم خەریکی خوێندن بوو و کێشەی پول و پارەم هەبوو، منیش سوێندم خوارد کە خانوویەک لەم کێوە بکەنم، ئیتر لە سەرەتاوە خەڵک گاڵتەی بە من دەکرد و دەیانوت لە خەریکی کارێکی هیچی و کۆتایی نیە!.

خاڵۆ حوسەین بە ئەو کارە کە کردی، ئاوی بە ناوی بانیگاندا و بووە هۆی ئەوە کە ئەو خانووە لە لای خەڵک و حکومەت بەهای هەبێت و هەر ماوەیەک دەستەیەک لە

---

[5] _ هەنگوور، ترێ

خەڵک سەردانی ئەو خانووە دەکەن و قازانجی و خێری بۆ خاڵۆ حوسەین و خەڵکی بانیگان ئەبێت.

کاتێک کە مرۆڤ ئاوەها نائومێد دەبێت لەوە کە خانوویەک لەسەر زەوی لە نێو خەڵک و نەخشەی خەڵک و بە هاوکاری خەڵک بونیاد بنێت، ئەوە وەک خاڵۆ حوسەین پەنا بۆ کێویێک دەبات کە کون کونی بکات و جیا لە خەڵک و نەخشەی خەڵک و هاوکاری خەڵک، بونیادێک دروست بکات. هەر خاڵۆ حوسەین بوو کە ناوچەی بانیگان و ناوی بانیگانی ئەوەندە بەرز کرد و خەڵکی زۆر دەچوو بۆ سەردانی.

" ناو تەوانای هەیە کە لە هەر شوێن و خواستێک کە گەشەی کردبێت، خاوەنداری لەسەر ناوەکانی تر بکات."

ناوی خاڵۆ حوسەین لە بانیگان بۆ بینەران خاڵۆ حوسەنی کێوکەن بوو، ئەو جەمسەرێکی بەرانبەر بە خەڵکی خۆی دروست کردبوو. خەڵکی ئەو ناوچە زۆر لە دەستی ڕەفتاری خاڵۆ حوسەین خۆشحاڵ نەبوون!.

جێگەی سرنج ئەوە بوو کە خاڵۆ حوسەین لە یەکێک لە ژوورەکان قەبرێکی بۆ خۆی کەندووە، بۆ ئەوەی کە ئەگەر ڕۆژێک مرد، لە نێو خانووەکەی بینێژن و دوور بێت لە قەبرستانی مرۆڤ و ئێسکی مرۆڤ!.

هەروەها کە خاڵۆ حوسەین پەنای بۆ کێو برد، هەروەها ناسری سوبحانی و ناوەکانی تر پەنا بۆ ئەو شوێنانە دەبەن کە چەند دەستی ناوێت، بەڵکو تەنیایی لە دەستێک تەوانای ئەوەی هەیە کە پەیکەرێک بتاشێت. کاتێک کە ناسری سوبحانی و ناوەکانی تر لە سەر خاک شوێنیان نیە کە بونیادێک دروست بکەن و تەوانای ئەوەیان نیە کە بەردی ورد بۆ بنەڕەت بەکار بەرن، ئەوە کێوی بەردین دەتاشن و کونی دەکەن!.

پەیکەر و نەخشەی ناوی ئیسلام و مەسیحییەت بۆ سەید قوتب و ناسری سوبحانی و فردریک نیچە وەک کێوی بڵندی بەردین بوو کە هەرکام لەو ناوانە لە گۆشەیەکی خانوویەکیان بۆ خۆیان دروست کرد، خانوویەک کە خۆیان تێدا نەژیان و کەسیش تێدا نەژیاوە، بەڵکو کەسانی تر لە دەوری کۆ بوونەوە، بۆ بینین سەردانیان کردووە و کەسی زۆر بە ناوی ئەوانەوە خەریک بووە. لە ڕاستی و دروستیدا ئەو کارەی کە

ناسری سوبحانی و سەید قوتب و فردریک نیچە کردیان وەک خانووەکەی خاڵۆ حوسەین، شوێنێکە بۆ بینین و سەردان، نەک بۆ ئەوەی کە بێ خانووەکان و بێ سەرپەناکان تێدا مەجالی خەو و ئاسایشیان هەبێت!.

خەڵوەتی خاڵۆ حوسەین بۆ کەندن، هەر وەک خەڵوەتی فردریک نیچە لە سەر کێوەکانی ئاڵپی ئیتالیا. لە ڕاستیدا ئەوانەی کە پەنا بۆ کێو دەبەن دەستە هەستێکی توندیان هەیە کە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو کەسانە لە سەر زەوی تەخت و ئاوەدانی جێگەیان نەبووەتەوە. خەڵوەت و گۆشەگیری زەمینەی خولقان دروست دەکات. ئەو کەسانە کە لە سەر کێو وەک فردریک نیچە یان لە داوێنی کێو وەک خاڵۆ حوسەین بونیادی چکۆلە بۆ چارەسەری دەرد و پرس و کێشەی تاکەکەسی خۆیان دروست دەکەن، ئەو بونیادەیان هەر لە دەرەوەی ئاوەدانی و لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە. ئەو نەخشە و بونیادەی کە ئەوان دروستیان کرد، تەوانای جووڵە و چوونی نیە، مەبەستم ئەوەیە کە بونیادی ڕەوەندە نیە. قورئان وەک کتێبێکی دینی تەوانای ڕەوەندەیی هەیە، جووڵە و ڕەوەندەیی قورئان وەک جووڵەی کێوەکان لە دەستی خوای گەورەیە وە مرۆڤ دەستی تێدا نیە. کورد و فارس و عەرەب و زۆرێک لە زمان و نەتەوەکان ئاگایان لەوە نیە کە ئەدەب و نەخشەی ئیسلام وەک زنجیر کێوێکە کە زمانەکان و ناوەکان و نەوەکان لە سەر ئەو زنجیرە کێوە دەژین. ئیتر کەسێکی وەک ناسری سوبحانی وەک خاڵۆ حوسەین خانوویەک لە دوورەوە جیاواز لە نەخشەی خەڵک دروست دەکات، وە کەسانی تر وەک شێخ سەعیدی نەقشبەندی گەر لە کۆڕ و کەلۆری زکری دەروێشەکانی نەبێت، ناوی بەهای نیە!. هەروەها ئەدەبی مەسیحییەت وەک زنجیرە کێوێک بوو کە کەسی وەک نیچە پەنای بۆ کێوەکانی ئاڵپ لە لوتکەی کێو برد. کەسانێکی تریش لە ئەوروپاییەکان بۆ ئەوەی کە حیساب بۆ کێو نەکەن، قەڵا و دیواری گەورەیان لە سەر شاخ و چڵی کێوەکان دروست کردووە، بۆ ئەوەی ئەوە بگەیەنن کە شاخ و چڵی کێوەکان تەوانای بەرگری نیە و بە کەڵکی ئێمە نایەت. حیسابی بۆ ناکەن و لە سەریشی بونیاد دروست دەکەن!!.

خاڵ و چاڵێکی تر کە لە ناوی خاڵۆ حوسەین دەرم هێنا، ئەوە بوو کە خاڵۆ حوسەین شوێنی سەرەکی نیشتەجێ بوونی ڕۆژانی کە لە سەری دادەنیشت، لوتکەیەکی بەرز و باریک بوو کە کەپرێکی لە سەری هەڵدابوو، وە ئەو کەسانەی کە سەردانی

ئەویان دەکرد لەسەر ئەو کەپرە لەگەڵی دادەنیشتن. مۆڵگەی سەرەکی خاڵۆ حەسەین ئەو لوتکە بوو. ئەو سەردمەی کە خاڵۆ حوسەین خەریکی تاشینی خانووەکەی بوو، ئەو لوتکە مانایەکی نەبووە، پاش ئەوەی کە خاڵۆ حوسەین نەخشەی خانووەکەی کەندووە، ئەو شوێنە بەهای پەیدا کردووە. خاڵۆ حوسەین کاتێک ڕووی لە کێو کردووە، لە بێ پەناهی ڕووی لەو کێوە کردووە، بەڵام پاش ئەوەی کە خانوویەکی تاشیوە، وە بە پێچەوانەی هەستەکانی سەرەتاوی کە بێ پەناه بووە و شوێنی نەبووە، لە سەر یاڵێک و لوتکەیەک مۆڵگەیەکی وەک هەڵۆ دروست کردووە!.

مۆڵگەی سەر لوتکەکە، هەستی پێچەوانەی هەستەکانی سەرەتای دروست کردنی خانووەکەی لەگەڵدایە. پاش ئەوەکە خانووەکەی کەند، ئەو کات بۆ فەخر و شانازی بۆ ئەوەی کە بڵێت من زاڵم بە سەر ناوچەی مێگۆرە، لە سەر لوتکەیەک پاڵی داوەتەوە. هەروەها زۆرێک لە ناوەکان هەر ئەو وێنە و چیرۆکەیان بە دوای خۆیان هێنا، پاش ئەوەی کە لە بێ پەناهی و ئاوارەیی بە لەش و هۆش و هەستەکانیان پەنا بۆ ئەشکەوتەکان و کونی کەمەر و کێوەکان دەبەن، لە دەورانی چارەسەر کردنی دەردەکانیان بە سەربەرزی دەگەڕێنەوە دەرەوە، ئیتر شوێنیان وەک خەڵکی تر نیە، بەڵکو بەرزیەکان بە تایبەت لوتکەکان بۆ پێگەی ناو و لەشی خۆیان بە کار دەبەن. لە قورئان ئاماژە بە ئەشکەوتی یارانی ئەشکەوت دەکات کە لە بێ پەناهی پەنا بۆ ئەو ئەشکەوەتە دەبەن وە لە دوا ڕۆژدا هەر ئەو ئەشکەوتە ناوی بەرز دەبێتەوە. هەر ئەو ئەشکەوتەی کە لە سەردەمی خۆی شوێنێک بوو بۆ ئەوەی کە ئەو کەسانە خۆیان بشارنەوە و خۆیان بدزنەوە و خەڵک ئاگای لێ نەبێت، لە سەردەمێکی تر دەبێتە شوێنی بەرزی و بڵندیەک کە خەڵک سەردانی دەکات. هەروەها موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا لە بێ پەناهی پەنا بۆ ئەشکەوتێک دەبات و لەو ئەشەکەوتە بەرەتای چیرۆکێکی گەورە دەبێت. پاش ئەوەی کە دڵ و دەروونی بێ منەت بوو لە ئەو ئەشکەوەتە و لە تەنیایی دەرهات، دەچێتە سەر یاڵ و تەپکێک و بانگەوازی بۆ دینی خوا دەکات. خواستی خوای گەورەیە کە ئەو چوون و دەرهاتنە ئاوەها بێت!.

خاڵ و چاڵێکی تر کە شایستەی باسە ئەو چوونەیە کە بە تەنیاییە و ئەو دەرهاتنەیە کە بە دەستەیەکی زۆری خەڵک پێشوازی لێ دەکرێت. ئەو ناوچەی کە

خاڵۆ حوسەین سەرەتا چوو بیکەنێت، شوێنێکی ئاوەدان نەبووە، وە بۆ کەس بەهایەکی نەبووە. لە سەرەتاوە ئاوەدانی بۆ هات و چۆی خەڵک لەو ناوچەدا نەبووە. بەڵام پاش ئەوەی کە کاری بە تەنیا تەواو دەکات، ئەوە خەڵکە کە سەردانی دەکات و ڕێگە و بانی بۆ دروست دەکات.

" هەندێک ڕێگە، کە یەکەم جار کەسێک پێدا چووە، بەهای هەیە. ئیتر پاش ئەو یەکجارە کەسانی تر پێدا گوزەریان کرد هەر وەک یەکە. چ ئەوانەی کە بۆ یەکەم جار پێ دەنێنە شوێن پێیان وە چ ئەوانەی کە لە داهاتوو لە سەر شوێنی پێی یەکەم دەچن، هەر وەک یەکن!."

خاڵ و چاڵی تر کە بەهایەکی زۆری هەیە ئەوەیە کە پاش ئەوەی کار لە کار ترازا و گوزەرا، ئەو کاتە خەڵک دێن. ئەو کاتەی کە کارەکەی خاڵۆ حوسەین تەواو بوو، ئەو کاتەیە کە خەڵک سەردانی شوێنی کار و دەستی دەکەن. ئەو خەڵکە جگە لەوەی کە گاڵتەپێکەر و سەیرکەر بن کارێکی تریان پێ ناکرێت. ئیتر ئەو خەڵکە ڕوو لەو شوێنانە دەکەن کە کەسانی وەک خاڵۆ حوسەین یەکەم جار ڕووی تێ دەکەن.

ئەو ئەدەبەی کە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا گەشەی پێدا هەر لە بەرەتاوە لە ئەشکەوتی حەرا یەکەم ڕستەکان دابەزیوە. هەر لەو شوێنەوەیە بەهای ئەوە بە دەردەکەوێت کە ئەو ئەدەبە بۆ موحەممەد هاتووە. ئەوانی تر وەک بینەرانی ئەشکەوتەکەی خاڵۆ حوسین کاریان ئەوەیە کە بۆ پیاسە و سەردان دەستیان لە پشتە قوونیان دانێن و بگەڕێن. ئەو شوێنەی کە خاڵۆ حوسەین کەندی بە دەستێک کەنراە کە دایم بە تەوشێ بووە، وە ئەو نەخشە و ئەدەبەی کە موحەممەد دایتاشیوە، بەرهەمی دەستێک بووە کە بە خاوێنی و پاکی بەرزی کردووە و داوای لە خوای گەورە کردووە کە بەخشندەیی پێ بکات.

ئەو شوێنەی کە مرۆڤ سەردانی دەکات، بەهایەکی زۆری هەیە. ئەوانەی کە لە سەرەتاوە لە بێ پەناهی سەر و ڕووی تێ دەکەن، جیاوزە لەوەی کە کەسێک لە سەرلێشێواوی سەری تێ بکات. فردریک نیچە لەو کەسانە بوو کە لە سەرلێشێوای سەر و ڕووی لە کێوەکانی ئالپ کرد، ئەو تەواناى ئەوەی نەبوو کە لەو کێوانە ژیان بکات. کاتێک کە ناوی نیچە لە کێوەکانی ئالپ دێتە خەیاڵم، وێنەی ئەو کابرا دێتە بەر چاوم کە ئاگرێکی کردوەتەوە و چکوڵ و دارێکی بە دەستەوە گرتووە و

**خەریکی ئاگرەکەیە و ڕوومەتی گرژ بووە. نیچە سەرلێشیواوێکی داماو بوو کە نەیزانی دەستی بۆ بەخشندەیی بەرز بکاتەوە، تا ئەوە کە زەردەشت بە ناویەوە هاوکاری کرد و گەڕاندیەوە بۆ ئاوەدانی نێو مرۆڤەکان، لەبەر ئەوەی کە زەردەشت کێوی و کوێستانی بوو، وە شارەزایی لە کەژ و کەمەرەکان هەبووە!.**

## هەزارپێ و هەشت پێ لە بونیاد و چووندا

چەندیەتی شوێنی وشەکان و خەڵوەتگەکان وە چۆنیەتی پێدان و وەرگرتنی وشە و ڕستەکان دەوری هەیە لەوەی کە چ داهاتوویەک لەو هات و چۆ دروست دەبێت. لە کرماشان دوو دەشتی بەناوبانگ هەیە کە شوێنی کشت و کاڵ و بەر و بەرهەمە، دەشتی ماهیدەشت[6] و دەشتی زەهاو. دەشتی زەهاو زەویەکانی و بەرەکانی لە دەستی کەسانی زۆرە و بەرەو کەسانی زۆرەوە دەچێت. بەڵام ماهیدەشت نەک تەنیا دەستی کەمی بەسەر زاڵە، لەگەڵ ئەوەشدا بەری ئەو دەشتە بەرەو شوێنی دیار دەچێت و مەسیرێکی ئاوەدانی هەیە. ئەو ڕێگەی کە بەرەکانی دەشتی زەهاوی پێدا دەچێت ڕێگەیەکی بەردەوامی نیە، هەر بەرێک بەرەو لایەک دەچێت وە هەر بەرێک بەرەو دەستێک دەچێت. هەژاری و نەداری جووڵە و چوون سەخت و ناڕەحەت دەکات.

ڕوو و دەست بەرەو هەر لایەک دەسووڕێتەوە، وەک هەزارپێیەک کە خاوەنی دەست و پێ زۆرە بەڵام تەوانای ئەوەی نیە کە لەشی خۆی بە ڕێیدا ببات. دەتوانم زۆرێک شایستەی ناوی هەزارپێ بکەم، زانکۆی سەلاحەدین هەر وەک هەزارپێ تەوانای ئەوەی نیە کە پەیکەری خۆی لە زەوی بجووڵێنێت. هەزاران قوتابی وەک دەستەکان و پێکان دێن و دەڕۆن، بەڵام هەر ئەو دەست و پێیانە تەوانای ئەوەی نیە کە جووڵەیەکی شایانی چەپڵە بخولقێنێت. تەوانای ئەوەیان نیە کە بە سەربەرزی و ئاسوودەیی بەسەر خاکی خۆیان بژین.

حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری لە شاری ڕوانسەر وەک جلەشڕە[7] هەموو دەستەکانی بۆ کەلەی خۆی دەوێت، جلەشڕە یان ئوختاپووسی لە دەریا بە پێکانی کە ڕۆڵی دەستی بۆ ئەگێڕێت، هەر هەموو دەستەکانی بۆ خواستەکانی خۆی یەکجار

---

[6] ـ ماهیدەشت، دەشتێکی گەورەیە لە کرماشان.
[7] ـ جلەشڕە، هەشت پێ، ئوختاپووسی.

بەکار دەبات. ئەو فەقێیانەی کە لە دەریای ئەوان دەژیان، دەبوو نێچیرەکانی خۆیان لە دەریای ئەوان ڕاو بکەن، وە بۆ ناوی ئەوان دەستی خۆیان بەکار بەرن. ئەوەی کە لە جلەشڕە بۆ من جێگەی سرنج و بەهایە، سەر و پێیە، هیچ ئەندامێکی تر جگە لە پێ و سەر دەوری نیە. هەروەها جلەشڕە ئاژەڵێکە کە خۆی بە ئاسانی پان دەکاتەوە و خۆی بە ئاسانی بۆ ڕاوەکانی خۆی دەقووچێنێت، مەبەستم لە ڕادەی کرانەوەی و ڕادەی تەوانای بەسترانەوەبیەتی کە دەتوانێت بە هاوکاری دستەکانی بیکات. ئەدەبی ئیسلامی لە هەر ناوچە و زمانێک تەوانای ئەوەی هەیە کە بە هاوکاری چەند ناو وەک دەستەکانی هەشت پێ، زیندوویەتیەک بە ئەو ئەدەبە بدات. ئەو چەند کەسە تەوانای ئەوەیان هەیە کە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵک بە ناو و زوبانی خۆیانەوە خەریک بکەن. گەر سرنج لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان باشووری کوردستان یان لە نێو فارسەکان بدرێت، ئەوە بە دەردەکەوێت کە هەر دەورە و دەمێک، دەستە ناوێک وەک دەستەکانی هەشت پێ بۆ کەلە و ئەدەبێک کاریان کردووە و تەوانای ئەوەیان هەبووە کە ئەو ئەدەبە لەو دەورە دەرباز بکەن.

دەست بە دەستدانی ناوەکان، نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەو ئەدەبە زیندوو بمێنێت، بەڵکو سروشتی ئەدەبی ئیسلامی جۆرێکە کە بە هاوکاری چەند ناو وەک بازوەکانی جلەشڕە، دەتوانێت کە ئەدەب و ڕستەکانی خۆی بە نەوەکانی تر بگەیەنێت کە لە ئەدەبی قورئان بە دوو وشەی **قبض و بسط** دەناسرێت.

بەڵام ئەدەبی مرۆڤی هەر وەک هەزارپێ، ئەدەبێکە کە دەبێت بە کۆ و کۆمەڵ کاری بۆ بکرێت وە ئەو ئەدەبە بە یەواشی دەڕوات، وە ئەو ئەدەبە ڕووی لەو شوێنە دەکات کە تێری دەکات. هەر وەک هەزارپێ، بونیادی پەروەردەی مرۆڤی جۆرێکە کە لێدەر و گەڕاڵ و توندڕەو نیە، وە ئەگەر ئاوەها بوو ئیتر پێویستی زۆری بە ناوەکانی تر نیە. هەزارپێ خۆی گڵۆڵە دەکات وە خۆی دەکاتەوە، وە لە چووندا بەندە بە ئەو پێیانەی کە بە پەیکەریەوە بەستراوەتەوە. هەروەها پەروەردەی مرۆڤی دەستە ناو و پێیەکە کە پێکەوە لە پەیکەرێک بەستراون، گەر لێک ببڕێن و جیا ببنەوە، چوونیان نیە. لە پەروەردەی مرۆڤی ناوەکان و کاریان و دەستیان بۆ کەلەیەک لە پێشەوە کار دەکات. ئیتر ناو، وەک پێ کار دەکات، نەک وەک دەروونێکی ئازاد کە بۆی هەبێت بناسێت و بنازێت بەو ناسینە کە لە دەروونی خۆیدایە. ڕوونتر و قووڵتر، مەبەستم ئەوەیە کە پەروەردەی مرۆڤی هەر لە مێژووی

کۆنیەوە تا ئێستە وەک پەیکەری هەزار پێیەکە لە چوون و بەندایەتی و بەستراوەیی ناوی یەکدیدا. چەندە پێویستە کە پێکان لە هەزارپێ کار بکەن، وە چەندە یەواش دەڕوات وە چەندە بێ ڕێ و بێ ڕوومەت دەڕوات، هەروەهاش پەروەردەی مرۆڤی وەک هەزارپێ ناوەکان بەند و بەست و گیرۆدەی یەکدین، وە هەروەک چوونی هەزارپێ یەواش و بێ ڕێ و ڕوومەت دەڕوات.

جاری وا هەزارپێ لە پێکانی خۆی تووڕە دەبێت، خۆی گلۆڵە و خڕ دەکات و دەچێت!.

بەڵام هەشت پێ گەشەی پەیکەری بەندە بە هەشت پێوە کە وەک دەست و بازو و پێ بە کار دەچێت، وە خێرایی و لێدەری و تەوانایان هەیە لە چوونیان وە ئەو هەشت دەستە بۆ سەرێک کار دەکات، وە سەرێک تێر دەکات. تایبەتمەندی هەشت پێ لەوەیە کە تەوانای کرانەوە و بەستراوەیی هەیە، تەوانای پان بوونەوە و قووچاندنی هەیە، خێرایی و چوونی هەیە، ترس و لێدەری هەیە.

هەزارپێ و جلەشڕە پێکەوە دەجووڵێن وە بۆ پەیکەرێک کار دەکەن وە وەک خزمەتکار و کرێکار، دەست و پێی خۆیان بەکار دەبەن. هەروەک پەیکەری هەشت پێ و هەزارپێ کە ئەوەندە لێک دوور و بێگانەن و بۆ خۆیان دەجولێن و بۆ خۆیان سەرگەردانن، هەروەها پەروەردەی مرۆڤ و پەروەردەی ئیسلامی هەرچی بێت و بڕوات، وەک ئەو هەزارپێ و هەشت پێیانە کە دوور و نادیار و نائاشنای یەکدین، هەروەها زانکۆکان و حوجرەکان لە یەکدی و ئەدەبی یەکدی بێگانە و دوور و نادیارن، هەر کامەیان بۆ ناو و پەیکەری خۆیان کار و خزمەت دەکەن. هەر ئەمە وا دەکات کە دەرهات و بەرهەمی ناسین بەرەڵا و هەرکێ بۆ خۆی بێت، بەرهەمێک کە ترسی لێ نزیکە، ترسێک کە بۆی هەیە پەلامار و لێدان و پێوەدانی لێ بکەوێتەوە!.

هەرچۆن کە بازوەکانی جلەشڕە سەری ئەو ئاژەڵە لە دەریادا دەبەن و وەک کۆڵەکە لە سەری ڕاوەستاوە، هەروەها لە ئەدەبی دین چەند ناوێک دەبنە کۆڵەکە بۆ ئەوەی کە ڕستەکان لەسەری ڕاوەستێت. ئەو ناو و ڕستانە، وەک بازوەکانی جلەشڕە ئەو نەخشە بەڕێوە دەبەن. گرنگ لێرە ئەوەیە کە لە هەر سەردەم و دەورەیەک دەستە ناوێک تەوانای ئەوەیان هەیە کە ڕستەکان لە سەر خۆیان دامەرزێنن. ناوەکان لە هەر حاڵەتێک بە شێوەی زیندوو لەگەڵ یەکدی کار دەکەن و هاوکاری یەکدی دەکەن. بۆ نموونە ناوەکانی ناسری سوبحانی، ئەحمەدی موفتی

زادە، فاروقی فەرساد، عەلی شەریعەتی، چوار پایەیەک بوون کە ناویان پێکەوە بەسترا بوو، ئەوان هەرکامیان بۆ خۆیان پێ و دەستیان لە نێو دەست و پێی کەسانی تردا بوو. ئەدەبی ئەو چوار ناوە لەو سەردەمەدا ئاشنا بوو.

لە پەروەردەی مرۆڤی بۆ ئەوەی کە جووڵەیەک دروست بێت، پێویستە کە پەیوەندی بە دەست و پای زۆر هەبێت. ئەمە گرنگیەکی زۆری هەیە کە بۆ نەوەکانی کورد دەرکەوێت. داوا لە خوای گەورە دەکەم کە بۆ ئەو نەوەیە بیکاتەوە.

لە هەر حوجرەیەک کە کەسێک وەک فەقێ بیەوێت خوێندن دەست پێ بکات، ئەوە دەچێتە نێو دەستەیەکی کەم لە فەقێکان، لە دووان و سیان تا بگاتە هەشت و نۆ و دە. ڕێژەیەکی کەم لە منداڵان دەیانەوێت کە ببن بە فەقێ. بەڵام لە پەروەردەی مرۆڤی بە پێچەوانەیە، لە سەرەتاوە لە سەرەتایی سێسەد یان چوارسەد قوتابی لە قوتابخانەیەک خەریکی خوێندن دەبێت. ئەمە تەوانای ئەوەی هەیە کە دەری بخات کە جووڵە و چوونی پەروەردەی حوجرە و قوتابخانەی مرۆڤی وەک جووڵە و چوونی هەشت پێ و هەزارپێ، تەوانای ئەوەی هەیە کە خۆی بۆ نەوەی کورد بکاتەوە کە ڕێ و ڕوومەت بەروە کوێوە چووە و بەرەو کوێوە دەچێت؟.

ئیسلامیەکانی ئەمریکا وەک هەشت پێ دەستیان بۆ پەروەردەی مرۆڤی لە ئەمریکا کردووەتەوە، وە ئیسلامیەکانی ئەفغانستان دەستیان وەک هەشت پێ بۆ پەروەردەی مرۆڤی بەستووەتەوە. موسوڵمانەکانی ئنگلیس وەک هەشت پێ خۆیان بەسەر کۆمەڵگەی ئنگلیسی پان کردووەتەوە!!.

هەر زانکۆیەک وەک هەزارپێیەک ڕوو و ڕێگای لە شوێنێکە، هەرکەس و هەر ناوێک لەگەڵ ئەوەی کە بە دەیان ناوی ترەوە بەستراوەتەوە، کە سەر بە زانکۆکانی تر و سەر بە هەزارپێ ترن، چوونی هاوشێوەیان هەیە. کەسانێک وەک پێی هەزارپێ لە سەر نزیکن، ئەو ناوانە لە ئەدەبی ئەو نەخشە نزیک و ئاشنایەتیان هەیە، کەسێکی وەک فردریک نیچە لەو پێیانەیە کە لە نزیک سەری هەزارپێیە، ئەزانێت کە ڕوومەت و ڕێگا بەرەو چ شوێنێکە، بەڵام کەسانێک وەک پێی دواوەی هەزارپێ شوێنکەوتووی پێکان و ناوەکانی ترن. کەسانی زۆر هەیە لە کوردستان کە نەک تەنیا وەک پێی دواوەش ناناسرێن، بەڵکو خوا خوا دەکەن لە پەیکەری هەزارپێ پێگەی پێیەکیان پێ بدرێت!.

ئەدەبی ئیسلامی هەر دەورەیەک تەوانای ئەوەی هەیە کە هەشتپێیەک لە ناوەکان بخولقێنێت، کە وەک کۆڵەکە ڕستەکان و ئەدەب لە سەر خۆیان جووڵەیەکی خێرا پێ بدەن. ڕستەکانی ئەدەبی ئیسلام ناچێتە گیانی دەستەیەکی زۆر لە خەڵکدا. ئەدەبێک کە ئەمری زۆر تێدا هەبێت، ئیتر پێویستی بە بیرمەند نیە کە بیر لە ئەمر و فرمان بکاتەوە، بەڵکو دەست و گوێ خوازراوە و گەشە دەکات. ڕستەکانی ئیسلام وەک گەنجێکی ئەم سەردەمە نیە کە بڵاو بێتەوە و بە هەر دەستێک بگات، بەڵکو وەک گەنجێکی کۆنە کە دەبێت بە چەند دەستێکی دیار و ناسیاو هەڵبگیرێت و خاوەنداری پێ بکرێت. بۆیە ئەدەبی ئیسلام کە حوجرەی دامەرزاند، چەند فەقێیەکی دەوێت. ئاماژە بەوەیە کە ئەو هەشت دەست و پێ بۆ هەڵگرتن و داگرتن پێویستە، ئیتر پێویست بە سەدان دەست و پێ نیە کە خزمەتی پاراستنی بکات. بۆیە ئیسلام مەجال بەوە نادات کە هەڵگران و داگرانی زۆر بن. بەڵام پەروەردەی مرۆڤی وەک دەشتی زەهاو دەستی زۆر تێدایە کە زەویەکانی بکێڵێت وە دەستی زۆر بۆ بەر و بار هەڵگرتن تێدا هەیە، وە دەستی زۆر هەیە کە ئەو بەرە بخوات. ئیتر هەر دەستێک کاری خۆی دەکات!.

جووڵە وەک هەشت پێ و هەزارپێ خواستی خودی مرۆڤە، لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ زوو دەستی بۆ سواڵکەری درێژ دەبێت، زوو پەنا بۆ دەستی ئەوانی تر دەبات، وە هەوڵی ئەوە دەدات کە بە هاوکاری دەست و ناوی ئەوانی تر گڕ بە ژیان و گیانی خۆی بدات. **مرۆڤ ترسی هەیە لەوەی کە بە تەنیا، بەبێ ئەوەی کەسێک هاوشانی بێت بە پێی بڕوات.**

# کاڵەکەمارانە و کەڵەکەمارانە

کاتێک کە دوو ناوی کاڵەک و مار یەکدەگرن، دوو ناوی مار و دەست خۆیان بۆ یەکانگیری ئامادە دەکەن. لە ڕێگای ئەو دوو ناوانەوە دەتوانین باسی ئەوە بکەین کە ڕستە و ناسین گەر بەرەڵا بێت، یان لە کۆیەکی ناحەق بێت ترس و هەراسی لە دەوروبەرە.

دەست خوازراوترین بەشی لەشە کە مار خواستی ئەوەی هەیە کە پێوەی بدات. دەست بە هۆی ئەوەی کە ژینگە لە مار و ترس تێک دەدات، مەترسی لەسەرە. دەست لە سەر زەوی و زارەکان هێمای هەڵگرتنی کاڵەکی سەر زەویە کە بیکات بە

کۆیەک و پاشان ئەو کۆ ڕەوانەی شوێنی تر بکات. هەروەها دەست بەردەکانی سەر کەڵەک هەڵدەگرێت و زەوی پاککراو بە دەردەخات.

## کاڵەکەمارانە

کفەی مار لە دەوری تەرزی کاڵەک، لە دەوری بۆنی کاڵەک، لە گەرمایەکی وشکی خاکی کوردستاندا، من هەستیار دەکات. ناوی کاڵەکەمارانە لە لادێکانی دەشتی زەهاو ناوێکی ئاشنایە. کاڵەکەمارانە بە جۆرە گیایەک دەوترێت کە وەک تەرز و گیای کاڵەکە، بەلام گەڵا و بەرەکەی بە پێچەوانەی گیا و تەرزی کاڵەکە، گەڵاکەی چکۆلە و بەرەکەی لە شەمامەش چکۆلەتر و سفت و سەختە، وە لە خاکێک دەڕوێت کە گەرما و خۆر و وشکی بێت، وە گیاکانی تر بە زەحمەت لە دەوری دەڕوێن. هەروەها تەرزەکەی وەک داو و تۆڕێکە کە ئەگەر دەست بە بەشێکی بدەیت، بەشەکانی تری بۆی دەجووڵێن و لە خۆیانی بە ئاسان ناکەننەوە. وشکیەک لەو گیا هەیە. ئەو گیا بە مارگیر یان مارگریش دەناسرێتەوە، هۆی ناونیانی بە کاڵەکە مارانە و مارگیر لە ئەدەبی کوردیدا خوای گەورە دەزانێت و من لەوە نەزانم!.

دوو خاڵ کە بۆی هەیە کە ناوی ماری لێ نزیک بێتەوە ڕەنگ و خاڵەکانی پێستی ئەو جۆرە بەرەیە، لەگەڵ تامی تاڵی و جۆرە ژەهرێک کە لەو بەرە هەیە. هەروەها مار لە خەت و خاڵ و ژەهر و تاڵی لەو گیا و بەرە نزیکە.

بەپێچەونەی کاڵەکەمارانە، کاڵەکی ئاوی، تامی شیرین و پێستەکەی یەکڕەنگە. مار لەو جۆرە بەرانە زۆر خۆشحاڵ نیە و هەرگیز خۆی بەو بەرانەوە ناوەستێنێت. بۆنی کاڵەک ئامازە بە تامی شیرینیە، وە خەرمانی کۆکراوی کاڵەکی بۆنخۆش، مەجال بە مار نادات کە لەوەێ ئارام بێتەوە. مار لەو شوێنانە بۆی هەیە کە ژەهری خۆی بڕێژێت!.

ئەوەی کە مار لێ نیگەرانە، دەستی مرۆڤە. ئەو دەستەی کە هەراس لە گیانی مار دەخات. ترس لەو شوێنانە دروست دەبێت کە کاڵەک وەک بەرد نابێتە کەڵەک، هەردەم دەستێک بە دەورەوەیە، ئەو دەستە ئەمسەر و ئەوسەری پێ دەکات و دەیپارێزێت و لە گەنان و شەڵەقان دەربازی دەکات. بە پێچەوانەی کاڵەک، کەڵەکەمارانە هیچ دەستێک لەسەری نیە و خاوەنداری ناکرێت و بۆ خۆی لە دەرودەشت بەرەڵا دەمێنێتەوە. ئەو مانەوە لە دەرودەشتدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە

شادمانی بە مار بدات. خەڵکی لادێکانی کوردستان هیچ کەڵکێکی لێ وەرناگرن و دەستیشی پێوە نادەن، بە پێچەوانەی ئەو هەواڵانەیە کە لە ڕابردوو هاتووە، کە کەڵەکەمارانە، کەڵکی وەک دەرمان بۆ نەخۆشی هەبووە.

**لە ئەدەبی لادێیدا، کەڵەکەکان دوور لە ئاوەدانی و لە شوێنی وشک و پڕ لە مەترسی دروست دەبن کە دەست و خاوەندار زۆر لێوەی دوورە، بەڵام سەرخەرمان شوێنێکی نزیک لە لادێ و لەبەر دەست و ئاوەدانە وە خەڵک هات و چۆی لەسەر دەکات و بە دەست دەپارێزرێت. هەر ئەو خەرمانەی کە لە هاوین شوێنی پیاوان و شەن و گەنم و نۆک و جۆ بوو، لە بەهاراندا شوێنی گەمە و ڕاکە ڕاکەی منداڵان و هات و هەرا بوو. خەرمان شوێنێکە کە ژیان و ئاوەدانی لەسەرە!.**

ئەو ژینگەی کە توخم و بەر و ناوەکانی و پەیکەرەکانی دەستی لەسەر بێت و دەستێک خاوەنداری بکات و لە گەنان و شەڵەقان بیپارێزێت، ئەوە مار لێی دەترسێت. بۆ نموونە ناوی کەسێکی وەک فەرهاد پیربال وەک کاڵەکێکە کە دەستی بە سەرەوە نیە. سیاسیەکان ناهێڵن ناوی ئەو لەگەڵ ناوەکەنی تر خەرمان دروست بکات، لەبەر ئەوەی کە ئەو ناوە لە خەرمانی ناوەکان مەترسی هەیە. مار ئەو کاڵەک و کاڵەکەمارانەی کە بێ خاوەن و دەست دەمێنن، بە قازانجی خۆی دەزانێت، لەبەر ئەوەی کە گەنان و شەڵەقان ژەهر دروست دەکات و بۆ ژینگەی مار پێویستە کە خاک ژەهرین بێت. نەک تەنیا ناوی فەرهاد پیربال بەڵکو ناوەکانی تری کورد وەک کاڵەکەمارانە کەس دەستیان بۆ نابات، ماریش لەوە خۆشحاڵە کە ناوێکی تر وەک ناوی خۆی دەستی بۆ نابرێت. **چ ژیرێک دەست بۆ گرتنی مار دەبات!؟.**

**هەروەها کە کەڵەکەمارانە لە دەرودەشت بێخاوەن و دەست دەمێنێت و ژەهری خۆی بە خاکدا دەکات، هەروەها ئەگەر ڕستە ڕاستەکان خاوەن و دەستی بەسەردا نەبێت، کەڵکی نامێنێت و ژەهری خۆی لە مرۆڤ دەوەشێنێت. گەر ڕستەکان وەک کاڵەک چنرا و کۆ کرا و بە هەمان دەست بار کرا و فرۆشرا و بە دەستی کەسانی تر گەیشت، ئەوە ئەو ڕستانە، لە نەخشەیەکی زمانی و بە دەستی خاوەن ناوێک خاوەنداری دەکرێن. ئەو کاڵەک و ڕستانەی کە دەست و ناوێکیان لەسەر نیە بۆ ئەوەی کە لە بونیادێک دایانبڕێژێت و کۆیان بکاتەوە، ئەوە بەرەو گەنان و**

ژەهرڕێژی دەچێت. هەرچۆن خاوەن زەوی کاڵەک لە گەیینیدا خاوەنداری دەکات، هەروەها مار، کاڵەک لە گەنانییدا خاوەنداری دەکات.

" مار، بەرد لە کەڵەکدا خاوەنداری دەکات."

ناوەکان و ڕستەکان گەر لە نەخشە و بونیادێک دەستیان بەسەردا گیرا و خاوەنداری کران، ئەوە ترس و پێوەدان دەبێتە خۆشی و پێدان. لە کوردستان هیچ نەخشەیەک لە ناوەکان و ڕستەکان نیە کە وەک کاڵەک دەستێکی ئاشنا خاوەنداری بکات. بەڵکو ناوەکان و ڕستەکان لە کوردستان وەک کەڵەکی بەردە کە هەر کەڵەکێک ترس و ماری خۆی خاوەنداری دەکات. حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری و هەشت پێکانی، پەکەکە و فەرماندەکانی، یەکێتی و پارتی و هەزار پێکانی... هەمووی ئەو ناوانە بۆ کورد وەک کەڵەکێکن کە جووڵە و گوزەر لەو کەڵەک و ژینگانە سەخت و دژوارە.

هەروەها کە مار لە بەردی کەڵەک خۆشحاڵە، ئەوەندەش لە کاڵەکی سەر تەرز خۆشحاڵە. ئەوەی کە دوژمن دەیەوێت ئەوەیە کە دەست و کاڵەک لێک دوور بکاتەوە، وە دوو ناوەی بەرد لە کەڵەک بخولقێنێت. ئەوەی کە مەلا عەلی کەڵەک کردویە ئەوەیە کە کاڵەکێک لە تەرزی دەکاتەوە و دەیخوات و قاژ و تامێک بەوانی تر دەدات. ئەوەی کە پێم خۆش بوو کە ئەو بیکردبایەت ئەوە بوو کە ڕستەکان و کاڵەکەکانی بە دەستێک لە خەرمانێک کۆ بکردبایەت. بەڵام ئەوەی کە مەلا کرێکار کردی ئەوە بوو کە کاڵەکی کردە کەڵەک، کاڵەکیش لە کەڵەک دوو ناوی ناسازگار لەگەڵ یەکدین. کەڵەک بەو کۆگا دەوترێت کە بەرد یان هەر ناوێکی تر بۆ ماوەیەکی زۆر و نادیار کۆ دەکرێت و لەسەر یەک دادەنرێتەوە. مەلا کرێکار ڕستەکانی ئیسلامی وەک کاڵەکەمارانە لەسەر زەوی هێشتەوە، ڕستەکان کرا بە زەهر و ژەهرێک کە چوو بە خاکدا. ئەوانەی کە دژی ئیسلام و ڕستەکانی قورئانن بەوە خۆشحاڵن کە کاڵەک لە دەستی مەلا کرێکار نەکرا بە خەرمان. کەڵەک و خەرمان دوو ناوە کە دژی و گرژیەک لە نێوانیان هەیە. هەرچۆن کە خەرمان و کەڵەک وە دەست و مار دژی یەکدین، هەروەها کاڵەک لە خەرمان لەگەڵ بەرد لە کەڵەک، ناوی دژن. من کەڵک لە ناوەکان وەردەگرم بۆ ئەوەی کە دووانەکان کە بە ناڕاست پێکنراون، جیا ببنەوە و لەگەڵ ناوی تردا یەک بگرنەوە. خواستی ئەوەم

هەیە کە ناوەکان لە ناوەکان جیا بکەمەوە، هەر بۆ ئەمەش ناچارم کە دەری بهێنم و بدەمە بەر خۆرەتاودا!.

ئەوەی کە شایستەیە خوێنەر لەم کێڵانەی ئێمە بە وریایی بیچنێت و لەسەر ناوەکانی تر کەڵەکی نەکات، ئەوەیە کە وریا و ژیر بێت کە ناوەکان و ڕستەکان بە دەست و ڕوومەتێک خاوەنداری بکات. بە ناوی خوای گەورە ئەم نووسینە وەک کەڵەکێک نیە کە ترس و هەراس بدات، ئەم نووسینە وەک خەرمانێکە کە دەستێک خاوەنداری دەکات و دەیپارێزێت. ئەوانەش کە نایانەوێت ئەم نەخشەی وشە و ناوانە گەشە و گەرا بسەنێت، بە ناوی خوای گەورە لێیان دەبێتە کەڵەکێکی بەرد کە ترس و هەراس هەر چرکە دەروونیان دەخواتەوە. ناوەکانی ئەم نووسینە دەبێتە بەردی کەڵەکێک کە ترس و هەراسیان ئەبێت بۆ ئەو دەستەی کە بۆی دەچێت و هەڵی دەگرێت. بە ناوی خوای گەورە ئەوانەی کە گەش و ئاوەدان بن، وەک قاژی کاڵەک تامی دەروونیان شیرین دەبێت، وە ئەوانەش کە بیانەوێت وەک مار کەڵەکێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی کە لە بنەوەی بژین، دەستی تێکدەریان لێ تاین دەبێت. ئەم نووسینە وەک خەرمانێکە کە بە دەستێک خاوەنداری دەکرێت و ناهێڵرێت کە بکرێتە مۆڵگەی هەر ئاژەڵێکی ژەهرین و پیس کە ئاسایش و ئاشتی تێک بدات. خوازیارم کە نەوەکانی کورد ناوەکان و وشەکانی کورد لە نەخشە و بونیادێک کە دەستی خاوەنداری هەبێت، دەربخەن، بۆ ئەوەی کە هەر مار و مۆرێک پەنا بۆ وشە و زمانی کورد نەبات و گەشە بە ناوی کەڵەک لە زمان و ئەدەبی کوردی نەدرێت و ئەدەبی خەرمان و دەست و خاوەندار لەزمانی کوردی گەشە و گەرا بسەنێت.

ڕۆژێک لەگەڵ چەند کەس لە دەرودەشتی زەهاو دەسووڕاینەوە. گەرمی هەوا وردە وردە دەشکا و مێرووله و خەڵک تاق و تەرا لە کون وماڵەوەیان دەهاتنە دەرەوە. چەند تەرزی کاڵەکەمارانەم بینی. بە یەکێک لەو هاوڕێیانەم وت: ئەمە چی پێ ئێژن؟ وتی: کەڵەکەمارانە!.

ڕووم لەوەکەی تریان کرد: ئەمە چی پێ ئێژن؟ وتی: کەڵەکەمارانە!.

ڕووم لەوەی تر کرد، ئەویش وتی: کەڵەکەمارانە.... کاڵەکەمارانە!.

وەک کێسەڵ چوومە ناوەوەی خۆم وتم: ئەمانە نازانن کە کەڵەکەمارانەیە یان کاڵەکەمارانە؟ بۆ ئاوەها وەڵام دەدەنەوە!؟.

پاش ماوەیەک ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئەگەر کۆ نەکرێت و هەروەها بمێنێتەوە و تەرزی لە خاک وشک بێت و بەری بشەڵەقێت و بڕژێت بە خاکدا، ئەوە بۆ مار کەڵەکە. مار نایەوێت کەس دەست بۆ کاڵەکەمارانە بەرێت. مانەوەی کاڵەکەمارانە بۆ مار لەسەر خاک وەک خۆی دروستکەری ترسە. هەروەها ئەگەر چیرۆکەکان و وێنەکان و وشەکان و ڕستەکان کە لە ژیانی مرۆڤێک ڕوویداوە و کۆن بووە کۆ نەکرێت و نەڕازێتەوە بە جوانی، ئەوە وەک کاڵەکەمارانەیە کە لە خاک کەس دەستی پێوە نەدات، ژەهری بە زەویدا دەکات و وەک کەڵەکێکی بەردینە کە ترس و هەراس لە بنی دەژێت.

ماوەیەکی تری بەسەردا چوو و هەست و هزرێک منی گرتەوە، وتی لە بیرتە کە لێت تێکچوو مامۆستا حەمید وتبووی مارکس ویستوویە بۆ باکووری ئەفریقا بڕوات یان بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا!؟ وەڵامی خۆمم دایەوە و وتم: ئا باشم لە بیرە کە وشەکان و بیرەوەریەکان و ڕستەکان و ناوەکان بۆی هەیە کە لە دەروون گۆڕانی بەسەردا بێت.

پاش ئەوە ئەو هەست و هزرە بە منی وت: ئەگەر کورد و نەوەکانی کورد خاوەنداری ناوەکانی خۆیان نەکەن، کاڵەکیان لێ دەبێتە کەڵەک و وشەکان لە دەروونی خاک و زمانیان گۆڕانی بەسەردا دێت و زۆر شتی مەترسیدار لە ژیان و خاکیان دەقەومێت!.

منیش وتم: بەسەرچاوم، ئەم قسەیە دەگەیەنمە نەوەکان و ناوەکانی کورد.

## بزن لە شاخ شکاندندا

دەستەیەک لە وشەکان کە لە سەرەتاوە مانا و بەهایەکی دیاری نەبووە، لە ناکاوە مانا وەک شاخ لە سەرێک دێتە دەرەوە. ئەمە دەمبات بۆ ئەوە کە باسی شکۆی سروشتی سەر و شاخ بکەم. هەرچەند کە کردنەوەی مانا لە ڕستە وەک کردنەوەی شاخ لە سەرە.

نەوەی کورد سەرێکی دەوێت کە شاخ بڕوێنێت، لەوە نەزانە کە هەر سەرێک لیاقەتی شاخی نیە!.

شوانەکان و ئەوانەی کە لە لادێکان شوانیان کردووە، ئەوە دەزانن کە شاخ شکاندن لە حەقی چ بزنێک دەکرێت!؟.

## شوان و شاخ شکاندن

لە لادێ کە شوانی مەڕومالاتەکانم دەکرد و لەگەڵ شوانەکان لەسەر کێوەکان بە گۆچانەوە بەردەستیم دەکرد، یەکێک لەو کردە سەیرانە کە لە حەقی دەستە بزنێک دەکرا و سرنجی منی بۆ خۆی ڕاکێشا، شاخ شکاندنی دەستە بزنێک بوو کە هاروهاجیان دەکرد و شوانەکانیان هیلاک دەکرد. لە بیرمە ڕۆژێک دراوسێیەکمان بزنێکی خۆیانی بە دوو دەستی گرتبوو و خەریکی سەری بوو. ئەو خەریک بوونە سرنجی منی بۆ خۆی ڕاکێشا. سەیرم دەکرد و لە کوڕەکەی پرسیارم کرد: ئەرێ ئەوە باوکت خەریکی چیە!؟. وتی: ئەوە دەیەوێت کە شاخی ئەو بزنە دەربهێنێت، لە ئەو بزنە زۆر تووڕەیە!.

هەر ئەو بەسەرهاتە زۆر بزنی شاخ شکاوی بە یادی من هێنا. ئیتر کەوتمە بیری ئەو بزنانە کە شاخەکانیان شکێنرابوو. ڕوومەتی ئەو بزنانە کە شاخیان شکاوە جیاوازە لەو بزانانە کە شاخیان وەک خۆی ماوەتەوە. هەر ئەمە گریانی منی دەرهێنا، بۆ ئەوانەی کە شاخ و شکۆ و شەڕیان بۆ هەمیشە شکاو دەمێنێت!.

شوانەکان بە مەبەست بۆ ئەوەی کە ئەو بزنە سووک و ناتەوان و دەروونیان بشکێنن، شاخەکانیان دەشکاند. هەر ئەم کردە لە نێو تەواوی شوانەکان بە کارێکی شایان بەرانبەر بەو بزنانە دەناسرا کە سەرەڕەون و حیساب بۆ خاوەنی خۆیان ناکەن. شوانی تووڕە کاری دەگەیشت بەوە کە شاخی بزن لە سەری بە زیندوویی دەربهێنێت. ئەمە کارێک بوو کە بە بێ ترس و هەراس بەرانبەر بەو بزنانە دەکرا کە شایستەی ئەوە بوون کە شاخیان بشکێت. شاخ یەکجار خوا دەیدا بە بزن، گەر شکا، ئیتر گەڕانەوەی نیە، وە هەتا ئەو ڕۆژەی کە ئەو بزنە هەیە ڕوومەتی بە نیگەران و سەرگەردان دەمێنێتەوە!.

## کورد لە شکانەی شاخ و شکۆدا

کورد وەک مرۆڤ، بوونێکی شاخشکاوە، شاخشکێنراوە. هەر وەک بزنی شاخشکاو کە ڕوومەتی هار و سەرگەردان و سەرەڕەو دەبێت، کە هیلاکی و دەرد و شێتی تێدایە، هەروەها کورد دەروونی بە دەستی ئەوانی تر شکێنراوە. نەک تەنیا کورد، بەڵکو فارسەکان شاخیان وەک بزن شکێنراوە. ئەو هەموو سەرگەردانیە لە نێو ئەدەبەکانی تر و ئەو هەموو ناوەی کە کورد و فارس لە نێو ئەدەب و زمانەکانی تر هەیبووە و دروستی کردووە، وە هەوڵی داوە کە نەوەکانی داهاتووی لە بن دەست و زاری ئەوانی تر بزێنێت، وە هەروەها ئەو هەموو هەوڵە کە کورد و فارس داویەتی بۆ ئەوەی کە پێشینەی خۆی بە گەورە و شکۆدار بزانێت، کە دەڵێن ئێمە پیاوی مەزنمان تێدا هەبووە وە گەورە بووین، کە بە پێچەوانەی ئەو هەوڵەیە کە لەم کاتەدا لە بن دەستی ئەوانی تر فێری ئەدەب دەبن، **ئەمانە ئاماژە بە سەرێکە کە شاخی شکاوە، وە نیگەران و سەرگەردانی ئەوەیە کە ئەو شاخە شکاوە ئیتر ناگەڕێتەوە.**

لەوە دڵنیام لە وشە و ناوەکانی فارس ناتوانن کە بگەن بە ئەو تەوانا کە شاخی شکاو چاک بکەنەوە، وە دڵنیام لەوەی کە کورد لە پێگەی وەرگر و وەرگێڕ و پێگێڕ ناتوانێت کە ئەو شاخە لە سەری مرۆڤی کورد چاک بکاتەوە. ئەو کەسەی کە تەوانای هەیە، بە ناوی خوای گەورە ئەو کەسانەن کە بە وشەکان و ڕستەکان شاخی شکاو چاک دەکەنەوە.

بزن و شاخ و دەست و خاوەندار و شاخشکاندن، دەستە وشەیەکە کە بەیەکەوە بەند و پەیوەستە. ئەدەبی دەستی خاوەندار و شاخی بزن بۆ شکاندن، ئاماژە بەوەیە کە هیچ خاوەندارێک کەیفی بەوە نایەت کەسی سەرەڕەو لە بن دەستی هەبێت، گەر هەبێت شاخی دەشکێنێت. ئەو مرۆڤانەی کە کەیفیان بە ئەدەبی شاخشکاندن نایەت و دەیانەوێت کە بە شادمانی و پیرۆزی لەو ئەدەبە گوزەر بکەن، دەبێت بزانن کە چۆن بە هاوکاری وشەکان لەو ئەدەبە گوزەر بکرێت. ئەو کارە، کاری ئەوانەیە کە ئاشنایەتیان بە ئەدەبی خاوەنداری هەیە.

## من وەک نموونەیەکی شاخ و شکۆ شکاو

**گەر خوێنەر بە وردی و ژیری بار و بەری ژیانی من لێک بداتەوە، بەوە ئاشنا دەبێت کە پەیکەری من چەندەها جار بە خواست و مەبەست لە لایەن مرۆڤەوە**

لێدراوە، لێدراوە بۆ ئەوەی کە بۆ جارێکی تر ڕاست نەبێتەوە. لە خوێندنی کتێبەکانی سادقی هیدایەت بگرە کە هۆشی منی ژەهرین کرد، تا بگات بە سەکتەی مێشک کە لەشی منی ڕماند و منی خستە بەشی فریاکەوتنی خەستەخانە.

پرسیار ئەوەیە کە من چۆن گەیشتم بەو ڕادە کە مردوویەک زیندوو بکەمەوە!؟ چۆن گەیشتم بەو ڕادە کە بە دەستی خۆم شاخشکاوێک کە ڕوومەت و دەروونی ڕووخاوە بۆ جارێکی تر لوتبەرز و سەربەرز دەربخەمەوە!؟.

هەرچۆن کە بزن بە شاخیەوە سەروەری و سەرشۆڕی بەدەردەکەوێت، هەروەها مرۆڤ بە وشەیەک و ڕستەیەک یان هەست و هزرێک، سەروەری و سەرشۆڕی خۆی بەدەردەخات. وشەیەک و ناوێک تەوانای ئەوەی هەیە کە شاخ بشکێنێت، هەروەها وشەیەک و ناوێک تەوانای ئەوەی هەیە کە شاخ چاک بکاتەوە و لوتیشی لەگەڵ بەرز بێتەوە.

شاخ نیشانەی شکۆ و شەوکەتی ڕوومەتی بزنە. مرۆڤ وەک کەسێکی شکۆدار هەر لە بەرەتای ژیانی دەستەیەک قسە و کردە دەکات کە ئاماژە و نیشانەی شکۆی(شاخی) ئەو مرۆڤەیە. بۆ نموونە کاتێک کە من و ئیبراهیم چووین بۆ گەڕانی دونیا و ناسینی دونیا، نیشانەی شاخ و شکۆ لە دەروونی ئێمەدا بوو. هیچ کەس هەستی بەو شکۆ و شاخە نەکرد.

وردە وردە کە ئێمە گەورە دەبووین، قسەکان و کردەکانی ترمان وەک نیشانەکانی تری ئەو شکۆ و شاخە لە گیان و ژیانمان بە دەردەکەوت. پاش ئەو دونیاگەردیە، سەفەری ترم کرد بۆ ئەوەی کە لە قوتابخانەی دینی فێری ئەدەبی دین بم. بە خۆشیەوە وەرنەگیرام. لە دووی ئامادەیی چووم بۆ شاری ڕوانسەر و لە حوجرەی ئیقبالی لاهوری خەریک بە خوێندن بووم.

لەو کاتە بوو کە شاخ و شکۆی سەر و دەروونیم، هەستی بە ناخۆشی و وەرەسی کرد و وتی ئیتر خوێندنی حوجرە بەسە، لەبەر ئەوەی کە حوجرە لەوە زیاتر نیگەارنی دروست دەکات. هەر ئەو شاخ و شکۆی دەروونی منە وای کرد کە واز لە حوجرە بهێنم و ڕوو لە کوردستان بکەم. ئیتر هەرچی گەورەتر دەبووم، ئەو شاخە بە دوای بڵندی و بەرزی زۆرتر و کرانەوەی ئاسۆی پانتر و فراوانتر دەگەڕا.

لە درێژی ئەم ساڵانە، هەر لە دونیاگەردی بگرە تا بینینی ڕۆژئاوا، هەستم بە یاران و نەیارانێک کردووە کە دوور و نزیک هەوڵی یارمەتی و ڕووخانی منیان داوە. مەبەستم ئەوەیە کە هەردەم کەسانێک وەک یار و کەسانێکی تریش وەک نەیار، دەیانەویست کە شاخ و شکۆی بونیادم ڕاگرن یان بیشکێنن و بمڕووخێنن. مرۆڤ هەروەک بزن کە شاخی شکا، ڕوومەتی سەرگەردان و دەروونی نەخۆش دەبێت.

پرسیاری من ئەوەیە کە کێن ئەوانەی دەیانەویست کە شاخ و شکۆ بە من بدەن؟ بە چ شێوەیەک؟.

هو الذی یصورکم فی الارحام کیف یشاء لا الە الا هو العزیز الحکیم( آل عمران٦)

خوای گەورە لە قورئان ئاماژە بەوە دەکات کە وێنەی مرۆڤی لە ڕەحمی دایکی کێشراوە، هەرچۆن کە بیەوێت. ئەمە ئاماژە بەوەیە کە شاخ و شکۆ و شکان و سەرشۆری ڕوومەتی مرۆڤ هەر بە دەستی خوای مەزن وێنە کێشراوە. زاناکان پرسیاری زۆر لەو ئایەتە ناکەن و ئەو ئایەتە بیر و هەستی ناخۆشیان بۆ دروست ناکات، لەبەر ئەوەی کە دەبێت سرنج لە کۆتایی ئایەتەکە بدەین کە خوای مەزن باسی خۆی دەکات، هو العزیز الحکیم!.

لە باسی نێردراوەکان و دانراوەکان باسی ئەوەم کرد کە کاک حەبیبی کەرەمی لە نێردراوەکان بوو. ئەرکی کاک حەبیب ئەوە بوو کە کتێبی قورئان بە من بدات و زەمینەی ژیانی حوجرەم بۆ خۆش بکات. هەروەها کاک عەبدوڵای حاجی مەحموود لە نێردراوەکان بوو کە ڕوومەتی شاخدار و شکۆداری منی بەرەو کوردستان گەڕاند و بووە هۆی کرانەوە. نووسین لە بەندینخانە دەورەیەکە کە مرۆڤ شاخ و شکۆی گەشە دەکات. نووسین و بە ڕاستی خەریک بوون بە وشەکانەوە، مرۆڤ خاوەن شکۆ دەکات.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ناوی خوای مەزن وەک یار و شکۆ و شاخپێدەر دەناسمەوە. بە خۆی و سەربازەکان و نێردراوەکان و دانراوەکانیەوە یارمەتی منی داوە کە شکۆ و شاخی من بمێنێتەوە و نەشکێت. خوای مەزن بە یارمەتی وشەکان و کتێبەکان و ناوەکانیەوە شکۆ و شاخی بە من داوە.

ئنجا پرسیاری ئەوە دەکەم: کێن ئەوانەی کە دەیانەویست شاخی من بشکێنن؟ چۆن دەیانەویست کە شاخی من بشکێنن؟.

لا تتبعوا خطوات الشیطان انە لکم عدو مبین (بقرة١٦٨)

خوای مەزن ئاماژە بە ناوی شەیتان دەکات، کە دوژمنێکی ڕوونە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە شەیتان فرت و فێڵ و داو دادەڕێژێت بۆ تێکدان و ڕووخاندن و شکاندن.

ئنجا ئیبلیس کەڵک لە چی وەردەگرێت بۆ شکاندنی شاخ و شکۆی مرۆڤ؟.

فانە یامر بالفحشاء و المنکر(نور٢١)

ئیبلیس کار لەسەر لایەنە ئاکاریەکان دەکات. بۆ نموونە سکس و ڕابواردنی لەش لە خاڵە هەرە گرنگەکانی شەیتانە کە نەوەکان و ناوەکان تێدا ون دەکات.

هەرچۆن کە لە چیرۆکی خۆم و ئیبراهیم باسم کرد، چەند کەسێک هاتنە ڕێگەی من کە دەیانەویست لەشم و پاکی لەشم بشکێنن. بە ناوی خوای مەزن ئەو خواستانە سەری نەگرت.

لە دەورانی زانکۆی سەلاحەدین سکس و خۆشی لەش خاڵێکی تری هەرە گرنگ بوو کە نەک تەنیا لەشی منی بە خۆیەوە خەریک دەکرد، بەڵکو بیر و هەست و ژیری منی لەسەر وشەکان و ناوەکان خافڵ دەکرد!.

لە ڕاستیدا هیچ شەرم و شەرمەزاریەک لە دەروونم نیە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، لەبەر ئەوەی کاتێک کە خوای مەزن ئاگاداری ژیانی منە، با هەموو کەس بزانێت لە وردەکاریەکانی ژیانی من. خوای گەورە باشترین پارێزەر و چاودێرە!.

پیلان و فێڵەکانی شەیتان بۆ دەستە دەستەی مرۆڤەکان بە تایبەت کوڕێکی گەنجی وەک من، لەشی ژن و خۆشی و ڕابواردن بووە. کاتێک کە ژیانی کەسێک چەند ڕووداوی ناخۆشی تێدەکەوێت، ئیتر دەبێتە هۆی ئەوە کە شاخ و شکۆی بشکێت و لە دەروونی خۆی و دەرەوەی خۆی هەست بەو شکانە بکات.

خوای گەورە و ئیبلیس، هێزی ڕازاندن و جوانکاری دەوروبەری مرۆڤیان هەیە، ئیتر ژینگە پڕ دەبێت لەو ناوانە کە دەیانەوێت شاخ و شکۆ بشکێنن وە ئەو ناو و وێنانە

که دەیانەوێت شاخ و شکۆ ڕابگرن، لە جگەرە و مەشروب و دەرمان و سکس و هەرزەیی بیر و هەستەکان تا بگات بە شتانی تر.

زۆرینەی مرۆڤەکان شاخ و شکۆیان شکاوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان. چ بە لایەنی ئاکاری بێت، چ بە لایەنی وشەکان بێت. زۆرێک لە مرۆڤەکان، ڕوومەتیان بەو شکانە گۆڕانی زۆری بەسەر دەروونیان هێناوە، لە زۆر کاتدا دەروونی مرۆڤ هەرەسی پێ هاتووە.

لە درێژی ئەم ماوەیەکە خەریک بە نووسین و ڕاڤەی ڕابردووی خۆم بوم و لێک و پێکم داوەتەوە، هەوڵی ئەوەمداوە کە بە وشەکان و لە ڕێگەی وشەکان خۆم لەو شاخ و شکۆ شکاویە دەربهێنم. خواستی ئەوە هەبووە و هەیە کە بە هاوکاری ناوی خوای مەزن و هێزی وشەکان، تیمار و دەرمانی شکانەوە و برینەکانی خۆم بکەم. لەوە دڵنیا بن کە وشەکان و نووسین ئەو هێزەی هەیە. خوای مەزن لە قورئانی پیرۆز دەفەرمێت: الذی علم بالقلم علم الانسان ما لم یعلم(٤_٥ العلق)

هەر ڕستەیەک یەک مانای نیە، بەڵکو وەک هەورێکە کە گوزەر دەکات و دەبارێنێت، بە خواستی خۆی لەسەر زەوی گوزەر دەکات، ئیتر یان بۆی دەبارێت یان بۆی نابارێنێت. هەروەها ڕستەکان بۆ هەر فەقێ و قوتابیەک یان دەیکاتەوە یان نایکاتەوە. جاری وا تۆزێک دەبارێنێت و زۆر لەسەری گرمە دەکات!

کەسێک کە ناوی خوای مەزن ببات و بۆ ڕاستی و ناسین پێنووس بە دەست بگرێت و پێداگری بکات، ڕستە و مانا و وێنەی وا لە پێنووسی دەتکێت کە لە هیچ دەمێکی پێشتر نەوترابێت و لە هیچ کتێبێکی کۆن نەنووسرابێت.

## شیعر و وشتر بۆ عەرەب

فاذا قرأت القرآن فاستعذ بالله من الشیطان الرجیم(نحل٩٨)

پەنا بە ناوی خوای گەورە دەبەم لە هەرچی شەڕ و پیسیە، وە هەرچی ناوە کە شەڕی لێ دەکەوێتەوە. پاشان بە ناوی خوای گەورە دەست بە نووسین دەکەم، وە

بە ناوی خوای گەورە ڕستەکان دادەڕێژم، بۆ ئەوەی کە نەوەی کورد شایستەیی بەخشندەیی پێ بدرێت.

یەکەم وشە، پەنا بوو. من پەنام بە ناوی خوای گەورە برد لە دەستی هەرچی شەڕ و پیسی و ناوی شەڕە لە بووندا. یەکەم وشە چوونە بە پێ، پەنا بردن جووڵەیە بە پێ دەکرێت. پەنا بردن بۆ پەناگایەیەک، وێنەیەکی ڕوون و دیاری هەیە. گەر مرۆڤ پەنا بە ناوێک یان شوێنێک دەبات، ئەو پەنا بردنە کردەیەکە کە پەلە و جووڵەیەکی خێرای تێدایە کە مرۆڤ ئەوەندە ئاگای لە دەوروبەری نیە، تەنیا ئاگای لەوەیە کە لە دەست گرفت و کێشەیەک کە لە ناوێک دروست دەبێت، پەنا بۆ ناوێکی تر دەبات. مەبەستم بە ڕوونی و بە ڕۆنەوە کە چەور بێت بۆ کار کردن، ئەوەیە کە ئەگەر سەرەتا بە پەنا دەست پێ بکات، دیارە گرفت و کێشەیەکی گەورە لە ئارادا هەیە، کە خوای گەورە ئاگای لەو مەترسیە هەیە.

پاش ئەوەی کە ئاماژەم بە وشەی پەنا کرد، دێمە سەر ئەوە کە من لەگەڵ هەر ناو و وشەیەک کە دێتە سەر ئەم لاپەڕانە جۆرە پەیکارێکی تاکانەم هەیە. بۆ ئەوەی کە لە مەبەستم نزیک ببنەوە وێنەی شەڕی دوو سەباز بە شمشێر بهێننە پێش چاوتان کە پێش ئەوەی شەڕ لە نێوان دوو لەشکر دەست پێ بکات، دەست بە پەیکارێک دەکەن، لە بەرانبەر چاوی دوو لەشکر کە لە پشتیەوەیانە. ئەوەش کە من دەیکەم ئاوەها پەیکارێکە، کاتێک کە لە گەڵ وشەیەک و ناوێک لەسەر لاپەڕەکانم دەست بە یەخە دەبم و دێمە شەڕ و پەیکار و زۆرانبازی، دوو لەشکر لە پشتەوەی هەردوو لامانەوەیە. هەر وشەیەک کە لەم لاپەڕانە دێتە دەرەوە، تۆ و توخمێکە کە لە کۆندا چێنراوە. ئەوەی کە من دەیکەم ئەوەیە کە بەژن و باڵای ئەو بەرە باس دەکەم. لێرە خوێنەر دەبێت کە وریا و ئاگاە بێت کە وشەکان و ناوەکان دەستی خۆیان لە پەیکەری مرۆڤ وەشاندووە. بۆ کرانەوەی زیاتر باش وایە لەگەڵمان بێنە خوارەوە و هاوڕێیی و هاوپێیەتی ئێمە بکەن!.

لە دەورانی حوجرەدا کە سەرەتا دەستم بە خوێندن کرد، لە ژینگەیەکی ئارام و بێ دەنگ و پڕ لە سەفا و سەلامەتی و ئارامی و سووچ و خەڵوەتگە بوو، لەو ژینگە ئارامە دەستم بە خوێندنی ئەدەبی قورئان کرد. ئەوەی کە مەلا و مامۆستاکان لە سەری بەرنامەیان داڕشتبوو، ئەوە بوو کە بە هاوکاری ئەدەبی عەرەبی، ئەدەبی ئیسلام بە ئێمە بناسێنن. دەیانەوست کە بە خاکی زەوی دەورانی نەزانی و بێ

ئاکاری عەرەب، خشتی ڕووناکی ببڕن. ئیتر بە شیعر و ئەدەب وانەکانیان بە فەقێکان دەوتەوە. ئەوەش بۆ زانین خۆشە کە شیعر خوێندن لە سەر پشتی وشتر لە بیابان وەک مل و پشتی خودی وشتر نارێکە و لەرەی دێت، بێ خەیاڵی و بێ گوێیەکی تایبەت بە دوای خۆی دەهێنێت. عەرەب کە لە سەر وشتر شیعر دەخوێنێت، خاوی و وڕییەکی تێ دەکەوێت!.

ئەدەبی قورئان فێری منی کرد کە بۆ دەستپێ کردن بە خوێندنی قورئان، دەبێت خوێنەر پێش خوێندنی ڕستەکان، پەنا بە ناوی خوا بەرێت لە ناوی شەیتان. پاش ئەوە دەبێت ناوی خوا ببرێت و بە ناوی دەست پێ بکرێت. ئەو دوو دەستپێکە وای کرد کە هەستیارم بکات!.

وتیان بە وشتر: ئەرێ ئەمە چیە لەسەر پشتت دەرهاتووە!؟.

وشتر وتی: بۆ ئەوەی کە وەک ئەسپم لێ نەیەت!.

وتیان: ئەی ئەوە نیە کە لەقاو کراوی و سورات بوون!؟.

وشتر وتی: چی لە مرۆڤ بکەم، هەر پێ خۆشە سوار بێت!.

## گوێ و پشت بۆ کەر

کەر پێ وابوو کە کێشەی گوێیەتی کە دەنگ بە باشی وەرناگرێت، بۆیە گوێ درێژ بوو. نەیزانی پشتی کارێکی کرد کە دەنگ بە باشی بۆی نەچێت. گەر بێت و پرسیار بکرێت کە پەیوەندی پشت و گوێ کەر لە چیدایە؟ مرۆڤ نەزانە لەوە کە بزانێت، نەزانە لەوە کە پشتی باربەر دژی گوێ دەنگ گر و دەنگ بەرە!.

کەر گوێ و پشتی بووە هۆی ئەوە کە پێگەی لە نێو مرۆڤدا پێناسە بکات. کەر لە نێوان گوێ و پشتیدا گیرۆدە بووە. خۆی گەشەی بە گوێ داوە و گوێ گەورە کردووە، وە خوا پشتی بۆ پان و پتەو کردووە!.

هەروەها مەلاکان و مامۆستاکان گەشەیان بە ئەدەبێک دەدا کە پێچەوانەی ئەو ئەدەبەیە کە خوای گەورە گەشەی پێداوە. کاتێک کە بۆ فێر کردنی فەقێ پەنا بۆ ئەدەبی عەرەبی دەبرێت وە ئەو ئەدەبە بە فەقێکان دەناسرێت، بە پێچەوانەی

ئەوەیە کە خوای گەورە دەیەوێت گەشەی پێ بدات. هەرچۆن کە کەر گەشە بە گوێ دەدات، خوا پشت بۆ کەر پان دەکات!.

زۆرێک لە فەقێکان و مامۆستاکان لەگەڵ ئەوەی کە خەریکی دین و قورئان بوون، بە شێوەی فەرمی خەریکی خوێندنی ئەدەبیاتی عەرەب بوون. ئەمە خواستی خوای گەورەیە کە ئاوەها وەک کەر لە نێوان گوێ و پشتدا گیرۆدەیان بکات!.

قورئان کە بە وشەی پەنا دەبێت دەست پێ بکرێت، ئاماژە بەوەیە کە ئەدەبی قورئان بە وشەی پەنا دەست پێ دەکات. ئەمە ئاماژە بەوەیە کە ئەوەی خوای گەورە دەیزانێت زۆر دوور و جیاوازە لەوەی کە مەلاکان دەیزانن. وشەی پەنا بردن وشەیەک کە بەدوای خۆی دەهێنێت، ئاماژە بەوەیە کە شەڕێک لە ئارادایە و لەو شەڕە دەستێکی بەهێز هەیە کە ناوی مرۆڤ نێچیر دەکات.

ئەمە دەمبات بەوە کە بنووسم، ئەوەی کە قورئان ئاگادارم دەکات ئەوەیە کە ئەدەبی پەنا بردن، هی ئەوە نیە کە لە حوجرەکان فەقێ بە ساڵەها بە خۆی خەریک بکات و پاش ئەو ساڵانە وا لە فەقێ بکات کە بە بێ کتێب هات و چۆ نەکات!. حوجرە بە پێچەوانەی ئەدەبی قورئان، وەک عەرەب کە لەسەر وشتر شیعر دەخوێنێت، هەروەها فەقێ ئەوەندەی تر لە بیابان و دەر و دەشت تەنیا و دوور دەکات، خاوی و تەنیایی و چک و چۆڵیەک کە دەنگی تێدا نیە بە فەقێ دەناسێنێت!.

پاش ماوەیەکی زۆر کراوە بۆ من کە هەر ئەدەبێک بە چەند وشە و ناوێک دەست پێ دەکات. گەر وەرگر و پێدراو تەوانای ئەوەی هەبوو کە ئەو وشانە بناسێت و بە وریایی لێ گوزەر بکات، ئەوە خوای گەورە بەخشندەیی لە ئاستی دەکات.

موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا، پەنای بۆ ئەشکەوتی حەرا برد بۆ ئەوەی کە لە دەست و زمانی عەرەب پەنا بۆ ناوی خوای گەورە ببات. موحەممەد دوو جار پەنای بۆ ئەشکەوت برد. ئەدەبی قورئان لە پەناگایەک دەستی پێ کرد، وە کتێبی قورئان وەک پەناگایەک دەناسرێتەوە. بۆ ئەوانەی کە خوای گەورە بەزەیی پێیاندا بێت و بەخشندەیی لە ئاستیان بکات.

ئەدەب و نەخشەی ڕستەکان بە وشەی پەنا و شەڕ دەستی پێ کرد، ئیتر کەس تەوانای ئەوەی نیە کە وشە و ناوێکی تر وەک سەرەتا دانێت، کەس تەوانای ئەوەی نیە کە ئەو نەخشەی کە خوای گەورە دایڕشتووە تێکی بدات.

ئەو کارەی کە نەزانەکان بۆ دوژمنی قورئان دەیکەن ئەوەیە کە چکوڵ بە هەوردا دەکەن. ئایا ئەگەر چکوڵ بە هەوردا بکرێت، هەور لە بارین ڕادەوەستێت و پەیکەری تێک دەچێت!؟.

کاتێک بۆ یەکەم جارەکان کتێبی قورئان بە دەستمانە درا، یەکەم سورەتەکان بۆ فێر بوونی خوێندن قورئان، سورەتەکانی جوزئی عەم بوو. ئەوان بە سورەتی چکۆلە بۆ فێر بوونی خوێندنی قورئان لە سەەتاوە کاریان لەگەڵ ئێمەدا دەکرد. ئەو کارەی ئەوان لە بنەوە لەگەڵ ئەدەبی قورئان جیاواز و دژ بوو. دەستپێکی قورئان بۆ موحەممەد لە شوێنێک و لە ڕستەیەک بوو، وە دەستپێکی قورئان بۆ مرۆڤ لە شوێن و بە ڕستەیەکی تر بوو، وە دەستپێکی قورئان بۆ منداڵەکان لە شوێنێک و بە ڕستەیەکی تر بوو. گەر سرنج بدرێت، دەردەکەوێت کە سەرەتای دەستپێک بۆ هەر ناوێک لە شوێن و پێگە و بە ڕستەیەکی جودا و جیاوازە.

## عومەری خەیام و عومەری خاوەر

پاشان دێمە سەر ئەوە کە من چۆن وە بە چ وشەیەک لەگەڵ ئەدەبی کوردیدا دەستم پێ کرد؟.

حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری لە شاری ڕوانسەر یەکەم شوێن بوون کە کتێبی کوردی و ناوی کوردیان بە من ناساند. یەکەم ناوێک کە بە من گەیشت ناوی مامۆستا هەژار بوو کە بە وەرگێڕانی شیعرەکانی عومەری خەیام کە ناسراو بە چوارینەکانە، خۆی لە حوجرەدا لە من نزیک کردەوە.

مامۆستا مەنسوور کە وانەی زمانی کوردی بۆ ئێمە دەوتەوە، لە هەوای خۆشی شاری ڕوانسەر و لە ئارامی بەرەبەیان تیشکی خۆر بەسەر ڕوومەتی دەیدا و ئەم شیعرەی مامۆستا گۆرانی بە تام و حەزێک بۆ ئێمەی دەخوێندەوە:

قژ کاڵی لێو ئاڵی ، پرشنگ نیگا کاڵ

ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێک ئاڵ

یەکەم وشەکان کە بۆ ئێمەی بۆ فێر بوون دەوتەوە وشەی ئاڵ و کاڵ بوو. یەکەم وشەی کوردی نووسراوە بە کوردی لە شیعری مامۆستا گۆران بە من گەیشت، ئەوەش بە دەستی مەلا مەنسوور کە لە هەمان کاتدا باسی قەبر و قیامەتی بۆ ئێمە دەکرد. بەرەبەیان باسی لێو ئاڵ و نیگا کاڵ دەکات و لە ئێواران باسی قەبر و قیامەت دەکات!.

هەردەم بەهایان بە ناوی پوچەڵکراو دەدا، ئەو ناوانەی کە دەیانتوانی نووسینەکانیان لە کتێبخانەکان دابنێتن و ڕاییگرن. ناوی مامۆستا هەژار لەو ناوە پوچەڵ بووانە بوو کە ناوی عومەری خەیامی بە شیعرەوە دەهێنا بۆ زمانی کوردی. لەگەڵ ئەوەی کە شیعری عومەری خەیام دەهات بۆ حوجرە، نووسینەکەی ناسری سوبحانی بە ناوی، رسالة الآلام من أرض البلايا إلى معشر الأنبياء والمرسلين، کە بە زمانی عەرەبی پاش شیمیاییەکەی هەڵەبجە نووسی بوو، بە دەست نەدەکەوت. ئەوەندەی کە وشەی پەنا و دەستپێکی قورئان، بۆ من گرنگ بوو، ئەوەندە پشت و گوێ کەر بۆ من گرنگ بوو، ئەوەندەش بۆ من هەستی تێدا بوو کە هۆی چیە مامۆستا هەژار شیعری عومەری خەیام لە فارسەوە بۆ کورد دەگێڕێتەوە، وە مەلا ناسر بە زمانی عەرەبی لەسەر شارەکەی عومەری خاوەر دەنووسێت!؟. یەکێک باسی بادە و مەی دەکات و یەکێکی تر باسی شیمیایی دەکات، یەکێک لە فارسەوە، ئەوەی تر بە وشەکانی عەرەبەوە، یەکێک کە کتێبەکەی بڵاوە، لەگەڵ یەکێک کە نازانم ئایا هەر بە ڕاستی دەقێکی نووسراوەی بەو ناوە هەیە!؟.

ئەم هات و چۆ کردنە بە ناوەکان و وشەکان و نووسینەکان وای کرد کە پرسیار بکەم کە چۆن دەتوانرێت کە ڕێ و شوێنی وشەکان و ناوەکان بگرمەبەر؟ بۆ من بەهای هەبوو کە چی وا دەکات کە دوو ناو مامۆستا هەژار و مەلا ناسر کە هەردووکیان لە حوجرەوە دەستیان پێ کرد، یەکێکیان بۆ فارس و بادە بچێت، وە مەلا ناسر بە زمانی عەرەبی باسی شیمیایی شاری هەڵەبجە بکات کە عەرەب بەسەر کوردی هێنا!؟.

ئەم پرسیارەی سەرەوە منی برد بۆ کرانەوەیەکی تر:

## گۆچان و پێنووس

ئەو کەسانەی کە بە گۆچانەوە دەست پێ دەکەن و پاشان پێنووس بە دەستەوە دەگرن، جووڵەیەکی ئاساییان نەکردووە.

گۆچان بۆ مەڕ و پێنووس بۆ مرۆڤ، گۆچان بۆ لەشی مەڕومالات و پێنووس بۆ کتێب و ڕوومەتی مرۆڤ. جووڵە لە لەش بۆ هۆش، لە دوو ژینگەی بە تەواو دژ و جیاواز. گۆچان بۆ هیدایەت کردنی مەڕومالات و پێنووس بۆ هیدایەت کردنی مرۆڤ.

کەسانێک کە دەورەیەک لە ژیانیان گۆچانیان بە دەستەوە گرتووە و مەڕومالاتیان داوەتەبەر وە لە دەورەیەکی تر دەستیان بە پێنووس گرتووە و خوازیاری ناسین و زانست و ڕێگە و ڕێباز بوون، ئەوانە جووڵەیەکی ئاساییان نەکردووە.

" هەر کە جۆ بە مەڕ دەدەیت، لە پێش چاودا دەمی تێ دەنێت و دەیخوات، وە دەزانیت کە ئەوە مەڕە بەو خواردنە دوو شتی لێ دەکەوێتەوە، دەیکاتە شیر و گۆشت یان پشقڵ. بەڵام کە ڕستەیەک بە مرۆڤ دەدرێت، بە تەواوی پێچەوانەیەتی، هەر بە دەمی ئەو سەرەی کە ڕستەکانت بە گوێ لێ وەردەگرێت، تفت تێ دەکات!."

مرۆڤ کە بە دەستی گۆچانی بە دەستەوە گرت وە هەر بەو دەستە پێنووسی بۆ وشەکان بە دەستەوە گرت، ئەوە تەوانا و هێز و وزەی بە ناوی خوای گەورە بە دەردەکەوێت.

لە دەورەیەک کە لە دەشتی زەهاو خەریک بە مەڕ و مانگا و ئاژەڵەکان بووین وە بە جوانی گۆچانم بە دەستەوە دەگرت و هەر لەو دەورەدا بوو کە بنەوای یەکەم نووسینم دامەرزاند. کاتێک کە لەگەڵ ئاژەڵ دەژیت، دەزانی کە ئاژەڵ چۆن سەر لە قەمی یەکدی دەنێن و ئاوی یەکدی دەخۆن، ئەمە مرۆڤ فێری ئەدەب دەکات، فێری ئەوە کە بە ئەدەب و بە خاوینی ئاو بخوات، نەک وەک ئاژەڵەکان هەرکامیان دەم لە قەمی ئەوەی تریان بنێت.

" ئەوەندە کە پێگەی پێنووس لە گۆچان نزیکە، ئەوەندە لە دەم دوورە."

من لەو کەسانە بووم کە بە دەستم گۆچان و پێنووسم گرتووە. هەر ئەو دەستانەیە کە تەوانای ئەوەیان هەیە کە لە پێگەی گۆچان بۆ پێنووس وە لە پێگەی پێنووس بۆ پێگەی شمشێر جووڵە بکات!.

موحەممەدی پەیامهێنەری خوا کە خۆی شوان بوو و گۆچانی بە دەستەوە بوو، قەڵەمی بە شایستە نەزانی پێی بنووسێت، بەڵکو پێنووسی بە کاتیبەکانی خۆیدا بۆ ئەوەی کە ڕستەکانی بنووسن، هەر ئەو کاتیبانە کە جەوهەریان دەڕشت، لەو کەسانە بوون کە لە هەمان کاتدا شمشێریان بە دەستەوە دەگرت و خوێنیان دەڕشت. بۆیە مرۆڤ دەتوانێت کە لە هەمان کاتدا کە بۆ مرۆڤ دەنووسێت، مرۆڤیش بکوژێت. لە هەمان کاتدا کە ڕووناکی دەوێت و دەستی لە لای خوا بۆ پاڕانەوە بەرز دەکاتەوە، هەر ئەو دەستە لەسەر مرۆڤ بۆ کوشتن بەرز بکاتەوە!.

ئەمە خاڵ و چاڵێک لە لای مندا بەرز دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە گەر ناوەکان پێکەوە ڕوویان لە شوێنێک بێت و لە ڕێ و ڕێبازێک بۆ نەخشە و ئەدەبێکی دیار و ڕوون کار بکەن، تەوانای ئەوەیان هەیە کە سەرکەوتن و ڕۆشنایی و ڕووناکی زۆر و فراوان بە دەست بهێنن. بەڵام ئەگەر ناوەکان وەک با لەسەر ڕێیەک نەبێت، وە وەک با بێ ڕوومەت بێت و زوو بتووچێت و زووش یەک بگرێتەوە، بۆی هەیە کە ئەوەندەی تۆی گیا بە خاک دەدات، ئەوەندەش خاک لە تۆی گیا بسەنێت. ئەو کارەی کە مەلا ناسر و مامۆستا هەژار کردیان، وەک بایەکە کە تۆ لە خاکێک دەسەنێت و لە لایەکی ترەوە خاک لە تۆیەکی تر دەسەنێتەوە.

# خۆر و کەڵەشێر لە شەڕدا

## سەگ و مریشک لە پاسەوانی دوو توێکڵیدا

پەنا بە ناوی خوای گەورە لە پەلاماری هەرچی ناوە کە شەڕ و پەلاماری ناحەقی لێ دەکەوێتەوە. پاشان بە ناوی خوای گەورە پەنجە و پێنووس بە گڕ دەخەم.

هەر وەک یەکانگیری پەنجە و پێنووس کە دوو ناوی دراوسێ و ئاشنای یەکدین، مریشک و سەگ لە لادێکان کوولانەکانیان نزیک بە یەکدیە. ئەوەی کە لەم باسە ئەو دوو ناوە لێک نزیک دەکاتەوە، باسی پاسەوانی و زایینە.

سەگ و مریشک دوو ئاژەڵی دراوسێن کە لە بن دەستی خاوەندارێک کوولانەیان بۆ دروست کراوە. سەگ و مریشک بە دەستی خاوەندار پاسەوانی دەکرێن وە ژینگەی تایبەتی خۆیان لە حەوشی ماڵی خاوەندار هەیە. سەگ جگە لەوەی کە پاسەوانی

خاوەنەکەی دەدات، پاسەوانی مریشکیش دەدات. ئەو دوو ئاژەڵە پاش ئەوەی کە کڕ کەوتن و ئاوس بوون و چاوەڕوانی هاتنی بەچکەکانیان کرد، دوو وشەی تایبەتیان هەیە کە باسی زایینی بەچکەکانیان دەکرێت. سەگ کە بەچکەی بوو، وشەی تەرکیانی بۆ بەکار دەچێت. سەگی کە تەرەکا بێت، مەبەست ئەو سەگەیە کە پاش دەورانی ئاوسی بەچکەکانی هێنا بێتە دنیاوە. مریشک کە لەسەر هێلکەکان دانرا، دەبێت ماوەی چەند هەفتە لەسەری بمێنێت، پاشان وشەی هەڵهێنان بۆ ئەو جووجەڵانەی کە لە هێلکە دەرهاتووە، بە کار دەچێت.

تایبەتمەندی سەگ لەوەیە کە چەند بەچکە پێکەوە دەهێنێت، هەروەک مریشک کە دەستەیەک هێلکە هەڵدەهێنێت.

سەگ و مریشک دەورەیەک دەبێت لە تەنیایی و لەسەر شوێنێک بکەون و ژینگە و زەمینە بۆ زایین خۆش بکەن. ئەو مانەوە بۆ هاتنی بەچکەی نوێ، وا لە ڕوومەتی سەگ و مریشک دەکات کە هەر کەس نەوێرێت لە بەچکەکانی نزیک بێتەوە.

سەگ و مریشک بۆ ئەوەی کە بەچکە بزێنن دەبێت دەستێک ژینگە و زەمینەیان بۆ خۆش بکات، وە هەر ئەو دەستە لە دەورانی کڕی و مانەوە بۆ زایین دەبێت پاسەوانی لە سەگ و مریشک و بەچکە نەزاوەکان بکات. ئیتر سەگ و مریشک بە دەست دێن و بە دەست دەڕۆن. ئەو دوو ناوە لەبەر ئەو جۆرە پاسەوانی و خزمەتەی کە خاوەندار دەیکات، بە دەستی خاوەنیان ڕەزایەت دەدەن.

سەگ و مریشک کە لە حەوشی ماڵەوەی خاوەندار دێت و دەچێت و لە لایەن خاوەندارەوە خزمەت و پاسەوانی و دەژێنرێت، پاش ئەوەی کە بەچکە و جووجەڵەیان هێناوە دونیا، جگە لە دەستی پاسەوانی خاوەندار، خۆیان بە شێوەی سروشتی بە ڕوومەتیان پەلاماری ئەوانە دەدەن کە لێیان نزیک دەبێتەوە. پاسەوانی بە ڕوومەتی توند و گرژی سەگ و مریشک، وە پاسەوانیەک کە بە دەستی خاوەندار دەدرێت. ئەمەیە کە باسی دوو توێکڵی بوونی پاسەوانی دەکەم.

## کەڵەشێر و خۆر لە مەسخ بوون و دوژمنیدا

گەر بێت و بە ناوی خوای گەورە باسی ئەوە بکەم کە سەگ و مریشک بۆ باسی دوو توێکڵی پاسەوانی بۆ من بەدەر دەخەن، دەتوانم کە ئامـاژە بە زۆر وردە خاڵ بکەم

که لە خەڵک بە ئاسانی بە دەر ناکەوێت. یەکێک لەو وردە خاڵانە جموجۆڵی مریشک و کەڵەشێرە لە بەرەبەیانان کە چاوەڕوانی هەڵهاتنی خۆر دەکەن. جووجەڵە کە هەڵدێت، ڕەنگی زەردە وەک ڕەنگی خۆر. وشەی هەڵهاتن بۆ خۆر و جووجەڵە بەکار دەچێت. لە لایەکی ترەوە کەڵەباب کە باوکی جووجەڵەکانە، بە تیشکی خۆری بەرەبەیان ڕەنگی جوانی دەکرێتەوە. کەڵەشێر ناچارە بۆ ئەوەی ڕەنگی بکرێتەوە و لە تاریکی و ڕەشی نەمێنێت، ناچارە هەر بەرەبەیانیان، زوو خۆی بۆ تیشکی خۆر ئامادە بکات. کەڵەشێر دەیەوێت کە بۆ کرانەوەی ڕەنگی لە خۆر بێ منەت بێت!.

## هەڵهاتن و هەڵهێنان بۆ خۆر و بەچکەکانی مریشک

بۆ بێ منەت بوون لە خۆر، خوای گەورە وشەی هەڵهێنان و ڕەنگی زەرد بە نەوەکانی کەڵەباب دەبەخشێت، بۆ ئەوەی کە گوایە لە خۆر بێ منەت بێت!.

ئیتر مریشک ناچارە بۆ ئەوەی کە بەچکە زەردە هەڵهێنراوەکانی گەورە بێت و باوکیان لە خۆر بێ منەت بکات، بە ڕوومەتی پاسەوانیان دەدات. خوای گەورە ئەم وێنەیە وشک و مەسخ کردەوە، بۆ ئەوەی کە بگەیەنێت کە کەڵەباب لە بەر حەوشی خاوەنی دەخوات وە لە هەمان کاتدا دەیەوێت کە لە خۆرێک بێ منەت بێت کە خاوەنەکەشی بە خێو دەکات!!.

باسی کەڵەشێر و نەوەکانی، وەک باسێکی وشککراو بوو کە من بەکارم هێنا، لەبەر ئەوەی کە کاتی ئەوە هاتبوو کە بکرێتەوە. نەک تەنیا ئەو باسە بەڵکو زۆر وێنەی وشک بوو ماوەتەوە کە تەنیا بە خواست و بەخشندەیی خوای گەورە دەکرێتەوە. کەڵەباب لەبەر ئەوەی کە چاوەڕوانی تیشکی خۆرە، وە کەڵک لە تیشکی بەرەبەیانی خۆر وەردەگرێت، دەیەوێت کە لە دوو ناوی خۆر و خاوەندار ڕزگاری بێت. هەر ئاوەها بووە، ئەوانەی کە ڕووناکی و تیشکی فراوان لێیان دەدات و وەردەگرن و پێویستیان پێیە، دەیانەوێت کە لە بن دەستی خاوەنداریان دەرچن!.

ئاخر ئەی کەڵەباب، تۆ ئەگەر خاوەنەکەت حەوشێکت بۆ دروست نەکات کە تاو تاو بقوولێنی وە تاوتاو مریشک بفسێنی، چیت پێ دەکرێت لەوە کە لەو حەوشە دەرکرێت!؟ مسۆگر بە قوولەشت پێ ناکرێت!.

کەڵەشێر دەیەوێت کە لە تیشکی خۆر بێ منەت بێت، لە خۆرێک کە پەڕ و باڵی لە بەرەبەیانان تریفە و جوانی دەبەخشێت. کەڵەشێر وێنەیەکی وشککراوە، لەبەر ئەوەی کە دەیەوێت لەبن و بەر دەستی خاوەنەکەی و خۆر و خوایەک دەرچێت کە نەخشی ناوی کێشاوە. مسۆگەر بن کە کەڵەشێر هەرگیز لەو خاوەندارانە بێ منەت نابێت، لەبەر ئەوەی کە حەوش و قوولە و نەوە و بەرەبەیان و تیشکی خۆر، هەمووی پێکەوە بەند و بەست کراوە، هەرگیز کەڵەشێر و نەوەکانی تەوانای ئەوەیان نیە کە لەو بەند و بەستە دەربازیان بێت!. ئەمە پەیامێکە بۆ دەستەیەک ناو لە نێو ناوەکانی کورد.

## سەگ و تەرەکان

وشەی تەرەکان یان سەگی تەرەکاو، وشەیەکی ئاسایی نیە، وە بە ناوی خوای گەورە دەبێت لە وشەی تەرەک بۆ کردنەوەی ئەو وشە بۆ سەگ و بەچکەکانی کەڵک وەربگرین. تەرەک وەک تەرەکی زەوی، تەرەکی دیواری خانوو.

تەرەک براگەورەی وشەی درزە، درز بۆ گۆزەیەک بە کار دەچێت کە وەک خەتێک کراوەتەوە، وەک درزی جل.

زایینی سەگ لە کوولانەیەتی، مەبەستم ئەوەیە کە وەک مەڕ بە ئاشکرا نیە. کەم کەس دەتوانن لە سەگی ئاوس نزیک ببنەوە.

## وەفا و زۆڵیەتی لە سەگدا

بەچکەکانی سەگ لە بەر دەستی خاوەنی نامێنێتەوە. بەچکە سەگ باش وایە کە بدرێتە دەستی خاوەنێکی تر و ببرێت بۆ حەوشێکی ترەوە. بەچکە سەگ لە بەردەست و لەبەر حەوشێک دامەرزێت، وەفادار دەبێت و پاسەوان دەمێنێت، بەڵام ئەگەر سەگ لە بەچکەیی بەردەستی چەند خاوەندار بێت و چەند حەوش بگۆڕێت، بە پێچەوانەی ئەو سەگەیە کە لەبەر دەستی خاوەنێک و لە نێو حەوشێک دادەمەرزێت، بێ وەفایە و تا ئەو شوێنەی کە بۆی بکرێت کلکی بۆ ئەوانە تر دەلەقێنێت و تا بیەوێت لە بن سیبەر و لە بن دەستی ئەوانی تر کاتی دەگوزەرێنێت. ئەو سەگانە ئابڕوو بۆ خاوەنی خۆیان ناهێڵن و پەلاماری مامر و مریشک و جووڵک و جووجەڵە و هێلکەی دراوسێ خۆیان دەدەن!.

بەچکە سەگ لەبەر ئەوەی کە خێگری و هۆگری و بەرگری زۆریان هەیە، گەر لەگەڵ بەچکەکانی تر کە لە دایکی زایراوە بمێننەوە، زۆر و زوو یەکانگیر دەبن و ئەگەر لە یەکدی دوور نەخرێنەوە، وەفا و خۆشەویستیان دەدەن بە یەکدی و ئاشنا بە وشەی پاسەوانی و خاوەندارێک نابن. ئیتر ئەو بەچکە سەگانە کەڵکی دەست و پاسەوانیان نیە. هەرچۆن کە تەرەکی سەگ ئەو وێنە دروست دەکات کە هەر کام لەو بەچکانە لە تەرەک و کونێکی تایبەت و جیا هاتووە، هەروەهاش بکرێت باشە، کە هەرکام لە بەچکەکان بۆ کون و کوولانە و حەوشی خاوەندارێک ببرێن و دابنرێن. هەرچی دوورتر و زووتر باشترە!.

گەر سەگی باشت بۆ پاسەوانی دەوێت، تا دوور بڕۆ!.

بە پێچەوانەی نەوەکانی کەڵەشێر، نەوەکانی سەگ ئەو کاتە وشەی وەفا دەگرن کە لە دایکیان دوور بکەون، وە لێکچوونی ئەو دوو ناوە ئەوەیە کە هەردووکیان لە بن دەستێک و خاوەندارێک و لە حەوشی خاوەنێک کوولانەیان هەیە. ئەگەر دەستێک پشت و پەنایان نەبێت و ژینگەی زایینیان بۆ خۆش نەکات و زایراوەکان چاودێری و خزمەت نەکات، ناوی سەگ و مریشک وشە و پەند و پێدانیان نیە.

هێلکەکانی مریشک گەر بە دەستێک لە بن مریشک دانەنرێت، خودی مریشک تەوانای ئەوەی نیە کە ژینگەیەکی ئارام بۆ هێلکەکانی دروست بکات. ئەو هێلکانەش کە لە بن یەک مریشک دادەنرێت، لە چەند مریشک وەرگیراوە و کۆ کراوە. نەوەیەکی ئاوەها، کە باوکی دیار نیە، کاری خۆری بۆ باوکی پێ ناکرێت، بۆیە زوو دەتووچێن و لە ژینگەیەک لە بن دەستی خاوەنێک قود قود دەکەن و لە کوولانەیەک جێیان دەبێتەوە و ڕەنگیان دەگۆڕێت!.

هەروەها سەگ، وشەیەک کە لێ نزیکە، وشەی زۆڵیەتیە. زۆڵی توتکە سەگ ئەوەیە کە دەڵە سەگ، سەگی زۆر لە یەک کاتدا لە دەوری کۆ دەبنەوە و بۆنی دەکەن. بۆیە سەگ کە وەفای بۆ کەسێک هەبوو، کلکی بۆ دەجووڵێنێت و ئەگەریش دژایەتی کەسێکی کرد، ئەوە زاری لێ دەخاتە گەفە. لە نێوان کلک و دەمی سەگ، دوو وشەی دوژمنی و دۆستی هەیە. بۆیە وشەی زۆڵ و سەگ، خاوەن و دەست، چوار وشەیە کە ئەگەر هەروەها بە بێ ئەوەی بیخەمە نێو ڕستە و بیدەم بە خوێنەر، خوێنەر ئەو ڕستەیەی لێ دروست دەکات کە خواستی منە، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر بە ڕستە و

ناو دەستم پێ کرد، ئیتر ئەو ناوانە و وشانە لە ئەو نەخشە بە کار دەچن کە یەکەم جار دانەر دایناوە.

## فرمێسک و مین لە ڕشتن و چاندندا

پەنا بە ناوی خوای گەورە لە شەڕی ناوەکان، وە ئەو شەڕانەی کە لە ناوەکان دەکەوێتەوە.

لە نیوەڕوانێکی هاوینی لە جێگەی خەودا ڕاکشا بووم. چاوم چووە خەو و خەونێک منی گرتەوە. لەگەڵ باوکم خەریکی قسە بووم. وتی ڕۆڵە گیان بۆ خۆت ئاوەها دەربەدەر و ئاوارە کرد!؟.

ڕوومەتم بەو پرسیارە گڕی تێ کەوت و وتم: باوکە لە بیرتە کە لە دەشتی زەهاو بە بنەماڵە و لادێ درانەبەر و ڕەوانەی خاکێک کران کە بیابان بوو!؟ لە بیرتە کە لەو بیابانە بۆ ماوەی زیاتر لە سێزدە ساڵ لە چادر و خانووی قوڕی ژیانتان کرد!؟ لە بیرتە کە پاش ئەوەی کە گەڕانەوە بۆ کرماشان، لە دەشتی زەهاو دیسان بە نەوەیەک و خێزانەوە ژیانتان دەست پێ کرد؟ لە بیرتە کە ئەو خاکەی کە خاوێن بە جێتان هێشت، پاش گەڕانەوە هەر ئێسک و پروسکی سەرباز و مین و پەلاشەی ئاسن و ماری دوو سەر و دووپشکی ڕەش بوو!؟.

کە وتم ئێسک و پروسکی سەرباز و مین و پەلاشەی ئاسن و ماری دوو سەر و دووپشک، یەکسەر گریان منی گرت و فرمێسک لە سەر گۆنام هاتە خوارەوە و زارم لە قسە ڕاوەستا. بێ دەنگ مامەوە و باوکم بۆ من ناڕەحەت بوو.

چاوم کردەوە، زانیم کە خەونە، هەستم بە تیژی و گەرمایەک لە چاوم کرد. خەونەکەم بە تەواوی هاتە پێش چاوم. یەکەم شت کە خۆی بە خاوەن ئەو خەونە زانی ڕستەیەک بوو. وتی: بە سەر میندا بگری!.

بۆ مین دژایەتی چاوی مرۆڤ دەکات؟ بۆ مین دەیەوێت چاو بەرێت؟ لە کاتێک مین بە چاو نادۆزرێتەوە!؟.

چاو لە ئەدەبی مرۆڤیدا بۆ بینین بە کار دەچێت. چاو لە وشکی و بە وشکی لە لای مرۆڤ بە کار دەچێت. بەڵام لە ئەدەبی ئێمەدا چاو بۆ فرمێسک پێگەی یەکەمی هەیە. مین بە چاوێک و دەستێک نێژراوە کە زۆر وریا و تیژ بووە. هەر بۆیە دەست و چاو بە باشی دەبات.

گریان بەسەر میندا، وێنەیەکی نامۆیە، کارێکی بێ مانا و بێ کەڵک دەنوێنیت. بۆ دەبێت بەسەر میندا بگریم!؟ بۆ دەبێت بەسەر مینی چێنراو فرمێسک بڕێژرێت!؟.

" ئەو شتانەی کە بە دەست و چاوێکی وریا و تیژ چێنرا، سەختی بۆ دەست و چاوی تر دروست دەکات."

مینی چێنراو نیشانەی کێشەیەکی گەورەیە لە خاکێک. هەروەها زمانی چێنراو لە زمانێک نیشانەی کارەساتێکی گەورەیە!.

باسی مین و فرمێسک، دەردەخات کە ئەم نووسینە تەوانای ڕوون کردنی ڕێگەیەکی هەیە کە دەبێت هەنگاوی تێدا بنرێت. ئاماژە بە پەیخاویکی گرنگە، دەڵێت کە ئیتر ڕۆشنە چی بکرێت. خاکێک کە مینی تێدا چێنراوە، پێ نەزان و لە ترسە لەوەی کە پێدا بڕوات. گریان و فرمێسک ڕشتن لەسەر مین ئاماژەیە کە ئیتر کاری دەست و پێ نیە کە ئەو خاکە پاک بکاتەوە، دەست تەوانای ئەوەی نیە کە ئەو خاکە پاک بکاتەوە. فرمێسک ڕشتن مانای ئەوەیە کە کێشەی مین و زمان دەبێت لەسەری دانیشیت و بگریت. گریان بۆ ئەو شتانە سەرکەوتووە، کە دەستی مرۆڤ تێی ناچێت!.

هەروەک مین کە پەلاماری چاو دەدات، وشەکان لە نووسراوەیەک پەلاماری چاوان دەدات. مین و کتێب چاو لە ناو دەبەن. لە ئاوەها وێنەیەک کە چاو بەسەر مین و کتێب بونیادی تێک دەچێت، فرمێسک تەوانای ئەوەی هەیە کە چاو لە تیکچوون ڕزگار بکات!.

لە بیرمە کە لە زانکۆی سەڵاحەدین کوڕێکی خەڵکی باشووری کوردستان لە کاتی پیاسە پرسیارێکی لە من کرد: کتێبی " چاوەکانیت" خوێندوەتەوە!؟ کتێبێکی زۆر میهیمە!.

باسی کتێبێکی بزرگ علوی دەکرد، زۆر بۆ ئەو کوڕە بەهای هەبوو. هەر ئەمە وای کرد کە لە دڵمدا سەرێک لەو کوڕە بلەقێنم. ئەو کوڕە و ئەو کتێبە وەک نموونەیەک بۆ من دەریخست کە کوردێک لە کتێبخانەی فارس دەست بۆ کوێ دەبات و کوێی بۆ بەهاداره !؟. ئەو کتێب و ناوە بۆ ئەو کوڕە وەک مین بوو کە پێدا تەقیەوە. هەروەک من کە نای سادقی هیدایەت وەک مین بەسەرمدا تەقیەوە. گەر بەزەیی و بەخشندەیی خوای گەورە نەبایەت هەرگیز ناوم پشت ڕاست ناکاتەوە. مرۆڤ وەک خوێنەر ئاگای لە خۆی نیە، نازانێت کە وشەکانی دەم و دەستی، بوونی بە خۆیانەوە وشک و مەسخ دەکات.

منداڵێک کە دایکی دەمرێت، بەو گریانەی لەسەر ئەو خاکە کە دایکی تێدا نێژراوە، زەمینە بۆ ئەوە خۆش دەکات کە لە دەورەی نیازمەندی بە دایکی دەرچێت. لە ئاوەها وێنەیەک کە منداڵ لەو پەڕی دەرد و خەم پەلاماری خاک دەدات، خوای مەزن زەمینەی ئەوە لە دەروونی منداڵ دروست دەکات کە ئەو منداڵە بە بێ دایکی ژیان بکات. گریان دەنگێکی سەیر و بێ دەنگیەکی سەیر و خامۆش بە دوای خۆی دەهێنێت. هەر دووکی ئەو دەنگ و بێ دەنگیە لە ڕوومەتی ئەو منداڵە بەدەر دەکەوێت. گریانی منداڵ بەخشندەیی بە دوای خۆی دەهێنێت.

کورد نە بۆ کتێب و وە نە بۆ مینە چینراوەکان گریاوە. ئامۆژگاری بە گریان بەسەر مینە چێنراوەکان و کتێبەکان دەکەم. بەشکە خوای بەخشندە و مەزن نەوەی شایستەی لە نێو کورد خستەوە. ئەم ئامۆژگاریە سەرچاوەی لەوێیە کە کانی ڕاستیەکان لە لەشی خودی مرۆڤدایە. ئەوانەی کە ئەو کانەیان بە گڕ خست و وەک چاوی منداڵ بۆ دایکی گریاندی، خوای مەزن کانیان ئاوەدان دەکات و ئەو منداڵە بە باوەشی خۆی ئارام دەکاتەوە. ئەو کەسانەش کە کانیان وەک کانی ئاو وشک کرد، خوای مەزن مەل و مۆر و ئاژەڵی ژەهرین دەنێرێت کە تێدا لانە و هێلانە بکات.

هەروەها فرمێسک بەسەر مین و کتێب ئاماژە بەوەیە کە دەبێت هەستەکان لە پاش زانین بە گڕ بخرێت. هەستی وەک خەمۆکی و ناڵە و دەرد و پەژارەیی و بێ دەنگی و لە ناوەندی هەموویان گریان، وەک ئەو هەستانەی کە مرۆڤ پاش مردنی کەسێکی خۆشەویستی هەیەتی. مرۆڤ کە شتێکی گەورەی بە دەست هێنا و شتێکی گەورەی لە دەستدا، گریان دەکات. کە زمان و خاک لە دەست چوو، دەبێت بەسەریدا بگریت،

**بۆ ئەوەی کە خوای مەزن بەخشندەیی بکات. هەروەها کە ڕۆشنای و ڕاستی نەما، دەبێت مرۆڤ بگری، ئەو کاتەیە کە مرۆڤ باشترین کاری خۆی کردووە بۆ گەڕانەوەی ڕاستی و ڕووناکی. ئەو مینەی کە لە خاکی کورد چێنرا، وە ئەو زمانانەی کە لە زمانی کوردی چێنرا، مرۆڤی شایستە و شایانی دەوێت کە بەسەر ئەو خاک و زمانەدا بگری و هەناسەی سارد و فرمێسک تێکەڵ بکات.**

## دان و ڕستە بۆ مەڕ و مرۆڤ

**گەنمەکان کە لە گونیە کرا و لە هومار دانرا، لە ناوەوەی لەگەڵ یەک شەڕیانە، وە لە دەرەوە مشک و خوەرک پەلاماری دەدەن. گەنم کە لە زەویدا دەوەشرێت، دەورەی ئاسایش و ئارامشی گەنمە. گەنم کە دەڕوێت حەشەرات و کولە بۆی دەچێت، کە گەورە دەبێت خۆراکی مەڕومالاَتە، لەسەر خەرمان مێرووله دەیدزێت، کە بەر هەڵگیرا، زۆر کەس بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بە کاری دەبات. لە هەر دەورەیەک خۆی لە نێو خۆیدا یان ئاژەڵێک و دەستێک پەلاماری دەدات و بۆی دەچێت. هەرچۆن گەنم لە سەرەتاوە خاوەنداری دەکرێت، هەروەها کار کردن لەگەڵ وشەکان لە هەر دەورەیەک دۆست و دوژمن و دەستی تایبەتی خۆی هەیە.**

**دان لە لادێ بە گەنم و جۆ دەوترێت کە بە ئاژەڵ دەدرێت یان لە زەویدا دەوەشێنرێت. وشەی دان لە دان و لێدان سەر و سرنجی منی بادا. هۆی ئەم بادانە دەگەڕێتەوە بۆ چەند وێنە کە هەرکامەیان شایستەی ئەوەیە کە خوێنەر چاوی بۆ تیژ و گوێ بۆ شل بکات:**

**ڕۆژێک** لە هەیوانی ماڵی باپیرم دانیشتبووین کە مامم هاتەوە و بە پەلە وتی چەقۆیەکم بۆ بهێنن، مەڕیک دان لێداوە! میمکم بە خێرایی چەقۆیەکی مشتگ گەوەزنی پێدا. منیش سەر و سرنج بردمی و بە دوای ئەوانەوە چووم.

مەڕێک گەنمی لە ڕادە بە دەری خواردبوو، ورگی ئاوسا بوو، کەف لە زاری دەهاتە خوارەوە. مەڕەکە بە لادا کەوتبوو و چاوی خێل و کاس بوو. مامم هەر دەستی دەستی دەکرد، دڵی نەدەهات کە سەری ببڕێت. خاڵۆ عەلی دراوسێیان بە پەلە

هات و دەستی دایە چەقۆ و وتی: با سەری ببڕم، مردارەوە دەبێتەوە، با گۆشتەکەی لە کیس نەچێت!.

مەڕەکەیان سەر بڕی و پاش ئەوەی کە ورگی ئاوساویان کردەوە، گەنم هەموو ورگی گرتبووەوە. بەو مەڕومالاتەی کە گەنم دەخوات و ئاوەهای لێ دێت، دەڵێن کە دان لێداوە یان دان تەقاندوویە. هەر ئەمە وای کرد کە ئەو وێنە لە لامدا بمێنێتەوە و ناوی گەنم لە وشەی  لێدان و تەقان نزیک بێتەوە.

**شەوێک** من و مامم لە زەویەکانی پێش لادێ خەریکی ئاودانی گەنم بووین. ئەو شەوە مانگە شەو بوو، هەوایەکی فێنک و کزەی با، ساردی و چێژێکی بە گیان و دەروونمان دەدا، هەر ئەو شەوە کات و ساتێکی خۆش بوو کە من و مامم لەو دەرودەشتە تا درەنگان خەریکی قسە و باس و گێڕانەوەی خۆش بین. مامم بە بێڵەکەی دەستی تاو تاو بەری بۆ ئاو دەکردەوە و تاو تاو بێڵی دەدایە بن دەست و سەیری منی دەکرد و قسەی خۆشی دەکرد.

ئاگام لێ بوو کە گەنم ئاوی شەوی مانگەشەو باش دەخوات. هەست و هزرێک، سێ ناوی مانگ و گەنم و ئاوی لێک نزیک کردەوە. باشترین کات بۆ ئاودانی گەنم ئەو کاتەیە کە مانگە شەوە. کۆ بوونەوەی ناوەکان گرنگترین باس و تەویر بوو کە منی لە تەواوی ئەم نووسینە بە دوای خۆیدا دەبرد. ناوەکان کە پێکەوە کۆ بێتەوە هەستی خۆش و عەشق و دڵ و خەندە کۆ دەکاتەوە.

**نیوەڕوانێک** لە هاویندا کتێبێکم بە دەستەوە گرت و بەرەو ماڵی باپیرم بە ڕێ کەوتم. گەرمای نیوەڕوانی دەشتی زەهاو کارێک دەکات کە خەڵک تا ئێواران لە بەر فێنککەرەوە خەریکی خەو و ئیسراحەت بن. چوومە ژووری دانیشتن و لە تەنیشت ئەو مامەم کە لە سەرەوە باسم کرد، دانیشتم. ئەو مامەم هەر بە خۆشی من پاڵشتەکەی خستە ژێر شانی و بە وردی دەستی بە قسە کردن کرد. هەتا بڵێیت حەزی لە قسە و باسی من بوو، ئەوەندە کەیفخۆش دەبوو کە زوو لەگەڵ من گەرمی قسە دەبوو.

دەستی ڕاکێشا و وتی: ها برا ئەو کتێبەم بەرێ بزانم باسی چی تێدایە!؟.

کتێبەکەم پێدا و بە ئەسپایی کردیەوە و هەر پەڕەکانی لا دەدا و سەیری وێنەکانی دەکرد. ئەو کتێبە سەبارەت بە مێژووی سەدەی بیستی زایینی بوو، ئەوەندە وێنەی

تێدا بوو کە مامم بە خۆشیەکی زۆرەوە لەسەر وێنەکان ڕادەوەستا و بە وردی سەیریانی دەکرد. ئیتر هەر هەمووی قسەکانمان لەسەر باسی ئەو وێنانە بوو کە لەو کتێبەدا بوو.

ئەو نیوەڕوانە یەکەمجار نەبوو کە مامم ویستی ئاوەها سەیری وێنەکان بکات، زۆر جاران مامم دەری دەبڕی کە کتێب ئەگەر وێنەی تێدا هەبێت بە لایەوە خۆشە، وە سەیری ئەو کتێبانەی دەکرد کە وێنەی تێدایە. ئیتر نووسین و ئەو ڕستە و وشانەی کە لەو کتێبەدا بە کار چووبێت هیچ بە لایەوە گرنگ نەبوو. منیش ئەو کاتە بە چاوێک سەیرم دەکرد کە مامم کەسێکە کە خوێنەواری ئەوەی نیە کە کتێب بخوێنێتەوە. خۆیشی دەوەت کە ئێمە نەخوێندەواری لادێیین کە سەر و هەیکەڵمان بە کتێب خوێندن نەهاتووە!.

هەرچۆن مانگ و گەنم و ئاو باش هاوکاری یەکدی دەکەن، بۆ ئەوەی گەشە و بەر و ئاسایش سەر بگرێت، هەروەها ڕۆژێک و شەوێک و نیوەڕوانێک بە جوانی یەک دەگرنەوە کە مانا و بەها لە ناوەکان و وێنەکان بەدەرکەوێت.

مەڕ، گەنم بە پەتی دەیتەقێنێت. مرۆڤ، ڕستە بە پەتی دەیتەقێنێت. لە دوو ڕستە مەڕ و مرۆڤ یەک پێگەیان هەیە، مەڕ و مرۆڤ زەمینەیان تێدا هەیە کە بتەقێنرێن. لەو دوو ڕستەدا گەنم و ڕستە یەک پێگەیان هەیە، تەوانای تەقاندنیان هەیە.

ئەو ناوەی کە وزە و هێز دەداتە گەنم کە هێزی تەقاندنی هەبێت، لە مانگەوەیە. گەنم پێ باشە ئاو لە بێ دەنگی و ئاسایش وەربگرێت. گەنم لەبەر ئەوەی کە پیرۆزیەکی تێدایە، لە ورگی مەڕ تەقاندن دروست دەکات. مەڕ جۆی پێ بدرێت باشترە، لەبەر ئەوەی کە جۆ سازگاری لەگەڵ ورگی مەڕدا هەیە.

مانگ و گەنم و ئاو پێکەوە تۆیەکی پیرۆز و پێدەر بۆ مرۆڤ و لێدەر بۆ مەڕ دروست دەکات. هەروەها وێنەکان و ڕستەکان و ناوەکان پێکەوە گەر بە ناوی خوای گەورە کۆ ببنەوە و دەستێکی تەوانا سەر و بەریان بگرێت، ئەوە هێزی پێدان و لێدانی تێ دەکەوێت.

مامم کە کتێبی بە وێنە دەوێت، ئاماژە بەوەیە کە وەک ورگی مەڕ کە گەنم دەیتەقێت، وە دەبێت کای تێکەڵ بکرێت، هەروەها ڕستەکان ئەگەر بە پەتی بە مرۆڤ بدرێت، مرۆڤ تووشی لێدان و تەقاندن دەکات. هەر بۆیە چیرۆک وەک ئێسک

کە تەواوی ئەندامەکان لە خۆی دەگرێت، هەروەها چیرۆک، ڕستەکان و ناوەکان لە خۆی دەگرێت، هەر ئەمە وا دەکات کە پەیکەرێکی زیندوو بە مرۆڤ بدات، وە وا دەکات کە نەوەکان لە دەوری ئەو چیرۆکانە کۆ ببنەوە وە ئەو چیرۆکانە ببێتە هۆی ئەوەی کە ناوەکانی داهاتوو، لە سێبەری ئەو چیرۆکانە بژێن.

ئەوانەی کە ڕستەکانیان بە پەتی پێ دەدرێت، تەوان و هێزی ئەوەیان هەیە کە خزمەتی ئەو ڕستانە بکەن و بە باشی بیپارێزن، ئەوانە خوای گەورە بەخشندەیی و بەزەیی پێیاندا هاتووە.

کەسانێکی زۆر لە نێو ناوەکان بە هۆی وشەکان و ڕستەکان و ناوەکانەوە سەر و ژیانیان تەقەی لێ هەڵساوەتەوە. کەسێکی وەک سادقی هیدایەت لەو مرۆڤە ناتەوان و پەککەوتوانە بوو کە ڕستەکان و ناوەکان کوشتیان. فردریک نیچە کە گاڵتەی بە ناوەکان دەکرد و خۆی لەو کەسانە دەناسی کە خاوەنداری ڕستەکان دەکات، بە دەستی ناوی عیسا و ڕستەکانی عیسا سەری بە ڕاستی تەقاند، چەند جار تووشی سەکتەی مێشک بوو.

مرۆڤ وەک مەڕ دەبێت لە هەر دەورەیەک دەستەیەک لە وشەکان و ڕستەکانی بۆ بەدەرخرێت. گەر ئەو مرۆڤە کەسێک نەبوو کە خاوەنداری بکات، ئەوە سەری بۆ هەر کانێک دەچێت. من لەو کەسانە بووم کە خاوەنم نەبوو وە خۆمیش خاوەنداری خۆمم نەکرد. لە دەورەیەک کە نەدەبوو خەریک بە ناوێک و ڕستەیەک ببم، من پێوە خەریک دەبووم و باکم لە کەس نەدەبوو. لە بیرمە کە نیوەڕوانێک لەسەر قادرمەکانی پێش ساختمانی حوجرە کتێبێکم بە دەستەوە بوو کە باسی دەورانی گەنجیەتی و باسی لەش و گۆڕینی ئەندامەکانی لەشی دەکرد. مامۆستا مەنسوور بە تەنیشتم گوزەری کرد و سەیری ناونیشانی کتێبەکەی کرد و بە هەستێک کە بڵێت ئەوە کەی کتێبە کە تۆ دەیخوێنیت، وتی: ئەو کتێبانە مەخوێنە، باش نیە!.

من هەوڵی ئەوەم دەدا کە ڕستە و دەم و ناو و ئەدەب و نەخشە و ڕوومەت بناسمەوە. پێتان سەیر نەبێت کاتێک کە من لە دەورانی ناوەندیدا، بەرەبەیانان لەگەڵ ئیبراهیم گوێمان لە مەنشاوی دەگرت، لە دەورانی حوجرەدا کتێبی دەورانی گەنجیم دەخوێند کە باسی زەوق و شەوقی دەورانی گەنجیە!؟. پێتان سەیر نەبێت کە من دەورانی زانکۆی سەلاحەدین وازمهێنا لە خوێندنی کتێب وە ڕووم لەوە کرد کە ڕستە لە ناو و ڕوومەت وەربگرم!؟. پاشان لە دەورەیەکی تردا تەواوی ئەو

خاکەی کە بۆ بونیاد کەندبووم لە بێژنگمدا بۆ ئەوەی لە کلۆ و بەرد و خاکی نەرم و ورد جیا بکەمەوە. لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئێستە من دەیکەم وەک کەسێکە کە بێژنگێکی بە دەستەوە بێت و بە خەروار خاکی کەنراو لە بێژنگ بدات. من ماسی لە ئاو ناخەم، من ئاو بۆ ماسی دەهێنم. ڕابردووی من وەک دەریایەکە کە تەواوی وێنەکان و چیرۆکەکان و ناوەکان و ڕستەکان و کردارەکان وە هەرچی هەبووە وەک ماسیە لەو دەریایە، ئەو ماسیانە دەژین و فراوان دەبن و بە ناوی خوای گەورە ئەوە دەست و خواستی منە کە هەڵدەبژێرێت کە لە چ کات و دەورەیەک کام لەو ماسیانە بکرێنە قوربانی.

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە لە باسی ئاودانی گەنم لە مانگەشەو بەهای هەیە، ئەوەیە کە گەنم ئاو لە تەنیایی و بێ جووڵەیی و بێ دەنگی وەردەگرێت. وێنەی بەرانبەر ئەوە لە نێو مرۆڤدا ئەوەیە کە مرۆڤ لە چ حاڵەتێک ڕستەکانی پێ بدرێت وە چۆن بە ناوەکان و چیرۆکەکان و ڕستەکان لەگەڵ مرۆڤ کار بکرێت؟.

لە بیرمە کە شەوان لەسەر سەکۆی بەرماڵی باپیرم دادەنیشتین و مامەکانم و میوانەکان و باپیر و داپیرم و میمکم و چەند منداڵ و ژنی تر خەریکی قسە و باس دەبوون. لەو مانگەشەوەدا کە چاو ڕووومەتی بە باشی نەدەبینی، گوێ بە باشی قسە و باسەکانی وەردەگرت. مانگەشەو باشترین کاتە بۆ ئەوەی کە قسە لە ڕوومەت کار بکات، هەر وەک کار کردنی ئاو لە گەنم!.

لەو دانیشتنانەی مانگەشەوانی ئاواییدا قسە و باس بۆ تەواوی گیان و بوونمان سازگاری هەبوو. ئەمە گرنگە کە قسە و باس تەنیا بۆ گوێ و دڵ و مێشک نیە، بەڵکو ئەو ژینگە کە تێدا قسە دەکرێت وە ئەو کەسانە کە خاوەنداری قسە دەکەن و لە کۆیەک وەک کەس و خزم و ئاشنای یەکدی کۆ دەبنەوە، دەوری فراوانی هەیە.

بۆ لە دانیشتنەکانی حوجرە و زانکۆ زۆر بە کەمی بیرەوەریم لە لادا ماوە!؟ لە بەر ئەوەی کە ئەو ژینگە لە بن ڕووناکی و سێبەری مانگ لە لادێ لەگەڵ داپیر و باپیرم هەمبوو، کاریگەری زۆری لە هەست و نەستی من هەبوو، بەڵام حوجرە و زانکۆ قسە و باسەکانیان لە دەوری چیرۆک و ناوەکان نیە. قسە و باسەکانی ئەوان لە دەوری ڕستەکان نیە، بەڵکو ئەوان کار و ژیانیان لە لەت لەت بووی ڕستەکان کەڵک وەردەگرن. حوجرە خەریکی سەرف و نەحو دەبوو، لە زانکۆش ئێمەیان خەریکی وشەکانی ڕۆژئاوا دەکرد. هەر بۆیە ئەوانە وەک پێڵاوێکن کە بۆنیان

کردووە، بۆن تەشەنەی لە پێڵاو و پێ کردووە، هەردووکیان پێویست دەکات کە بشۆردرێن.

## گەنم لە نێوان خەرمان و هومااردا

**گەنم نابێت زۆر لەسەر خەرمان و لە هومار ڕاگیردرێت.** ئەو ڕستە، بەری ڕابردووی منە، بەری باری ڕابردوویەک کە پێدا گوزەرم کردووە.

لە لادێ پاش ئەوەی کە وەرزێرەکان گەنمی درەو کراویان لە مۆڵ بۆ خەرمانێکی گەورە جووڵە پێدەدا، هەمووی گەنمی درەو کراو لە خەرمانێک کۆ دەکرایەوە بۆ ئەوەی کە لە ڕۆژێکی دیاریکراو بۆ سەرخەرمانان جووڵە پێ بدرایەت. گەنمی درەو کراو سێ پێگەی بە خۆی دەگرت، پیگەیەک لەسەر خەرمان و پێگەیەک لە سەرخەرمانان و پێگەیەک لە هوماردا. لە خەرمان گەنم بە پووشیەوە کۆ کراوەتەوە. مەترسی دەورانی خەرمان، ئەو کەسانە بوون کە لە بەر دوژمنی و دژایەتی ئاگریان بە خەرمانی خەڵکەوە دەنیا و بەری ساڵێک چاوەڕوانیان دەسووتاند. خەرمان سووتاندن و ئاگر لە خەرمان بەردان لە دەشتی زەهاو کارێک بوو کە لە هاوینان و لە گەرمای نیوەڕواندا کە خاوەن چاوی لە خەوە، دەکرا. زۆر جار کە ئاگر لە خەرمانێک بەردراوە، خەڵکی لادێکان بۆ پاراستنی زەوی و زارەکانی خۆیان لە ماڵەکانیان دەردەچوون  و پێکەوە دەستیان بە دەستی یەکدی دەدا و دژی ئاگر، ڕوویان لە ئاگر دەکرد و دەیانکوژاندەوە. کەسانێک بە مەبەست و خواست بۆ ئەوە ڕادەوەستان کە خەلەی دوژمنانیان بگاتە سەرخەرمان، بۆ ئەوەی کە ئەگەر ئاگری تێ بەر بوو، ئیتر کوژاندنەوەی نەبێت. ئەوانەی کە دڵ پڕ لە قین بایەن کاتی ئاگر تێ بەردانیان دەگەیاندە ئەو کاتە کە گەنم بە پووشەوە خەرمان کرابایەت. کەسانێکیش هەبوون کە ئاگریان دەناوە خەلەکانەوە و خاوەن خەلە تا دەگەیشت بە خەلەیدا نیوەی دەسووتا. ئەو کارەش لە گرمە و گەرمەی نیوەڕوان دەکرا، بۆ ئەوەی کە خاوەن خەلە فریای ئەوە نەکەوێت کە بیکوژێنێتەوە.

سەرخەرمانان باشترین شوێنە بۆ گەنم، لەبەر ئەوەی کە تەنیا دوژمنی، مێروولەیە کە لێ دەبات و دەیڕفێنێت. سەرخەرمانان تەنیا بۆ خەرمانی کەسێک نیە، بەڵکو تەواوی خاوەندارەکان بەر و بەرهەمی خۆیان دەهێنن بۆ سەرخەرمانان و لەوێ بۆ ماوەیەکی کاتی ڕایدەگرن و دەیکوتن و شەنی دەکەن و کێشەی دەکەن. دەورەیەکە

که دەستی پارێزەر زۆرە. خاوەندارەکان بە جوانی ئاگایان لە خەرمانی خۆیانە و خۆش خۆش سەردانی دەکەن و دەیپارێزن. زۆر کەس هەیە کە پارێزەری خەرمانی ئەوانی تر دەدات.

دەورەی دوای سەرخەرمانان، هومارە، هومار بەو شوێنە دەوترێت کە بەر و بەرهەمی تێدا ڕادەگیرێت. ژوورێکی گەورەیە وەک گەلەخان کە بەش بەش هەر دانێک لە بەشێکی دانراوە یان تێکراوە. هومار بۆ گەنم شوێنێکی مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی کە ئیتر ئەوە دوژمنی خاوەندار نیە کە پەلاماری خەرمان دەدات و ئاگری پێوە دەنێت، بەڵکو خودی گەنمە کە بە گەرما یەکدی کون و کلۆر دەکەنەوە. بۆیە دەبێت کە خاوەن گەنم بە زووترین کات چارەسەی گەنم بکات.

دەروون و دەرەوەی دەروون، ناوەوەو و ژوورەوە، ئاگری دەرەوە و گەرمای ناوەوە. دەروون و دەرەوە هەردەم وەک پرس و پرسیار بووە و هەرگیز لەو بەستراوەییە نەکراوەتەوە!.

گەنم لە نێوان هومار و خەرمان لە باشترین نموونەکانە بۆ ئەوەی کە باسی دەروون و دەرەوەی مرۆڤی خوازیاری ناسین بکەین. دەروون و دەرەوەی مرۆڤی خوازیاری ناسین دەبێت وەک گەنمی هومار و خەرمان خاوەنداری بکرێت و هەر دەم دەست لەسەری بێت و بە کار ببرێت و بە کار بچێت. وشەکان و ڕستەکان کە بە مرۆڤ درا و مرۆڤ پێوەی خەریک بوو، دەبێت کە ژینگەی ئەو ڕستانە خۆش بکات. زۆرێک لە فەقێکان و قوتابیەکان نائاگاه بوون لەوەی کە ڕستەکان وەک گەنمی خەرمان هەر دەم بۆی هەیە کە بە دەستێک ئاگری تێ بەر بێت. هەر دەم بۆی هەیە کە دوژمنێکی کۆن لە نیوەڕوانێک پەلاماری بدات و ڕەنگی زەردی جوانی بکاتە ڕەنگی ڕەش!.

ئەو کەسانەی کە ئەدەبی خۆیان وەک خەرمانی گەنم بە جیا دایدەنێن و بە جیا دەیکوتن، ئەوانە خۆیان لە مەترسی خستووە و ئەدەبی خۆیان لە بەردەست دانیاوە بۆ ئەوەی کە پەلامار بدرێت. هەروەها کەسانێک ئەدەبی خۆیان وەک گەنمێک کە لە هوماری نراوە، لە بەردەستی پەلاماری دەرد و بەڵای ناوەڕۆکی خۆیەتی.

لە باسی گەنم لە خەرمان و لە هومار دوو باس بۆ من بەهای هەبوو:

یەکەم ئەوە بوو لە ڕستەکان و وشەکان دەبێت لە پەلاماری دەستی دەرەوە و دەردی ناوەوە بە وریایی خاوەنداری بکرێت. دەبێت کە مرۆڤ وریا بێت لەوە کە ڕستەکان و وشەکان وەک گەنم دەبێت بە ژێری خاوەنداری بکرێت.

دووهەم ئەویە کە جیاکردنی ئەدەبی تاکانە لە خەرمانی ئەوانی تر بەرپرسیاریەتی و خاوەنداری دەوێت. ئەوانەی کە تەوانای خاوەنداریان نیە، خۆیان و خەرمانیان دەسووتێنرێن. هەروەها ئەوانەش کە ئەدەبی خۆیان وەک گەنم لە هومار ڕادەگرن و بە کاری نابەن، ئەوانە بە دەرد و بەڵای دەروونی خۆیان دەسووتێن.

کەسانێک ئەوەندە نەکبەت و قوڕبەسەرن کە سەگی بەر دەرگی ماڵی خۆی گەفەی لێ دەکات. سەگێک کە پاسەوانی بەر دەرگای ماڵی خۆی دەدات، دەمی بۆ خاوەنی خۆی دەکاتەوە. ئەو وێنە کە سەگ لە خاوەنی خۆی گەفە دەکات، هەر وەک وێنەی ئەو گەنمەیە کە لە هوماردا لە بن دەستی خاوەنی دەرد لە گیانی خۆی بەر دەدات. کەسانێکی زۆر ئاوەها بوون، بۆ نموونە ناوی سادقی هیدایەت لەو ناوانە بوو کە ئەدەبی فارسی لە هوماری خۆیدا هێشتەوە تا ئەوەی کە دەرد تێی بەر بوو، تا ئەوەی کە بە دەستی خۆی ژیانی تەواو کرد. کەسێکی وەک سادق ئەوەندە خۆی فش دەکرد و گاڵتەی بە سەرخەرمانانی ئەوانی تر دەهات، خوای مەزن ناوی ڕووخاند.

کەسێکی وەک فردریک نیچە کە فشەی بە سەرخەرمانانی ئەوانی تر دەهات و بۆ خۆی هومار و سەرخەرمانی تایبەتی هەبوو، نەیتوانی لە دەستی ئەوانی تر دەرباز بێت. عیسای کوڕی مریەم لە لایەک ئاگری بە خەرمانەکەی نیا و بۆی سووتاندی و لە لایەکی ترەوە ژنێکی وەک سالومە کە خۆشەویستی بوو و لە سەر سینگی دەخەوت، ئاگری بە سینگ و هەناویە بەردا. ئەوەی کە لە ناوی نیچە بۆ من بەهای هەبوو ئەوە بوو کە ڕستەکانی عیسا لە نێو سینگی ئاگری دروست دەکرد، وە سینگی سالومە ئاگرێکی گەورەتر بوو. کاتێک کە دوو ناوی وەک سالومە و عیسا ئاگریان بە نیچەوە نیا، ئەی ئەگەر خوای گەورە چەند ناوی تری تێ بەربدایەت ئەو کاتە چی دەکرد **!؟**.

## ئاوی گۆزە لە شکاندنی تینوویەتی

ئاو لە گۆزەدا بۆ خواردن دانراوە، بۆ ڕاگرتن نیە. کەسانێک ئاو لە گۆزە دەکەن و دەیخۆن، هەروەها کەسانێک ڕستەکان لە هۆش و لەشیان دەکەن، بەڵام نازانن کە چۆن کەڵکی لێ وەربگرن. گۆزە سەبری هەیە و ڕایدەگرێت، وردە وردە بۆ چامی دیواری خۆی بە کەڵکی دەبات و خۆی پێ فێنک دەکاتەوە، تا ئەوەی کە ڕۆژێکت بینی کە گۆزە ئاوی تێدا نەماوە. گۆزە زۆر ناوێکی بەرز و پیرۆزە کە ئاو بە گەناندن نادات، بەڵام زۆرێک لە ناوەکان، ڕستەکان لە گیانیان نە دەبێتە هۆی ئەوە کە تینویەتی ئەوانی تر بشکێنێت وە نە بۆ چام و تامی گیانی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرێت.

# گەنم و باران

گەنم بۆ ئەوەی کە سەوز بێت، پێویستی بە چەند بارینی قورس هەیە. بارینی بەرەتا لە پاییز و بارینی کۆتایی لە بەهار، دوو بارینە کە بە قورسی گەنم دەکاتەوە و گەشەی پێ دەدات. لە بارینی یەکەم لە پاییزدا ناوەڕۆک و دەروونی تۆ و دان دەکرێتەوە، وە بارینی بەهار دان و تۆ پڕ و پتەو دەکات.

چەند بارینی قورس بۆ گەنم یان وشەکان دەور و کاریگەری فرە و فروانی هەیە کە تۆ بکاتەوە و تۆ پڕ و پتەو بکات.

باسی سەرگوزەشتی خۆم لەگەڵ وشەکانی زمانی ئینگلیزی دەکەم، بۆ ئەوەی کە وەک نموونەیەک بێت:

دەورەیەک کە لە شاری بۆڵتۆن بە تەنیا دەژیام، خەریک بە فێر بوونی زمانی ئینگلیزی بووم. لەو ماوە بە شێوەیەکی چڕ دەست و سەروچاوم خەریک بە کتێبە ئینگلیزیەکان بوو. هیچ کەس لە نێوان من و وشەکان نەبوو، جگە لە کتێبەکان نەبێت کە خۆم هەڵمدەبژارد بۆ فێر بوون. ئەو دەورە بووە پایە و بنەڕەتێک بۆ وەرگرتن و دامەرزاندنی دەستە وشەیەک لە گیان و دەروونم.

پاش ئەوەی کە ئەو دەورە گوزەری کرد و ڕێم کەوتە بەندینخانە، دەستم بە داڕشتنی وشەکانی ئینگلیزی کرد. باس لە دوو بارینی قورس دەکەم:

## بارینی قورسی یەکەم

دەورەیەک کە لە بەندینخانە بووم، دەستم بە نووسینی ژیاننامەی خۆم کرد، کە بە زمانی ئینگلیزی نووسیم. ئەو ژیاننامە سەرەوەی پەنجا لاپەڕە بوو کە لە ماوەی چەند ڕۆژ بە قورسی و توندی خەریکی بوو. کاتێک کە وشەکان لە نەخشەیەک و نووسینێک دادەڕێژرێت و بەردەوام نووسەر و دانەر دەیەوێت دەستە دەستە وشەکان بکاتە ڕستە، وە دەستەی ڕستەکان بکاتە لاپەڕە، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە نووسەر وشەکان وەک گەنمی وەشێنراو بە باشی ئاو بدات. یەکێک لەو وشانە کە بە کارم دەبرد وشەی Glory بوو. گلۆری بە مانای شکۆ و شانازی و درەوشان دێت. لە دەورەیەک کە خەریک بووم بنەوای ئەم نووسینە کوردیە دامەرزێنم، لە دەرفەتێکدا ژیاننامەی خۆم بە زمانی ئینگلیزی نووسی. وشەی گلۆری لە نێو ڕستەکانی نووسینە کوردیەکەم خۆی وەک بۆق خستە نێو پەنجا لاپەڕەی ژیاننامەکەم. تەواوی کەش و هەوای ژیاننامەکەم ئەو کەش و هەوای هەیە کە ئەم نووسینە هەیەتی. پڕ لە هەست کردن بە شکۆ و درەوشان و شانازیە.

ئەو ژیاننامەیەم نووسیبوو کە کاربەدەستانی وڵاتی ئینگلیس بۆ ناسینی من کەڵکی لێ وەربگرن. بەڵام بەهایەکی نەبوو. ئەوان هەر گرنگیان پێنەدا. ئیتر وتم خوایە گیان ئەمانە بەها بە ناوی من نادەن، خۆت بەها بە ناوی من بدە.

## بارینی قورسی دووهەم

پاش ئەوەی کە لە بەندینخانە بەردرام و لە نێو شاردا هات و چۆم دەکرد، کچێکی جوانم بینی و بە دڵبەریەوە وتم دەتوانم کە بتناسم و لەگەڵت ئاشنا ببم!؟ کچەکە بە نەرمی و پێکەنین وتی: نە!.

سەرم داخست و بە ناڕەحەتی گەڕامەوە بۆماڵەوە، بڕیارمدا کە دیاریەک بۆ ئەو کچە ببەم وە ئەو دیاریە دەستپێکی خۆشی و ئاشنایەتی بێت. بیرم کرد کە من پارەیەکم نیە شتێکی بۆ بکڕم. بیرم چووە سەر ئەوە کە نووسینێکی بۆ بنووسم وەک دیاری پێشکەشی بکەم. ئەمە باشترین دیاریەک بوو کە من دەمتوانی بیدەم بە کەنیشکێک. هەر لەو ڕۆژەوە بە بەردەوامی دەستم بە نووسینێک بە زمانی ئینگلیزی کرد و بە ڕۆژ و شەو لە ژوورەکەم دەرنەدەهاتم و لەگەڵ وشەکانەوە زۆرانم دەگرت. سەرووەی دوو هەفتە بە بەردەوامی لەگەڵ وشەکان و ڕستەکان هەوڵم دەدا. هەر وەک جاری یەکەم لە بەندینخانە کە بە وشەی ئینگلیزی ڕستەم

دروست دەکرد، ئەمجارەش وشەکانم دەکردە نێو قاڵبی هەست و هزری خۆمەوە وە ئەوە من بووم کە خاوەنداری وشەکانی ئینگلیزم دەکرد. خۆم ئاگام لەوە بوو کە ئەو شێوەی کە من کار لەگەڵ وشەکانی ئینگلیز دەکەم، کارێکە کە بە ناوی خوای گەورە بەری پاک و پیرۆزی لێ دەکەوێتەوە.

یەکەم وشەیەک کە لەو نووسینە دێتە یادمەوە، وشەی **Trust** بوو کە بە هەستی بەرزی کوردانەوە بۆ کچە ئینگلیزێک دەمنووسی.

دوو هەفتە زیاتر بە تەواوی خەریکی نووسین بووم. هەوڵمدا کە لەبەر خۆشەویستی خۆم بۆ ئەو کچە باشترین ڕستەکان دروست بکەم و بیدەم بە زمانی ئینگلیزی.

لە ڕستەیەک بۆ کچەکە نووسیم: پێموایە ئەگەر لەگەڵ تۆدا بژیم، هەرگیز بایشک نەدەم!.

پاش ئەوە کە دەفتەر تەواو بوو و پێچامەوە کە بیبەم و بیدەم بە کچەکە. بەڕێکەوتم و بە عەشق و خۆشەویستیەوە خۆم گەیاندە کچەکە. چوومە پێشەوە و وتم کچی باش دیاریەکم بۆ تۆ هێناوە کە زۆر بەهای هەیە، هیوادارم کە ئەم دیاریەم لێ وەربگریت. کچ ملی بادایەوە وتی کە من دیاری لە تۆ وەرناگرم و نامەوێت کە دیاری بە من بدەیت. وتی: بڕۆ بیدە بە کەسێکی تر!.

لە دڵی خۆمدا وتم: ئەی خوای گەورە، دوو هەفتەیە کە بۆ ئەم کچە خەریکی نووسینم و باشترین ڕستەکان و وشەکانم لە زمانی ئینگلیزی بە کار بردووە، ئەوەیە کە لێمی وەرناگرێت!.

بە ناڕەحەتی گەڕامەوە و نووسینەکەم لە ژوورەکەم دانیا و دەستم لەوە شۆرد کە ئیتر بۆ ئینگلیزی زمان بنووسم. دەستم شۆرد، لەبەر ئەوەی کە ئەوانە شایستەیی ئەوەیان نیە کە من پێنووس و پەنجەم بۆیان ماندوو بکەم. دەورانی ئەو نووسینە بۆ من وەک دەورەیەکی بارینی قورس بوو کە وشەکان و ڕستەکانم لە قاڵب و چوارچێوەیەک دەچنی و دەمڕشت.

بە خۆم وت: تۆ ئەگەر دوو نووسین بنووسی و کەس بەهای پێ نەدات، نە خاوەن ماڵ لێت وەربگرێت و نە کچەکەیان لێت وەربگرێت، ئەی تۆ ئیتر دڵت بە مرۆڤ و زمانی ئەوانە خۆش دەکەیت؟ ئەی تۆ ئیتر بە زمانی ئینگلیزی دەنووسیت!؟.

گەنم بە دوو بارینی قورس بەر نادات. بەڵکو زنجیرە بارینێک لە کاتی جیاواز گەشە دروست دەکات. من بۆ زمانی ئینگلیزی وەک ئەو گەنمە بووم کە گەشەم نەکرد و نەیانویست کە بەر بە زمانیان بدەم، کاتێک کە لە بەندینخانە بە تەواوی هەستی نیگەرانی و دەرد لە داهاتووت بنووسیت و کەس گوێ لە قسەت نەتەکێنێت، وە کاتێک بۆ کچیان دەنووسی و ئەویش لە پیاوەکانیان خراپتر دڵت ئەشکێنێت، ئەی ئیتر پێت وایە کە بارینی سێهەم هەبێت!؟.

بارینی قورسی باران و وشەکان و ڕستەکان دەوری هەیە لە ئاوەدان کردن و گەشەی هۆش و دەروون و زەوی و زارەکان. ئەو نموونەی سەرەوە بۆ زۆر شتی تر بە کار دێت. بۆ ئەوەی کە مرۆڤ فێری ئەدەب و نەخشەی ڕستەکان و ناوەکان بێت، دەبێت وەک بارانی قورس کە بەخشندەیی بۆ گەنم هەیە و گەشەی پێ دەدات، هەروەها وشەکان و ڕستەکان بە دەروون و ناوەوە بدرێت و ببارێت.

کەسانێک وەک ئەو زەویەن کە باران زۆر تێیان باریوە، ئەمە وا دەکات کە ئاو تێیان بەنج ببەستێت و نەهێڵێت کە خاک هەناسە بدات. هەروەها دەستە ناوێک ئەوەندە بە توندی دەبارن کە مەجال بۆ هەناسە و گەشە دروست ناکەن، وە دەستە هەورێکی بەرەڵای بێ بارانیش پەیتا پەیتا بە بێ ئەوەی ببارن بەرگری لە تیشکی گەرم و ڕووناکی خۆر دەکەن، ئەوانەش دوژمنانی گەشە و گەرای خاک و گەنمن. هەروەها کەسانێک بە بێ ئەوەی کە خێریان هەبێت وەک دەستە هەورێک بەس گرمەیان هەیە و هیچی تر، ترس و نەزانی و تاریکی و سێبەری سارد و ڕەش بڵاو دەکەنەوە.

## دەرفەتی هەناسە و کرانەوە

کاتێک کە مامۆستا حەبیبم ناسی و وانەکانی تەفسیری بە ئێمە فێر دەکرد، لە قوتابخانەی ناوەندی فارسی دەمانخوێند. پاش ئەوەی کە چوومە حوجرە و بە شێوەیەکی فەرمی بووم بە فەقێ، لە هەمان کاتدا لە قوتابخانەی ئامادەیی دەمخوێند. پاش ئەوەی کە حوجرەم تەواو کرد، بیرم لەوە دەکردەوە کە لە ناوەند و بنەیەکی تر بخوێنم. پاش ئەوەی کە خوێندنم لە زانکۆی سەڵاحەین تەواو کرد، بە دوای ئەوە بووم کە لە ناوەند و بنەیەکی تر خەریک بە خوێندن بم. پاش ئەوەی کە گەیشتم بە وڵاتی ئینگلیس، چاوەڕوانی مۆڵەتی نیشتەجێبوونم لە لایەن حکومەتی

ئینگلیسەوە نەکرد، بەڵکو بە هەوڵ و هۆڵی زۆرەوە، دەست و سەروچاوم بە وشەکانی ئینگلیزەوە خەریک کرد. لە ئەوپەڕی خۆخەریک کردن بوونم کە تەقە لە سەرم هەڵسا و سەکتەی مێشک منی گرت!.

هیچ دەرفەتم بە هەناسەدان بە وشەکانەوە بە دەروونم نەدەدا، هەر تێم دەکرد و وەک کا لە کادان دەمتەپاند.

زۆرێک لە دۆستان و قوتابیان و مامۆستایان بە بێ ئەوەی کە دەفەرت بە هەناسەدان بە وشەکان و ناوەکانەوە بە خۆیان بدەن، دەورە لە سەر دەورە دەڕۆن و تێ دەکەن و دەتەپێنن.

سروشتی باران و گەنم ئەوە بدەردەخەن کە هەر بارینێکی قورس، ئارامش و هەناسە و تیشکی بە هێزی خۆری دەوێت. ئەمە بنەمایەکی سروشتە.

# کرم و کولە لە نێو پەنجەکانی منداڵدا

پەنا بە خوای گەورە دەبەم وە لە ژێر سێبەری پەناگای خوای گەورە هەناسەیەک هەڵدەکێشم و پەرە بە نووسینەکانم دەدەم.

## کرم لە عەشقی کولەدا

بۆ کرم، کولە بوونەوەرێکی ئازاد و خاوەن پێگەیە. کرم و کولە دوو ناوی ترە کە لە چوون و بەستراوەیی لە دوو پێگەی جیاوازن. منداڵەکان عەشق و خۆشیەکی سەیر و خۆشیان هەیە بۆ ڕاو کردنی کرم و کولە. بە وردی و ئەسپایی پەنجە چکۆلەکانی خۆیان بۆ کولە و کرم دەبەن و دەیگرن و گەمەی لەگەڵ دەکەن. منداڵان پێیان خۆشە کە کرم لەت بکەن بۆ ئەوەی بزانن کە جووڵەی چۆنە، بۆ ئەوە کە بزانن سەری لە کام لایە!؟.

لە بیرمە پاش ئەوەی کە لە کەمپی ئاڵتاش لە شاری ڕۆمادی لە عێراقدا ڕەوانەی ئێران کراینەوە، لە ئوردوگای بانگەڕ کە لە نزیک شاری سەرپێڵی زەهاو بوو، بۆ ماوەی نزیک بە ساڵێکماینەوە بۆ ئەوەی کە کار و باری ئازاد کردن و چوونە نێو شار بۆمان فەراهەم بێت. ئەو کاتە تەمەنم پێنج ساڵ بوو، وە بۆ ئەوەی کە خۆمان

سەرگەرم بکەین لە دەرودەشت خەریکی ڕاوڕاوێن و ئەمسەر و ئەوسەر بووین. لە زستانی ئوردوگاکە پاش بارینی باران دادەنیشتین و لەگەڵ منداڵان کرممان لە خاک دەردەهێنا و گەمەمان لەگەڵی دەکرد. لەو خاکە قوڕئاویەوە کرمەکان سوور و سپی بە زۆری بە دەردەکەوتن، ئێمەش بە چێوێک هەڵماندەبڕی و گەمەمان پێیان دەکرد. جار بە جار بۆ خۆشی وە بۆ ئەوەی کە بزانین سەر و بەری لە کوێیە و بۆ کوێ دەچێت، کرمەکەمان لەت دەکرد. کرم گرتن بە پەنجەکانمان هەستێکی سەیر و خۆشی بە ئێمە دەدا. هەتا کرممان ببینیبایەت خۆمان پێوە سەرگەرم دەکرد، گەمە لەگەڵ کرم خۆشیەکی هەبوو.

زستان بە کرمەوە چوو، بەهاری جوانی کوردستان هات، لە یەکەم بەهاری ژیان لەسەر خاکی کوردستان بۆ یەکەمجار بە شوێنی پەپوولە کەوتم بۆ ئەوەی کە بیگرم. بە دوو پەنجەم هەوڵم دەدا کە بیگرم، زۆر بە ئاسان و ئەسپایی پەپوولەیەکم دەگرت و تۆزێک سەیرم دەکرد و بەرەڵام دەکرد. یەکەمجار بوو کە پەپوولەم دەبینی، لە ڕۆمادی پەپوولەم نەبینی، پێم جوان و سەیر بوو. لەو بەهارە خۆشە کە دەرودەشت سەوز و ڕەنگین بوو، بە دوو پەنجە بە دوای پەپوولەکان دەکەوتین و دەمانگرت. پەپوولە ئەوەندە ناسک و جوان و بەنازە کە مرۆڤ شەرم دەکات دەستی بۆ بەرێت.

پاش ئەوەی کە وردە وردە هاوین هات، کولە لە دەرو دەشت زۆر بوو و منداڵان بۆ گرتنی کولە لە دەرودەشت وێڵ و سەرگەردان بوون. کولە لەگەڵ پەنجەی منداڵان گەمە دەکات. کە پەنجەمان لێ نزیکی دەکردەوە، کولە هەڵدەقونی و دەچوو و لە شوێنێکی تر چاوەڕوانی منداڵی دەکرد کە بە دوایدا بڕوات و بیگرێت. کولە بە پێچەوانەی پەپوولە کە ناز و جوانی تێدایە، تەواو هەڵقون و ناشیرنە، پەنجەی ئێمەی دەترساند. جار بە جار منداڵەکان ئەوەندە ڕقیان هەڵدەستا لاقی کولەیان لێک دەکردەوە و فڕێیان دەدا!.

## پەنجەکانی منداڵ لە شاردا

لە پاش ئەوەی کە لە شاری سەرپێڵی زەهاو نیشتەجێ بووین، پەنجەکانمان بۆ شتی تر بەکار دەبرد. توو و تووڕک دوو میوەی خۆش بوون کە بە پەنجەکانمان لە دار و بنچک هەڵمان دەکەند و ڕۆژان لە نێو شار بەوەوە خەریک دەبووین و لەگەڵ

منداڵانی تر ئەمسەر و ئەوسەرمان بوو. توو و توورک پەنجەکانی ئێمەی شیرین و سوور کردبوو.

پەنجەی تووتە و دۆشاومژە، دوو پەنجەی منداڵان لە کۆڵان بوو کە بۆ قار و ئاشتی بە کاریان دەبرد. منداڵەکان هەر کات کە بیانویستایەت قسە لەگەڵ یەکدی نەکەن، قاریان دەکرد و پەنجەی تووتەیان لەگەڵ یەکدی لێکدەدا و پاش ئەوە ئیتر قسەیان لەگەڵ یەکدی نەدەکرد. ئەو منداڵانەی کە پێکەوە قار بوون، وە خواستیان ئەوە بایەت کە ئاشت بکەنەوە، دەبوایە دوو پەنجەی دۆشاومژەیان لەگەڵ یەکدی لێک بدەن. پاش ئەوەی کە دوو پەنجەیان لەگەڵ یەکدی دەدا، ئیتر قسەیان لەگەڵ یەکدی دەکرد.

## پەنجە لە مزگەوتدا

پاش ئەوەی کە ماوەیەک بەسەر ژیانی شاری گوزەری کرد، سەرمان کردە مزگەوت و ئیتر پەنجەی دۆشاومژە دەبوو بۆ شەهادەت لەسەر نوێژەکان هەڵمانبڕیبایەت. ئیتر ئەو پەنجە بە پەنجەی شەهادەت دەناسرا، وە ڕۆڵ و پێکەوە بوونی لەگەڵ پەنجەی تووتە لە دەستدا.

## پەنجە لە حوجرەدا

پاش ئەوەی کە چوومە حوجرە ئیتر پەنجەکانی من تایبەت بۆ دەستە شتێکی تایبەت بە کار دەهات. پەنجەکانی من بۆ کتێب و پێنووس و دۆعا و نوێژ و تەزوێ و دەستە کارێکی ئاوەها بە کار دەچوو.

لە دەورانی حوجرە بوو کە پێنووس وەک دۆست و هاوڕێیی پەنجەکانی من خۆی دەرخست. کتێب و پێنووس بەسەر هەرهەموویان زاڵ بوو و خۆی کرد بە خاوەن پەنجەکان و هەتاوەکو ئێستە لەگەڵم ماوەتەوە.

## ئافەت و گەمەی کولە

پەپوولەکان هەرگیز پێکەوە ناڕۆن، بەڵام کولەکان بە کۆمەڵ دەچن، لەبەر ئەوەی کە دەزانن ئافەت دروست دەکەن. هەر تاوێک بدەن بەسەر زەویەک کە کێڵراو بێت، ئەو زەویە کوێر دەکەنەوە.

هەروەها کە کولە بە تەنیا لە دەستی منداڵ هەڵدەقونێت و دەڕوات و خۆی بە دەستەوە نادات، کولە بە کۆمەڵ دەبێتە ئافەت و پیاوان چاری ناکەن. زۆرێک لە خاوەن زەویەکان لەوە دەترسێن کە کولە بە کۆمەڵ خەلە و زەوی و زاریان لێ تێک بدات.

کرم عەشقی کولەی هەیە، لەبەر ئەوەی کە کولە دەڕوات و هەڵدەقونێت و باز دەدات. عەشقی کرم کولەیە لە چوونیدا، دەتوانێت بە تەنیا بۆ خۆی بڕوات وە دەتوانێت کە بە کۆمەڵ بڕوات، دەتوانێت لێدەر و پێدەر بێت. کرم تەوانی ئەوەی نیە کە عەشقی چوون لە بوونەوەری تر بدۆزێتەوە. لەبەر ئەوەی کە کرم و کولە دوو ناوی پێکەوە بەستراون کە لە دوو وەرزی جیاوزدا دێن. ئەوە پەنجەی منە کە ناوی ئەوان لە وەرزەکان لە یاددا کۆ دەکاتەوە، ئەگەرنە، کرم هەرگیز ناوی خۆی هاوشانی ناوی کولە نابینێت، وە چەندە کرم پێخۆشە کە نووسینی من ناوی لەگەڵ ناوی کولە هاوشان دەکات!.

زۆرێک لە ناوەکان و نەوەکان کە یەخەیان دەگرم و پێیان دەڵێم کە ئەوانە وەک کرم و کولە لە دووانەیەک بەستراونەتەوە، هەر تێ و پێ و لێ ناگەن کە مەبەستی من چیە!؟. کەسانێک لە پێگەی کرمی تەنیا لە جووڵەی سەخت و بەستراودا کە بۆ چوونیان بەر و دوایان دەجەڕێنن و خۆیان دەگوشن، کە سەیری کەسانێک دەکەن کە وەک کولە هەڵدەقونن، ئاواتی ئەوەیان لە لادا دروست دەبێت کە بگەن بە پێگەی کولە. بەوانە دەڵێم ئەی خۆشەویستانی من، ئێوە و چوونی ئێوە ئەوەندە چکۆلە و کەمە کە بە دوو پەنجە دەگیرێن و دەبەسترێنەوە، ئیتر چ کرم بن وە چ بگەن بە ئاوات و پێگەی خوازراوتان کە کولەیە!.

باسی کولە و کرم باسێکی هەستیاری تر بە ناوی جووتی یان جووتەی ناوەکان دەردەخات. ناوەکان بۆ ئەوەی کە ناسین و ڕاستی بکەنەوە بە دووانە یان چەند دنکەیی یارمەتیدەر دەبن، وەک ناوی بۆق و مار، مار و هەنگ، هەنگ و ژاڵژاڵۆکە، پێنووس و شمشاڵ، شمشاڵ و مەشکە، کرم و کولە. پرسی جووتەی ناوەکان باسی نێر و مێ ناوەکان نیە، بەڵکو ناوەکان بۆ ئەوەی کە ناسین ببەخشن بە یارمەتی خوای گەورە یەک دەگرن و بۆ مرۆڤ دەکرێنەوە. لەگەڵ ئەوەکە خوای گەورە ئەو دووانەی ناوانە یان چەندەی ناوانە لە نەخشەیەکی ئەدەبی و زمانی بۆ مرۆڤ بە

دەردەخات، خوای گەورە خاوەن زانین و بەخشندەییە، خاوەن فێڵ و دەستی لێدەر و پێدەرە!.

کرم هەمووی بوونی ڕووی لە پێگەی کولەیە، هەروەک من کە دەورەیەک هەموو بوونم ڕووی لە شاعیرانی شیراز بوو، دەورەی دوای ئەوە هەموو ڕووم کردە سادقی هیدایەت بوو، دەورەی دوای ئەوە ڕووم لەسەر ناوی پائۆلۆ کۆئیلۆ ڕاگرت، دەورەی دوای ئەوە ڕووم لە ناوەکانی تر کرد. لە هەر ڕوویەک ناوێک هاتووە و وەک دوو پەنجە منی لەو ناوانە جیا کردووەتەوە. هەروەک کرم کە هەمووی ڕووی لە کولەیە، بەڵام لە ناکاوە منداڵێک بە ئەسپایی دەیگرێت و هەڵیدەبڕێت و لە خاک دەری دەهێنێت. باوەشی مامۆستا پوردڵ وەک پەنجەی منداڵ بوو کە کارێکی کرد من و ئیبراهیم ئیتر ڕوو لە شاعیرانی شیراز لادەین و پێگەیەک بەرزمان بکاتەوە و ڕوو لە ناو و پێگەیەکی تر بکەین.

لەم باسەی سەرەوە پەنجە لەگەڵ زۆرێک لە ناوەکان خەریک بوو، لە هەر دەورەیەک لەگەڵ دەستەیەک لە ناوەکان کار و گەمەی کردووە. پەنجە ناوێکی پایەدارە کە لەگەڵ ناوەکان کار دەکات. هەرچۆن کە ناوی من لەگەڵ ناوەکان کار دەکات. ناوەند لێرە پەنجە و ناوی منە، هەمووی ناوەکان بە ناوی خوای گەورە لەبەر دەستی من بە سێ پەنجە خاوەنداری دەکرێن.

خواست و ویستی من ئەوەیە کە خۆم لە شێوەی چوونی تاکانەی کرم بپارێزم وە ڕستەکانی خۆم لە وێنەی کولەی بە کۆمەڵ کە ئافەت دروست دەکات، بپارێزم. بە ناوی خوای گەورە ڕستەکانم وەک کولە لە کۆمەڵ نیە، بەڵکو وەک هەنگ لە کۆمەڵدا خواستی ئەوەم هەیە کە شانەیەک هەنگوینی خەس و خاوێنی لێ بگرمەوە.

## بەرەبەیانەکانی من لەسەر زەویدا

بەرەبەیانێکی زوو، دەمدەمەی بەیان، خەڵکیان ئامادە دەکرد کە بۆ ئێران بەرێ کەوێت. لە ڕێگەی جادەکانی عێراقەوە بۆ ئێران بە ڕێ کەوتبووین. ئێمە نزیک بە بیست خێزان بووین کە لە دواوەی لۆریەک بۆ ئێران دەبراین. خاچی سووری نێودەوڵەتی پاش ڕاگیرانی شەڕی ئێران و عێراق، خەڵکی کوردی ئاوارەی ڕەوانەی

ئێران دەکردەوە. ئەو کاتە من منداڵ بووم، لەگەڵ ماڵی باپیرم بۆ ئێران دەبراینەوە. من لەگەڵ ماڵی باپیرم بووم.

بە نەحاڵ دێتە بیرم، لە نیوەی ڕێگە بوو کە لۆریەکەیان ڕاگرت بۆ ئەوەی کە خەڵک خواردن بخوات و ئسراحەتێک بکات. پاش ئەوەی کە دیسان بە ڕێ کەوتین، ئێمەیان لە خاکی کوردستان دابەزاند و دەستە پیاوێکی تر بەرپرسیاریەتی خەڵکەکەیان لە ئەستۆ گرت. خەڵکەکەیان بردە سەر ئاوی سیروان، بە چووپ خێزانەکانیان لە ئاوی سیروان پەڕاندەوە. من و هوومای کەنیشکی میمکم پێکەوە بووین. دەستەیەک پێشمەرگە هاوکاری خەڵکیان دەکرد کە بە ڕێدا بە ئاسایش و ئارامش بڕۆن. ئێوارە هات و خەڵک لەسەر ڕێگەیەکی خاکی لە تاریکی دانیشتن بۆ ئەوەی کە پیاوەکان شوێنێک بۆ شەو بدۆزنەوە. من و هووما پێکەوە بووین. داپیرم ئەلاگەیەک نانی وشکی بە دەستی منەوە دابوو کە بۆ خواردن بە کاری ببەین. ئەلاگەکەم سفت بە سینگمەوە نیابوو.

چەند پیاوی چەکدار بە چراوە دەرکەوتن و لە خێزانەکان نزیک بوونەوە. بە خەڵکەکەیان وت کە دەبێت لە بنکەیەکی پێشمەرگەکان شەو ببەنەسەر. خەڵکیش کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، بە دوای پێشمەرگەکان کەوتن. چەند ملە و یاڵمان بڕی و گەیشتن بە چەند خانووی قوڕین. خەڵکەکە لەوێ جێی خۆیان کردەوە. نانە وشکەکەیان لە نێو خەڵکەکە بڵاو کردەوە و بە چاییەوە خواردمان.

پێشمەرگەکان چۆخەی کوردیان لەبەر بوو، نەمدەزانی کە ئەمانە چەکیان بۆ کێ بە دەستەوە گرتووە؟. زۆر ئاگایان لە خەڵک بوو، سۆبەیان بۆ خەڵکەکە پێ کرد و منداڵەکان لە دەوری سۆبەکە کۆ بوونەوە. من و هووما لە تەنیشتی یەکدی پاڵمان دایەوە. داپیرم ئێمە لە باوەشی خۆی گرت و وتی: ئیتر بخەون، بەیانی زوو بە ڕێ ئەکەوین!.

خەو منی برد و بەرەبەیانی زوو دەنگی هات و چۆی پێشمەرگەکان منی لە خەو هەڵساند. هووما چاوی کرابووەوە و سەیری منی کرد و وتی : نازانم چیە لە بن پشتم؟ وەکو ئاسنە؟.

هووما دانەیەکی دەرهێنا. وتی: ئەمە چیە!؟.

وتم: نازانم چیە هووما!.

داپیرم خەریک بوو خۆی دەپێچایەوە، سەیری ئێمەی کرد: ئەوە گولەیە... لە شوێنی خۆی دایبنێ و خۆتان ئامادە بکەن... زووکەن... بۆ کرماشان ئەچینەوە!.

ئەوەندەی نەبرد کە خەڵکەکەیان لە خەو هەڵسان و لە تەم و لێڵی بەیاندا بۆ ئێران بە ڕێ کەوتین.

**بەرەبەیانێکی زوو، کاتژمێر پێنج،** لە شاری هەولێرەوە بە ڕێ کەوتم بۆ ئەوەی کە برۆمە شاری سلێمانی و لەوێشەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕۆم. سواری قەمەرەیەک بووم و بەرەو سلێمانیەوە بە ڕێ کەوتم. باران دەباری و ڕێگە و بان زۆر خراپ بوو، کە گەیشتمە سلێمانی لەوێوە یەکڕاست تەکسیەکم بە کرێ گرت بۆ ئەوەی کە بمبات بۆ گەراجی پێنجوێن. کە بەرەو پێنجوێن بە ڕێ کەوتم ماندوویەتی و ترس گیانی منی دەگوشی. ترس لەوە کە لە ویزگەکان بە سەلامەتی دەردەچم یان نە!؟ چ لە ویزگەکانی کوردستان وە چ لە ویزگەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران.

بە سەلامەتی گەیشتمە باشماخ و وردە وردە ترس دەنگی تلّپەی دڵمی بەرزتر دەکردەوە. هەرچی بەرەو مەریوانەوە دەچووم خوا خوام دەکرد کە بە سەلامەت بگەمە لادێکەی خۆم و بۆ ماوەیەک بە ئاسایش لە دەوروبەری ماڵەوەمان بمێنم.

پاش ئەوەی کە گەیشتمە شاری مەریوان بە پەلە سواری تەکسی بووم بەرەوە شاری سنەوە. هەر جارێک کە دەگەیشتمە شاری سنە، ترس و هەراسم کەمتر دەبوو و تا ڕادەیەک هەستم بەوە دەکرد کە ئیتر لە گرتن دەربازم بووە.

لە شاری سنە بە خۆشی ئەوەی کە ئیتر ترس و هەراسی گرتن نەماوە، چەند سیخ کەبابم خوارد و بە سکی پڕەوە بەرەو شاری کرماشان بە ڕێ کەوتم. لە گەراجی شاری سنە سواری تەکسیەک بووم و بە ڕێکەوتین. ڕێگا تا ڕادەیەک فێنک و خۆش بوو، بەڵام نەفەرەکان لەبەر ئەوەی هەستی کوردیان نەبوو وە بە زمانی کوردی بە باشی قسەیان نەدەکرد، ڕادەیەک دڵەڕاوکێی لە مندا هەڵدەخزاند. لە نیوەی ڕێگادا تەکسی لایدا بۆ ئەوەی کە نەفەرەکان هەوایەک بگۆڕن و چایەک بخۆنەوە.

پاش چارەکێک دیسان بە ڕێ کەوتین و وردە وردە لە کامیاران نزیک دەبووینەوە. هەرجارێک کە دەگەیشتم بە کامیاران دەهاتە دڵمدا کە لە دوو ڕێیانی پاوە کرماشان دابەزم و لە ڕێگەی جوانڕۆوە برۆمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ڕێگە و بان

ئوتومۆبیلی پێویستی نەبوو، هەرجارە دڵم بێ خەیاڵ دەکرد کە هیچ ناقەومێت و بە سەلامەت دەگەمە ماڵی باوکم.

ئەوەندەی نەما بوو کە بگەینە شاری کرماشان، هەر چاوە چاوەم بوو کە ویزگەکەی چوونە ژوورەوەی شاری کرماشان، سەربازی پشکنینی هەیە یان نە!؟. لە دوورەوە سەیرم کرد کە چەند سەربازێک بە جلی سەوزەوە خەریکن کە خەڵک دەپشکنن. ترس و هەراس کەوتە نێو دڵم، ئیتر مەجالی ئەوە نەبوو کە لە تەکسیەکە دابەزم. کە تەکسی گەیشتە پێش سەربازەکان، سەیرم کرد کە ئەمە **حاجیە** کە لەوێیە. **حاجی** کابرایەک بوو کە بە قسەی باوی خەڵک، کاتی خۆی لە نێو موجاهدینی خەلق خەریکی سیخوڕی بۆ ڕژێمی ئیسلامی ئێران بووە، ئێستەش لە سەر سنوورەکان دایان نیاوە کە نەفەرەکان لە سنوورەوە دێن و دەڕۆن بناسێت و بیاندات بە دەستی ڕژێمەوە!.

**حاجی** سەری لە شوشەوە نزیک کردەوە و ڕووی لە من کرد و وتی: وەرە خوارەوە!.

ئیتر هەستم کرد کە کارم تەواوە و قەت ناگەمە لادێکەی خۆمان. بە ترس و هەراس چوومە خوارەوە و حاجی سەیری جلەکانی منی کرد و وتی: لە کوێوە دێت کوڕی باش!؟.

دەستم بە هەندێک درۆ کرد کە بەشکە دەستم لێ بەربدات. لە ناکاوە دەستی کردە نێو گیرفانی کراسەکەم و هەرچی کاغەز و پارەی دیناری عێراقی تێدابوو دەریهێنا. کە دینارەکانی بینی، ڕوومەتی خەندان بوو و بە گاڵتەوە وتی: لە سنەوە دێت، ها !؟.

حاجی ڕوی لە ڕانەندە کرد و وتی: پارە لەم کوڕە وەرگرە، ئەمە لە لای ئێمە دەمێنێتەوە!.

حاجی ڕووی لە سەبازێک کرد کە لە سەر تەپکەیەکی نزیک ویزگەکە پاسەوانی دەدا، بە دەنگی بەرز وتی: ژوورەکە ئامادە بکە، میوانمان هەیە!.

منی دایەبەر و بردمیە ژوورێک کە ژووری لێکۆڵینەوە بوو. سەروچاوی منی داپۆشی و دەستی کرد بە وەرگرتنی زانیاری و لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە. منیش لە ئاوەها بارودۆخێک عەقڵی خۆم بە کار برد و وەڵامی پرسیارەکانی ئەوانم دەدایەوە.

پاش سێ کاتژمێر وتی تۆ لە ئەم شوێنە دەگوازینەوە بۆ شوێنێکی تر. هەر ئەو ئێوارەیە بانی چاوی منیان بەست و بەرەو شوێنێکی تر کە دوایی زانیم ئیتلاعاتی کرماشانە، منیان گواستەوە. منیان لە دەرگەیەکی چکۆلە بردە ژوورەوە و پاش ئەوەی کە لەش و جانتاکەی منیان پشکنی، خستمیانە ژوورێکی چکۆلەوە. لەو ژوورە و لەو ئێوارە ئەوندە ماندوویەتی و هیلاکی ڕێگە بووم کە تەنیا شتێک کە دەمەویست ئەوە بوو کە لێم گەڕێن کە بخەوم. ئەوەندە ترس و هەراس و ماندوویەتی و شەکەتی لێم ئالا بوو کە خەو بردمی، بێ منەت لەوەی کە چیم لێ ئەکەن !؟.

**بەرەبەیانێکی زوو، کاتژمێر پێنج،** دە کەس لە سەر سەرم کۆ بوونەوە، سەر و چاوم لە خەو بوو، ئەو بەرەبەیانە وەک بەرەبەیانانی تری کەمپەکە کاتژمێر چواری بەیانی لەبەر ترس و هەراسی ناردنەوە و نەزانینی چارەنووس، چوومە جێگەی خەو. ئەوەند هەستەکانم هەراسی تێدابوو کە وامدەزانی گیانم بەنج بووە. یەکێکیان کە گەورەیان بوو، وتی: بە پێی بڕیاری دەسڵاتدارانی جمهوری ئایرلەندی باشوور، ئێمە لە سەرمانە کە تۆ ڕەوانەی وڵاتی یونایتد کینگدۆم بکەینەوە. هەر بۆیە دواوت لێ دەکەین کە خۆت ئامادەی گەڕانەوە بکە.

زانیم کە کاتی ئەوە هاتووە کە بمگەڕێننەوە. بە چاوی برسی خەو، خۆم ئامادە دەکرد. هەمووی ئەو کەسانە لە ژوورەکە ڕاوەستا بوون کە من خۆم ئامادە بکەم و بەڕێکەوین. پاش ئەوەی کە خۆم بە ڕێخست، تەنیا حەسرەتێک کە لەو بەرەبەیانە لە دڵم مایەوە، شوشەی زەیتوونێک بوو کە ڕۆژی پێشتری لە شاری دۆبلین کڕیبووم، ناچار بووم کە شوشە زەیتوونەکە بە جێ بهێڵم، ئاخر ئەو زەیتوونەم بە سەختی لە دۆبلین دۆزیەوە !.

سواری ئۆتومۆبیلێک بووین بۆ فرۆکەخانەی دۆبلینی نێودەوڵەتی. کە گەیشتینە فرۆکەخانە بە شێوەیەکی نائاسایی ئێمەیان سواری فرۆکە کرد و سێ ئۆفیسری ڕێکخراوی پەنابەرانی وڵاتی ئایرلەند لە تەنیشتم بوون بۆ ئەوەی کە من بدەن بە دەستی هێزەکانی پاسەوانی سنووری وڵاتی ئینگلیس.

پاش نزیک بە کاتژمێرێک لە فرۆکەخانە نێودەوڵەتی شاری لەندەن دابەزین و منیان دا بەدەستی هێزەکانی ئینگلیسەوە. کورتە چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ من کرد

و وتیان تۆ دەنێرین بۆ بەندینخانەی **بڕووک هاوس** کە بەندینخانەیەک بوو لە نزیک فرۆکەخانەی گاتویک بۆ ئەو پەنابەرانەی کە باردۆخی یاساییان تەواو نیە.

منیان سواری ڤانێک کرد و وەک گیراوێک نزیک بە چەند کاتژمێر لە نێوان ڕێگەکان و دەرگاکان ماینەوە. خەو و هیلاکی چەند ڕۆژ بێ خەوی گیان و دەروونی منی ئازار دەدا. هەستەکانم بەنج ببوو، تەنیا شتێک کە دەمەویست، ئەوە بوو کە لە شوێنێک بکەوم و بە ئاسایش بخەوم.

گەیشتینە بەر دەرگای بەندینخانە و منیان دابەزاند و لە ژوورێکی گەورەمیان کرد کە چەند کەسێکی تری تێدا بوو. چەند کەسی ڕەش پێست و چەند سپی پێستی تر. دوای ئەوەی کە ژمارەی بەندکراویان بە مندا و کارتی تایبەتیان بۆ من دروست کرد، ئۆفیسریک منی بە دوای خۆی خست بۆ ئەوەی کە بمخاتە ژوورێکەوە. لە قادرمەکانی ساختمانی ژمارە سێ، نهۆمی سێ، لە ژوورێکی چکۆلەی دوو نەفەرە منی بە جێ هێشت و دەرگەی قەپات کرد. کوڕێکی خەڵکی هیند لە ژوورەکە بوو، بە زمانی ماندوویەتی و شەکەتی وتم: دۆستی من، من زۆر هیلاک و ماندووم، دەخەوم سبەی لەگەڵ یەکدی قسە دەکەین!.

بەو ماندوویەتیە لەگەڵ دەستە هەستێک کە وەک گورگ لە دەوری مەڕێک کۆ دەبێتەوە و هەر دەمێک و هەستێک گازێکی لێ دەگرێت، هەروەها من نەمدەزانی چ چارەنووسێکم لەگەڵ ئینگلیسەکان دەبێت وە بۆ چ ماوەیەک بەند دەبم و ئەمانە چیم بەسەر دەهێنن، گرتم تەخت خەوم لێ کەوت.

**بەرەبەیانێکی زوو کاتژمێر پێنج،** لەگەڵ مامم و کوڕە خاڵەکەم بەڕێ کەوتین بۆ ئەوەی کە لە ڕێگەی مەریوانەوە بەرەو کوردستانەوە بڕۆم. کوڕە خاڵەکەم ئەو شەوە لە ماڵی ئێمە خەفت، بۆ ئەوەی کە زوو بەڕێ بکەوین بۆ مەریوان. مامم بڕیاریدا بوو کە لە ڕێگەی جوانرۆوە من بەرێت بۆ مەریوان، لەبەر ترسێک کە لە ویزگەکانی کرماشان لە لای ئێمەدا دروست ببوو.

کاتژمێر پێنج، بە دەمی خەوەوە سواری ئۆتۆمۆبیل بووین و لە ڕێگای بزمیرئاواوە[8]، بەرەو سەلاسی باوەجانی و لەوێشەوە بەرەو جوانڕۆ بەڕێدا چووین. ئەو ناوچە

[8] ــ بزمیرئاوا ناوی ئاواییەکی یارسان نشینە لە جەرگەی کەژەکانی دالاهۆوە.

هەستی ئاسایشی باشترە تا ئەوەی کە لە ڕێگەی پاتاقەوە[9] بڕۆین. کە گەیشتینە شاری ڕوانسەر لەوێوە بەرەو کامیاران چوون، ئیتر خۆمان لە دوو ویزگەی ترسناکی جمهوری ئیسلامی ئێران لادا.

پاش ئەوەی کە بە هاوکاری مامم و کوڕە خاڵەکەم گەیشتمە سە سنووری خاکی کوردستانی باشوور، دەست مۆچانی[10] خوا حافیزیم کرد و بە تەنیا چووم بەرەو ویزگەیەکی ئاسایش کە لە سەر سنوور دایانمەرزاندووە. لە شەکەتی و ترس و هەراسی چەند کاتژمێردا، چووم لە بەر دەستی کابرایەک کە لە بن کەپرێک کەباب و تکەی دەفرۆشت، سێ شوش تکەم خوارد و بە خۆشیەوە بەرەو ویزگەی ئاسایش چووم. کە گەیشتمە بەردەرگی ویزگەکە وتیان تۆ ئێرانیت و دەبێت کەفیلت هەبێت!. منیش وتم بابەگیان من لە هەولێر قوتابیم، هەر جارە بە دزیەوە دێم و دەڕۆم، لەبەر خاتری خودا لێ گەڕێن، کەس شک نابەم کە لەم بارودۆخە یارمەتی من بدات و بێت ببێتە کەفیلی من!.

هێزی کوردی ویزگەی سنوور بە منیان وت کە ناتوانیت بڕۆیتە ژوورەوە.

هەرچیم کرد، نەیاندەهێشت کە سنوور ببڕم. هەتاوەکو پاش نیوەڕۆ منیان ڕاگرت بۆ ئەوەی کە بە قسەی خۆیان گەورەیان بێت و بریار لەسەر من بدات!.

ڕاوەستام تا ئەوەی کە گەورەکەیان هات و خۆم کردە ژوورەکەیدا و باسی خۆمم بۆی کرد. جەنابی گەورەش وتی: تۆ بۆت نیە، بە بێ کەفیل بڕۆیتە ژوورەوە، باش وایە کە بێ دەنگ بیت.

تووڕە بووم: بۆ ئێوە وا لە من دەکەن!؟.

گەورەکەیان وتی: ئێمە غەدرت لێ دەکەین!؟.

بە تووڕەیی وتم: بەڵێ، ئێوە غەدر لە من دەکەن!.

گەورەکەیان بە تووڕەیی دەستی بەرز کردەوە و ڕووی لە سەبازێک کرد و وتی: عەسکەر، ببیە بیکە ژوورەوە با بزانێت کە دونیا بە دەستی کێیە!.

[9] _ پاتاق ناوی ملەیەکە لە نێوان ڕێگەی سەرپێڵی زەهاو و شاری کرماشان.
[10] _ دەست مۆچان کردن بە شێوەیەک خۆش و بشی بەیەک گەیشتن یان لەیەک جودابوونی کوردی ئێژن.

ئەو عەسکەرەی کە منی برد، کوڕێکی گەنج بوو، هەر لە بەرەبەیانەوە حەزی بە چڕ و چاوی من نەدەهات، مەچەکی منی گرت و وتی: یا خوا بە خێر هاتی بۆ کوردستان!.

لە پێش چاوی ئەو هەموو خەڵکە منی برد و لە ژوورێکی چکۆلەمی کرد و دەرگەی قەپات کرد. نەمزانی کە چی بکەم، سەیری ژوورەکەم کرد، خەوم دەهات. بۆ شوێنی خەو دەگەڕام، هیچ شت نەبوو لە کە بنی خۆمی بخەم. قەمسەڵەکەم دەرهێنا و لە بنی خۆم پانم کردەوە و ڕاکشام و چاوە سەوزەکانم لە ماندوویەتی داخست، بۆ ئەوەی کە لە بن دەستی کوردی خاوەن سنوور، ئاسایشێک بکەم و تاوێک بخەوم.

**خوای گەورە ئاگای لە تەواوی ئەو بەرەبەیانانەیە کە لە بن دەستی مرۆڤ ئاوەها سووکایەتی و بێڕێزم پێکرا. لە خوای مەزن داواکارم کە تۆڵە و وەڵام لێیان تێکەڵ بکات، لەبەر ئەوەی کە نەیانهێشت لە سەرزەویدا بەرەبەیانێک بە ئاسوودەیی و بێ ترس و هەراس ڕۆژ بە شەو و شەو بە ڕۆژ بگەیەنم.**

## داری بی و بەڕوو لە تەڕی و وشکیدا

پەنا بە خوای گەورە دەست بە یەکێکی تر لەو گۆچانانەوە دەگرم کە ماوەیەک لە ئاوم ناوە بۆ ئەوەی کە بە دڵی خۆم بچەمێتەوە.

پرسی ئاو و گۆچان دەتوانێت کە یارمەتی مرۆڤ و ڕستەکان بدات بۆ ئەوەی کە بە باشی ڕستەکان و مرۆڤ بۆ یەکدی بچەمێنەوە. ئاسن لە ئاگر و گۆشت لە خوێ و دار لە ئاو و مرۆڤ لە ڕستەکان. ئەمە ئەو دوانانەیە کە تەوانی ئەوەی هەیە کە هاوکاری یەکدی بکەن بۆ ئەوەی کە ڕابگیرێن و نەفەوتێن.

گۆچان تا ئەو کاتەی کە لە ئاو بێت، دەتوانرێت کە بە کەیف و خواستی خاوەنەکەی بچەمێتەوە، هەر ئەوەی کە لە ئاو دەرهات و وشک بووەوە، ئیتر نابێت کە بۆ جارێکی تر لە ئاو بنرێتەوە، گەر بۆ جاری دووهەم لە ئاو بنرێتەوە دار و چێو یان گۆچان ئیتر ئەو ئاوە کاری تێ ناکات، بەڵکو بۆی هەیە کە تێکی بدات.

لە شاری سەرپێڵی زەهاو لە سەر پردی نێو شار کەسانێک تایبەتی خەریکی گۆچان فرۆشتن بوون. ئەو کەسانە بە کەیفی خۆیان گۆچانیان لە تەشتێکی ئاو دەنا و بە خەڵکیان دەفرۆشت. گۆچان هەر لە نێو تەشتەوە دەهاتە بازاڕ. جار بە جاریش کەسانێک بە گۆچانفرۆشیان ڕادەسپارد کە گۆچانێکی جوان و خۆش دەستیان بۆ دروست بکات.

گۆچان کە بە دەستێک کەوت ئیتر بەو دەستەوە دەڕوات. ئەمە بۆ ئەو کەسانە وەک نموونە بە کار دەچێت کە پێیان سەختە چۆن نێوان ڕستەکان و ناوەکان و نەوەکان لێک بدەنەوە؟. ئەو کەسانەی کە نێوان گۆچان و ئاو و دست بزانن، دەتوانن کە بزانن کە ڕستەکان چ ڕێ و کاراییەکی هەیە؟.

هەروەک گۆچان، دەبێت کە ڕستەکان لە نەوەکان بە جوانی لە ئاو بنرێت و چاودێری بکرێت. بۆ ئەوەی کە بە خواستی خاوەندار نەوەکان بچەمێنەوە و ئامادە بکرێت. ئەو کەسانەی کە نەوەکان و ڕستەکان لە ئاو دەنێن، ئەوانە بە دەستی خاوەندار دەناسرێن و بە دەستی پێدەر و لێدەر دەناسرێنەوە.

دەستەیەکی زۆر لە مرۆڤەکان خۆیان لە تەشتێکی ڕستەکان ناوە بۆ ئەوەی کە بگیرێنەوە. لەگەڵ ئەوەی کە ناچەمێنەوە و ناگیرێنەوە، کەسانێک لەوانە تەشتە ڕستەکە بە ناتەوان دەزانن کە تەوانای ئەوەی نیە بیانگرێتەوە. بۆیە تەشت خوار دەکەن و هەرچی تێدایە دەیڕێژن. کەسانێک هەیە کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە تەشتی ڕستەکان دەمێننەوە، بەڵام ناچەمێنەوە، سەبر دەگرن و خۆیان بەو ڕستانەوە خەریک دەکەن بە ئومیدی ئەوەی کە بە دڵی خۆیان بچەمێنەوە. ئەوانەش ناچەمێنەوە، بە ئاواتی دڵی خۆیان ناگەن و بۆ هیچ دەستێک ئامادە نابن و هەر لە ئاودا دەمێننەوە.

کەسانی زۆرم بینی کە هەردەم پشتیان بە کتێبخانەکان بوو کە قسەیان دەکرد و خۆیان بە دەردەخست. ئەوانە لە ڕوانگەی مندا لە کتێبخانە نین، ئەوانە لە لای مندا لە تەشتێکی گەورەی ڕستەکاندان کە نە خۆیان دەگیرێنەوە وە نە مەجال بە کەس دەدەن کە خۆی لەو تەشتە بخات!.

فەقێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی کە فێری ڕستەکانی ئیسلام بێت، دەبێت خۆی لەو تەشتە بخات کە مەلا ناسر و کاک ئەحمەد خۆیان تێدا خستووە. بۆ ئەوەی

کە بە مانا و بەهای ڕستەکانی قورئان بگەیت، دەبێت کە لە پەیکەری هۆشی ئەو دوو ناوە گوزەر بکرێت. دەبێت کە لە پەیکەری نەخشەی ئەدەبی ئەوانە گوزەر بکرێت، دەبێت کە خۆیان لەو تەشتە بخەن کە ئەو ناوانە خۆیان تێ خستووە.

**ئاوێک کە جارێک دەستنوێژی پێ گیرا ئیتر بۆ ئەوە نیە جارێکی تر دەستنوێژی پێ بگیرێتەوە.**

نەک تەنیا فەقێکان لە حەوز و گۆمی خۆیان مەلێیان دەکرد، بەڵکو وای لێ هات کە یەکدیان بانگ دەکرد کە ماوەیەک لە تەشت و گۆمی یەکدی خۆیان بخەن، بەشکە چەمانەوەیەک و گیرانەوەیەک و شۆردنەوەیەک ڕوو بدات. ئیتر وای لێ هاتووە کە باوە و ژیرانەیە کە هەرکەسە و خۆی بخاتە گۆمی ئەوانی تر و تاوێک و ماوەیەک تێدا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی لە کاری چەمانەوە و گرتنەوە هاوکاریان بکات. ئەوانە خافڵ و خنکاون لەوە کە خۆیان لە گۆم و ئاوی کێ بخەن و چەند تێدا بمێنێن. **بزن نەفرەتی لەو شوانانەیە کە داری بی بۆ شوانی بە دەست دەگرن، بەڵکو زۆر شادە بەو شوانەی کە گۆچانێکی لە داری بەڕوو بە دەستەوە دەگرێت. بزن ئەزانێت کە ئەگەر گۆچانی داری بەڕوو لە ئێسکی کەوت، ئێسکی پتەو دەکات.**

## بی و بەڕوو بۆ گۆچان

**کەسانێک کە گۆچانیان دەوێت، بۆ ئەوەی کە وەک پێ و دەست هاوڕێ و هاوکاریان بیت، هەردەم گۆچانێک دەکڕن کە لە دارێکی سەخت و گیراوە بیت. بۆ ئەمەش دەسپێرن بە گۆچانفرۆشەکان کە گۆچانێکی گیراوەیان بۆ بهێنێت.**

**خاکی کوردستان دوو داری سروشتی هەیە کە لە کەن و کانی و چەم و کەژ و کێوەکان دەڕوێن و بۆ ئەو ڕووانە دەستێکی تایبەتی ناوێت. داری بی و بەڕوو دوو داری خۆڕوو و فراوانی خاکی کوردیە کە دەبینرێت. داری بی لە سەر چەم و دۆڵ و کانی و گۆم و ئاوەدانیەکان دەڕوێت. گەڵا و چێوی داری بی تەڕێ و نەرمیەکی تێدایە کە سێبەر بۆ ڕێبواران فێنک و خۆش دەکات. شوانەکان بۆ ئەوەی کە تۆزێک لە گەرمای هاوین ئاسوودەییەک ببینن، مەڕەکان دەداتە بەر و دەچێت بۆ بن دارێکی بی، داری بی خەوی مەڕ و مرۆڤ خۆش دەکات. سێبەر و سروشتی داری بی هەوای گەرم فێنک دەکات، فێنککەرەوەیەکی سروشتیە. چێوی داری بی بۆ ئاگر و گۆچان نابێت، لەبەر ئەوەی کە دەبێت بەردەوام تەڕی و چامێکی ئاو لە چێوی بی**

**هەبێت، بۆ ئەوەی کە نەشکێت و نەپڕووکێت. چێوی داری بی گەر بۆ گۆچان لە ئاو بنرێت، شل و شی دەبێت و بە کەڵک نایەت. بزنیش ئەوەندە دەم بۆ گەڵای داری بەڕوو دەبات، ئەوەندە دەم بۆ گەڵای داری بی نابات!. گەڵای هەردووکیان سەوزە، بەڵام گەڵای بی تەڕ و گەڵای بەڕوو وشکە. ئەوەیە کە بزن کەیفی بە گەڵای داری بی نایەت!.**

**بە پێچەوانەی داری بی، داری بەڕوو لە سەختی و وشکی کەژ و کێوکانی کوردستان گەشە دەکات و پێویست ناکات کە ئاو بدرێت و خاوەنداری بکرێت. چێوی داری بەڕوو بۆ گۆچان و ئاگر دەبێت و زۆر بە کەڵکە. چێوی داری بی کە لە خاک بڕا، ئەو کاتەیە کە ئەوەندەی تر سفت و سەخت دەبێت.**

**چێوی داری بەڕوو گەر بۆ گۆچان لە ئاو نرا، ئەوە یەک دەگرێت و بە جوانی و سەختی دەچەمێت و ئامادە دەبێت. هەرچۆن موی بزن لە قوڕ دەکرێت و تەنووری لێ دروست دەکرێت، هەروەها داری بەڕوو هەرچی لێ بگرە، بۆ گرتنەوە و بەستنەوە باشە. کەوایە ئەو بەرانەی کە بە سەختی و وشکی گەشە و گەرا دەستێنن، بۆ کاری گرتنەوە و بەستنەوە باشن، وەک موی بزن کە بۆ تەنوور و گورێس و چیخ بە کار دەچێت، وە داری بەڕوو بۆ ئاگر و گۆچان و دارەڕای خانوو و زۆر شتی تر کارایی هەیە.**

### جەوت

**ژنەکانی ئاواییەکانی کوردستان بۆ ئەوەی کە مەشکە ئامادەی ژەندن و گرتنەوە بکەن، کەڵک لە ئەو کڵاوە وەردەگرن کە لەسەری بەڕووە. ئەو کڵاوە پێی ئێژن جەوت. ژنەکان جەوت دەکوڵێنن و مەشکەی تێدەخەن بۆ ئەوەی کە پێستی مەشکە ئامادە بکات.**

## منداڵ لە نێوان پاڵنەرەکانی دەروون و دەرەوە

لە کۆن ڕەسمێک باو بوو کە منداڵ گەورە بایەت، بۆ ئەوەی کە فێری ئەدەب و قسە بایەت و ڕوومەتی بکریایەتەوە دەیاننارد بۆ ئەوەی کە لە مزگەوتەکان فێری هات و چۆ و دەستنوێژ و خاوێنی و قسە و باس بێت و چەند چیرۆک و پەند فێر بێت. ئەو منداڵە گەر خواستی هەبایەت، پاش دەورەی مزگەوت ڕووی لە حوجرەکان دەکرد و

لەوێ بۆ ماوەیەکی زۆرتر قسە و باسی فراوانی کۆ دەکردەوە. بۆ نموونە من یەکێک لەو جۆرە مندالانە بووم کە چوومە مزگەوت و لەوێشەوە چوومە حوجرە، لە حوجرەوە چوومە زانکۆ و لە زانکۆوەش بە تەنیا ڕێگەی ڕۆژئاوام گرتەبەر بۆ ئەوەی کە بە گیان و دەروونی خۆم سەردانی ژینگەی سەرهەڵدانی بزوتنەوە ئەدەبی و زانستیەکانی ڕۆژئاوا بکەم. ئیتر وەک ماسیە چکۆلەکەی سەمەدی بهرەنگی نەبووم کە لە ژینگەیەکی چکۆلەی خۆم لە ڕێگەی ڕووبارەوە برۆم، بەڵکو بوونی من ناوی دەگۆڕا. من ئیتر لە چامی تەڕی داری بی بۆ وشکی داری بەڕوو دەچووم، بۆ سەختی و خۆ گرتن و ڕاگرتنی دەروونی خۆم. **منداڵ بنێریت کە بچێت، زۆر جیاوازە کە خۆی بچێت، ئەگەر بە دەستی شوان بێت بزن لێ دوور نابێت، بەڵام دەروونی بزن و خواستی چوون، وا دەکات کە هەر بچێت.**

**پاش ئەوەی کە بۆ ماوەی چەند ساڵە لە وڵاتی ئینگلیز دەژیم، دۆستان و دەوروبەریەکان زۆر پرسیاری ئەوە دەکەن بۆ ناخوێنیت و ناچیت کە فێری شتانێک بیت!؟. پرسیار و سەیر لێ هاتنی دەوروبەریەکانە، لەبەر ئەوەی کە من دەناسن و دەزانن کە من خواستی ناسین و زانستم هەیە، ئەمە بۆیان پرسیارە کە بۆ من نامەوێت لەوە زیاتر بخوێنم!؟.**

**لێرەیە کە زانین و نەزانی دەوروبەریەکانی من بەدەردەکەوێت، لێرەیە لە ماف دەدەم بە خۆم کە بڵێم دەوروبەریەکانی من نەزان و زۆر لە زانین دوور و دوورترن!. من ناوەند بە ناوەند ناڕۆم، من وەک ماسیەکەی سەمەدی بهرەنگی بۆ ناسین گۆم بە گۆم و گۆل بە گۆل ناکەم، بەڵکو بوونم دەگۆڕێت، بۆ نموونە پێشتر وتم کە کەسانێک وەک مێرووڵە کە گەنم لە خەرمان دەدزێت، هەروەها ئەو کەسانە وشەکانی بە دانەیی لەسەر خەرمانی کەسانێک هەڵدەگرن و خۆیان دەشارنەوە و بەو وشە و گەنمەوە خەریک دەبن. هەروەها باسی خۆم کرد کە سەردەمێک وەک بۆق کە حەشەرەخۆری دەکات، هەروەها من خەریکی وشە خۆری بووم. پاش چەند دەورەیەک من وەک داڵەکەرخۆرە خەریکی مردوو و تۆپیو خۆری بووم، بەڵام بوونم گۆڕا و بووم بە زیندوو خۆر، وەک هەڵۆ.**

**مرۆڤ چ من بێت، چ هەر کەسێکی تر، بۆی هەیە کە بوونیان بگۆڕدرێت.**

**سروشتی وشەکان و ناوەکان و نەوەکانی کورد، وەک داری بی و بەڕوو، یان لەسەر چەم و ئاوەدانی گەشە دەکەن و هەردەم چام و تەڕیەکیان پێوەیە، یان کەژی و**

**بەرەڵا، وشک و رەق گەشە دەکەن. سروشتی من وەک چێوی بەڕووە، سەختم و کەڵکم زۆر، هەرچی لە وشەی کوردی بە من بدرێت و مەجالم هەبێت، ڕستەی وشک و سەخت و تاڵی لێ دەخەمەوە. گەر سەیری سەرجەم ناونیشانەکانی نووسینەکانی پێشتر بکەن ئەوەتان بۆ دەردەکەوێت. بە پێچەوانەی من کەسانێک لە نەوەکانی کورد، سروشتی داری بی یان هەیە، تەڕ و چامدار و لەسەر چەم و ئاوەدانی ئەوانی تر گەشە دەکەن و هەردەم مەڕ و و مرۆڤی ماندوو لە دەوریانە. ئەو کەسانە هەرچی وشە و ناوی کوردیان پێ بدەیت، تەڕ و چامدار و نەرم و نیانی دەکەن.**

**کەسانێک کە ڕێی گۆم و گۆلۆن دەگۆڕن و دەبەزێنن گرنگە تا ئەوەی کە دەورەی نێو گۆم و گۆلۆن دەگوزەرێنن. زۆرێک لە منداڵەکانی هاودەورەیی من و ئیبراهیمی کوڕی خاڵم بنە و بنکەی زۆری پەروەردەییان گوزەراندووە، بەڵام ئەوەندە کە من و ئیبراهیم ڕێی بنە و بنکەکانمان گۆڕیوە، ئەوانە نەیانبەزاندووە.**

دەستەیەک لە فەقێکانی حوجرە بۆ ئەوەی کە فێری کتێبێک ببن، ناچار بوون کە شارێک بە جێبهێڵن و ڕوو لە شارێکی تر بکەن. کەسانێک بۆ فێر بوونی نەحوی جامی دەچوون بۆ بەردەستی مەلایەک و بۆ فێر بوونی سەرفی مەلا عەلی دەچوون بۆ شارێکی تر و بۆ تەجوید دەچوون بۆ شارێکی تر و بۆ فیر بوونی تەفسیر سەریان بە شارێکی تردا دەکرد. ئەوانە حوجرە و کتێبەکانیان بۆ گرنگە کە بیخوێنن، بەڵام لە ڕەگەوە ئەوە ڕێگەی چوونە کە کاریگەری زۆری هەیە. **مێخەک تا وشک نەبێتەوە پیرەژن بە خۆیەوە هەڵیناواسێت. دەورەی تەڕی مێخەک بۆ هەڵواسین بە سوخمەی پیرەژن نابێت، کاتێک کە وشک بووەوە، ئەو کاتەیە کە بۆن و بەهای دەردەکەوێت. قەزان کە تەڕە یان لە دۆ دەکرێت یان لە گیرفانی منداڵان، کە وشک بوو ئەو کاتەیە کە دەچێتە دەستی ئەوانەی کە یادی خوا دەکەنەوە!.**

**منداڵ پاش ماوەیەک سروشتی دەردەکەوێت کە سەربەچەمە یان سەربەکەژە، سروشتی بی هەیە یان بەڕوو؟. زۆرینەی نەوەکان و ناوەکانی کورد لەسەر چەم و گۆم و ڕێگەی چەم و گۆمەکان خۆیان خەریک کردووە، ئەوانە وشەکانی کورد و خاکی کورد بەوانی ترەوە دەبەستن و وەک دار و چێوی بی بۆ چەمانەوە و گرتنەوە و ئاگر بە کەڵک نایەن، ئەوانە زەمینەی ئەو سێبەرە خۆش دەکەن کە پەلەوەری پاساری و مەڕ و مرۆڤی ماندوو لە سەر و بنی خۆیان پان بکەنەوە.**

# دۆن کیشۆت و ئادۆلف هیتلر

## ڕاو کردنی قسە لە دەمدا

فلفل هەتا بە دەمەوەی نەنێت، هەست بە ئاگری ناکەی. هەروەها هەندێک لە قسەکان هەتا بە گوێوەی نەنێت، هەست بە گڕ و تینی ناکەیت. ئیتر لە سەد کتێب و نووسراوە بە جەوهەر بۆ چاوی بڵاوی بکەوە، کاری وتنی دەم بۆ گوێ ناکات.

باسی گرتن و لێدانەکانی ساڵی دووهەزار و هەفت و هەشت دەکەم کە لە بن دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی تووشی بووم. تایبەت دەگەڕێمەوە بۆ ئەو بەرەبەیانە کە لە زیندانی ئیتلاعات شاری کرماشان منیان گرتبوو. بۆ ئەوەی کە ناوی خۆم وەک داری بەڕوو سەخت و خۆگر باس لێوە بکەم، بۆ ئەوەی بزانن کە ڕیشەم لە خاکی تەڕ و نەرم و نیان گەرای نەسەندووە.

بەیان هات و درا لە دەرگەی زیندان و کەسێک بە زمانی فارسی وتی: خواردنی بەیانی... چات دەوێت؟.

یەکسەر ترس دەروونی منی گرت، ترسی ئەوە کە بۆی هەیە هەر کات بانگم بکەن و لێکۆڵینەوەم لەگەڵ بکەن. لە جێگەی خۆم هەڵسام و چوومە نزیک دەرگە و وتم کە هیچ ناخۆم. کابرا هیچی نەوت و چووە نزیک دەرگەیەکی تر. لە شوێنی خۆم جووڵەم نەکرد، وتم با بزانم کە جگە لە من کەسی تر هەیە یان نە**!؟**. کابرا دای لە دەرگەیەکی تر. زانیم کە جگە لە من کەسی تر لەو زیندانە گیراوە.

هەستم بە ترس و دڵەڕاوکێی زۆر کرد، وامدەزانی کە ئیتر کاری من تەواوە، ورەم دابەزیبوو، ترسم لەوە بوو کە بە بێ ئەوەی قسەم لەگەڵ بکەن، ئەشکەنجەم بکەن یان ڕەوانەی شوێنی ترم بکەن.

کاتژمێرێکی نەبرد و یەکێک هات و دەرگەی کردەوە. پەڕۆیەکی خستە ژوورەکە بۆ ئەوەی کە چاوم ببەستم و کەسێک نەبینم. ترس منی گرت. کابرا بن دەستی منی گرت و بردمی بۆ ژوورێک و لەسەر مێزێک منی دانیشاند. خۆی چووە دەرەوە و کابرایەکی تر هاتە ژوورەوە. دەنگی پێی هات، نزیک بووەوە و پەڕۆکەی لەسەر چاوم لادا. ڕوومەت و سەیری کردنی سڕ و سارد بوو. سەیری نێوچاوی منی نەدەکرد.

ئەو پەروەندە زەردە کە ڕۆژی پێشتری قسەکانی منیان تێدا نووسیبوو، لەسەر مێزەکە داینا. هیچی نەوت و سەیری پەروەندەی دەکرد. درا لە دەرگە و کەسێکی تر خۆی کردە ژوورەکەدا. کابرایەکی باڵابەرز بوو. دانیشت و وتی: ناوی من فاتمیە، پەروەندەکەتم خوێندەوە... ئێستە موحەممەدی بڵێ بزانم چەندە پەیوەندیت لەگەڵ حیزبە کوردیەکان هەیە؟.

وتم: ڕاستی پەیوەندیم لەگەڵ چەند کەسێک هەیە کە حیزبیە بەڵام زۆر بە کەمی سەردانی بنکە و ئوردووکاگانی حیزبەکان دەکەم.

ئاغای فاتمی: بە پێ قسەکانی خۆت پەیوەندیت لەگەڵ کوردستانی باشوور هەیە و هات و چۆ دەکەیت و کەسانێک دەناسی، ئێمەش داوات لێ دەکەین کە ببی بە هاوکاری ئێمە، چەند هاوکاری تایبەتیت دەکەین، تۆش هاوکاری ئێمە بکە!.

ئاغای فاتمی: یەکەم ئەوەیە کە لە سەربازی مەعافت دەکەین، دووهەمیش ئەوەیە کە کارتی تایبەتی خۆمانت پێ دەدەین بۆ ئەوەی کە لە هات و چۆکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتت کەس کاری پێتەوە نەبێت، سێهەم ئەوەیە کە کارتی بانکت پێ دەدەین و هەر مانگ پارەی خۆتی تێدا دەبێت، چوارەمیش ئەوەیە کە زەمینەی ئەوەت بۆ خۆش دەکەین کە لە زانکۆی تاران دکتۆرا و پلەکانی زانستی ببڕیت. تۆش هاوکاریمان بکە بۆ ناسینی چالاکی و هات و چۆکانی کوردەکان لەگەڵ حیزبە کوردیەکان!.

هەستم کرد کە ئەو قسانە مانای ئەوەیە کە دەتوانم لەم زیندانە ڕزگارم بێت، ئەمە بۆ خۆی قسە و باسێکی خۆش بوو. سەیری ئاغای فاتمیم کرد و وتم: من کەسێکم کە زۆر هات و چۆ ناکەم و کوڕێک نیم کە زۆر پەیوەندیم لەگەڵ خەڵک هەبێت، ئەم کارەی کە ئێوە بە منی ئەسپێرن تۆزێک لەگەڵ سروشتی من نایەتەوە، بەڵام دەتوانم کە لە زەمینەی تردا یارمەتی ئێوە بکەم؟.

ئاغای فاتمی وتی: لە چ زەمینەیەک؟.

وتم: ڕاستی ئەوەیە کە ساڵانە خەڵکی کورد لە چین و توێژی قوتابی و خوێندەوان ڕوو لە دەرەوەی وڵات دەکەن، ئەمانە ئەگەر بڕۆنە دەرەوەی وڵات دەبنە دوژمنی جمهوری ئیسلامی، ئێوە دەتوانن کە بە گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردە بەرگری لە چوونی ئەو گەنجانە بکەن!.

کابرای ئیتلاعاتی تر: بێ دەنگ بە... ئەم قسانە بۆ تۆ نیە کە باسی سیاسەتەکانی گشتی جمهوری ئیسلامی ئێران بکەیت!.

ئاغای فاتمی چوو و کابرای ئیتلاعاتی کاغەزێکی هێنا پێشەوە و وتی: هەرچیت پێ دەڵێم بینووسە و خوارەوەشی ئیمزا بکە. منیش هەرچی وت نووسیم و لەو نووسینە سوێند و بەڵێنم پێیانداوە کە هاوکاری ئیدارەی ئیتلاعات بکەم.

پاش ئەوەی کە کاغەزەکەم ئیمزا کرد وتی: بەرت دەدەین بەڵام بەو مەرجە کە کاتێکی تر کە بۆتی دیاری دەکەین بێتەوە بۆ ئێرە.

دڵم کەوتە خۆشی، خۆشی لەوە کە بەرم دەدەن و دەتوانم کە بۆ هەمیشە بە جێیان بهێڵم. ئەو کاتەش ئەوان هیچ ئاگایان لەوە نەبوو کە من خاوەن کتێب و نووسین و هەست و بیری خۆمم، ئەگەرنە بە شێوەیەکی تر قسەیان لەگەڵ من دەکرد.

پاش ئەوەی کە منیان بەردا، گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، هەستم بەوە کرد کە بۆی هەیە هەر کات و سات بێن بۆ دەشتی زەهاو و دەستگیرم بکەن. ئیتر شەوان لە ماڵی باپیرم دەخەوتم، یان دەچووم بۆ شار و خۆم ون دەکرد. زۆر هەستم بە ترس دەکرد. بە تایبەت ترسی ئیتلاعات بۆ کوڕێکی بیست و دوو ساڵە، کە دەتوانێت کاریگەری توند لە هەست و نەستی بکات.

پاش دوو مانگ لە ترس و هەراس ژیان کردن، باوک و دایک و کەس و کارم ڕەزایەتی ئەوەیاندا کە بۆ ئەوەی تووشی گرتن و کێشەی گەورە نەبم، کرماشان بە جێبهێڵم. باوک و دایک و کەس و کارم ئەوەیان پێ قبووڵ نەدەکرا کە کوڕەکەیان هاوکاری لەگەڵ ئیدارەی ئیتلاعات بکات و لە دژایەتی کورد و کوردستان ڕاوەستێت.

لە دەستی ئیتلاعات هەڵاتم و ئیتر ڕێگەی ئاوارەیی و دووریەکی درێژم گرتە بەر.

## نامەیەک بۆ مامۆستا ئەسعەد

ڕۆژێک لە حوجرەدا کۆبوونەوە بوو، هەموو فەقێکان دانیشتبوون. مامۆستاکانیش لەوێ ئامادە بوون. پاش ئەوەی کە مامۆستاکان قسەکانیان تەواو کرد، دەرفەتیان بە فەقێکاندا کە قسە بکەن و پرسیار و سرنجەکانی خۆیان باس بکەن. چەند فەقێیەک دەستیان بەرز کرد و چەند پرسیاریان کرد. مامۆستاکانیش وەڵامیان

دایەوە. بۆ چرکەیەک دەگەڕام کە هەموویان بێ دەنگ بن و منیش دەستم بەرز کەمەوە. دەستم بەرز کرد و وتم: مامۆستا ئەسعەد من نامەیەکم لە ڕێگەی یەکێک لە فەقێکان بە جەنابت گەیاندووە، هیوادارم کە خوێندبێتەوە!؟.

مامۆستاکان سەیری یەکدیان کرد و هیچیان نەوت، فەقێکان سەیریان لێدەهات کە من ئاوەها باسی نامە و قسەی تایبەتی دەکەم.

## نەوەکان و خاوەندارەکان

دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران نەیتوانی کە قسە لە دەمی من بگرێت. گەر زانست و ژیریان هەبایەت ئاوەها ڕەفتاریان لەگەڵ من نەدەکرد. ئەوان گوشاریان لەسەر من خست و بەس بە شوێنی قسە و خواستی خۆیان بوون. هیچ خاوەن دەسڵاتێک ئەوەندە ژیر و زانا نیە کە بەها بە قسەی دەمی کوڕێکی تازەکار بدەن. ئەوان نەیانزانی کە من و کەسانی وەک من دەبنە هۆی ڕووخانی ئەو بنەی پەروەردەییە کە کۆماری ئیسلامی دایمەرزاندووە. گەر ژیر بایەن ئەو کاتەی کە لە ئیتلاعاتی شاری کرماشان وتم: سیستەمی پەروەردەی ئێران گۆڕانی بەسەر بهێنن، دەیانزانی کە من لەوانە دەبم کە داهاتووی سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەخەمە مەترسی و لێدانەوە.

هەروەها ئەو کاتەی کە نامەم بۆ مامۆستا ئەسعەدی نادری نارد و باسی گرنگی و بەهای سیستەمی پەروەردەم دەکرد، دەبوو کە سرنجی لەوە بدایەت کە چی بووە هۆی ئەوە کە کوڕێکی شانزدە هەفدە ساڵ ئاوەها باس لە سیستەمی پەروەردە دەکات!؟ دەبوو ئاگاە بایەت کە ئەگەریش نامەکە شتێکی تایبەتی تێدا نەبووە، بەڵام دەبێت کە بیزانیبایەت هەستی پڕ و پتەو لە پشتی ئەو نامەیە هەیە، دەبوو کە ئەو کاتە لە کۆی فەقێ و مامۆستاکان وتم، مامۆستا نامەم بۆ جەنابت ناردووە، ئاگاە بایەت کە من دەبمە کەسێکی مەترسیدار لەسەر خۆی و حوجرەکەی!.

ئاسکێک کە زۆر تەقەت لێکرد و نەتکوشت و هەر بە دوای کەوتیت، ئیتر بە دوای مەکەوە، گۆشتی بۆ تۆ حەرامە!.

## دۆن کیشۆت و ئادۆڵف هیتلر

کاتێک کە سروانتس لە شەڕ و هەراکان ماندوو و بریندار دەبێت و لە زیندان دەکەوێت، دەست بە نووسینی کتێبی بەناوبانگی خۆی دۆن کیشۆت دەکات. کتێبێک کە زۆر ستایش کرا. کتێبێک کە باسی قارەمانێک دەکات کە وەک پاڵەوان شەڕ بۆ داد و ئاشتی دەدات. هەروەها کاتێک کە ئادۆڵف هیتلر لە زیندان دەکەوێت و ماندوو و هیلاک و بریندار دەبێت، دەست بە نووسینی کتێب و داڕشتنی گۆڕەپان و زۆرانبازی خۆی دەکات. باسی خۆی دەکات کە وەک پاڵەوان و قارەمانێک لەسەریە کە نەژاد و ڕەگی ئاری و ئاڵمانی بپارێزێت. دۆن کیشۆت و ئادۆلف هیتلر دونیا بە گۆڕەپانی شەڕ و مەرافە دەزانن و بەردەوام هەست و هەناسەی شەڕ و لێدان بەسەر وشەکانیاندا زاڵە.

کاتێک کە فردریک نیچە دەچێت بۆ وڵاتی سویس و داوای پەنابەری دەکات، داواکاەی ڕەت دەکەنەوە، نیچە سەری خۆی هەڵدەگرێت و سەر بە کێوەکانی ئاڵپ دەکات. لەو کاتانەیە کە خوێن و ژەهر و زووخای بوونی دەکات ڕستە و ڕستەکانیشی کەسانی وەک ئادۆڵف هیتلر و مریلن مەنسون دروست دەکات.

کاتێک کە سەید قوتب دەستگیر دەکەن و ڕەوانەی زیندانی دەکەن، دەست بە نووسین دەکات، کتێبی معالم فی الطریق دەنووسێت کە دەبێتە هۆی هەڵخزانی خوێن و ئاگر و جۆش و خرۆش. ئیتر کەسانی وەک مەلا کرێکار و ئیمەن ئەلزەواهری وەک ئیمام و ڕێبەری بیر و باوەڕیان دەیناسن.

ناوەکان کە زیندانی دەبن، دەست بۆ پێنووس دەبەن، ئەو کاتەیە کە کۆیەک هەست و هەناسە و وشە و ڕستە لە دەروونیان دێتە دەرەوە و دەبێتە هۆی دروست کردنی گۆڕەپانێکی زۆرانبازی. ئەو جۆرە نووسینانە لەبەر ئەوەی کە هێز و وزەی فراوانی تێدایە، دەبێتە بەرهەمێکی بەناوبانگ و لە دەم و دەستی نەوەکان دەمێنێتەوە.

هیچ کات دەرەوە و دەستەکانی دەرەوە دەوریان نیە کە ئاگاهانە ئەو ناوانە دروست بکەن کە دەست و دەوریان لە لێدان و پێدانی گەورە هەیە. بەڵکو ئەوە خودی نەوەکانن کە کاتێک گەیشتن بە دەورەی ژەهرڕێژی ژەهری خۆیان دەڕێژن و خاک و زمانی مرۆڤ کاولەکۆ دەکەن. هەندێک لە منداڵەکان لە لایەن ڕۆحی خاک و زمان دەزێنرێن و دێنە نێو خەڵکەوە، کەسیش نازانێت کە ئەوانە تایبەت لە لایەنێکەوە دانراون یان نێردراون.

خاوەندارەکان هەمیشە تۆ و لۆی نەوەکانی بن دەستی خۆیان پووچەڵ و کلۆر دەکەن، هەروەک فیرعەون کە منداڵەکانی کوشت. بەڵام خوای گەورە لە هەر دەورە و بازنەیەک ڕێگە و ژینگە بۆ ناوانێکی نێردراو وەک یوسف و موسا یان ناوانێکی دانراو وەک نیچە و هیتلر خۆش دەکات!.

## تیشک و ڕووناکی خۆر و مانگ بۆ گەمەی منداڵان

ئەستێرەیەک لە ئاسۆی ئێوارانی دەشتی زەهاو، وەک یەکەم ئەستێرەی شەوان دەردەکەوێت، کە ڕێک لەو شوێنە دێتە دەرەوە کە خۆر ئاوا دەبێت. بەهای لەوەیە کە لە شوێن و پێگەی خۆر لە ئاوا بووندا، ئەو ئەستێرە دێتە دەرەوە. ڕووناکی شەوان کە دێت لە ڕۆژئاواوە دەست پێ دەکات، بە پێچەوانەی ڕووناکی ڕۆژان کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ دەکات. ئەستێرەکانیش لە نزیک بە پێگەی ئاوا بوونی خۆر ناو و پێگەی خۆیان دەردەخەن.

ڕۆژهەڵات شوێنی هەمیشەیی هەڵهاتنی خۆرە، وە ڕۆژئاوا شوێنی ئاوا بوونی خۆر بووە. بە پێچەوانەی خۆر، مانگ شوێنی هەڵهاتنی لە لایەکەوە نیە، بەڵکو لە هەر لایەکەوە خۆی بەدەر دەخات. مانگ وەک ژن کە دەورانی خوێن لێ بەربوونی هەیە، هەروەها مانگیش داوێنی دەورانی تایبەتی هەیە بۆ بەخشندەیی ڕووناکی. مانگ ڕووناکی خۆی لە خۆر وەردەگرێت، لەگەڵ ئەوەدا مانگ ناوی لە خۆر جیاوازە و بەشێکی ڕووناکی سروشتی شەوان لە ئەستۆ وەردەگرێت. هەروەها تا خۆر لە دەرەوە بێت ڕووناکی مانگ دەورێکی نیە. هەروەک مانگ، ئەستێرەکان لە هەر لایەوە بەدەر دەکەون و وەک یار و یاوەری مانگ دەدرەوشن و سروشت چراخان دەکەن.

باسی دوو ناوی خۆر و مانگ باسی ناوەکان لە پێگەی دانراوەکان و نێردراوەکان بۆ ئێمە یاد و زیندوو و پایەدار و بەردەوام دەکاتەوە. نێردراوەکان هەر وەک ڕووناکی خۆر، پێگەیان ڕێ و شوێنی دیاریکراوی هەیە، نێردراوەکان تیشک و کانی ڕووناکی لە ئەستۆی خۆیان وەردەگرن، ئەوانەن کە بە ناویانەوە هەموو ژیانی زمان و ئەدەبی مرۆڤیان خاوەنداری کردووە. هەروەها دانراوەکان وەک مانگ، پێگە و ناویان لە کانی یەکەم وەرگرتووە، وە ئەوەی کە لە ڕووناکی و ڕۆشنایی لە

بەردەستیانە، لە کان و سەرچاوەی یەکەمەوە وەریان گرتووە. ئەوانە لەگەڵ ئەوەی کە بەشێکی گەورەی سروشتی زمان و ئەدەبی مرۆڤیان لەبەر دەست گرتووە، وەک شوێنکەوتووی خۆر و کانی یەکەمی ناوەکان و ڕووناکی دەناسرێنەوە. ئەوەش دەبێت کە ئاگادار و وریا بین کە خوای مەزن دوو دەستەی ناوەکانی نێردراوەکان و دانراوەکانی دامەرزاندووە کە وەک پێگەی خۆر و مانگ کە کاری ڕۆشنایی و ڕووناکی زەویە، هەروەها ئەو دوو دەستەی ناوانەش زمان و ئەدەبی مرۆڤ خاوەنداری دەکەن.

تیشکی خۆر و مانگ بۆ کاری جۆراوجۆر بە کار دەچێت، بۆ شەڕ و ئاشتی، بۆ دزی و ئاودان، بۆ سەفەر و خوێندن، بۆ خەو و بێداری. لە بن تیشک و ڕووناکی ئەو دوو سەرچاوە ژیانی زەوی بەردەوامە. هەروەها لە بن تیشک و ڕووناکی ناوەکان لە پێگەی دانراوەکان و نێردراوەکانە کە ژیانی زمان و ئەدەبی مرۆڤی بەردەامی هەیە. هەمووی سەرچاوەکانی ڕووناکی و زمانی لەسەر زەوی بەست و بەند بە ناو و دەستی خوای گەورەیە. ناو و دەستی خوایە کە کارێک دەکات کە کەر هەر بە دەستی خاوەنی ئاشنا بێت، کەر ناو و پێگەی خاوەنی خۆی شارەزا نیە، کەر ناو و ڕوومەتی خاوەنی خۆی شارەزا نیە، کەر دەست دەناسێت. هەروەها زۆرێک لە ناوەکانی سەرزەوی وەک کەر تەنیا بە دەستی خاوەنی خۆیان شارەزان، نە ناوی خاوەنی خۆیان دەزانن وە نە پێگەی خاوەنی خۆیان شارەزان!.

## ڕووناکی مانگ بۆ گەمەی منداڵان و لەوەڕی مەڕەکان

مانگ بە ڕووناکی خۆی سەرگەرمی بۆ ئەو ناوانە دروست دەکات کە گەشە و گەرایان کردووە، مانگ بۆ دەستەیک ئاسایش دەروست دەکات کە خاوەن ڕابردوو بن. منداڵان لە شەوانی مانگەشەودا یاری دەکەن، لەبەر ئەوەی کە زار و زوبانیان نیە، لەبەر ئەوەی کە ڕابردوویان نیە!.

لە شەوانی مانگەشەوی هاویندا لە دەشتی زەهاو هەموو منداڵەکانی لادێ کۆ دەبووینەوە و پێکەوە گەمەی چێوجەڵەڕسکێمان دەکرد. گەمەیەک کە منداڵاکان کۆ دەکات و لە یەکدی نزیکیان ڕادەگرێت. یەکێکمان چێوێکی بە دەستەوە دەگرت و لە ئاسمانی دەخست، چێوەکە کە دەکەوتە زەوی نەماندازانی لە کوێ کەوتووە، منداڵەکان بە پەلە بۆ چێوەکە دەگەڕان و هەرکەس کە بیدۆزیایەتەوە، ئەو کەسە

بۆ جاری تر چێوی لە ئاسمان دەخست. چەند کوڕێک کە لە ئێمە گەورەتر بوون، هەردەم چێوەکانیان لە دەستی ئێمە دەدزی و دەیانەوت کە ئێمە دۆزیومانەتەوە، بۆ ئەوەی کە هەر ئەوان چێوەکە بخەنە ئاسمانەوە. تا درەنگانی شەو ئێمە خەریکی ئەو یاریە دەبووین. هەر تاوێک جارێکیش دەچووینەوە بۆ ماڵەوە و جامێک ئاومان دەخوارد.

شەوێک بۆ خواردنی ئاو چوومەوە بۆ ماڵی باپیرم و چوومە سەر تەرواڵەکە بۆ ئەوەی کە ئاوی لێ دەربهێنم. خەریکی ئاو دەرهێنان بووم کە سەیرم کرد کوڕەکەی مامە موحەممەد عەزیز کە باوک و دایکی میوانی ماڵی باپیرم بوون، دەگریا و هاواری دەکرد بۆ ئەوەی کە دایکی بهێڵێت کە بێت بۆ نێو منداڵەکان گەمە بکات. دایکیشی لەبەر ئەوەی کە زۆر منداڵ بوو نەیدەنارد، دەترسا کە بکەوێت و شوێنێکی بشکێت. چووم لەسەر سەکۆکە تۆزێک دانیشتم بۆ ئەوەی کە چایەک بخۆمەوە. مامەکانم و باپیرم و میوانەکانی لە سەرسەکۆ لەو شەوە مانگەشەوەدا خەریکی گێڕانەوەی بەزم و بەسەرهاتەکانی خۆیان بوون. باسی سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیان دەکرد. بۆ خۆیان چاییان دەخوارد و پێدەکەنین. کوڕەکەی مامە موحەممەد عەزیزیش کە منی دەبینی دەمەوێت بڕۆم بۆ یاری و گەمە، ئەوەندەی تر چاوی مۆن دەکرد و پێی لە زەوی دەکوتی و دەگریا.

هەتاوەکو درەنگان لەو دەرودەشتەی دەوری ئاوایی خەریکی گەمە دەبووین، لە کۆتاییەکانی شەویشدا پاش ئەوەی کە سەگ لەگەفە دەکەوت، بە ئەسپایی دەچووینەوە بۆ ماڵەکانمان و خۆمان دەختستە بن جێگەی خەوەوە.

" ناوەکان چی بۆ من بکەن، منیش ئاوەها یادیان دەکەوە."

شەوێک لە ماڵی باپیرم چوومە دەرەوە، لە پەچەی[11] مەڕوماڵاتەکان ڕاوەستام. کاک وەلیم بینی کە مەڕەکانی دەبرد بۆ لەوەڕی شەوانە. کوڕەکەی لە حەوشی ماڵەوەیان هاتە دەرەوە. لێیان نزیک بوومەوە. سڵاوم کرد. ڕووم لە کاک وەلی کرد و وتم: بەم شەوە دەیانبەیت بۆ لەوەڕ!؟.

[11] ــ پەچە شوێنی ڕاگرتنی مەڕوماڵاتە لە هاویندا. هاوینان لەبەر گەرما خەڵکی ئاوایی مەڕوماڵاتەکانیان تێکەڵی یەکدی دەکەن و لە شوێنێک لە ناوەندی ئاوایی، شوێنێک کە پارێزراو بێت، ڕایاندەگرن. چەند کەس لە خەڵکی ئاوایی شەوان لە دەوری پەچە تا درەنگان دادەنیشتن و زۆر جاریش هەر لەوێ دەخەوتن.

کاک وەلی لێم نزیک بووەوە و بە بزگەیەک وتی: لەوەڕی مانگەشەو مەڕ باش قەڵەو دەکات تا لەوەڕی ڕۆژ!.

کاک وەلی مەڕەکانی برد کە لە مانگەشەو قەڵەویان بکات. من و کوڕەکەی چووین کە لە مانگەشەو لەگەڵ منداڵەکانی تر گەمە بکەین!.

## پێگەی خۆر لە ژیانی منداڵانی ئاواییدا

لە ڕۆژاندا هەموو کوڕەکانی ئاوایی کۆ دەبووینەوە و بە تۆپێک کە لە پەڕۆ دروستمان کردبوو، یاری هەفت سینمان پێ دەکرد. یاری هەفت سین لەبەر تیشکی مانگ ناکرێت، وە بە پێچەوانەی گەمەی چێوجەڵەڕسکێ کە منداڵەکانی کۆ دەکردەوە، یاری هەفت سین منداڵەکانی دەپرژان و لە یەکدی دووریانی دەکردەوە. ئەو یاریە پێویستی بە تیشکی خۆرە. هەفت بەردمان لەسەر یەک دادەنیا و بە چەند کەسەوە تۆپەکەمان دەوەشاند بۆ بەردەکان، بۆ ئەوەی کە بەردەکان لەسەر یەکدی بڕوخێنێت، کە بەرد ڕووخا، ئەو کاتەیە کە یاری دەست پێ دەکات. ئەوانەی کە بەردیان ڕووخاندووە دەبێت کە لە دەرفەتێک هۆڵ و هەوڵی ئەوە بدەن کە بە بێ ئەوەی تۆپەکەیان بەرکەوێت، بەردەکان لەسەر یەکدی بنێنەوە، وەک یەکەمجار کە بە دەستی خۆیان ڕووخاندوویانە. ئەو دەستەکەی تر هەوڵی ئەوە دەدەن پێش ئەوەی کە دەستەکەی تر بەردەکان لەسەر یەک کۆ بکەنەوە، تۆپەکە لە نەفەرەکانی دەستەکەی تر بدەن و یەک بە یەک بیانسووتێنن[12].

یاری هەفت سین وەک یاریەک بوو کە لە کۆنەوە بۆ خەڵکی ئێمە مابووەوە. بەو یاریە لە ڕۆژان لە ژێر تیشکی خۆر خۆمان خەریک دەکرد.

مرۆڤ دەیەوێت کە لە بن تیشکی مانگ و خۆر گەمە بکات. مرۆڤ دەیەوێت کە بە وشەکان هەر وەک تیشک و ڕووناکی مانگ و خۆر گەمە و یاری خۆی بکات. مرۆڤ تیشک و ڕووناکی بۆ خۆی بە کار دەبات. مرۆڤ وشەکان و ناوەکان بۆ خۆی وە بە خواستی خۆی بە کار دەبات. ئەو خۆرە گەورە لە گڕدایە کە من لەبەر ڕووناکی هەفت سین بکەم!؟ ئەو مانگە هەورەها ڕووناکی دەدات بۆ ئەوەی کە من و منداڵەکانی لادێ چێوجەڵەڕسکێ بکەین!؟.

---

[12] _ وشەی سووتاندن لە یاریەکانی منداڵەکان دەوری زۆری هەیە. سووتان لە یاری مەبەست ئەوەیە کە دەورت نەماوە و دەبێت کە لە یاری بڕۆیتە دەرەوە.

مرۆڤ دوو کانی سەرەکی بۆ ناوەکان و ڕستەکان هەیە، یەکێکیان کە ناوەکانی شەجەرەکانن کە خوای گەورە دایمەرزاندووە، وە یەکێکی تریان ناوەکانی تۆڕەکانە کە مرۆڤ دایمەرزاندووە و خاوەنداری دەکات. ناوەکانی شەجەرەکان وەک خۆر بەشێکی فراوانی بە هێزی ژیانی مرۆڤیان لە ئەستۆ گرتووە، وە ناوەکانی تۆڕەکان وەک مانگ بەشێکی تریان لە ئەستۆ گرتووە کە بەرپرسی دەستەیەک لە شەوانی مرۆڤە. تەواوی ناوەکانی تۆڕەکان وەک ڕووناکی مانگ لە ناوەکانی شەجەرەکانەوە هاتوون. کاری سەرەکی لە ئەستۆی ناوەکانی شەجەرەکان بووە، ئەوان بوون کە دەوریان لە شەڕەکان و ئاشتیەکانی مرۆڤ هەبووە، ئەوان بوون کە سەرچاوەی دۆستی و دوژمنیەکان بوون.

## قسەی کورت و پوختی ئەم باسە

خۆر خۆیەتی کە گیاکان سەوز دەکات، وە خۆیەتی کە گیاکان زەرد دەکات و خۆیان و ڕیشەیان بێ بەها دەکات و وایان لێ دەکات کە خاکیش بە خۆی ڕای نەگرێت، ئیتر ئەوە بایە کە بە خواستی خۆی گیا زەردەکان ئەمسەر و ئەوسەر پێ دەکات.

لە دەورانی منداڵی کە لە بن تیشکی خۆر بە دەستمەوە لەگەڵ دۆستانم خەریکی گەمە و یاری بووم، ئەوەی کە لە لای مندا بەهای هەبوو ناوی دۆستانی خۆم بوو کە بە ڕۆژ و شەو لەگەڵیان گەمەم دەکرد. بە پێچەوانەی ئەو دەستەی کە بەردی هەفت سینی لەسەر یەک دادەنیا و دەمی خەریکی ناوی دۆستانی خۆی بوو، ئێستە دەست و دەم خەریکی ناوی خۆر و مانگ و نەخشە و ئەدەب و ناوەکان و ڕستەکان و ڕێکخراوەکانە. بە دڵنیایی دەورانی تر لە ڕێگەیە کە هەر بەم دەستە بە ناوی خوای گەورە بە شێوەیەکی تر لەگەڵ ناوەکان و ڕێکخراوەکان هەڵسوکەوت دەکەم.

# سەرەتاکان و کۆتاییەکان

پەنا بە ناوی خوای گەورە دەبەم. بە ناوی خوای گەورە دەست و گیان پێ دەکەم.

بەرەتاکان و کۆتاییەکان لە دەورانەکانی ئەدەب و زمانی مندا یەکێکە لە باسە بەهادارەکان کە بۆنی ئەو باسە وەک کاڵەکی گەیوو بە لوتمدا دێت. بە ناوی خوای مەزن ئەو باسە و ئەو کاڵەکە گەیووە دەکەمەوە بۆ ئەوەی کە تام و چێژێ لێ وەربگرن.

مەبەستی من چیە لە وشەی **سەرەتاکان و کۆتاییەکان** لەم باسەدا؟.

بۆ ئەوەی کە ئەم باس و وشە بکەمەوە، کەڵک لە چیرۆکی هەڵهاتن و هەڵاتنی خۆم و ئیبراهیم وەردەگرم.

ساڵی هەزار و سێسەد و هەفتا و هەشتی هەتاوی من و ئیبراهیم لە شاری سەرپێڵی زەهاو هەڵاتین و ڕوومان لە دەرەوەی شاری کرماشان کرد. دەورەی قەومانی ئەو بەسەرهاتە لە سەرەتاوە تا کۆتایی ماوەیەکی خایاند، لە نێوان سەرەتا و کۆتایی ئەو بەسەرهاتە دەبێتە دەورەیەک کە دەورەکانی تر لەسەری بونیاد دەنرێن، کە سەرەتاکان و کۆتاییەکانی تر لەسەری دادەمەرزێن، وە وەک یەکەمین و بنەڕەتیترین دەورەیەک دەناسرێت کە ئێمە بۆ ناسین و ڕاستی پێوە و لەسەری دەست و گیانمان پێکرد.

دەورەکان لە ناسین و ڕاستیدا لەسەر کات و شوێنیێکی دیار دانەمەرزاوە. هەر دەورەیەک لە ناسیندا کات و شوێنی تایبەتی هەیە. هەر دەورەیەک ناو و ڕێگە و گوزەر و ئەنجامی تایبەتی خۆی هەیە.

من و ئیبراهیم بە یەکەوە دەورەیەکمان دەست پێ کرد کە لە سەرەتاوە لە شوێنێکی دیار وە بە چەند ڕستەی ڕوون بەرەو دەرەوەی شاری کرماشان هەنگاومان نیاوە. لە یەکەم ڕۆژەوە بەو ڕستە بنەوای ئەو دەورەمان دەست پێ کرد کە بۆ ناسین و دونیابینی و جیهانناسی لە دونیادا هەنگاو دەنێن.

هەر دەورە و سەرەتایەک بە ناوێک یان چەند ناو دەست پێ دەکات. لێرە پرسیار ئەوەیە کێ بوون ئەوانەی کە بنەوای یەکەم دەورەی ژیانی من و ئیبراهیمی دیاری کرد؟ لێرە پرس لە ناوەکانە. هەروەها چ دەستە ڕستە و چ کەش و هەوایەک بەسەر سینگ و دەروونی ئێمەدا زاڵ بوو بۆ ئەوەی کە ئەو  سەرەتا دەست پێ بکەین وە چ کۆتاییەکمان بۆ خۆمان داڕشتبوو؟.

ناوی شاعیرانی وەک سەعدی و حافز و مەولەوی، ئەو ناوانە بوون کە کوورەیان بۆ ئێمە گەرم دەکرد. ئەوان بوون کە لە ڕێگەی سەفەر و بەسەرهاتەکانیان، هانی ئێمەیاندا کە وەک ئەوان بۆ ناسینی دونیا، دەست بە گەڕان بکەین.

ئەو کاتە، قوڵ قوڵەی ئەو کاتانە بوو کە ئێمە کتێبی قورئانمان بە دەستەوە دەگرت. هاوکات کە وانەی تەفسیرمان لە بن دەستی مامۆستا حەبیب دەخوێند، لە هەمان کاتدا کتێبی شیعری شاعیرانمان دەخوێندەوە. لە قورئان هاتووە کە: **قل سیروا فی الارض فنظروا کیف کان عاقبة المجرمین(نمل٦٩)** یان لە ئایەتێکی تردا هاتووە: **قل سیروا فی الارض ثم انظروا کیف کان عاقبة المکذبین(انعام١١)** ئەو ڕستانەی کە ئاوەها لە قورئان هاتوو کە بگەڕێن لە زەوی و ببینن کۆتایی تاوانبارەکان و درۆزنەکان، نەبووە هۆی ئەوەی کە من و ئیبراهیم سەرەتای دەورەیەک دەست پێ بکەین کە عاقیبەتی تاوانبارەکان و درۆزنەکان ببینین و بزانین. حەزمان نەدەکرد کە ئاوەها ڕستانێک ببێتە دامەرزێنەری دەورەکانی سەرەتای خواستی ناسینی ئێمە. **هۆی ئەوە چی بوو!؟**

لە ڕاستیدا ئاوەها ڕستەیەک کە ئامۆژگاری دەکات، لە زەوی بگەڕێن و ببینن کە درۆزنەکان چیان بەسەر هاتووە، ترس و هەراس لە دڵ دەخات. ئاماژە بە کۆتاییەکی خراپ و ڕەش دەکات. فرماندان بۆ ناسینی شوێنەواری تاوانبارەکان و درۆزنەکان، یەکەم هەستێک کە دروست دەکات، ئەوەیە کە ئەو فرمانە بۆ ئەوانەیە کە کۆتاییان لە کۆتایی ئەو درۆزنانەوە نزیکە. هەستم وایە کە ئەو ڕستە و فرمانە بۆ من نیە.

ئەو ڕستە بارێک و قورسیەک لەسەر شانی مرۆڤ دەخات، کە وا دەکات بە شوێنی دەستە ڕستەیەکی تر کە بەدوای ئەو ڕستەدا دێت بچێت، وا دەکات بە شوێنی ناسینی ژیان و ڕێگا و پێگەی درۆزنەکان و دۆڕاوەکان بکەویت. بە پێچەوانەی ئەو ڕستە لە قورئانەدا کە جۆرێکی فرمان و پەند و هەڕەشە و ترساندنی پێکەوە تێکەڵ کردووە، ژیان و بەسەرهاتی سەعدی و حافز و مەولەوی، گەشت و گوزار لە دەرودەشت و گوڵ و بولبول و پەندی خۆش و دونیای ڕەنگینی بە دوای خۆی دروست کردووە کە هانی ئێمەیدا کە کەڵک لە ناوی ئەوان وەربگرین بۆ ئەوەی کە بە ناسین و ڕاستی بگەین. ئەو ڕستانەی قورئانە بۆ ئەوانەیە کە لە زەویدا کاری ناشایستەیان کردووە، ئەوانە دەبێت کە لە زەویدا بگەڕێن و لە شوێنەواری درۆزنەکان ئاگادار ببنەوە. من و ئیبراهیم دوو منداڵی پاک و خاوێن بووین، ناو و پێگەی تاوانبار و درۆزن و فرمان بۆ ناسینی شوێنەواری درۆزن بۆ ئێمە نەبوو!.

لە بنەڕەتەوە و لە ڕاستیدا دەستپێکردن بۆ ناسینی شوێنەواری تاوانبارەکان و درۆزنەکان، ئاماژە بەوەیە کە زەوی شوێنەواری دزی و درۆ و تاوانی تێدا ماوەتەوە، ئاماژە بەوەیە کە ژیانی سەرزەوی ژیانی گوڵ و بولبول و نەسیمی سەحەر نیە، بەڵکو پەروەردەیەک دادەمەرزێنێت کە مرۆڤ هەردەم ئاگای لە خۆی بێت. وەک ئەوەی کە گوزەر لە ژیانی سەر زەوی، گوزەر لە زەویەک بێت کە مینی تێدایە نەک گوڵ و بولبول و بادە و نەسیمی بەیان!.

سەعدی و ناوی شاعیرەکانی تر لە کوێی سەرزەوی گەڕاون بۆ ئەوەی کە ناوی خۆیان بهێننە بەر و بەرهەمەوە؟.

هەمووی شاعیرەکانی فارس و کورد و عەرەب لە دەوری قورئان و خانووی خوا بەر و ناوی خۆیان هێناوەتە بەرهەمەوە. لە نێوان خانووی خوا و خانووی خۆیان هات و چۆیان کردووە. شاعیرەکان سەردانی بەغدا و شام و دیمەشقیان کردووە و لەوێشەوە بۆ ماڵی خوا چوون و گەڕاونەتەوە. ئەو ناوانە لە نێوان ماڵی خوا و ماڵی خۆیان هات و چۆیان کردووە. ڕێ و ڕێبازی ئەوان دیار و دامەرزاو بووە.

ئەو ناوانە سەفەری خێرایان نەکردووە، وە خواستی ئەوەیان نەبووە کە سەفەری خێراش بکەن. ئەو ناوانە لەش و هۆشیان لە چوونێکی دیار و یەواش بووە، ئەوانە بە سەفەر بە کەرەوە باسیان کراوە، لەبەر ئەوەی کە کەر ئەگەر بە خۆیەوە بیهێڵێت، وەک مرۆڤ هەنگاو دەنێت و دەچێتە ڕێوە. هەروەها ئەو ناوانە لە دەوری ئەو شوێن و ناوانە هات و چۆیان کردووە کە ئاوەدانی ئەدەب و زمانیان تێدا هەبووە وە خۆیان لە دەوری ئەو ناوانە دەگەڕاند کە خاوەن پێگەیەک بوون.

لە سەرەتاوە ئاگاهیمان لەوە هەبوو کە بۆ جیهانناسی دەگەڕێین وە دەمانزانی کە لە کوێوە دەست پێ دەکەین وە دەستە ناوێک وەک یارمەتیدەر و هاوکاری ئێمە ناویان بەرز و دیار بوو. لەگەڵ ئەوانەدا نەخشە و ڕێی ئێمە دیار نەبوو، ڕوومان لە ماڵی خوا نەکرد بۆ ئەوەی کە بچین، دەمانەویست کە لەسەر زەوی بە بێ ئەوی کە ڕوومەتمان لە شوێنێک بکەین، بگەڕێین. ئێمە نەخشەمان بۆ کۆتایی دانەڕشتبوو، ئەوەی کە بەلای ئێمە بەهای هەبوو، ئەوە بوو کە لە زەویدا بگەڕێین و بسووڕێنەوە. پێمان وا بوو کە ناسین و ڕاستی لە گەڕان و سووڕان بە دەست دێت.

گەیشتین بەو باوەڕە کە جیهانناسی لەسەر زەوی دەرد و ڕەنج و برسیەتی و مەرگ بەدواوەی خۆی دەهێنێت، زانیمان کە گەڕان لە دونیا بە بێ ئەوەی کە پشت و پەنات هەبێت، کۆتایی مەترسیداری لێ دەکەوێتەوە. کاتێک کە لە شاران وێڵ و برسی ماینەوە، ئەوەی کە بۆ ئێمە بەهای هەبوو، ئەوە بوو کە هەوڵی ئەوە بدەین کە لە برسیەتی و هەڕەشەی ئەوانی تر گیانی خۆمان بپارێزین و گیانی سەلامەت بەدەربەرین.

لە شیراز پاش ئەوەی کە بۆمان دەرکەوت کە بێ پشت و پەناه بەردەوامی مانایەکی نیە، هەوڵی ئەوەماندا کە پەنا بە ڕێگا و ڕووگایەک بەرین. ئەو ڕێگا و ڕووگا ناوی مامۆستا موحەممەدی پوردڵ بوو.

موحەممەدی پوردڵ مەلایەکی ئایینی لە شاری بەندەرعەباس بوو. ئەو مامۆستا ناوی لە ڕێگای سی دی و کاسێتەوە گەیشتبووە خەڵکی کرماشان و خەڵکیش وەک مەلایەکی ئایینی خاوەن ئاکار و دڵ ناویان یاد دەکردەوە.

ئەو دەورە، دەورەی ناوی مامۆستا پوردڵ بوو.

" بۆ ئاگاهی باشە بزانین کە خەڵک هیچ کات بە ناوێکەوە ڕاناوەسێت و پێوە وەفادار نامێنێتەوە. ماوەیەک لە دەوری ناوێک خۆیان کۆ دەکەنەوە، پاش ماوەیەک خۆیان دەوری ئەو ناوە چۆڵ دەکەن  و لە دەوری ناوێکی تر خڕ دەبنەوە."

ئیتر من  و ئیبراهیم ڕووگا و ڕێگەی دیار و ڕۆشنمان هەبوو، هەر بۆیە دەمانزانی کە پێگەی کۆتایی ئێمە لە کوێیە. ناوی مامۆستا پوردڵ و شاری بەندەر عەباس وەک پەناگایەک بۆ ئەوەی خۆمان لە مەترسی ڕووخان و دۆڕان تێبخەین بەرز بووەوە، نەک وەک شوێنێک بۆ ناسین و بە دەست هێنانی مەعریفەت و حیکمەت.

ئەوەی کە لەو دیدارە بۆ ئێمە بەهای هەبوو، ئەوە بوو کە باوەش بە ناوێکدا دەکەین، بۆ ئەوەی کە هۆش و دەروونمان لە مەترسیەکانی زەوی بپارێزێت، بۆ ئەوەی کە خۆمان لە بێ مانایی بەرەو مانایەک دەرباز بکەین!.

کە مامۆستا پوردڵ دەرگای کردەوە، خۆمان خستە باوەشی و دڵەڕاوکێ ئێمە بووە دڵخۆشی. لە خۆشیدا ئارامی گیانمانی گرتەوە. زۆر خۆشحاڵ بووین کە گەیشتینە

**پەناگا و ئارامگەیەک بۆ ئەوەی کە لە ترس و هەڕەشە و برسیەتی و نەزانی و بێ ڕێگەیی ڕزگارمان بێت.**

کۆتایی دەوریەک بوو کە من و ئیبراهیم بە یەکەمین دەورەی ناسین پێکەوە بەسەرمان برد و بە ناوی خوای گەورە بە پەند و حەکایەتی زۆرەوە گەیشتینە ماڵەوە. لە ڕاستیدا ئەوە کە ئێمە گەڕاینەوە، گەڕانەوە بۆ سەرەتا نەبوو، بەڵکو ئەوە دامەرزاندنی دەورەکانی تری ژیانی ناسین و ڕاستیخوازی من و ئیبراهیم بوو. بەندەرعەباس کۆتایی دەورەیەک بوو کە بە ناوی مامۆستا پوردڵ تەواو بوو. هەر ئەو کۆتاییە بووە هۆی ئەوەی کە چەند دەورەی تر لە ژیانی من دەست پێ بکات کە هەر دەورەیەک بە ناوێک دەستی پێ دەکرد و کۆتایی بە ناوێکی تر تەواو دەبوو.

هەروەها ئەوانەی کە بە ناوێک دەست پێ دەکەن و بە ناوێکی تر تەواو دەبن وەک مانگ لە شوێنێک دەست پێ دەکەن وە لە شوێنێکی تر دەنیشنەوە، هەر وەک من و ئیبراهیم کە لە ناوی سەعدی و حافز دەستمان پێ کرد و بە ناوی موحەممەدی پوردڵ دەورەیەکمان تەواو کرد. نەک تەنیا من و ئیبراهیم بەڵکو ناوی سەعدی و حافز و مەولەوی وەک هەڵهاتن و نیشتنی مانگ، دەوری ناو و ئەدەبیان لە دەوری ناوی ئەوانی تر بووە.

نەک تەنیا ئەو دەورە بەڵکو دەورەکانی تری من، سەرەتای بە ناوێک دەستی پێ دەکرد وە کۆتایی بە ناوێکی تر تەواو دەبوو. ئەمەیە کە پێگەی مانگ، پێگەیەک نیە کە سقە و دڵنیایی بە ڕووناکی و تیشکی بکرێت. هەر ئەمە من دەبات بۆ ئەوەی کە هەوڵ و خواستی ئەوە لە بوون و بونیادم دامەرزێت کە وەک خۆر لە شوێنێک دیار هەڵبێم و لە شوێنێکی دیار بنیشمەوە. بۆ ئەوەی کە پێگە و تیشک و دەورم، ناوەکان و گەشەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. بۆ ئەمەش تەنیا خوای گەورە دەتوانێت کە یارمەتیدەر و هاوکاریکەر بێت.

ژیانی هەر مرۆڤێک کە خۆشەویستی ناسینی هەبووە، وەک خۆر و مانگ لە دەستەیەک هەڵسان و نیشتنەوە، ژیانی ناسینی خۆیان دادەڕێژن. ئەو جۆرەی کە لە سەرەتاوە بووە، من وەک مانگ هەڵسان و نیشتنیم کردووە، وە بە ناوی خوای گەورە ئەو هەڵسان و نیشتنە لە پێگەی مانگ دەرچووە بۆ پێگەی هەڵسان و نیشتن وەک خۆر. ئیتر خۆر بێمنەتە لە تیشک و ڕووناکی ئەوەکانی تر، وە بێمنەتە لەوەی کە وەک زەوی و مانگ بۆ ژیان و ڕووناکی بسووڕێنەوە. خۆر خۆی خاوەن تیشک و

بەخشندەیی و پێگەیەکە کە ناوەکانی تر لە دەوری کۆ دەبنەوە و لە ناوی ئەوەوە ژیان و بەها دەست پێ دەکات.

دەورەی پاش ئەوەی کە من و ئیبراهیم چووین بۆ بەندەرعەباس، بووە دەورەی حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری کە ئیتر هەوڵی ئەوەماندا لە شوێنێک دانیشین و لەو شوێنە بە ناسین بگەین. ئاوەها دەورەیەک کە ئیتر دانیشتن و مانەوە لە شوێنێک بەها و دەری هەیە، بە پێچەوانەی دەورەی پێشتری کە لەش و هۆش پێکەوە دەگەڕا و دەچوو، ئامازە بەوەیە کە خواست و زەمینەی ئەوەمان تێدا هەبووە کە لە پێگەی مانگ لە گەڕان و سووڕان بۆ پێگەی خۆر بۆ پایەداری و نیشتەجێ بوونی یەکجاری گوزەر بکەین.

خواستی ئەوەم هەبووە کە دەورەی کۆتایی ناوی من بە ناوی خوای مەزن دەست پێ بکات وە بە ناوی خوای مەزن تەواو بێت. بۆ ئەوەش دەبێت جووڵە وەک مانگ کە کات و شوێنی هەڵسان و نیشتنی دیار نیە، بگۆڕدرێت بۆ جووڵە وەک خۆر کە شوێن و کاتی هەڵسان و نیشتنی دیار و ڕۆشن نیە. ئەمە نموونەیەکە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت ناو و ڕوومەتیان لە ترس و لێدان دوور بێتەوە. تەواوی ناوەکان چ لە تۆڕەکان و شەجەرەکان وە چ لە دانراوەکان و نێردراوەکان، وەک ناوی مانگ و خۆر لە شەو و ڕۆژدا کاریان کردووە. هەر بۆیە ئەوانەی کە دەیانەوێت سەرەتا و کۆتاییان دیار و لە بەردەست بێت، دەبێت کە پەنا بە ناوی خوای گەورە بەرن، بۆ ئەوەی کە نەچنە بن پەنا و سێبەری ناوەکانی تر. ئەم شکۆ و شەوکەتەش لە زەویدا خوای مەزن بە نسیبی هەموو کەسی ناکات!.

خوای مەزن دەستی باڵای هەیە، ئەوە کە بە خواستی خۆی یادی ناوەکان دەکاتەوە، ئەوە کە بە خواستی خۆی پێگە بۆ ناوەکان دادەڕێژێت. هەر بۆیە پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم وە بە ناوی ئەو دەست و گیان پێ دەکەم.

## ڕوومەتەکان و ڕستەکان، دەستەکان و ڕستەکان

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕ و گەندەڵی ناوەکان و وشەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

دەستەیەک لە باسەکان بۆ وتنەوە وەک کۆڵەکە، دەتوانرێت کە بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ ڕابگیرێت و لە بە کار بردنی هیچ پەلەیەک نەبێت.

یەکێک لەو باسانەی کە ماوەیەکە لە پێنووس ماوەتەوە و باسم لێوە نەکردووە، باسی چۆنیەتی ڕەوشی، جووڵە و چوون و ڕەوەندەیی و کۆچەری و خاوەنداری تەواوی ئەو ڕستانەیە کە لە بن دەم و دەستی من دێن و دەڕۆن؟.

من لە چی کەڵک وەردەگرم بۆ دامەرزاندنی بنەوای باسەکانی خۆم؟ من چ جۆرە جووڵەیەک بە وشەکان دەکەم؟.

ئێڵ و بنەماڵە کۆچبەرەکان لە کوردستان بۆ ئەوەی مەڕ و ماڵاتەکانیان بە خێو بکەن، لە ناوچەکانی کوردستان کۆچیان کردووە بۆ ناوچەیەکی تر. تەواوی ئەوەی هەیانە بە دوای مەڕ و ماڵاتەکانیان خستووە. منداڵ و کچ و پیر و ژن و نەخۆش و سەگ و مریشک و ئەوەی کە هەسیان!.

منیش هەر وەک ئەو ئێڵ و بنەماڵانە بۆ ئەوەی کە وشەکانی خۆم بە سەرکەوتوویی بە خێو بکەم، هەمووی بنە و بنەماڵە و ئەوەی کە هەمە، بە دوای خۆمی دەخەم و لە بوون و ناویان و دەستیان کەڵک وەردەگرم.

ئەوەی سەرەوە نموونەیەکی جوان و سروشتی بوو.

لە ساڵی هەزار و نۆسەد و هەشتاددا کە ڕژێمی بەعس ناوچەکانی کرماشانی گرت، ژیانی خەڵکی کرماشانی تێکدا و بنە و بنەوای سەربازی و شەڕی لەو ناوچە دامەرزاند. لەو ماوە کە شەڕ و سەرباز لەو ناوچە ژیانیان دەکرد، ژیانی هەزاران بنەماڵە و خێزان و کەسی تری لە دەرەوەی ئەو ناوچەیە تێکدا.

دەستەیەک لە وشەکان لە نووسین و باسێک وەک سەربازەکان بۆ ئەوە گەمارۆی دەشت و ناوچەیەک دەدەن کە شەڕی تێدا هەڵخەن و هەڵخزێنن. هەرچۆن لە نموونەی سەرەوە بنەماڵەکان بە دوای مەڕ و ماڵاتەکان دەکەوتن بۆ ئەوەی کە بە خێویان بکەن، هەروەها لە نموونەی دەشت و سەربازەکان، دەستەیەک مرۆڤ لە پێگەی سەرباز داگیری ناوچەیەک دەکەن و خاوەندارەکانی ئەو ناوچەیە بەدەر دەنێن و هەتا ئەو ڕۆژەی کە دونیا دونیایە خاوەندارانی ئەو ناوچەیە ژیانیان سەر و بەر ناگرێت.

هەروەها وشەکان و ناوەکان و ڕستەکان وەک سەبازەکان و فەرماندەکان لە دەم و دەستدا هەوڵی ئەوە دەدەن لە لەشکرکێشی بۆ ناوچەیەک و ئەدەبێک بکەن. ئەوەی کە من لە ئەدەبی کوردیدا دەیکەم ئەوەیە کە لە ناوچەی ئەدەب و زمان کوردیدا لەشکرکێشیم کردووە و ئەدەب و نەخشەیەکم وەک خاوەندارانی ڕاستینی خاکی ناوچەکانی زمانی کوردی دامەرزاندووە.

جووڵەی من بە وشەکانی کوردی وەک جووڵەی لەشکرێکە کە سەدان فەرماندە و سەبازی لایق  و تەوانای تێدایە، هەر بە یارمەتی ئەوانەیە کە ناوی من بە ناوی خواوە بەرز و پایەدارە.

لە شەڕەکانی کۆن سەرکردەکان لە پێشەوەی سەبازەکان بوون، سەبازەکان بە پێشەوایی سەرکردەکان ورە بەرز بوون. بە ناوی سەرکردەکان سەربازەکان ئامادە بوون کە گیان و لەشی خۆیان فیدا بکەن. کاتێک کە سەرکردە ئامادەیە لە پێناو پیرۆزی و سەربەرزی لە پێشەوە بکەوێت، سەربازەکان ترس و هەراسیان نامێنێت. جووڵە و شەڕ بە ناوی یەکەم کە سەرکردەیە، وە جووڵە و شەڕ بە فەرماندە تەواناکان وە ئەوانەی کە کارکوشتە و وەزاو و ئامادەن، ئەو لەشکر و شەڕە بەرەو سەرکەوتن دەبات.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو لەشکر و هێزەی کە سەرکردە سەردەستە و سەرلەشکرە، دەستەیەک لە شەڕەکان و گۆڕەپانەکان سەرکردەکان لە دواوە دەمێنن و وەک سەیرکەر ڕادەوەستن. ئەوانە شەڕیان بۆ ناوی خۆیان دەوێت.

لەشکرکێشی من بە وشەکانی کوردی وەک ئەو سەرکردەیە کە لە پێشەوەی سەربازەکانی ئامادە و وریا و وەرزاوە. بۆ ئەوەی کە بۆ ئێوە بەدەر کەوێت، دەتوانن کە سەیری تەواوی باس و بابەتەکانی ئەم نووسینە بکەن. من بە هاوکاری ڕابردووی خۆم وە بە هاوکاری تەواوی ناوەکان و دەورەکان و بەسەرهاتەکان، ئاوی کەڵەک و مار و دار و بەردم بۆ ئێوە گرتووەتەوە. ئەو ئاوەش کە گرتوومەتەوە لەبەر دەستی نەوەکانی کوردە کە بە ناوی خوای گەورە بتوانن ئەدەب و زمان و هۆش و دەروونی خۆیانی پێوە ئاوەدان و تامدار و مانادار بکەنەوە.

من لەم نووسینە وەک سەرکردەیەک بووم کە بە بێ سەباز شەڕی ئەدەبەکان و ناوەکانی ترم بۆ نەوەکانی کوردی لەم بەندینخانەیە کردووە. بە بێ ئەوەی کە

لەشکرێک لە ناوەکان لە دەورم بێت، بە ناوی خوای مەزن لە ناوەوەی دەروونی خۆمدا ناوەکانی ترم وەک سەباز و بەردەستی نەوەکانی کورد دامەرزاندووە و داکوتاوە. بەناوی خوای گەورە ناوەکان و چیرۆکەکان و وێنەکان و هەستەکان و هزرەکان وەک سەرباز و فەرماندەی لێهاتوو، لەبەر دەستی نەوەکانی کورد دانراوە و کوتراوە.

گرنگترین بەشی خزمەت و وەفای من بۆ ڕاستی و ناسین ئەوە بووە کە خوێنی من پێش ڕستەکانی من بەهای هەیە کە زیندوو و چالاک بمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی کە زۆر بە وردی ئاماژەم بەوە کردووە کە ئەگەر لەش و هۆشی من لە مەترسی کەوت و تووشی لێدان و ڕمان و ڕووخان بوو، ئەوە قسە و باسەکانی من وەک لەش و هۆشم بەهای نامێنێتەوە.

لە باسی کەڵەک و ماردا ئاماژەم بەوە کردووە کە مرۆڤ تەوانی ئەوەی هەیە کە بونیادێک کە ترس و هەراس لە بنی ژیان دەکات، تێک بدات و بە خواستی خۆی بونیادێکی تر دروست بکات. من لە ساڵی دووهەزار و نۆ تووشی سەکتەی مێشک بوومەتەوە، بە توندی سەر و گیانی منی ڕماند و ڕووخاندمی. لە خەستەخانە کەوتم و جگە لە خوا نەبێت، کەس ئاگای لە من نەبوو، دکتۆرەکان زۆر بۆ من نیگەران بوون، دەیانوت کە تۆ تووشی سەکتەیەک بوویت کە بۆی هەیە داهاتووی تۆ لە مەترسی بخات. مەبەستیان ئەوە بوو کە بۆی هەیە جارێکی تر تووشی ئەو سەکتە ببم و ژیانم بەر هەڕەشەیەکی  توند بکەوێت.

لەگەڵ ئەوەی کە سەکتە و نەخۆشی وەک ماری ترسناک بۆی هەیە کە بەردەوام ناو و پێگەم ئازار بدات، بە ناوی خوای مەزن و لە ژێر سیبەری ئەو لە ترس و هەراسی مارەکان و ترسەکان خۆم دەرباز کردووە.

ئاوەها قسەیەک مانای ئەوەیە کە من بە تەواوی خوێن و گیانم لەگەڵ خوێنەر دەدوێم. ئەوانەی کە دەیانەویت قسەکانی من بێ بەها بکەن، باشترین لێدان ئەوەیە کە بێن و لەشی من بخەنە مەترسیەوە، لەبەر ئەوەی کە بە لەشی من، بە زار و زوبان و خوێنی من، ڕستەکانی من بە پلە و پێگەی خۆی دەگات. ئەمە بەربەرەکانی شەڕ و بەڵای تەواوی ناوەکان و پیسیەکانی سەرزەوی دەکات. چەندەش خۆشحاڵم کە ناوەکان بە هێزی دەستیانەوە بەرەنگاری من ببنەوە بۆ ئەوەی کە لەشم لە سەرزەوی بڕووخێنن!.

من وەک لەشکرێک، ئامادەی شەڕی ناوەکان و ئەدەبەکانم. ئەو شەڕەی کە من دەیکەم بە ژیان و دەست و لەشی خۆم دەیکەم. وەک سەرکردەیەک کە لە پێشەوەی سەربازەکانی خۆی و ناو و پێگەی خۆی لە مەترسی دەخات.

زۆرێک لە ناوەکان وەک من لەش و ناوی خۆیان نادەنە بەر تاقی کردنەوەوە. ئەو ناوانە ناو و لەشی خۆیان لە بەر و بەرهەمی خۆیان دوور ڕادەگرن. ئەوانە ناتەوان و نەزان و سەرگەردانن. ئەوانە شەڕی خۆیان بە سەربازەکانی خۆیان دەکەن، ئەوانە گەر سەربازەکانیان هەرەس بهێنێت، لەشکرێکی تر دادەمەرزێنن. ئەوانە لەبەر ئەوەی کە تەوانی شەڕی ڕاستەوخۆیان نیە، خۆیان بە ئاسان و لە ژێر ڕووناکی بە دەستەوە نادەن. کەسێکی وەک سادقی هیدایەت کە وەک ڕۆماننووسێکی گەورە یادی لێوە دەکەن، ڕستەکانی ڕۆمانەکەی هەردەم وەک بایەقوش لە کەلاوە و و تەم و تاریکی دەمێنێتەوە، هەرگیز بە ناوی مرۆڤێک و لە پێگەی مرۆڤێک کە خاوەن ناو و ڕوومەتێکی دیار و ڕووناک بێت، قسە ناکات و خۆی بەدەرناخات. نەک تەنیا ئەو بەڵکو زۆرێک لە ڕۆماننووسەکان و پێنووس بەدەستەکان بە بێ ڕوومەت و ناو کاری دەستیان وەک بەرهەمێک بەر دەهێنن. زۆرێک لە ناوەکان خزمەتی ئەدەبەکانی تر دەکەن و جەوهەری پێنووسی خۆیان بۆ خوێنی ئەوانی تر بە گڕ و خڕ دەخەن.

لە کوردەواری ئەو کەسەی کە هەویر دەگرێتەوە، هەر ئەو کەسەش ئەو هەویرە دەکاتە گونک و پانی دەکاتەوە و  دەیکاتە نانی ساجی. بەڵام لە ئەدەبی مرۆڤی ئەو کەسەی کە بنەوای ڕستەکان و ئەدەبەکان دادەمەرزێنێت، جیاوازە لەو کەسەی کە ئەو ڕستانە بەکار دەبات. وەک چیرۆکی گەمەی من لە بن ڕووناکی مانگدا کە ڕووناکی مانگ بۆ گەمەی چێوجەڵەڕسکێ بەکار دەهات. هەروەها کەسانێک چیرۆکێک دەنووسن و وەک بەرهەمێکی ئەدەبی دەیناسن و کەسانێکی تر لە بەرهەمێکی تر بە کاری دەبەن و پێکهاتەی ئەو بەرهەمە کە یەکەمجار هاتووە تێکی دەدەن. وێنەی کاری ئەوانە وەک کاری ئەو کەسانەیە کە لە شاردا بە بێ ئەوەی کە بزانن بەهای توێکی خەیار چیە، پێستی دەگرنەوە. گرتنەوەی پێستی خەیار لە لایەن شاریەکانەوە هاتووە، ئەوانە بە بێ ئەوەی کە بزانن بەهای پێستی خەیار چەندەیە، پێستەکەی وەک خۆ بە زل زانین دەکەنن و دەیگرنەوە.

ئەوانە نەزانن لەوەی کە بۆن و تامی خەیار لە پێستەکەیەتی. بۆ ئەوەی کە بڵێن ئێمە شارین و بە چەقۆ و قاپ میوە دەخۆین، پێستی خەیار دەگرنەوە!.

هەروەها کەسانێکی زۆر نەزان و نائاگاهن لەوەی کە ناوەکان بە ڕستەکانەوە بەهایان هەیە. مرۆڤ لەبەر نەزانی خواستی ئەوەی هەبووە کە دەستە ڕستەیەک دامەرزێنێت کە ناوی لە ڕستەکەی جیا بکاتەوە، ناوی لە بەرهەمەکەی جیا بکاتەوە. مرۆڤ پەروەردەیەکی دامەرزاند کە ناو و ڕوومەت لە یەک جیا و دوور بکاتەوە، لەبەر ئەوەی کە خواستی ئەوەیان هەیە کە ناو و دەست، وە ڕستە و دەست لێک نزیک بکەنەوە. بۆ نموونە لە پزیشکیدا مەلا عەلی کەڵەک خاوەن ناو و ڕوومەت و ڕستە و دەستە. بەڵام لە پزیشکی مرۆڤیدا ڕوومەت بەهای نیە، ئەوەی کە بەهای هەیە، دەست و ڕستەیە.

من خواستم لەسەر ئەوەیە کە ناو و ڕوومەت و ڕستە و دەست لە ئەدەبدا یەک بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەدەبی خوای مەزن ئاوەهایە کە ناو و دەست و ڕستە و ڕوومەت یەکانگیر بێت، بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بزانێت کە بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆی کێ بخات!؟.

هۆی ئەوەی کە من نموونەی لەشکر و فەرماندە و شەڕم بە کار برد، ئەوەیە کە سەرکردە گەورەکان خۆیان لە پێش سەربازەکانیان بە شەڕدا دەدەن، بۆ ئەوەی کە وەفا و خۆشەویستی خۆی بۆ باوەڕی و سەربازەکانی دەربڕێت. هەروەها من بۆ ئەوەی کە خۆشەویستی و وەفام بۆ وشەکانی کورد و نەوەکانی کورد و ڕابردووی خۆم دەربڕم، لەش و هۆشی خۆم لە پێش پەیکار و گۆڕەپان و زۆرانبازی ناوەکان و ڕستەکان و دەستەکان خستووە.

## زەنگیانە و جەواهر لە بەن و سندوقدا

**پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان، لە شەڕی ئەوانەی کە لە کەمین و پەلامارن، لە شەڕی ئەوانەی کە ڕستە لە پێگەی گورز دەوەشێنن.**

قورئان کتێبێکە کە بە هەندێک ڕستەوە خوێنەر دەور لێ دەدات و هۆش بە خۆیەوە خەریک دەکات. ڕستەکانی قورئان بە زارەوە کار دەکات. لە دەورانی حوجرە

زۆرێک لە ڕستەکانی قورئان بە بێ ئەوەی کە دەرگەی بۆ من کردبێتەوە، لە گەنجەی دەروونمدا بەستراو خۆی جێگیر دەکرد. یەکێک لەو ڕستانە ئەوە بوو کە خوای مەزن دەفەرمێت: **یضل من یشاء و یهدی من یشاء(نحل١٦).**

لە دەفتەری چوارەمی دەستنووسەکانی بەندینخانە، لە لاپەڕەی ١٠٩ پاش ئەوەی کە باسی ئەو فەرموودە دەکەم، ڕستەیەک بە کوردی وەک هەواڵ نووسراوە: **ئاکار دەوری بە هێزی هەیە لە چوون و خاوەنداری وشەکاندا.**

وێنەیەک کە لەسەر ئەو نووسراوە دروست بوو، **وێنەی زەنگیانە و جەواهر لە بەن و سندوقدایە.**

هەروەها ڕستەیەک کە وەک بۆق لەو لاپەڕە هاتە دەرەوە، ئەوە بوو کە، **ئەو ڕستە کە لە قورئان هاتووە، ئاماژەیەکی خێرا و بەهێز دەکات بەوە کە خاوەن کتێب و ڕستە جێگەی بایەخە کە گرنگی پێ بدرێت، نەک خودی کتێبی قورئان. هیدایەت و گومڕاهی لە تەوانی خاوەن کتێبە، نەک ئەو کتێبەی بە ئاسوودەیی لە بن دەست گیراوە.**

**"گورز بۆ دەستێک لێ دەدات کە هەڵی بڕێت و بیوەشێنێت."**

## بەن و زەنگیانە

**زەنگیانە وەک وێنەیەک کە خۆی بۆ من کردەوە، شایستەی ئەوەیە کە ڕێ و شوێنی بۆ خوێنەر باس بکەم. بۆ من باسی زەنگیانەی هەڵپڕووکاو دەکەم، لە کاتێک کە لە دەستنووسی نووسراوەی بەندینخانە باسی لێوە نەهاتووە؟.**

**ئەدەبەکان و ڕێبازەکان وەک بزوتنەوەکانی ناوەکان کە بە کۆی چەند ناوێک بزوتنەوەیەک دروست دەکەن، پێگەی بەنیان هەیە کە وشەکان و ناوەکان و نەوەکان پێکەوە دەبەستنەوە. لە هەر بزوتنەوە و جووڵەیەکی ئەدەبی دەستەیەک هزر و هەست کە بە وشەکان تاشراون، لەگەڵ یەکدی وەک زەنگیانە لە بەند و بەن دەکرێن.**

**کەسانێک پاش ماوەیەک کە زەنگیانەیان بە دەست گرت و لە دەستیان کۆن بوو، هەوڵی ئەوە دەدەن کە بەنەکەی بگۆڕن. کەسانێک زەنگیانە لێیان لە بەن دەپڕووکێت و پرش و بڵاو دەبێتەوە.**

هەر ئەدەبێک وەک کۆیەک زەنگیانەیە کە بە دەستی چەند خاوەندار بەند و بەن کراوە و دەیسووڕێننەوە. کەسانێک ژیرن و ناهێڵن کە لە دەستیان بپرژێت و بڵاو بێتەوە، بەڵکو لە کاتی خۆیدا لە بەنێکی تری دەکەن.

ئەدەبی بزوتنەوە سۆسیالیستی و کۆمۆنیستیەکان، کە دەستەیەک ڕستەی پێکەوە بەن و بەند کراوە، لە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە هەر ماوەیەک بەنی دەگۆڕن، بۆ ئەوەی کە ئەو دەستە ڕستە تووشی هەڵپڕووکان نەبێت.

وشەکان و ڕستەکان و ناوەکان و وێنەکان و چیرۆکەکان وەک زەنگیانەیە. کەسانێک ناوەکان و وشەکان و وێنەکان و چیرۆکەکان بە خواستی خۆیان لە بەند و بەن دەکەن. ئەوانە خاوەن بەهرەی سروشتین.

## جەواهر لە نێوان سندوق و لەشدا

لە لاپەڕی ١٠٩ی دەفتەری چوارەم، دەستە ناوێک و ڕستەیەک هاتووە کە شایستەیی ئەوەیان تێدا هەیە کە لەو لاپەڕە دەریان بهێنم و شوێن و پێگەی خۆیان پێیان بدەم. ئەو لاپەڕە وێنەی سندوقێکی زێڕ و جەواهیراتی هێنایە پێش چاوی من کە هەرکام لەو جەواهیرانە دەبێت لە دەست و مل و سەرێک بکرێن، نەک ئەوە کە بە کۆ لە سندوقێک دابنرێن. ئەو ناو و ڕستانەی کە لەو لاپەڕە هاتوون وەک ئەو جەواهیرانەیە کە دەبێت لە سندوق دەربێت.

لاپەڕەی ١٠٩ ئویشوویت[13] کە: " من کە لە بەندینخانە چەند دەفتەرم نووسیوە، ئەو دەفتەرانە پێگە و شوێنی بارهێنان و ڕاهێنان و داهێنان بوون."

* زەنگیانە کە پڕووکا، بڵاو دەبێتەوە. هەر هەمووی بە خاوەنەکەی کۆ نابێتەوە. دنک دنکی زەنگیانەکان لە بەسترانەوەی تر خۆیان دەشارنەوە و خۆیان ون دەکەن. ترس لە بەسترانەوە بە بەند و بەنێکی نوێ و تازە!.

* باشترین ڕێ و شێوە بۆ یاد کردن، یادی ناوەکانە بە ڕستەکانەوە.

[13] _ ئویشوویت وشەیەکە کە کەلهوڕیەکانی کرماشان بە کاری دەبەن، بە مانای دەڵێت، ئێژێت. بوویشە یانی بڵێ، بێژە.

*** لە لاپەڕەی ١٠٩دا هاتووە کە تەریقەتی نەقشبەندی و قادری سەر و بەریان لە شوێن کەوتوانی خۆیان شێواندووە. ئەو دوو بنەماڵە و تەریقەتە، تەزوێ بە دەستی شوێنکەوتوانی خۆیان دەدەن.**

*** هەروەها دوو وشەی پەنا و یاد، وەک دووانەیەک کە دوو مانای جیاواز دەخەنەوە، باسیان لێوە کراوە.**

*** لە خوارەوی لاپەڕی ١٠٩دا هاتووە کە: خەرامان ئەندیشەم نەکردووە و وشەکانم بەڕێوە نەبردووە!.**

ئەو باسانەی کە لە لاپەڕەی ١٠٩ هاتووە، وەک دانەکانی زەنگیانەی هەڵپڕووکاوێکە کە بە دەستێکی تر هەڵپڕووکاوە وە بە دەستێکی تر بە بەن و بەندێک دەکرێن.

ئەوەی کە هەیە، لە نێوان من و خوای مەزنە، لە نێوان خواستی خوای گەورە بۆ ئەوەی کە هەرکەس بیەوێت هیدایەتی دەدات وە هەرکەس کە بیەوێت گومڕاهی دەکات. هەروەها لە نێوان خواستی من بۆ ئەوەی کە ناوەکان وەک زەنگیانەیەکی هەڵپڕووکاو پێکەوە دەنێمەوە.

**من پێموایە کە ڕستەکانی ئەم نووسینە وەک جەواهرە، هەندێک جار دەمەوێت کە لە سندوقی بکەم و لەگەڵ کۆیەک ڕستەی تر تێکەڵی بکەم. ئیتر ئەوە خوێنەرە کە بە خواستی خۆی دەستی بۆ دەبات و بە خواستی خۆی لێی دەردەهێنێت و بە خواستی خۆی، خۆی پێ جوان دەکات.**

**ئایا ئێوە ئەو سندوقەتان بینیوە کە جەواهرەکان پێکەوە تێکەڵ بوون!؟. ئەو جەواهرانە لە سندوق یەک دەگرن، ئەگەرنە لە دەرەوە هەر کامەیان پێگەیەکیان هەیە. ئەو کەسەی کە دەست بۆ سندوق دەبات، بە یەواشی دەستی تێ دەخات، دەیەوێت کە بە ئەسپایی لێکیان بکاتەوە و دەریان بهێنێت.**

**هەندێک جاریش هەستم وایە کە خوێنەر تەوانی ئەوەی نیە کە دەست و دەمی بە ڕستەکانەوە خەریک بکات. پێموایە کە خوێنەر هێزی نیە کە ڕستەکان وەک جەواهر لە سندوق بە دەست و خواستی خۆی دەربهێنێت. هەربۆیە ئەوە ئەرکی منە کە ڕستەکان وەک زەنگیانە لە بەن و بەند دەکەم و بە خوێنەری دەدەم.**

**گەر ڕستەکان وەک جەواهر لە سندوق بە خوێنەر بەخشران، ئەوە مانای ئەوەیە کە نووسەر یان پێدەری ڕستەکان خوێنەر بە تەوانا و ژیر دەزانێت. گەر ڕستە وەک جەواهر بە خوێنەر دار، ئەوە خوێنەر دەتوانێت کە خۆی پێ جوان و گەورە بکات. بەڵام ئەگەر کە ڕستە وەک زەنگیانە لە بەن و بەند کرا و بە خوێنەر دار، ئەوە مانای ئەوەیە کە نووسەر یان پێدەر خوێنەر بە ژیر و تەوانا ناناسێت. هەروەها ئەگەر ڕستە وەک زەنگیانە لە بەن و بەند کرا، مانایەکی کوشندەی تری ئەوەیە کە خوێنەر وەک زەنگیانە دەبەسترێتەوە.**

**هەر چی کە ڕستەکان و وشەکان ڕەها و دنک بە دنک بە خوێنەر دران، نیشانەی ئەوەیە کە خوێنەر لە کرانەوەدایە.**

## قورئان وەک زەنگیانە و جەواهر لە نێوان بەن و سندوقدا

مامۆستا ئەسعەدی نادری کەسێک بوو کە بەشێکی بە ناوی **شعبەی حفظ ی** لە شاری ڕوانسەر کردەوە، کە بەشێکی تری حوجرەی موحەممەد ئیقباڵی لاهوری بوو. بیرۆکەی دامەرزاندنی ئەو بەشە لە دەرەوەی کوردستان پێی گەیشتبوو. پێموایە لە لایەن فارسەکانی باشووری ئێران یان عەرەبەکان. مامۆستا ئەسعەد ئەو بەشەی بۆ منداڵەکان دامەرزان، بۆ ئەوەی کە منداڵەکان هەر لە منداڵیەوە، قورئان لەبەر بکەن.

لە قورئان وشەی **حفظ** ی قورئان بۆ خوایە، ئەوە کە قورئان **حفظ** دەکات. بۆ قورئان، وشەی **قراءة و تلاوة** هاتووە. خوا حفظ ی دەکات و مرۆڤ قراءة و تلاوة ی دەکات. ئەی مامۆستا ئەسعەد بۆ گەشەی بە **حفظ** ی قورئان دەدا؟.

لە قورئاندا هاتووە: **و یسئلونک عن الروح قل الروح من امر ربی و ما اوتیتم من العلم الا قلیلا(اسراء ٨٥).**

**یەکێک لە تایبەنمەندیەکانی قورئانی پیرۆز، جیاوازی و دووری نێوان ڕستەکانە. مرۆڤ نوقتەیەک دادەنیت بۆ ئەوەی کە ڕستەکانی لە یەکدی جیا بکاتەوە، بەڵام لە قورئان بازنەیەکی گەورەتر لە نوقتە دانراوە. ئەمە دەتوانێت کە ئاماژە بە سەربەخۆیی هەریەک لە وشەکان و ڕستەکان بێت.**

قورئان وەک سندوقێکی جەواهرە کە دەستە ڕستەیەکی تێدایە کە پێکەوە تێکەڵی یەکدی بوون. ئەو ڕستانە کە وەک جەواهرن، دەبێت کە بە دەستی کەسێک بێتە دەرەوە. من یەکێک لەو کارانەی کە کردوومە ئەوەیە کە ڕستەکانی قورئان بە ئەسپایی و ژیری دەربهێنم و لەم نووسینە وەک جەواهر بە ناوی خۆمەوە هەڵیواسم.

دەستەیەکی زۆری ڕستەکانی قورئان وەک زەنگیانەیە کە بەن و بەند بووە. بەستراو و بۆ بەستنەوە بەکار دەچێت. خوێنەر زەمینەی بەستنەوەی خۆی خۆش دەکات.

خوای مەزن کە بوونی لە پشتەوەی ڕستەکانی قورئانە، بە حکمەت و ناسینی پیرۆزیەوە ڕستەکان لە ناوەکان و نەوەکان دەکاتە زەنگیانە و جەواهر. ئیتر یان مرۆڤ دەبەستێتەوە یان مرۆڤ جوان دەکات!.

خواستی من لە باسی مامۆستا ئەسعەد ئەوە بوو کە ئەوان نەزان بوون لەوەی کە مرۆڤ چۆن دەبێت کە ڕستەکانی پێ بدەرێت؟ وە چۆن ڕستەکان و ناوەکان و وشەکان بەرەو لای کەسی شایستەی خۆیان دەڕۆن؟ نەزان بوون کە ڕستەی خوا و مرۆڤ چەندە لەیەک دوورن و چ جیاوازیەکیان لەگەڵ یەکدی هەیە!؟.

ڕستەکان بارانی (تنزل، یان تەنەزولی) بە مرۆڤ بدرێت شایستەیە، لەوەی کە ئاسۆیی بە مرۆڤ ببەخشرێت. هەروەها گەر ڕستەکان ئاسۆیی بە مرۆڤ بەخشرا، مەبەست ئەو ژینگەیە کە ڕستەکان بە مرۆڤ دەدات. ڕستەکان ئیتر لەو ناوچە دەستی بووەتەوە. قورئان کە لە بەردەستی مامۆستا ئەسعەد بە منداڵەکان درا ئەوە ڕستە دەستیەکانی پێ دەڵێن، کە لە جۆگەیەکی دیاریکراو و بە شێوەی ئاسۆیی دەبەخشرێت.

ڕستەکان و ناوەکان دەبێت کە تەنەزولی بە مرۆڤ بگات، بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بە ڕستە و ناوی شایستەی خۆی بگات.

## کۆتاییەک بۆ سەرەتایەکی نوێ

تەزوێیەک کە تەریقەتی نەقشبەندی و قادری بە دەستی پەیڕەوانی خۆیەوە دەیدات، یادی ناو بە شوێنکەوتوانی خۆیان دەگەیەنن. حوجرەی موحەممەد

**ئیقبالی لاهوری پێنووس بە دەستی شوێنکەوتوانی خۆیەوە دەدات. پێنووسێک کە دەستە دەستەی ناوەکان و ڕستەکان یاد دەکرێتەوە. بە پێچەوانەی تەریقەتی نەقشبەندی و قادری کە ناوێک تێدا یاد دەکرێتەوە.**

## پێنووس و تەزوێ

**لاپەڕەی ١٠٩ نووسیومە کە: " من کە لە بەندینخانەیە چەند دەفتەرم نووسیوە، ئەو دەفتەرانە پێگە و شوێنی ڕاهێنان و بارهێنان و داهێنان بوون."**

**دەفتەرەکان بۆ من شوێنی مەشق کردن بوون، ژینگەیەک کە بەردەوام ناوەکان و ڕستەکان پێکەوە هات و چۆیان کردووە. دەفتەرەکان کە لە بەندینخانە نووسراوە، بۆ ئەوە نووسراوە کە ڕستەکانی خۆمی تێدا بدۆزمەوە. مرۆڤ باشترین کەسە، بۆ ئەوەی خۆی شادمان یان نیگەران بکات.**

باش وایە کە بەسەرهاتی باوکم بۆ نەوەی کورد بگێڕمەوە کە چۆن بوو تەزوێ لە دەست و گیرفان خست. بۆ ئەوەی کە هەڵی بسەنگێنن لەگەڵ مندا کە کوڕەکەی چۆن پێنووسی بە دەستەوە گرت!؟.

لە پاش ئەوەی کە ڕژێمی بەعس کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەرەو باشووری عێراق برد و لەوێ هەڵیانی ڕژاند، خەڵک لە ناو سیمی خاردارا هەر خەریکی ماڵ ئەو ماڵ بوو، لەبەر دەرگی مزگەوت و بازاڕ و کۆڵانان هات و چۆیان دەکرد و پێکەوە و بە تەنیا ژیانی کەمپ و ئوردووگایان بەسەر دەبرد.

لەو دەورانە بوو کە باوکم تەزوێ بە دەستەوە گرت. لەو دەورانە بوو کە مزگەوت کلاوێکی سپی کردە سەری و تەزوێ قەزوانی دا بە دەستیەوە. بۆ ئەوەی کە زکر و تالیلە و تەسبیحاتی پێ بکات. هەر لەو کاتەوە ئیتر تەزوێ وەک دۆستی بەردەامی دەست و گیرفان بۆ باوکم مایەوە. ئەو کارەی کە تەزوێ دەیکات ئەوەیە کە ڕستە لە سەر زار ناهێڵێت. ئەوەی کە جێگیری دەکات، ناوی خوای مەزنە. پاش ئەوەی کە باوکم لە ژیانی کەمپ دەربازی بوو و گەڕایەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەدەبی باوکم بەری خۆی دا بە دەستەوە. باوکم ڕستەیەکی بۆ یاد کردن بە من نەدا، ئەوەی کە ئەو دان و ددانی لەسەر دەنیا ئەوەبوو کە دەیوت، هەرچی دەبێت بە

دەستی خوای گەورەیە. هەرچی بقەومایەت، باوکم دەیوت کە خوا بەرپرسیاری هەموو شتە.

باوکم قسەی سەردەمی ئەوە بوو کە هەموو شتی پەیوەند بە ناوی خواوە دەدا و ناوی خۆی لە بەرپرسیاریەتی دەرباز دەکرد. **زاری مرۆڤ وەک کەڵ و گەردەنەیەکی گەورەیە کە مرۆڤ ناو دەکاتە خاوەنداری ئەو گەردەنە.** هەر کەس خاوەنداری ئەو گەردەنە بە دەستی ناوێکەوە دەدات. باوکم ناوی خوای بە خاوەنداری ئەو گەردەنە دانیا، بۆیە هیچی بۆ وتن بۆ من نەبوو. قسەکان و هزرەکان و هەستەکانی باوکم لە دڵی مایەوە. سینگی باوکی من شوێنێکی پیرۆز و گەورەیە.

بە پێچەوانەی باوکم لە کە کەمپی بەعسیەکان تەزوێ بە دەستەوە گرت، کوڕەکەی لە کەمپی ئینگلیزەکان پێنووسی بە دەستەوە گرت. لە ئەو ژینگە و نیگەرانی و پەشۆکاویەی کە ئینگلیزەکان بۆ منیان دروست کرد، ڕووم لەسەر کاغەزەکان گرت، بۆ ئەوەی کە بە هاوکاری پێنووس ناوەکان و ڕستەکان ببەم و بهێنم. لە وێنەیەک و دورەیەک وشەکان وەک مەڕەکان دەبێت کە نووسەر خاوەنداری بکات، وە لە وێنەیەکی تر نووسەر وەک پاشایەک و وشەکان وەک سەربازەکان پاسەوانی و خزمەتی دەکەن. هەروەها لە دەورەیەک من وشەکانم وەک مەڕەکان بە خێو دەکرد و هات و چۆیانم پێ دەکرد و پاسەوانی ئەوانەم دەدا، وە لە دەورەیەکی تردا وشەکان وەک سەربازەکان دەوری منیاندا و ئەوان خزمەت و یارمەتی منیانداوە. ئەمە ئاماژەیە بەوە کە بە ناوی خوای مەزن بە ڕاستی و پاکی لەگەڵ وشەکان هەڵسوکەوتم کردووە. بەردەوام ناوی خوای گەورە بە خاوەندار و پاسەوانی یەکەم دەناسمەوە.

لە دێژی چەند ساڵ کە لە کەمپ و بەندینخانە و بێ ماڵ و مەکانی لە ئینگلیس بووم، لە هەر کات و ساتێک کەڵکم وەردەگرت و بە کارم دەبرد بۆ ئەوەی کە ناوەکان و ڕستەکان و ئەوەی کە بەسەر و گیان و ناوم قەوماوە بیڵێمەوە و لە دەفتەر و نووسینی جۆراوجۆردا باس و تەویری بکەمەوە. ناوەکان وەک دانەکانی تەزوێ ئەوەندە لە بن دەست و هزر و هەستەکانمدا دەهاتن و دەچوون، چەندەها جار لە پەتەوە پتوورکاوەتەوە. وازم نەهێناوە و بۆ جار و چەندەها جاری تر لە هەر شوێن و کات و ساتێک بەردەوام بووم و بە پێنووس یادی ڕستەکان و ناوەکانم کردووە. هەردەم بە چۆک و فرمێسکەوە دواوم لە خوای مەزن کردووە کە ناوەکان و

ڕستەکانم بۆ بکاتەوە. خوای مەزن ناوەکانی لە پێگەی نێردراوەکان و دانراوەکان بۆ من کردەوە.

پاش ئەوەی کە پێنووس وەک تەزوێی لێ هات کە ناوەکان و ڕستەکان و وشەکان یاد بکەمەوە، ئیتر شێوەی ئەدەبی نووسیاری من لەگەڵ ناوەکان گۆڕانی بەسەر هات. یەکێک لەو گۆڕانە گەورانە ئەوە بوو کە بە شێوەی تاکەکەسی باسی ناوەکانم دەکرد. یەکێک لەو نووسینانە ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی تایبەت باس و یادی ناوی ئیبراهیمی کوڕە خاڵم کرد. لە دەفتەرێکی تر کە تایبەت بۆ کچە ئینگلیزێک نووسیم، تەواوی وشەکان و ڕستەکان و ناوەکان بۆ خزمەتی ناوی ئەو کچە ئینگلیزە بە کارهات. تایبەت وشەکان و هەستەکانم لە نووسین بۆ ناوێک بە کار دەبرد.

ئەدەبی یاد بە پێنووس جیاوازە لە ئەدەبی یاد بە تەزوێ، ئەوەی کە تەریقەتی نەقشبەندی و قادری فێری کوردیان کرد ئەوە بوو کە بە تەزوێ، ناوی خوای مەزن لە دەمدا یاد بکەنەوە. ئەوان ئەدەبی تەزوێیان گەشە پێدا، ئەوان زاری کوردیان بە ناوێک و پەنجەی کوردیان بە دانەکانی تەزوێوە خەریک کرد. بە پێچەوانەی ئەدەبی نەقشبەندی و قادری، ئەدەبی کار کردن بە پێنووس بۆ یاد کردنی ناوەکان وە داڕشتنی پێگەی ناوەکان، ئەدەبێکە کە خوای گەورە بەخشندیی لە ئاستی مندا کردووە.

پێنووس و یاد کردنی ناوەکان و وشەکان، وەک پەناگایەک بوو کە منی ئارام و هێوەر کردەوە. مرۆڤ لە پەناگایەک تەوانای ئەوەی هەیە کە ناوەکان یاد بکاتەوە. هەر کەسە و پەنا بە ناوێک دەبات بۆ ئەوەی کە بگات بە ناسین. خوای گەورە پێکنەر و ڕێکخەری ناوەکان و وشەکان و ڕستەکانە، هەر بە هاوکاری ناوی پیرۆزیەتی کە ئەدەبەکان دروست دەبێت. پێنووس لەگەڵ ئەوەی کە وشەکان و ناوەکان دەخاتە بەردەستی مرۆڤ، ئاکاری مرۆڤ دەستکاری دەکات. پێنووس ئاکار نەرم و ناسک و ورد و ڕوون و ڕێک دەکات. ئەو کەسانەی کە لەگەڵ وشەکان و ناوەکان هەڵسوکەوتیان کرد، بە ناوی خوای گەورە وزە و هێزی زۆریان هەیە لە خاوەنداری وشەکان و ڕستەکان.

وشەکان پەیکەرێکی تاشراویان هەیە. پیتەکان وشەکان دروست دەکات. دەستێک دەبێت ئەو پیتانە پێکەوە بنات بۆ ئەوەی کە وشەکان دروست بێت. زمان مەبەست

دەرودەشتێک لە وشەکانە. خوای مەزن وشەکانی دامەرزاندووە. خوای مەزن وشەکانی بونیاد نیاوە. ئەوەی کە مرۆڤ دەیکات ئەوەیە کە وشەکان لە نەخشە و ڕستە دەچنێت و دادەمەرزێنێت. خوای مەزن دەستی باڵای هەیە کە تەوان و شایستەیی بە مرۆڤ بدات کە وشەکان لە ڕستە و ئەدەب و نەخشەدا بچنێت. خوای مەزن گەر بیەوێت دەستی مرۆڤ دەکاتەوە کە ڕستەی ڕووناک و کورت و جوان بنووسێت، ئەگەریش بیەوێت کە مرۆڤ سەرلێ بشەوێنێت، وای لێ دەکات سەدان لاپەڕە بنووسێت و خۆیشی تووشی داوی ڕستەکانی خۆی بێت!.

ڕێگەڕۆشنی بۆ مرۆڤ بە وشەکانە. نزیکترین ناو لە وشەکان بۆ من، پێنووس بوو. بە پێنووس وە لە تەنیایی خۆمدا، یاد و بەهام بە تەواوی ناوەکان داوە وە داوام لە خوای مەزن کردووە کە ئەوەی شایستەی زار و دەستی مرۆڤە و ئەوەی کە شایستەی زمانی کوردیە بیکاتەوە.

چیرۆکی من و باوکم و تەزوێ و پێنووس و یاد و ناوەکان و زار و دەست، دەتوانێت کە ڕێگە بۆ زانین و ناسین لە نێو نەوەی کورد خۆش بکات. نەوەی کورد بەو وێنە و باسە دەتوانێت کە بەرەو کرانەوە بچێت. دڵنیا بن کە ئەو کارەی کە من لەگەڵ پێنووس کردم، تەنیا شایستە و لایقی ناوی من بوو. **من ئەم قسە بۆ ئەو کەسانە شایستە دەزانم کە ناوی خوای گەورە یاد بکەنەوە و بەرزی بزانن. بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان هەیە کە خوای مەزن دەستی تەوانای هەیە لەوە کە بە هەر ناوێک، بەخشندەیی تایبەت بە خۆی بکات. خوای مەزن خاوەن گەنجینەکان و هومارەکانە، ئەوە کە خاوەنداری ناوەکانە.**

**ئەو کەسانەی کە شیر دەخۆن لە پێویستی دەیخۆن، وە ئەو کەسانەی کە دۆ دەخۆن لە خۆشی دەیخۆن. هەروەها شایستەی مرۆڤە کە جارێک بە ئاسوودەیی و یەواشی و نەرمی بەسەر ڕستەکاندا گوزەر بکات و بڕوات، دڵنیا بن کە ئەگەر شایستەی ڕستەیەک و ناوێک بن، ئەو ڕستە و ناوە بە دوای خوێنەر دەکەوێت. ئەو کەسانەی کە زۆر لێکدان و پێداچوونەوە و شیکاری و شیتەڵکاریان دەوێت و لەسەر ڕستەکان دەمێننەوە و بیر و هەست و هزری لێ ئەتاشن، وەک بۆقی سەر گۆمی ئاو، لە ژیانی سەر دەریا و سەر ڕووبار هەراسیان هەیە. ئەو کەسانە لە گۆمی ناوەکان و ڕستەکان دێنە دەرەوە و دەڕۆنە ناوەوە. ئە کەسانە لە بەزەیی و بەخشندەیی خوای مەزن دوور و دۆڕاون.**

# پێنووس و بەرد لە دەستی ڕاست و چەپدا

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

دەست لە کرانەوە و بەسترانەوەدا، پەیوەندیەکی دیار و تایبەتی بە وشەکان و ڕستەکانەوە هەیە. لە دایکم پرسیارم کرد بۆ منداڵ کە لە دایک دەبێت بۆ ماوەیەک لە پێچانەوە دەستی چەپی دەبەسترێت و دەستی ڕاستی کراوە دەهێڵنەوە؟ دایکم وتی ئاوەهام بیستووە کە دەیانوت دەستنوێژ لە دەستی ڕاستەوە دەست پێ دەکرێت. دایکم منە منێکی کرد و وتی: لە زستاناندا دەستی منداڵ دەبەستن، لە هاوینان دەستی نابەسترێت!.

ئاوەها وەڵامدانەوەیەک بۆ من ئەوەی دەرخست کە دایکم ئاگای لەوە نیە کە منداڵ پێچانەوە لە سەرەتای بوونیدا چ دەور و بەهایەکی هەیە.

**لە مەلایەکم پرسیار کرد کە ئەرێ مامۆستا بۆ کەسێک کە حەج دەکات لە ئیهرامدا جۆرێک جل دەپۆشێت کە دەستی چەپی دادەپۆشرێت و دەستی ڕاستی کراوە دەمێنێتەوە؟.** مامۆستا وەک دایکم وەڵامێکی تایبەتی بۆ ئەو پرسیارە نەبوو.

لەوەدا مامەوە کە بۆ دەستی ڕاست کراوە دەمێنێتەوە، بۆ لیاقەتی خاوەنداری بە دەستی ڕاست دەدرێت؟.

بێ وەڵامی و بێ دەنگی لە بەرانبەر ئەو جۆرە پرسیارانە منی بۆ ڕستەیەک دەبرد کە هەست و هەناوی منی دەگوشی و دەترساند: **بەستراوەکان و کراوەکان نزیک بە دەستە.**

لەشی مرۆڤ وەک گۆزە کە لە ئاوی خۆی دەخوات، هەروەها لەشی مرۆڤ لە وشەکان و ڕستەکان و ناوەکانی لەشی خودی مرۆڤ دەخوات. ئەوەی کە خاوەنداری خواردنی وشەکان لە لەش دەکات، دەستی مرۆڤە. وشەکان بۆیان هەیە کە لە دوو

بەشی لەشی مرۆڤدا خاوەنداری بە دەستیانەوە بدرێت. یەکەم ڕوومەتی مرۆڤە و دووهەم دەستی ڕاستی مرۆڤە.

سەردەمێک کە لە سەر سفرە دەستم بە خواردن کرد، بە دەستی چەپم نانم بۆ زارم دەبرد. هەروەها بە دەستی چەپم فێری بەرد وەشاندن بووم.

لە کۆندا بۆ ئەوەی کەسێک بە دەست چەپ یان دەست ڕاست بناسرایەت، پرسیاری ئەوەیان لێ دەکرد کە بە دەستی چەپ دەخوات یان بە دەستی ڕاست؟ هەروەها پرسیاری ئەوەیان دەکرد کە بە دەستی چەپ بەرد دەوەشێنێت یان بە دەستی ڕاست؟. من لەوانە بووم کە بە دەستی چەپ خواردنم دەخوارد وە بە دەستی چەپ فێری ئەوە بووم کە بەرد بوەشێنم. کاتێک کە دەمەویست فێری نووسین ببم، ئاوەها منیان ڕاهێنا کە بە دەستی ڕاست بنووسم و پێنووس بە دەستەوە بگرم. بەڵام من چەند جارێک هەوڵمدا کە پێنووس بە دەستی چەپەوە بگرم و پێی بنووسم، نەمتوانی و وازم لەوە هێنا کە ئیتر بە دەستی چەپ بنووسم.

لە دەورانی منداڵی دەست بەهایەکی فراوانی هەیە. بەرد یەکێک بوو لەو ناوانەی کە بۆ زۆر شت بە دەستمانەوە دەگرت، بۆ سەگ، توو، شەڕە بەردی کۆڵان، پەلەوەر، گەمەی سەر ئاو، و شتانی تر. منداڵان بە دەستی ڕاست ڕادەهێنران کە بەرد بە دەستی ڕاستەوە بگرن و بە دەستی ڕاستیان بەرد بوەشێنن. لە درێژی دە ساڵ لە تەمەنم، بەرد وەک یەکەم ناوێک بوو کە ناوی و پێگەی بۆ دەستم هاوسێ و ئاشنا بوو. گەمە بە بەرد و شەڕ بە بەرد و کەڵکی بەرد، لە بەرەتاکانەوە دەرکەوت.

کاتێک نەوەکان تەوانی ئەوەیان هەبوو کە وێنە دروست بکەن، ئەو کاتەیە کە دەتوانرێت پلە و پێگەیان دەرکەوێت. سێ دیمەن بە بەرد لە دە ساڵی منداڵیم کارێکی کرد کە بەرد و دەست، ناو و پێگەی فەرامۆش نەبێت.

**دیمەنی یەکەم،** بە حاڵ و نەحاڵ لە بیرمە، کاتێک کە چوار یان پێنج ساڵم بوو، لە کۆڵانەکەی ماڵی خۆمان بەرەو بازاڕی کەمپی ئاڵتاش دەچووم کە لەسەر گەرئاو و چڵکاوێکی گەورە، دەستە منداڵێکم بینی کە کۆ بوونەتەوە و دەنگ و هەرایەکیان بەرێ خستووە. نزیک بوومەوە و سەرم بردە نێو منداڵەکانەوە و سەیرم کرد و بینیم کە بۆ چی کۆ بوونەتەوە!.

لەسەر گەرِئاو و چلّکاوەکە دوو سەگ پێکەوە لکا بوو، منداڵەکان لە چواردەوری گەرِئاوەکە کۆ بوونەوە و بە دەستی ڕاستیانەوە بەردیان لە دوو سەگەکە دەدا. بەو بەردانە دەیانەویست کە دوو سەگەکە لێک جیا بکەنەوە. دوو سەگەکەش لە نێو بازنەیەک گیریان کردبوو کە منداڵ لە چواردەوریان بوو، هیچ ڕێگەی هەڵاتن نەبوو. سەگیش کە پێکەوە دەلکێت، ئیتر جووڵەی پێ ناکرێت و لە شوێنی خۆی دەوەستێت تا ئەو کاتەی کە لێک دەبنەوە.

منداڵەکان بە هات و هاوارەوە بە بەرد وەشکیا بوونەوە ئەو دوو سەگەوە. دوو سەگەکەش لەبەر ئەوەی کە جووڵەیان پێ نەدەکرا و لە ناوەندەوە مابوونەوە، هەر بە قووزە قووز هەر تاوێک سەریان و لەشیان لە بەرد لا دەدا. منداڵەکانیش هەر بەردێکیان بە دەستەوە دەگرت و دەیانوەشاند. ئاوی گەرِئاوەکە و بەردەکان سەر و گیانی دوو سەگەکەی تەڕ و پیس کردبوو.

من لە دەوری ئەوانە ڕاوەستا بووم بۆ ئەوەی کە سەیری ئەوە بکەم کە ئەو منداڵانە چی بەسەر ئەو دوو سەگە دەهێنن. شتێک کە بۆ من سەیر بوو، ئەوە بوو کە بۆ منداڵەکان چێژ لەوە وەردەگرن کە بەرد بۆ سەگ بهاوێژن؟ وە بە لامەوە سەیر بوو کە دوو سەگ پێکەوە لکاون!. سرنجی تایبەتی من ئەوە بوو کە ئەو دەستە منداڵە بەردیان بە دەستی ڕاستیانەوە لە دوو سەگەکە دەوەشاند. خوای گەورە ئاگادارە کە دەستم بۆ بەردێک نەبرد و ئازارێکم بە دوو سەگە نەگەیاند، بەس وەک سەیر کەرێک، شایەتی ئەوە بووم کە ئەو منداڵانە بە بەرد لەو دوو سەگە بەر ببوون.

لە ئوردوگا و کەمپی ئاڵتاش منداڵ باش دەستی بە بەردەوە ئاشنا بوو. بەرد وەشاندن یەکێک بوو لەو پێوەرانەی کە یەکدیمان هەڵدەسەنگاند کە کام لە ئێمە تەوانای زۆرترە و زۆرتر بەرد دەهاوێژێت!.

**دیمەنی دووهەم،** پاش ئەوەی کە لە کەمپی بانگەڕ لە نزیک بە شاری سەرپێڵی زەهاو ڕزگاریمان بوو و چووینە نێو شار و لە شاردا بنەوای ژیانمان دامەرزاند، من و منداڵەکانی تر سەرمان بە هەر کون و کەلۆرێکدا دەکرد. ئەو کاتە شاری سەرپێڵی زەهاو شارێک بوو کە پاش شەڕی ئێران و عێراق وەک شارێکی شەڕی دەیانناسی، کە مەبەستیان ئەوە بوو شارێکە شەڕ لێداوە و زیان و کوتانی زۆری لێ کەوتووە. سەرپێڵی ئەو کاتە شارێک بوو کە دانیشتووی کەم بوو و ماڵ و

خانووەکان کەسی تێدا نەبوو. ئێمەش بۆ ئەوەی کە کاتی خۆمان بکوژین و شتێک بدۆزینەوە و سەرگەرم بین، دەگەڕاین و بە کەیفی خۆمان دەسووڕاینەوە.

ڕۆژێک بە تەنیا لە نێو شاردا بە لارە لار ڕێم دەکرد، دەستە منداڵێکم بینی کە لە بەر دەرگی دوکانێکی چکۆلە کە دەرگاکەی ڕووخا بوو کۆ بوونەتەوە. بە پەلە خۆم گەیاندە بەر دەرگا و لە دواوەی منداڵەکان سەیری ناوەوەی دووکانەکەم دەکرد بۆ ئەوەی کە بزانم ئەو منداڵانە خەریک بە چین و بۆ کۆ بوونەتەوە!؟. چوومە بەر دەرگا و سەیرم کرد کە منداڵەکان بە دەستی ڕاستیان بەرد لە لەشی کابرایەکی پیر دەدەن کە وەک ئەوە بوو کە مردووە. منداڵەکان بەرد و کوچکیان هەڵدەگرت و لە کابرایان دەدا، بۆ ئەوەی کە بزانن مردووە یان زیندووە!؟. بە دەستی ڕاست بەردیان تێ ئەگرت و لە لەشی کەوتووی کابرایان دەدا. کابرای پیر بە پشتدا کەوتبوو، لەشی نیوەی بە دەرەوە بوو، ئەوەندە بەردیان تێ گرتبوو لەشیان پەڵە پەڵە کەوە کردبووەوە.

ئەوەندەی کە لەو کابرا لێکم دایەوە، ئەو کابرا کەسێک بوو کە لە دەورانی شەڕدا کەس و کاری لە دەستداوە و تەنیا و بێ کەس و بێ ماڵ کەوتووە، بۆیە لە نێو ئەو دوکانە ژیانی دەکرد. خوای گەورە شایەتە کە بەردێکم لەو کابرا نەگرت و ئازارم بەو کابرا نەگەیاند، تەنیا وەک سەیرکەرێک سەیری ئەوەم دەکرد کە ئەو منداڵانە بە بەرد لە لەشی کابرایەکی مردوویان دەدا.

**دیمەنی سێهەم،** پاش ئەوەی کە خەڵک لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەست و ڕێ و شوێنی کرایەوە، هەر کەسە و بەرەو لادێ و شوێنی پێش شەڕ گەڕایەوە. ئێمەش وەک ئەو هەموو خەڵکە کە بەرەو دەشتی زەهاو دەگەڕایەوە، گەڕاینەوە. لە بەرەتاکانەوە لە سەرئاوزەهاو کە لادێیەک لە سێ ڕێیانی گردەنوو بوو، بنە و بنکەمان داخست. لە نێو کەپر و چادردا دەژیاین بۆ ئەوەی کە خشت ئامادە بێت و ماڵ و خانوو دروست بکرێت و بۆ یەکجاری بگەڕێنەوە بۆ لادێکەمان.

من لەگەڵ منداڵەکان لە دەرودەشت پیاسە و پێکەوە گەمەمان دەکرد. خۆشترین سەرگەرمی ئێمە، سەرئاو و چەمەکەی سەرئاوزەهاو بوو. ئەو کاتە وەک چەمێکی گەورە بوو کە شوێنی ئاودانی پەزوپۆڵەکان و مەلێ منداڵەکان و هەروەها شوێنێک بوو کە ئوتومۆبیلەکان کە وەک ڕێبوار لەسەر جادەی سەرئاوزەهاو گوزەریان

دەکرد، بە ئاوی چەمەکە فێنک بکرێن و نەفەرەکان ساردیەک بخۆن و ئیسراحەتێک بکەن و برۆن. من و منداڵەکانیش لەسەر چەمەکان کۆ دەبووینەوە بۆ ئەوەی کە مەڕوماڵاتەکان ئاو بدەین و خۆمان لە گۆمی ئاو بخەین و خۆمان فێنک بکەینەوە. بن دارەکانی بی، بنە و بنکەی رۆژانەی هەموو منداڵەکانی لادێ بوو. شوێنی شەڕ و ئاشتی و گەمە و هەرچی بەزمی منداڵانەیە. لە بەزم و هەرای سەر چەمی سەرئاوزەهاو کەیفخۆش و شادمان بووین.

ڕۆژێک بۆ ئەوەی کە بچم بۆ بن داری بیەکان، بەسەر ڕێگەیەک دەچووم کە منداڵەکان دروستیان کردبوو. مامەکانم بینی کە خەریکن خشت دەبڕنەوە، لە ڕێگە لامدا بۆ ئەوەی کە سەردانی مامەکانم بکەم و تاوێک لە بن سێبەری ئەو خشتانەی کە بڕییانەوە دانیشم و گوێ لە قسە و باسەکانی ئەوان بتەکێنم. دارێکم بە دەستەوە بوو، خەریک بووم کە بە دەم ڕێگاوە بە دارەکە سەری چاوەبازەڵەکانم دەبڕی و بەرەو مامەکانم دەچووم کە لە ناکاوە دەنگ و هەری منداڵەکانی لادێ لە بن داری بیەکان هات بە گوێمدا. لام کردەوە و سەیرم کرد کە هەر هەموویان لە بن دارێک کۆ بوونەتەوە و خەریکی شتێکن. ئاگام لە مامەکانم نەما و بە پەلە پەل ڕێم گرتەبەر بۆ ئەوەی کە بزانم ئەو منداڵانە لە بن داری بی خەریکی چین!؟. لە دوورەوە بینیم کە بەردی گەورە گەورە بە دەستەوە دەگرن و بەرزی دەکەنەوە و دیکوتن بە سەر شتێکدا. بە چاوێکی تیژەوە بۆ ئەوەی کە بزانم دەیدەن بە سەر چیدا، خۆم گەیاندە کۆی منداڵەکان و سەرم بردە نێو بازنەی ئەوانەوە.

وێنەیەکم بینی کە هەرگیز لە یادم ناچێت و هەردەم باسی لێوە دەکەم بۆ ئەوەی کە مرۆڤ ئاگاداری ئەوە بێت کە بە دەستەکانی خەریکی چیە لە زەویدا!؟. وێنە و دیمەنێک کاریگەری لەوە کرد کە وەک بەردی بناغەی باسێکی بەهاداری خۆم کەڵکی لێوە وەربگرم و بە جوانی لە نووسینم دایمەرزێنم.

**ئەو منداڵانە بەردیان بە دەستیەوە بەسەر پشتی کێسەڵک دەکوتا. ئەوانە دەیانەویست بزانن کە کێسەڵ پشتی کون دەبێت!؟ دەیانەویست ئەوە بزانن کە کێسەڵ پشتی دەشکێت؟ دەیانەویست بزانن کە خوێن لە پشتی کێسەڵ دێتە دەرەوە!؟.**

**نەک بە جارێک و بۆ جارێک، بەڵکو لە دەوری کێسەڵێک کۆ بوونەوە و بە بەرد هەر دەستێک بۆ خۆی دەیوەشاند و لێی دەدا. ئەوەندەیان لە پشتی کێسەڵ دا، تا ئەوەی**

**کە پشتی دڕا و خوێن هاتە دەرەوە، تا ئەوەی کە منداڵەکان لە دەوری کێسەڵ تۆزێک دوور کەوتنەوە بۆ ئەوەی کە بە توندی بدەن بە پشتیدا، بۆ ئەوەی کە پرژی خوێن لێیان نەدات. دەیانەوست کە کێسەڵ بدڕن بۆ ئەوەی کە پشتی کوت کوت بکەنەوە. کێسەڵەکەش سەر و دەستی لە نێو پشتی شادربووەوە، نەیدەتوانی دەریان بهێنێت و بە ڕێدا بچێت. منداڵەکان لە دەوری پشتی کێسەڵ و شکاندنی پشتی هات و هاواریان دەکرد و بە خۆشیەوە بەردیان دەهاویشت!!.**

خوای گەورە شایەتە کە لەو ڕۆژەدا بەردم بەسەر و پشتی ئەوکێسەڵەدا نەکوتا و زەرپەم لەو کێسەڵە نەوەشاند. ئەو دیمەنە وەک یەکێک لە دیمەنە ناخۆشەکانی ئەو سەردەمە لە لای مندا تۆمار کرا و مایەوە بۆ ئەوەی کە وەک نموونە و بەرێکی ژیانم کەڵکی لێ وەربگرم.

پاش ئەوەی کە ماوەیەک لە شاردا خەریکی خوێندن بووم و بۆ قوتابخانە دەچوومە شار، دەستەیەکی زۆر دۆست و دانە دانە دوژمنمان هەبوو. لە بیرمە کە ڕۆژێک لە نێو کۆڵاندا بووە شەڕە بەرد و هەر منداڵێک بەردی لە کەسێک و دەستەی تر دەگرت. منیش چەند جارێک بەردم وەشاند و هەر ئەوەم زانی کە کوڕێکی دراوسێمان سەری شکاو و یەکڕاست بەردە شەڕەکەمان ڕاوەستاند و من و براکەم چووین بەرەو ئەو کوڕەوە کە سەری شکا بوو. پەڕۆیەکمان سووتاند و سووتاوەی پەڕۆکەمان لەسەر سەری دانیا و بە بێ ئەوی کە کەس بزانێت، باسیمان نەکرد و ئاشت بووینەوە.

**" لە دەورانی حەجی خانووی خوادا ڕەجمی شەیتان یەکێکە لەو ئەرکانەی کە دەبێت مۆسوڵمان پێ هەڵسێت. بەرد گرتن بە شوێنی شەیتان، بە دەستی ڕاست دەکرێت!."**

دەیەی دووهەمی ژیانم بە پێچەوانەی دەیەی یەکەم، بەرد پێگەی نەبوو، بەڵکو پێنووس شوێن و پلە و پێگەی خۆی کردەوە. پێنووس هەر لەو دەستە دەگێڕدرێت کە سەردەمێک بە بەردەوە خەریک بوو. هەر ئەو دەستەی کە سەری منداڵی خەڵکی دەشکاند، هەر ئەو دەستە بۆ منداڵانی خەڵک هاتە قسە و نووسین.

**مرۆڤ بۆ ئەوەی کە بۆی بکرێتەوە، کرانەوە لە ئاسمانەوە نیە، بەڵکو کرانەوە لە خوێن و دەست و پەیکەری مرۆڤەوە نزیکە.**

بۆ ئەوەی کە بزانم دەست بۆ دەبەسترێت و بۆ دەکرێتەوە، چۆن دەبەسترێت و چۆن دەکرێتەوە!؟ هەوڵی ئەوەمدا کە لە دوو دەیەی لەسەر یەکی ژیانی خۆم بکۆڵمەوە، ئەو کاتە زانیم کە پێگەی دەست لە ژیان وەک نۆکی بن قوڵاخەیەتی، ئەو کاتەی کە لە بەهاردا، سەوز و تەڕ ڕوواوە.

لە بەهاران و بەرەتای ئەو کاتەی کە نۆک سەوز دەبوو بۆ ئەوەی کە وەک نۆکی تەڕ بناسرێت، دەچووین بۆ سەر زەویەکان و نۆکمان بە چەپک چەپک دەکەند و هەر لەسەر جادەی سەر زەویەکان لەگەڵ منداڵەکان دادەنیشتین و نۆکمان دەتەقاند و دەمانخوارد. ئەوەندە نۆکمان بە پەلە پەل و خۆشی دەخوارد، پێش ئەوەی کە بە دەست بیکەینەوە و سەیری بکەین، هەر بە دەم دەمانکردەوە و هەر بە دەم دەمانخوارد و سەیرمان نەدەکرد. جار بە جار تامی نۆک لە دەممان دەگۆڕا، یەکسەر دەمانتفانەوە. بن قوڵاخەی سەوزی نۆک هەر دەم یەک نۆکی تەڕ و جوانی نەبوو. بەڵکو جاری وا هەبوو کە دوو نۆکی دەدا و جاری وا هەبوو کە نۆکێک و کرمێکی دەدا، جاری واش هەبوو کە پووچەڵ و بە ڕەشیەک بە دەر دەکەوت.

ئەوەندەی دووانە نۆکی دەدا، ئەوەندەش کرم و نۆکی پێکەوە دەدا. کار سەختی بۆ ئەوانە بوو کە دەیانەویست بە بێ ئەدەبی، بە ئەدەبی منداڵان لەسەر جادە نۆک بخۆن. ئەمە دەربڕی ئەوەیە کە ناوەکان لە دەورەکان، وەک منداڵەکان لە دەورەکان، هەر دەورەیەک بە ناوێکەوە خەریکن.

" منداڵ، ئەدەبی خواردن لە چەپکی نۆکی دەستی خۆی وەرناگرێت. بۆیە جار بە جار دووانە نۆکی پێ دەدات، وە جار بە جار کرم و نۆکی پێ دەدات."

مانەوەی وێنەی نۆک خورادن وەک بیرەوەری لە لای مندا، سەری ئەو باسە دەبەستێت کە وێنەکان و بەسەرهاتەکان و دیمەنەکانی ژیان لە دەورانەکان، تەوانای ئەوەی هەیە کە ئاوی تێ بکات و بیگرێتەوە. وێنەی بەرد و پێنووس لە دەستی مرۆڤدا، لە دوو دەورەی جیاواز وەک دوو سەگی لکاو، چێژ و لێدان وەک دوو وشەی لکاو بۆ من دەکاتەوە. وەک نۆک و کرم کە لە دەمدا بونیادیان تێکەڵ دەبێت. وەک ناوی من و ئێوە کە ڕوومەتمان بە ناوی خوای مەزن دەگیرێتەوە.

ئەم قوڕەی کە گرتوومەوە و بۆ ئێوەی دەشێلم، زۆر بەری فراوانە، گەر ناوی خوای مەزن هاوکاریکەر نەبێت، دەست و پێم لەم قوڕەدا وشک دەبێت.

# موورگی شین بۆ لە چاو چوون و بە چاو چووندا

کەوایە من لە سێ دەورە و سێ چۆکدانی گەورەدا، بە وشەکان و ناوەکانەوە خەریک بووم.

**دەروەی یەکەم دەورەی حوجرە بوو کە بە دەستی ئەوانی تر دەگیرامەوە و لە خزمەتی ناوی ئەوانی تردا ئاو و ئاگرم تێبەردرا بوو. لەو دەورە کتێبی ئاوارەکانم بە وشەکانی فارسی نووسی. هەر لەو دەورە بوو کە بە ناوی خوای گەورە زەمینە بۆ دەورەیەکی تر خۆشکرا.**

**دەورەی دووهەم، دەورەی زانکۆ بوو، کە بە دەستی تر دەگیرامەوە، دەورەیەک کە لەسەر بونیادی دەورەی بە هێزی حوجرە خەریکی گەشت و پیاسە و گیرانەوەیەکی تر بووم. لەو دەورە بوو کە کتێبی موسوڵمانان لە گێژاوی مێژوودا، نووسرا و کۆتایی بە دەورەیەکی تر لە ژیانی گیرانەوەی من هات.**

**دەورەی سێهەم دەورەی بەندینخانە لە کیشوەری ئینگلیس بوو. دەورەیەک کە بە ناوی خوای گەورە دەورەی شکۆ و سەرفەرازی بوو، دەورەیەک کە خوای مەزن وەک خاوەندار ناسرا، دەورەیەک کە دەستە وێنەیەکی بە هێز و شکۆدار بۆ من کرانەوە، بۆ ئەوەی کە موژدە و پەیام و هەواڵ و بۆن و خۆشی بەو وێنانە بە من بگات. بە ناوی خوای مەزن یەکێک لەو وێنە پیرۆزانە دەردەخەم:**

**" دایکم وتی: لە ملی تۆدا ملوانکێکی موورگ شینمان کردبوو، بۆ ئەوەی کە لە چاو نەچیت!."**

**دایکم باسی دەورانی منداڵی منی لە باوەشی خۆی و بەرەتاکانی پێ گرتنی منی دەکرد. وتی کە ئەوەندە جوان و ڕەنگین بووی، ملوانکی موورگ شینمان لە ملت کردبوو، بۆ ئەوەی کە لە چاو نەچیت. چاوی سەوز، بە پرچ زەردی خورمایی کە تا ناو شانت دەهات، بە گۆنایەکی سوور و سپی و دەمێکی سوور و چکۆلانە و پێستێکی سپی!.**

دایکم دەیوت کە خەڵک خۆشی دەهات کە ماچی دەم و لێو و گوپت بکات. ئەوەندە ناسک و پاک و جوان بوویت. باسی دەورەیەکی دەکرد کە دایم بە باوەش و دەستی کەسێک بووم، دەورەیەک کە لە کەمپی ئاڵتاش لە دایک ببوم. نەک تەنیا دایکم بەڵکو دەوروبەریەکان باسی ئەو کاتەیان بۆ من دەکرد کە بە موورگێکی شین، وێنەی منداڵێکی جوان و خوێن گەرم هەردەم لە باوەشی خۆشەویستی دەوروبەریەکان بووم.

پاش ئەوەی کە دەورانی کۆرپەیی و باوەش گوزەری کرد و پێم کەوتە نێو کۆڵانەکانی کەمپەکە، ئیتر خۆم تاق و تەرا وێنە و بەسەرهاتی ئەو کاتەم لە بیرە. لە بیرمە کە هەردەم بە پێی پەتی دەگەڕام و لە زەویدا هات و چۆم دەکرد، ئەو کاتە پێکانم هەر ڕۆژ بە خوێن و پیسی بوو. دەستەکانی من لە قوڕ و چڵک و چڵمدا بوو. جلەکانم و ڕوومەت و لووت و دەم و چاوم لە خاک و خۆڵی بیابانەکانی ڕۆمادی هەر بەیانی و هەر ڕۆژ گیراو و پڕ لە پلت و پیسی بوو. لە بیرمە کە ئەو کاتە بەیانیان چاوەکانم لە ڕیقنە و جیقنەدا دەبەسترا، بە گریان لە زەوی هەڵدەستام و هاوارم دەبرد بۆ دایکم کە چاوم نابینێت. دایکم بە پەلە چایی گەرمی دەهێنا و بە چاوانی مندا دەیکرد و دەیکردەوە. ئەو چاوە سەوزانەی من کە خوای گەورە بە جوانی و گەشی بە منی بەخشی لە بیابانەکانی عەرەب دەبەسترا و دەگیرا و نابینامی دەکرد.

پەنجەکانی من ڕەش و چڵکن و تەرەکی بردبوو. نەبوونی شیر و خواردن لەگەڵ عارەق و گەرما و تەپ و تۆز، کارێکی کرد کە سپێ و پیسی و نەخۆشی ڕوو لە ڕوومەتی گەشی من بکات، ئەو ڕوومەتە کە خوای مەزن جوان و ئاوەدان خستیە سەرزەوی!.

خۆم ئەو دەورانەم بە باشی لە بیرە و زۆر دیمەنی برسیەتی و نەخۆشی و چڵک و پیسی لێ ماوەتەوە. ئەو دەورانە بە خواستی خوای گەورە کۆتایی پێ هات.

خوای مەزن منی بە جوانی و پاکی خستە سەرزەوی. من لە کەمپی ئاڵتاش هاتمە دونیا، ئەو کەمپە لە ژێر کاریگەری شەڕی ئێران و عێراق دروست ببوو. لەو کەمپە بوو کە من لە پاکی و جوانی بەرەو پیسی و چڵک و نەخۆشی چووم، لە بن دەستی مرۆڤ و لە داوێنی بەعس و مرۆڤی ستەمکاردا.

لە دەورەکانی پاش ئەوە تا لەشم گەیشتە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی لە کەمپی ئینگلیزەکان لە وڵاتی ئینگلیس، هۆشم لەگەڵ لەشم گەیشتە ئەو هۆشیاریە کە من لە بن دەستی مرۆڤی ستەمکار ئاسایش و ئارامشم بۆ نیە. ئەمانە هێشتا پاش بیست و پێنج ساڵ لە کەمپدا، لەشی منیان بەند و ئەسیر کردووە. هەر ئەم بەند و ئەسیریە کارێکی کرد کە تووشی نەخۆشی و سەکتەی مێشک و ڕمانی لەش ببم. بوونە هۆی ئەوە کە هەر چرکە ئازار و دەرد بە لەش و دەروونی مندا بخەن و بەرەو کوشتن بمبەن. ئێستە کە خەریکم بە ناوی خوای مەزن ئەم ڕستانە دەنووسم، دەسڵاتدارانی وڵاتی ئینگلیس هەڕەشەی ناردنەوەی من بۆ بەردەستی دەسڵاتدارانی ئێران دەکەن، ئەو ئێرانیانەی کە سەردەمێک دەیانەویست من وەک جاش و نۆکەری خۆیان دژ بە کورد و کوردستان بە کار بەرن.

" دایکم وتی: لەبەر ئەوەی کە ملوانکە موورگ شینەکە لە ملت چکۆلە بوو، لە ملتمان کردەوە."

دایکم وتی لەبەر ئەوەی کە لە چاوی مرۆڤ نەچیت، ئەو ملوانکە موورگ شینەمان لە ملت کردبوو. ئەمە دەری دەخات کە نەخشەیەک لە منداڵیەوە هەبووە کە من لە چاوی مرۆڤدا بچم. بۆیە هەتاوەکو ئێستە ئاسایش و ئارامش لە لەش و هۆشی مندا نیە. خواستێک هەبووە و بنەماڵەی ئێمە هەستیان پێ کردووە کە بۆی هەیە من لە چاو بچم. لە ڕاستیدا و لە درێژی بیست و پێنج ساڵە کە مرۆڤ هەوڵی ئەوەی داوە کە ژینگە و زەمینەی ژیان و ئاسایشی ناو و ڕوومەتی من تێک بدات. بە ناوی خوای مەزن من نەمهێشت کە لە چاوی مرۆڤدا بچم، بە ناوی خوای مەزن بە چاوی مرۆڤدا چووم وە بە ناوی خوای مەزن ئەو چوونە بە سەرکەوتن سەر دەگرێت.

لەگەڵ ئەوەی کە ئێستە لەشم لە بەر دەستی ئینگلیسەکان بەند و ئەسیر و گیرۆدە کراوم، ناوی خوای مەزن بۆ زوبان و زمانی من کرایەوە. ئەم کرانەوە وەک ملوانکی موورگ شینە کە لەم دەورەی بەندینخانەدا، بە ملی نووسینی مندا هەڵواسراوە، بۆ ئەوەی پارێزەری ناو و پلە و پێگەی من بێت.

پەنا بۆ ناوی خوا و هێنای ناوی خوا لە سەرەتا و ناوەڕۆکی ئەم نووسینە بەشکە جێگەی بیرکردنەوە بێت، کە بۆ من ئەوەندە ناوی خوای مەزن دەهێنم!؟ ناوی خوای مەزن لەم نووسینەدا وەک ملوانکی موورگ شینە کە بە دەوری ئەم نووسینە هەڵواسراوە. ناوی خوای مەزن وەک ملوانکێکی شین بە دەستی خۆم بە سەر و

گیانی ئەم نووسینەدا هەڵواسراوە، بۆ ئەوەی کە ڕستەکانی ئەم نووسینە بە چاوی مرۆڤدا باش بچێت، بۆ ئەوەی کە بە ناوی خوای مەزن تەوانی کاریگەری لە بونیادی مرۆڤ هەبێت.

## فرمێسک لە چاوی ڕاست و چەپدا

لە درێژی ساڵەهایە کە گریاوم و فرمێسک لە چاوانمەوە هاتووەتە خوارەوە، چاوی ڕاستم فرمێسکی زۆری بۆ هەست و دەردەکانی من ڕشتووە، وە چاوی چەپم زۆر بە زەحمەت دڵۆپێک فرمێسکی ڕشتووە. چاوی چەپم وەک سەگێک بووە کە هەتاوەکو شەڕە سەگ نەیەتە بەر کوولانەی، دەنگی لێوە دەرنایەت. حیساب بۆ خاوەنەکەشی ناکات. هەروەها چاوی چەپم ئەوەندە لە من بێ منەت و پەرۆشی دەرد و ناڵەی منی نیە و بۆ خۆشەویستانی من ناگری و فرمێسک ناڕێژێت.

ڕۆژێک گریام و فرمێسک گۆنا منی گرتەوە. هەستم کرد کە چاوی چەپم بەخشندەیی نیە، هەستم کرد وەک چاوی ڕاستم فرمێسک ناڕێژێت. ئەمە بووە پرسیار و سرنجێکی سەیر!؟.

چەندەها جار بۆ ئەوەی کە ئەم بەخشندەییە تاقی بکەمەوە تووشی گریان و فرمێسک بووم. زانیم کە چاوی چەپی من وەک چاوی ڕاستی من فرمێسک نابەخشێت و نارێژێت.

بۆ ئەوەی کە تاقی بکەمەوە، زۆر ئەزموونی ترم بۆ زانینی ئەم پرس و ترس و سرنجە گوزەراند. یەکەمجار وام دانیا کە چاوی ڕاست و چەپم لە ڕادەیەک بێت و هیچیان لەوەی تریان خوارتر و لارتر نەبێت. بۆ ئەزموون وتم کە نابێت بە لای ڕاستم بخەوم و بگریم، دەبێت کە ڕووم ڕاست بێت و لە لای چەپ و ڕاستم نەبم. پاش ئەوەی کە تاقیم کردەوە، زانیم کە ئەگەر ڕووم ڕاست بێت و بە لای چەپ و ڕاست نەبم، چاوی چەپم هەر فرمێسک کەمتر دەبەخشێت.

ئەزموونی تر ئەوە بوو کە دەبێت بە لای چەپمدا بخەوم و بگریم، بەشکە فرمێسک زۆرتر لە چاوم بکەوێت. پاش ئەوەی کە ئەو ئەزموونەم تاقی کردەوە، هەستم کرد کە ئەگەر خۆم بە لای چەپمدا بخەم، ئەوە هەر گریانم بۆ نایەت!.

پاش ئەوەی کە لەسەر ڕووگەکان و لای چەپ و ڕاستی خۆم تاقیکاریم کرد، بیرم چوو بۆ لای ئەوە کە بەشکە هۆکاری گریان، دەوری سەرەکی هەبێت لە ڕێژەی فرمێسک و گریان!؟. بۆچی من دەگریم!؟ پرسیارێک بوو کە دەبێت بۆ تاقیکاری فرمێسکی چاوی چەپ و ڕاستم بە کاری ببەم. خۆم خستە بیری ڕۆژێک لەگەڵ خۆشەویستێکی کۆن، هەست بە گریان منی گرتەوە، دەست و چاوم بە گریان کەوت!. فرمێسک لە چاوانم هاتە خوارەوە. هەتا چاوی ڕاستم پێنج دڵۆپی دەڕشت، چاوی چەپم یەک دڵۆپی دەڕشت!. پاش چەند ڕۆژ بیرم چوو بۆ لای بیرەوەریەک کە زۆر هەستی تێدا نەبوو. گریان گرتمی و فرمێسک لە چاوم هاتە خوارەوە. چاوی چەپم وەک ئەوە کە ئەو ڕۆژەی لە بیر نایەت، هیچ فرمێسکی نەڕشت!.

## چاوی چەپ و ڕاست بۆ تیر و نیشان

پاش ئەوەی کە ئاگاداری ئەوە بوومەوە کە چاوی چەپم وەک چاوی ڕاستم بەخشندەیی بۆ فرمێسک نیە و بۆ هەر بیرەوەری و یادێکی من خۆی هیلاک ناکات، بیرم چوو بۆ کاتی خستنی تیر لە دەست و چاوی خۆم. من بۆ ئەوەی کە تیرێک بە باشی بوەشێنم و نیشانی پێ بگرم، چاوی ڕاستم دەبەستم و کەڵکی لێ وەرناگرم. هەستم بەوە کرد کە ئەو چاوەی زۆر بگری و فرمێسک بڕێژێت، ناتوانێت کە تیر و نیشان بکات. چاوی چەپم زۆر دەتوانێت کە لەسەر خاڵ و چاڵ و نوقتەکان ورد بێتەوە. لای چەپی من وشکی تێدایە.

## دەستی ڕاست و چەپ لە چاکە و خراپەدا

من نەرگەلەم بە دەستی چەپ بە دەست گرتووە، هەروەها بەردم بە دەستی چەپم وەشاندووە، زلە و شەپازەم بە دەستی چەپ وەشاندووە، دەستی چەپم زۆر زووتر چمچە و چەتاڵی بە دەستەوە گرت بۆ ئەوەی کە خواردن بخوات. دەستی چەپی من زۆر وزە و هێزی تێدایە بۆ ئەوەی کە بوەشێنێت و لێبدات.

جارێک لەسەر پردێک ڕێم دەکرد. چوومە لێوارەی پردەکە. لای ڕاستی من لەسەر پردەکە بوو، لای ڕاستم لەسەر ڕووبارەکە بوو. هەستم کرد کە لای چەپم پاڵم پێوە دەنێت کە بمخاتە نێو ڕووبارەکە. ئەوە بووە سرنج و پرس و ترسێکی تر!.

لە ڕێگەی هاتن بۆ ئەوروپا لە فەرەنسە لەگەڵ قاچاخچییەک تووشی دەمەقسە بووم. دەستی چەپ و لای چەپم دەیەوت کە زلەیەکی لێدە!.

پاش ئەوەی کە تووشی سەکتەی مێشک بووم، لای چەپی من تووشی داڕمان و سڕی و هیلاکەتی زۆرتر بوو. بنەپێی چەپم سڕیەکی تێکەوت!.

ماوەیەک حەبێکم دەخوارد کە دکتۆر بۆ منی نووسیبوو. حەبەکە خەوهێنەر بوو، دەستی چەپی من لە خۆیەوە هەڵدەفڕی و دەچوو. چووم بۆ لای دکتۆر و باسم کرد. سەیری لێهات و وتی: مەبەستت چیە کە دەفڕێت و دەچێت!؟.

هەندێک جار لای چەپم دەڵێت: ئەم هەموو نووسینە بدڕە، نەفرەت لە هەموو نووسینەکانت!!.

ناڵەی نالی لە کوێ و ناڵەی من لە کوێ ئەی میللەتی کورد!؟.

## دەم و پێنووس لە خوێن و جەوهەردا

وشە بەخشی لە دوو وێنەی سەرەکی بۆ من خۆشویستراوە. یەکەم وشە بە خوێن بووە، وشەیەک کە لە ڕێگەی دەمەوە لە کانی دڵ و هزر و هەستی مرۆڤەوە بە زیندوویی دەکەوێتە دەرەوە. ئاوەها دەرکەوتنێک کە لە دەم و دڵەوە بێت، پێی دەڵێن وشە بە خوێنەوە. ئەم شێوە بۆ بەخشینی وشەکان خاوێنترین و خەسترین و پیرۆزترینی شێوەکانە بۆ بەخشینی وشەکان و ڕستەکان. تایبەتمەندی جوان و باڵای ئەم شێوە ئەوەیە کە ڕوومەتی مرۆڤ بە بەرپرسیاری سەرەکی دەناسرێت، وە ڕوومەت لەگەڵ ڕوومەتەکان بە زیندوویی بەخشندەیی دەکات.

دامەرزێنەرانی ئەم شێوە بۆ بەخشینی وشەکان لە لایەن چ دەستەیەک لە ناوەکان بووە؟.

لەبەر ئەوە من کردم بە پرسیار کە بەهای وەڵامی ئەو پرسیارە لە ڕستەکانی تر جیا بکەمەوە. وەڵامی ئەو پرسیارە وەک ئەوە وایە کە لە زەویەک بۆ ڕاو بگەڕێت، لە ناکاوە کەروێشکێک لە بن بنچکێک دەرچێت و هەڵێت. چەندە کەروێشک لە بن و بنچک بێ منەت دەبێت و بە جێی دەهێڵت و لای لێوە ناکات، هەر ئەوەندەش وەڵامی ئەو پرسیارە لە بن و بنچکی ئەو پرسیارە بێ منەتە.

دین و خاوەن ڕستەکان دامەرزێنەرانی یەکەم مرۆڤەکان بوون کە وشە بەخشی بە خوێنیان وەک ڕێگەی سەلامەت و دروست بۆ مرۆڤ بە کار بردووە. خاوەن ڕستەکان لەبەر ئەوەی کە دۆستی خوای مەزن بوون، شێوەی بەخشینی وشەکانیان لە خولقێنەری وشەکان وەرگرتووە. خوای دلۆڤان کە خاوەنداری یەکەمی ناوەکان و وشەکانە، زانست و فێڵی ئەوەی لە لایە کە وشەکان لە چ پەیکەر و نەخشە و ئەدەبێک، وە بە ناوی چ جۆرە مرۆڤانێک بنێرێت و دایمەرزێنێت.

کەسێک کە بە دەم بۆ مرۆڤ دەدوێت، خاوەنی ڕوومەت دەبێت. دەم بەشێکی دیار و ڕوونی ئەو کەسانەیە کە خاوەنی ڕوومەتن. لە دەرێژی مێژوودا کەسانێکی کەم و دنکە خاوەن ڕوومەت بوون. ئەو کەسانەی کە ڕستە لە ڕوومەت وەربگرن زۆر جیاوازی هەیە لەو کەسانەی کە ڕستە لە ڕێی نووسینەوە وەردەگرن. ئەو کەسانەی کە یارانی موحەممەدی پەیامهێنەری خوای مەزن بوون، ڕستەکانیان لە ڕوومەتی موحەممەدی پەیامهێنەری خوای مەزن وەرگرتووە. ئەو کەسانە بە بەرەکەتی خاوەن ڕستەکە( کە موحەممەدی پەیامهێنەری خوا بێت) لیاقەت و شکۆی ئەوەیان پێ دراوە کە ڕستەکان لە خوێنی دڵ و دەمی ئەو پەیامهێنەرە وەربگرن.

وشە بە جەوهەر: مەبەست لە ئەو پێنووسەیە کە ئەم ڕستانەی پێ دەنووسرێت. تایبەتمەندی پێنووس ئەوەیە کە کاتێک پەنجەکان بە خۆیەوە خەریک دەکات و وێنەکان و ڕستەکان تێ دەکات، دەم دەبەستێتەوە. بەسترانەوەی دەم بە پێنووس ڕوومەت لە بار و کاری وشەکان و ڕستەکان دەخات. ئیتر ڕوومەت هەڵگەری مانا و بەهای وشەکان و ڕستەکان نیە.

لە بەسەرهاتی من و خاڵە حەیدەر و ناوی فردریک نیچەدا، خاڵ و چاڵێکی بەهاداری ترم بۆ بە دەرکەوت کە بۆ من بەها و بایەخێکی زۆری هەبوو. نیچە ڕستەکانی پێکەوە لە نەخشەیەک دامەرزاندووە. ڕستەکانی ئەو لە ڕێگەی جەوهەرەوە نووسراوە. ڕستەکانی فردریک نیچە زەمینەی ئەوەی تێدا هەبوو کە حەیدەر بە زوبانی خۆی وە بە خوێنی خۆی گڕی تێبەر بدات. مەبەستم ئەوەیە کە نیچە زوبانی بێ دەنگ مایەوە، ئەوە حەیدەر و هیتلەر بوون کە بە زوبانی خۆیان گڕیان لە ڕستەکان بەردا. کەسێکی وەک حەیدەر لەو جۆرە کەسانە بوو کە کاری لەگەڵ ڕستەکانی ئەوانی تر دەکرد. بە پێچەوانەی حەیدەر کە ڕستەکانی وەک

توتی لە قەفەس دەکرد، هیتلەر بە ڕستەکان، مرۆڤی لە بەند و قەفەس کرد و شەڕی دروست کرد.

لە درێژی ساڵەها کە یادی ناوەکانم دەکرد، لە بەرەتاوە بۆ من ڕستە لە جەوهەر بەهای هەبوو، وە پێداگری و سقەم بە ڕستەی جەوهەر دەکرد. کەسێکی وەک سادقی هیدایەت نە ڕستەیەکی هەبوو وە نە ڕوومەتی هەبوو. کەسێکی وەک فردریک نیچە کە دژایەتی ڕستە و ڕوومەتی عیسای کوڕی مریەمی دەکرد، خوای مەزن ڕوومەتی لار و خواری کرد، شێت بوو و سەر و چاوی تێک چوو. ئیتر من چۆن دەتوانم کە سقە بە ناوی فردریک نیچەیەک بکەم کە حەیدەر پێ دەوت، خاڵە نیچەی بەراز!.

ڕستە کە پێنووس پیادەی کرد، ڕستەی وشک کراوە، هەرچەند کە تام و تازەیی ڕستە بە خوێنی نیە، لەگەڵ ئەوەدا دەتوانرێت کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ڕابگیرێت و هەڵبگیرێت. لێرەیە کە ئیتر ڕستە لە دەم بەهای نیە، بەڵکو ڕستە لە لای کێ بە ئەمانەت دەمێنێت؟ بەهای ئەبێت. کێ هەڵگری ئەمانەتی ڕستەکانە؟ ئەو کەسە بەهای هەیە. ئەوەندە کە حەیدەر بە ڕستەکانی نیچە شەڕی مرۆڤی کرد، ئەوەندە خودی نیچە کە خاوەنی بوو تەوانی ئەوەی نەبووە کە شەڕ بە ڕستەکانی خۆی بکات.

دوو تایبەتمەندی پێنووسی خاوەن پێگە کردووە:

یەکەم تایبەتمەندی کە بەرزی و شایستەیی بۆ پێنووس ڕادەگرێت، ئەوەیە کە پێنووس ڕوومەت لە بەرانبەر بوونی ڕوومەت بێ نیاز و بێ منەت دەکات. هەر کەس کە لیاقەتی ئەوەی نیە ڕستەکانی بە ڕوومەت پێ بدرێت. هەر کەس کە لیاقەتی ئەوە نیە کە دەم و زوبانی پیرۆز بۆی بە گڕ بکەوێت. کەسانێک هەر ئەوەیان بۆ باشە کە ڕستەکان لە جەوهەر پێیان بگات. ئەوانە لیاقەتی بینینی ڕوومەتی خاوەن ڕستەکانیان نیە.

دووهەم، پێنووس ڕستەکان وەک ئەمانەت لە کتێب دادەمەرزێنێت. تەواوی ئەو ڕستانەی کە لەم نووسینەدا هاتووە وەک ئەمانەت لە ئەستۆی پێنووسم خستووە. بۆ ئەوەی کە بە ڕوومەتی شایستە دەرببڕێت و بوەشێنرێت. کتێبی قورئان وەک ئەمانەتێکە کە بە پێنووس بۆ نەوەکان ڕاگیراوە. گەر ڕستە وەک ئەمانەت لە کتێب

وەربگیردرێت تەوانی کاریگەری زۆری هەیە. ئەو کەسانەی کە ڕستە وەک ئەمانەت وەردەگرن، خوای مەزن لیاقەتی ئەوەیان پێ دەدات کە مانای ڕستەیان بۆ بکرێتەوە. خاوەن ڕستە لە هەر دەورەیەک و بۆ هەر نەوەیەک زیندوو نابێتەوە، دەبێت کە کەسانێک ئەو ڕستانە وەک ئەمانەت لە لایەن خاوەندارەوە وەربگرن بۆ ئەوەی کە تەوانایی کاریگەری تەواوی هەبێت.

بۆ ئاوەدانی و زیندوو هێشتنی ئەو ناوانەی کە شایستەیی وشەیان هەیە، کە مرۆڤ دەگرێتەوە، ڕێگەی بەخشینی وشە بە خوێن توانای پێدان و لێدانی بە هێز و جوانی هەیە. ڕێی ڕاست و پیرۆز بۆ ئاوەدانی گیان و لەش و هۆش، ڕێبازی بەخشینی وشە بە خوێنە.

لە پەروەردەکان و بنکەکانی وشە بەخشی، کتێبخانەکان بە ناوەندی سەرەکی بۆ بەخشینی ناسین و زانست ناسراون. ئەوانە عیلم لە کتێب وەردەگرن، ئەوانە بە کتێب فێری ئەدەب دەبن، لە کاتێک کە من بە ناوی خوای مەزن، ڕوومەت و ناوەکان بە سەرچاوەی بەخشینی وشەکان و ناسین و زانست دەناسمەوە. ئەوانەی کە ڕێگەی کوێستانی سەخت و بە بەفر بە کەری نەخۆش و پیر دەگرنە بەر، بابزانن کە لە پرتەی چاوێک، پێگەی خۆیان لە سەر یاڵێک بۆ دۆڵێک دەگۆڕنەوە.

گەر خوای مەزن بیەوێت کە سینگ و هەناوی مرۆڤ تەنگ و هیلاک بکات و ئەو مرۆڤە هەرەس پێ بهێنێت، وەک مەنجەڵی سەر ئاگری پڕ لە ئاوی لێ دەکات کە بەردە وردەی سەر دەریا لە ناوەوەی لەگەڵ کوڵان و قوڵانی ئاوەکە دەنگی بەرز دەکاتەوە، هەرچی زیاتر بکوڵێت، دەنگ و هەرای بەرزتر دەبێت. ئەوانە نەزانن لەوەی کە بەردە وردەی سەر دەریا ئەوەندە ئاوی پێدا هاتووە و چووە کە شل و شی نابێتەوە. نەزانن لەوەی کە وشەکانی خوای مەزن لە مەنجەڵی سینگی ئەوانە ئاو نابێت و ناتوێتەوە، ئەوانە شایستەی ئەوەن کە سینگیان لێ تنگ و پڕ لە ئازار بێت. ئەو کەسانە بە ناوی خوای مەزن هەرگیز وشەکانی نێو سینگیان ناگات بە دەمیان و هەرگیز دەناچێت، ئەوانە بەو بەردانەوە ژیان تەواو دەکەن!

داوا لە خوای مەزن دەکەم کە لە نەوەی کورد کەسانێک دروست ببن کە ڕستەکان وەک ئەمانەت وەر بگرن، وە کەسانێک لە نەوەی کورد دروست ببن کە ڕستەکان بخولقێنن و ببن بە خاوەن ڕێگە و ڕوومەت. داوا لە خوای مەزن دەکەم کە

نەوەکانی داهاتووی کورد بە خوێن لەگەڵ ڕستەکان کار بکەن، وە بە جەوهەر ڕستەکان وەک ئەمانەت ڕابگرن و هەڵیبگرن.

## دەم بۆ هەنجاندنی خواردن و وتنی وشەکان

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان دەست پێ دەکەم.

لە دەورانی حوجرە وانەکان کە بۆ فەقێکان دانرابوو، سەخت و ئاسانی تێدا هەبوو. وانەی وەک سەرف و نەحو، بە وانەی سەرەکی دەناسرا، بۆ ئەوەی کە فەقێ لە قورئان شارەزا بێت. سەرف و نەحو وەک دوو وانەی بنەڕەتی بۆ فەقێکان سەخت و گران بوو، زۆر کاتی ئێمەی بە خۆیەوە خەریک کرد وە زۆر کات بۆ وتنەوەی ئەو دوو وانە تەرخان دەکرا. ئەو فەقێیانەی کە بە کەسی بە تەوانا بناسرایەن، لە بواری سەرف و نەحو شارەزاییان هەبوو. هەروەها سەرف و نەحو وەک دوو دەروازە بۆ کردنەوەی قورئان بە ئێمە ناسرا بوو.

لە بەرانبەر سەرف و نەحو وانەی تەجوید ئاسانترین وانە و خۆشترین وانە بوو، لەبەر ئەوەی کە ئەوەندە ئەرکی نەبوو بۆ ئەوەی کە ئێمە فێری بین. مامۆستا مەنسوور، مامۆستای تەجویدی ئێمە بوو. ئەم مامۆستا لەسەر باسی تەجوید باسی تری بۆ ئێمە دەکردەوە. ڕۆژێک وتی لە شاری مەدینە کەس هەیە کە پسپۆڕی پیتی (صاد) ە. وتی کەسانێک لە بواری ناسینی پیتەکان شەهادە وەردەگرن. ئاماژەی بە بەهای ئەوە دەکرد کە پیتەکان تەوانای ئەوەی هەیە کە دەورەیەکی خوێندنی فەقێ بە خۆیەوە خەریک بکات، بۆ ئەوەی کە زانست و شارەزایی لێ بە دەست بهێنێت.

ئەو باسەی مامۆستا مەنسوور لە لای مندا وەک یادەوەریەک لە گەنجەی هۆشمدا شوێنی خۆی کردەوە. تا ئەوەی کە حەسەن زیرەک و قسەکردنی دایکم دیسان منیان خستەوە بیری مامۆستا مەنسوور.

حەسەن زیرەک بە گۆرانی بێژێکی بە ناوبانگی کورد دەناسرێت و دەنگی خۆشی شایستەی ئەوەیە کە گوێ لێ بگیردرێت. لە گۆرانیەک حەسەن زیرەک وشەی

منشور لە جیاتی وشەی مشهور بە کار دەبات. دەڵێت: دەگەڕێمەوە بۆ بۆکان، ناوم لەوێ مەنشوورە!.

دایکم کە قسە دەکات زۆر بە زەحمەت ددانی بە وشەکان دەنێت. وشەی موسوڵمان بە بسڵمان دەڵێت، قورئان بو قورحان دەڵێت، مەسخەرە بە مەخسەرە دەڵێت، تا دەگاتە زۆر وشە و ناوی تر کە سەر و گوێ بە کەیفی خۆی دەشکێنێت.

مامۆستا هەژار لە کتێبی چێشتی مجێور زۆرێک لە وشەکان بە هەناو و هەناسەی خۆی دەردەبڕێت. تەنیا ناوێک کە لە بیرم ماوە کە مامۆستا هەژار بە شێوەیەکی تر وتوویەتی ناوی عەبدولڕەحمانە کە بە ئەوڕەحمان وتوویەتی. گەر لە کتێبی چێشتی مجێور بگەڕێت، زۆر وشە و ناو بە هەناو و هەناسەی مامۆستا هەژار وتراوە.

تیکەی گۆشت کە لە دەمدا دەجوێنرێت و دەهەنجێنرێت تا ئەوەی کە دەچێتە خوارەوە، پێویستی بەوەیە کە ددان و دەمی بە باشی بۆ بجووڵێنرێت. هەر ئەو دەمەی کە گۆشتی پێ دەهەنجێنرێت، هەر لەو دەمەیە کە وشەکان و ناوەکان دەوترێن و دێنە دەرەوە. مرۆڤ شایستەیە کە هەنجاندن و دەربڕینی وشەکان و گۆشت لەیەکدی جیا بکاتەوە، شایستەتە کە مرۆڤ ئاگاداری دەم و زاری بێت. هەر ئەوەندەی کە هیچ ڕێ و ڕێنماییەک نیە بۆ ئەوەی کە چۆن گۆشت بهەنجێنرێت، بە پێچەوانەوە ڕێ و ڕێنمایی هەیە کە وشەکان و ناوەکان و ڕستەکان بە جوانی و پیرۆزی لە دەمەوە دەربێت و بوترێت.

لە دەورانی زانکۆی سەلاحەدین کە بیرم لەو ڕۆژەی مامۆستا مەنسوور دەکرد کە باسی پسپۆڕی لە بواری پیتی صادی دەکرد، پێکەنیم بەو قسەی دەهات، لە لای خۆمدا دەموت ئەوە چ باسێکە کە بۆ نەوەی کورد دەوترێتەوە!؟ ئەوە چ دەرس و وانەیەکە کە بۆ نەوەی هەژاری کورد دەوترێتەوە!؟. سەیرم لەوە دەهات کە دەبوو وشەکانی ئیسلام بە باشی بڵێنەوە. بە خۆمم ئەوت کە ئاخر وشەکانی قورئان چی تێدایە کە ئەوەندە دەبێت بە جوانی و ڕێک و پێکی بوترێتەوە!؟.

لە لای خۆمدا دەمەوت کە لە جیاتی ئەوەی کە باسی زانستی پێشکەوتووی سەردەم بکەن و باسی دەسکەوتە نوێ مرۆڤیەکان بکەن، هاتوون و باسی ئەوەم بۆ دەکەن کە چۆن پیتی صاد بخوێنرێتەوە!.

لە دەورانی بەندینخانە کە باسی ڕستەکان و ڕوومەت و دەمم بۆ کرایەوە، بە ناوی خوای گەورە ئەوەشم بۆ کرایەوە کە ڕستەکان و وشەکان و ناوکان دەبێت کە بە جوانی لە ڕوومەتی مرۆڤ بێتە دەرەوە. لەوێوە بۆم دەرکەوت کە ئیسلام چەندە پاک و پیرۆزە کە بەها بە ڕوومەت و خاوێنی لە وتنەوەی وشەکان و ڕستەکان دەدات.

ئەدەبی تەجوید لە دەورانی ناوی موحەممەدی پەیامهێنەری خوا بە ئامۆژگاریەکانی قورئان بنەوای دامەرزاوە. ئەدەبی تەجوید بۆ ڕستەکانی قورئان دامەرزاوە نەک بۆ زمانی عەرەبی. ئیتر چەند وانەکان بە ناحەق لە ئێمە سەخت و توند دەکرا، وانەی وەک سەرف کە بە بنەوا دەناسرا لە لای مندا بە وانەیەکی لە پەراوێز ناسرا، وە وانەی تەجوید لە دەورانی بەندینخانە وەک وانەیەکی خاوەن ئەدەب و ڕێنمایی دەرکەوت.

لە دەورانی بەندینخانە بەهای ئەوەم بۆ بەدەرکەوت کە ناوەکان و وشەکان و ڕستەکان، دەبێت کە بە ڕێک و پێکی لە پێگەی خۆیدا بە جوانی یاد بکرێت و ڕێزی لێ بگیردرێت.

باس و بەسەرهاتی تەجوید و باش وتنی ناوەکان و وشەکان دەسکەوت و دەرکەوتێکی تایبەتی بۆ من هەیە. من ئەو وانەم لە دەورانی حوجرە پێ وترا بۆ ئەوەی کە ڕستەکانی قورئان بە جوانی بخوێنمەوە، لە کاتێک کە من لە دەورانی بەندینخانە هەستم بەوە کرد کە نەک بۆ قورئان وەک کتێبێکی پیرۆز، بەڵکو بۆ تەواوی وشەکان و ناوەکان، دەبێت کە بە ئەدەب و باشی بیڵێمەوە بۆ ئەوەی کە خوای مەزن شایستەیی وتنی ناوەکانم پێ ببەخشێت. ئیتر کوردی کردنی وشە عەرەبیەکان یان وشە ئینگلیزەکان یان وشەکانی تر مرۆڤ لە مانا و پێگەی ڕاستینی ئەو وشە دوور دەخاتەوە!.

باس و خواسی باش وتنی ناوەکان و وشەکان دەسکەوت و دەرکەوتی تایبەتی بۆ نەوەی کورد هەیە. هەر مرۆڤێک کە بیەوێت بە ڕاستی و بە ناوی خوای مەزن فێری ئەدەب و ناسین ببێت، لە هەر سەردەم و دەورەیەک پێویستی بە ئەدەب و وانەیەکە. وانەی تەجوید کە لەو دەورانە بە من وترا، لە ڕاستیدا هیچ بەها و بایەخێکی بۆ من نەبوو. من لەو کاتە خەریک بە وانەیەکی تر بووم. لە پاش دە

ساڵ کە بەسەر ئەو دەورانەدا چووە، بۆم دەرکەوت کە پێویستم بە ڕێ و ڕێنمایی باش وتنەوەی هەموو وشەکان و ناوەکان هەیە.

پەروەردەی مرۆڤی و حوجرە لەبەر ئەوەی کە مرۆڤیان دروست نەکردووە، نەزانن و ناتەوان و هەژارن لەوەی کە بزانن و بتوانن هەر مرۆڤێک لە هەردەم و دەورەیەک چ وانە و دەرسێکی شایستەیە. قوتابی و فەقێکان بە کۆمەڵ لەبەر دەستی خۆیان کۆ دەکەنەوە و یەک وانەیان پێ دەڵێنەوە. تەنیا خوای مەزن تەوانی ئەوەی هەیە کە لە کاتی دیاریکراو و لە دەم و دەورەی شایستە ئەدەب بە مرۆڤ فێر بکات. لەبەر ئەوەی کە خوای مەزن بە باشی شارەزای ناوی مرۆڤ و ڕوومەتی هەرکام لە مرۆڤەکانە، لەبەر ئەوەی کە خوای مەزن مرۆڤی دروست کردووە و دەستی لەسەر مرۆڤە.

ناسین و ڕاستی لە ئاسوودەیی و ئاسانی و ڕووناکی نزیکە. تەجوید کە ئاسانترین وانە بوو، بە شایستەترین وانەی دورانی حوجرەی دەناسمەوە. بە پێچەوانەی حوجرە کە زانستی سەرف و نەحویان بە بنەوای ناسینی قورئان دەناسیەوە. مامۆستا عەلی کەڵەک بە دڵێکی پاک، ڕستەکانی قورئان بە جوانی بەسەر نەخۆشەکان دەخوێنێت و بە ناوی خوا شەفا بە نەخۆش دەبەخشێت. ئیتر پێویست ناکات کە نەخۆش بێهۆش ببێت، ئیتر پێویست ناکات کە بە چەقۆ پێستی نەخۆش بدڕدرێت. نەک تەنیا بۆ شەفای نەخۆشی بەڵکو بۆ هەموو شەفا و سەلامەتیەک پێویست دەکات کە ناوەکان و وشەکان بە جوانی و خاوێنی بوترێنەوە، نەک تەنیا لە دەمدا بەڵکو لە دڵیشدا.

کاتێک کە ناوەکان و وشەکان لە پێگەیەک کە خوای مەزن دیاریکردووە بە جوانی یاد بکرێتەوە و بە دەمدا بێت، ئەوە مرۆڤ لەش و هۆشی خۆی پاراستووە.

## شکاندنەوە

لە بەشی یەکەمی نووسینەکان لە باسی فارسەکان و فەرەنسیەکان ئاماژەم بە وشەی هەڵوەشاندن و هەڵوەشاندنەوەی نەوەکان و ناوەکان و وشەکان لە ئەدەبی مرۆڤ و ئیبلیس کرد، ئەوە یەکێک لە کارە هەرە گرنگەکانی ئیبلیس و شەیاتینە بۆ ئەوەی کە وشەکان و ناوەکان و نەوەکان لە کان و کوانی خۆیان هەڵکەنن و بیاندەن بە دەم ڕەشەبای کاولکەری ناوی خۆیانەوە.

لێرە ئاماژە بە دووهەم کاری سەرەکی ئیبلیس و شەیاتین دەکەم بۆ دژایەتی وشەکان و نەوەکان و ناوەکان، کە ئەوەش شکاندن و شکاندنەوەیە. بۆ نموونە زۆرێک لە خەڵک ناوی ئەحمەد بە ئەحە و ئەخل و ئەحۆل بانگ دەکەن. ناوی موحەممەد بە حەمە و محە و مامەد و مەمەد بانگ دەکەن. ئەمە شێوەیەکی زۆر باوی نێو خەڵکە بۆ شکاندنەوەی وشەکان و ناوەکان.

نووسەران و شاعیران و بیرمەندان و سیاسیەکان و سەرجەم ناوەکان هەوڵی ئەوەیان هەیە کە وشەکان و ناوەکان و ڕستەکان و هەستەکان بشکێننەوە و بە خواستی هەست و هەناسە و هەناوی خۆیان بیخەنە دەرەوە.

دینی ئیسلام زانستی تەجویدی دامەرزاندووە بۆ ئەوەی کە فەقێ فێری ئەوە بکات کە بە ڕێز و ئەدەبەوە وشەکان و ناوەکان بە دەم و دەستیدا خەریک بکات. وشەکان دەرگەی هەیە، دەرگەی خۆشەویست کردن یان چکۆلە کردن، دەرگەی شکاندنەوە یان ڕادەی فرە بۆ پێگەدانی وشەکان. لە دەورانی خوێندنی فەقێیە کە ناونیشان و پێگەی پێ دەبەخشرێت و بە مەلا و مامۆستا و شێخ و حەکیم و پلەی بەرزتر دەناسرێتەوە. ئەمە هاتوو لە ئەدەبی دینیە.

پێشتر باسی ئەدەبی ئەبواب و windows م کرد. باسی ئەوەم کرد کە ئەدەبی ئیسلامی باب و دەرگە بۆ ئاشنایەتی دادەمەرزێنێت، بەڵام ئەدەبی مرۆڤی ئەدەبی ویندۆز و پەنجەرەکان دامەرزاندووە کە زەمینەی شکاندنەوە و بێڕێز کردنی ناوەکان و وشەکان فەراهەم دەکات. بۆ نموونە مامۆستا عەلی کەڵەک لە فەیسبووک لاپەڕی تایبەتی خۆی هەیە، زۆر کەس بە بێ ئەوەی کە ناو و ناونیشانی خۆیان دەربخەن جنێو دەدەن و دوژمنایەتی و سووکایەتی بەو مامۆستایە دەکەن. فیسبووک پەنجەرەیەکی مرۆڤیە کە ژینگە بۆ شکاندنەوەی ناوەکان دروست دەکات.

لە ئەدەبی خەڵکی کورددا وشەی شکاندنەوە بە کار دەچێت. بۆ نموونە کەسێک خواستی ئەوەی هەیە کە کەسێک بشکێنێتەوە، بەو مەبەستە کە خواستی ئەوەی هەیە کە بێڕێزی پێبکات و پێگەی لاواز بکات.

**شکاندنی وشەکان و ناوەکان جووڵەیەکە کە دەستی لە پشتەوەیە و خواستی دەستەکانی پشتەوەی ئەوەیە کە پێگەی ڕاستینی وشەکان و ناوەکان لە دەم و دەستی مرۆڤ بشەوێنێت.**

## دار بۆ بنەپێ و لەپی دەست

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم لە شەڕی ناوەکان. بە ناوی خوای مەزن دەست و گیان پێ دەکەم.

منداڵ بەرد لە بن چاڵ دەخات بۆ ئەوەی کە لە دەنگی ئەو بەردە کەیفخۆش بێت!. مرۆڤ کلیل لە بن چاڵ دەخات لەبەر ئەوەی کە بە باشی ونی بکات و هەرگیز بۆ خاوەنەکەی نەدۆزرێتەوە!.

وشەکان و ئەو بەرهەمانەی کە لە وشەکان دێتە بەرهەم بە لەشێک و لە لەشێک نامێنێتەوە و هەردەم پێگە و دەوری خۆی دەوێت. ڕستەکان و وشەکان کە بە مرۆڤێک درا و پاش ماوەیەک ئەو مرۆڤە نەیتوانی کە بە سەرکەوتوویی و ڕێز خزمەتی وشەکان و ڕستەکان بکات، ئەوە وشەکان و ڕستەکان لە ئەو لەشە جووڵە دەکات و شوێنی خۆی دەگۆڕێت. ئیتر پاش ئەوەی کە ئەو لەشەیان بە جێ هێشت، بە باشی ئەو لەشە بێ میهر و ئەدەبە بۆ کاتێکی تر دەناسنەوە و ڕەفتاری شایستەی لەگەڵ دەکەن!.

بنە پێ، قووڵایی لەشە بۆ ئەوەی کە هەر وشە یان ناوێکی سەرکێش بیەوێت کە خۆی یاخی و ون بکات، بۆ ئەوەی کە خۆی بشارێتەوە. وشەکان خۆیان لە بنە پێ دەخەن، وەک بەرد کە لە بنە چاڵ دەکەوێت. ئەم کارە بۆ ئەوە دەکرێت کە دەوری وشەکان و ڕستەکان لە ناوەندی لەش دوور بکرێتەوە. وشەکان هەرچی لە دڵ دێتە خوارەوە، من تووشی وێنەیەکی سەیر و جوان دکەن:

ئەو کەسەی کە لە هەڵپەڕکێ سەرچۆپی دەگرێت، هێز و جوانی و وزە و ڕوومەتێکی چالاکی هەیە، ئەو کەسەش کە گاوانی دەگرێت، بە پێچەوانەوە شوێنکەوتووی ئەو کەسەیە کە سەرچۆپی بە دەستەوەیە. ئەو کەسانەی کە لە نێوان سەرچۆپیکێش و گاوانیگردا دەستیان گرتووە، دەستیان بە دەستی یەکدی بەستراوەتەوە.

لەشی مرۆڤ هەر وەک ڕیزێکی هەڵپەڕکێ چەند ناوێک پێکەوە دەستیان گرتووە و لەشێک هەڵدەپەڕێنن، مێشکی مرۆڤ و بنەپێ مرۆڤ سەرچۆپی کێش و گاوانیگری ئەم ڕیزەی هەڵپەڕکێن. ئەو دووانە ناویان لەیەک نزیکە، ئیتر کاتێک کە سەرچۆپیکێش ناچێت، ئەوە لە ناکاوە یەکێک لە دواوەی ڕیز بە خۆشی و دەست هەڵبڕین و فیکە و سەما چۆپی لە دەست دەگرێت و هەست و هەناسەیەکی خۆش بە ڕیز دەدات و هەڵیدەپەڕێنێت و لە تێکچوون ڕزگاری دەکات. کاتێک کە بێداری تووشی کێشە بووبێت، ئەوە لە بنە پێوە هەوڵی کردنەوە دەدرێت.

هەرچی ڕستەکان لە مێشک بەرەو خوارەوە بێت، ئەوە دەبێت کە دەست و ناوێک بەسەریاندا زاڵی و خاوەنداری بکات. بۆ نموونە گەر وشەکان و ڕستەکان کەوتە ورگ و گەدەی مرۆڤەوە، ئەوە دەستەیەک لە ناوەکان و ڕستەکانی تر دەڕووخێنن و ژینگە بۆ ژیانیان دەخەنە مەترسیەوە.

ئینگلیسەکان ئەو ناو و ڕستانەی کە لە دەوری گون کار دەکەن، بەرز و پیرۆز ڕادەگرن. ژنەکان و قوندەرەکان و لەشفرۆشەکان و ئەوانەی کە باسی ناوگەڵ دەکەن. ئینگلیسەکان گەر پلەیەک بەرز و بەڕیزتر بن، باسی ورگ دەکەن، کە باسی ورگ لە فەرەنسەویەکانەوە بە ئینگلیسەکان گەیشتووە!.

لە پەروەردەی کۆندا باسی فەڵەکە کرن وەک ڕەوشتێکی لێدان بۆ پێدانی وشەکان بە کار چووە. ئەو کەسانەی کە ئەو شێوەی لێدانەیان بۆ پێدان و پەروەردە کردن لە قوتابخابەکان خستە ئاراوە، وشە و ڕستەیان بە لەشەوە پەیوەند زانیوە. ئەمە بەهایەکی زۆری هەیە. لێدانی بنە پێ بە لێدانێک ناسیاوە کە یارمەتی سەلامەتی مێشکی مرۆڤ دەدات.

لەپەروەردەی دەیەی هەفتاکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، چێو بۆ دەست بەکار دەچوو. لێدان بە دار بە لەپی دەست، بۆ ئەوە بە کار دەچوو کە قوتابی فێری ئەوە بێت کە ئیتر وانەکانی بە باشی لە بیر و ژێری خۆی هەڵگرێت. ئەوانە لە بنە پێ گوزەریان کرد، بۆ لەپی دەست!.

ئەوانە بە نەزانی دەستی قوتابیانیان کردە بەرپرسی ئەوەی کە وانەکان بە باشی بە سەروچاو و گوێ ناگەیەنێت. هەر بۆیە بە دار لە لەپی دەستیان داوە. ئەوانە

نەزان بوون لەوەی کە لەپی دەست و مێشکی مرۆڤ ڕێگەیەکی دوورترە لەوەی کە بنی پێ و مێشک هەیەتی!.

## گورێس و کا لە دوژمنی یەکدیدا

پەنا بە ناوی خوای گەورە دەبەم، وە بە ناوی پیرۆزی باس لە وشەی باوی **تنبیە** دەکەم.

لێدانی بنەپێ کارێکی باشە، بەڵام نەک بە ڕق بەڵکو بە خۆشەویستی بۆ ئەوەی کە هیلاکی سەر و مێشک دەرچێت. هەروەها وشەی **تنبیە** وشەیەکی عەرەبیە، کە دەستە وشەیەکی تر وەک اهتمام، انضمام و استرعاء، لە دەوروبەریەتی، کە ئاماژە بەوەیە کە بەها و بایەخی شتێک دەرکەوێت. تنبیە لە ئەدەبی فارسیدا بوو بە داری دەستی مامۆستا. لە زمانی عەرەبدا وشەی بەها و بایەخ لە دەوری ئەو وشەیە و لە ئەدەبی فارسی ناوی چێو بووەتە جێگری ئەو وشەیە.

مرۆڤ وشەی تەنبیهی وەک چڵێک لە دارێک شکاندووە، کە خوای گەورە ئەو چڵەی دروستی کردووە کە گەڵا و میوە بدات. مرۆڤ ئەو چڵەی بە دەستەوە گرت کە لە ناولەپی قوتابیەکان بدات. فارسەکان وشەی تەنبیهیان بە ستەم بە کار برد. ئەوان بە خواستێکی دوور لە ڕاستی وشەی تەنبیهیان لە چڵی دار نزیک کردەوە.

وێنەی ئەم قسەی منە وەک کەسێکە کە بارێکی گەورەی کا بە گورێسێک دەبەستێت و بۆ گواستنەوەی کا بە کاری دەبات. لە لادێکانی کوردستان لە گورێس بۆ کێشە و بار و بەستن و ڕاگرتن کەڵک وەردەگرن. کێشانی کا یەکێک لەو کێشانە بوو کە گورێسیان بە دەوری چیخ و دەهۆوە دەبەست و کایان بار دەکرد. **ناوی گورێس و کا دوژمنیەکیان پێکەوە هەیە.**

ئەو کایەی کە چووە بنی گورێس، پێوە دەمێنێتەوە. کا لە بن پەنا و سێبەری گورێس خۆی کڕ و مات دەکات، ئەوەندە خۆی بە گورێسەوە دەهێڵێت تا ئەوەی کە خاوەن گورێس، گورێس لەبەردەم کادان بدات بەزەویدا و بۆ کاری کا و خەرمان بە کاری ببات. ئیتر خاوەن گورێس ناتوانێت کە ئەو گورێسە بۆ هەر کێشە و بارێک بە کار ببات!.

# گورێس و مار لە دۆستی یەکدیدا

چەند وێنەیەکی سرنجڕاکێش لە گورێس کارێکی کرد کە هەست بەوە بکەم کە گورێس کەیفی بە خەڵکی دەشتی زەهاو نایەت. باش سرنج بدەن:

**نیوەڕوانێک لە گەرمای هاوینی دەشتی زەهاو بە دەمی خەوەوە دەمەویست کە بۆ ئاودەست بچم. تیشکی خۆر زۆر لە زەوی نزیک بوو. بە تەنیشت حەمامەکە تێپەڕیم و بە لاچاوێک سەیرم کرد کە مارێکی ڕەش پان بووەتەوە. یەکسەر منی ڕاچەڵەکاند و دەستم بە پەلە هێنا بە ڕوومەتم و خۆم دوور خستەوە. چاوم دەکردەوە و دەمبەست بۆ ئەوەی کە دڵنیا بم مارە، کە باش سەیرم دەکرد، بینیم کە گورێسی ڕەشە. گورێس زیندووە. گورێسی ڕەش لە موی بزنی شاخ بەزێنە، ئارامی و پان بوون بۆ گورێس شەرمە! گورێس لە تیشکی زۆری خۆر، بۆ خواستی ترساندن کەڵک وەردەگرێت!.**

**چەندەها جار لە خەڵکم بیستووە کە باسی چیرۆکی خۆیان لەگەڵ گورێس و مار کردووە. کەسێک بۆ من دەیگێڕایەوە کە جارێک دەستی بۆ گورێسێک بردووە و بە دوای خۆی ڕایکێشاوە، لە ناکاوە هەستی کردووە کە گورێسەکە سڕە و جووڵە دەکات. وتی لە ناکاوە دەستم لێ بەردا و زانیم کە مارە!.**

**گورێس سەری خۆی بە خۆی دەبەستێت. گورێس سقە بە هیچ ناوێک ناکات کە سەرەکەی خۆی پێ ببەستێت. سەری گورێس بە سەری خۆی گرێ دەدرێت، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر خۆی بدات بە دەستی ئەوانی تر، لیاقەتی ئەوەیان نیە کە بە باشی بیبەستنەوە و لە هەڵوەشان بیپارێزن. گورێس کە خۆی دەناسێت، بۆ بەستنەوەی ناوەکانی تر بە کار دەچێت، سەری خۆی بە سەرەکەی خۆی دەبەستێت!.**

**گورێس کە دەبینێت لە لادێکانی کوردستان بۆ کێشەی کا و بەستنەوەی گا بە کار دەچێت، شادمان نیە. هەروەها وشەکان گەر لە پێگەی خۆیدا بەکار نەچێت و بەهای بەرز ڕانەگیرێت. وەک گورێس لە گەرما و ڕووناکی نیوەڕۆدا خۆی وەک مار دەنوێنێت و ترس دروست دەکات، یان بۆ ئەوەی کە بکەوێت و دەوری نەمێنێت، کای سووک و هیچ بە خۆیەوە دەگرێت و بەهای خۆی کەم دەکات!.**

وشەی **تنبیه** نموونەیەکی باشە بۆ لێکدانەوە. ئەم وشەیە بۆ کارێک بەکار چووە کە شایستەی ئەوە نەبووە کە بۆ ئەو کارە بە کاری ببەن. عەرەبەکانیش لەبەر ئەوەی کە خاوەنداری وشەکانی خۆیان نەکردووە، فارسەکان ئەو وشەیانە بە خواستی خۆیان لە ئەدەبی فارسی جێ کردووەتەوە. وەک گورێس کە بە شێوەی شایستە ڕێزی لێ نەگیراوە. ئەو وشەیە بووە بە دارێک کە منداڵە جوانەکانی پێ ترسێنراوە. ئیتر ئەو وشەیە وەک گورێسێک کە کا لە دەوری دەمێنێت، ئەوەندە قسە و باس لە دەوری دەمێنێت کە خاوەن وشە ناچارە کە ئەو وشە بۆ کارێکی تر بە کار ببات. خوای گەورە خاوەنداری هەر هەمووی وشەکانە، ئەوە کە ژەهر و هەنگوین لە هەنگ دروست دەکات، وە هەر ئەوە کە وشەیەک لە زوبانی خەڵک تاڵ و شیرین دەکات.

فارسەکان تەنیا لە وشەی تەنبیهدا نەبووە کە ڕیشەی وشەکانیان کەندووەتەوە، بەڵکو فارسەکان زۆر بە فراوانی دەستیان بە ناڕاستی بۆ وشەکانی عەرەبی بردووە. ئەوان وەک کەسێک کە لە جیاتی ئەوەی کە بە گونیە کا بۆ گا بەرێت، بە پڕی دوو لەپی دەستیان کایان بۆ بەری گا بردووە. هەرئاوەها فارسەکان وشەکانی عەرەبیان بۆ فارسی زمانەکان بردووە. وشەکان بە کەمی و ناڕێکی گەیشتووە بە زوبانی فارسەکان، هەم لە دەربڕینی وشەکان هەم لە بە کار بردنی وشەکان. ئەوان لە جیاتی ئەوەی کە دەست و چاو لەسەر ئەو وشانە بخەن کە ئیسلام بەهای پێ داوە، زۆرێک وشە و ناویان لە عەرەبەکان هێناو کە پەیوەندی بە ئیسلامەوە نیە.

**هەروەها دەبێت نەوەی کورد ورد و وریا بێت کە ئەو کەسانەی کە بە توندی بە گژی لێدان لە بەرنامەی پەروەردە دەچنەوە و بەرەنگاری دەبنەوە، لە بەردەستی مامۆستایەکی بە دەست و نەزان دەستێکیان خواردووە. هەر ئەوانە باسی ئەوەیان کرد کە لەش نابێت بۆ پەروەردەی وشەکان بە کار بچێت!**

**لەشی مرۆڤ بۆ ئەوەی کە بگات بە وشەی داهێنان، دەبێت کە لە وشەی ڕاهێنان گوزەر بکات. ڕاهێنان وەک ڕاهێنانی لەش بۆ شەڕ، لەشێک کە بە وردی و نەرمی و بەردەوامی بە دەستی خۆ و دۆستان لێ نەدرابێت و ئامادە نەکرابێت، تەوانی ئەوەی نیە کە لە مەیدان شەڕ بکات.**

# کەو و کەر لە پێگە و دەنگدا

پەنا بە ناوی خوای مەزن دەبەم. بە ناوی خوای مەزن دست و گیان پێ دەکەم.

ناوەکانی کورد لە ڕێگەیەک کە لێی نەزان و پێی نەناسراون و تێدا گوزەریان نەکردووە، دەیانەوێت کە نەوەی کورد خاوەنداری بکەن. دەست و دەم گرتن بە ناوەکانەوە ئاماژە بەوە دەکات کە لەش و هۆش خەریک بە چیەوەیە؟ بە ئاسانی و بە ناوی خوای مەزن تەوانی ئەوەمان هەیە کە بە چەند ڕستە بیانبەستینەوە.

لە بابەتێکی پێشتردا باس لە پەیوەندی ناوی کورد بە ناوی کەر و هەڵۆ کراوە. لە پێگەی لووتکە بۆ ڕێگەیەک کە کەر بە هەوسارێکەوە بەست و بەند کراوە. باسم لەوە کردووە کە دەروونی کورد لە ڕابردوودا لە ناوی هەڵۆ و کەر نزیک بووە.

باسی کەر و کەو وەک نانێکە لە بەرەبەیانێک، کە بە ئاردی تازە و پشقڵی کۆن ئامادە کراوە. بۆ ئەوانەی کە بۆن و تامی نانی بەرەبەیانی لادێکانی کوردستان بە گیانیان ئاسایش دەدات. ئەوانەی کە دەیانەوێت توخم و دانەری توخم تێک بدەن.

جووڵە لە ناوەکان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو مرۆڤە چەندە تەوانی گوزەری هەیە. ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو مرۆڤە چۆن لە پێگەی خۆیەوە گوزەر دەکات؟ وەک نموونە، من چۆن لە ناوی سادقی هیدایەت بەرەو ناوی فردریک نیچە گوزەرم کرد؟ وە لە ناوی ناسری سوبحانی بەرەو ناوی فردریک نیچە پەڕیمەوە؟ باسی ئەوەم بۆ گرنگ بووە کە ناوەکان چۆن لە نازناوێک بۆ نازناوێکی تر گوزەر دەکەن؟ چۆن لە دووانەیەکی دوور و نزیک یان دژ و بەرەڵا گوزەر دەکەن؟ چۆن موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا بەرەو ناوی مەحەممەدی پەیامهێنەری خوای مەزن جووڵەی کرد؟.

ڕستەکانی قورئان بە شایستەیی باسی لەوە کردووە کە بە چ شێوەیەک لەگەڵ ناوەکان برادەری بکرێت. کاتێک کە ڕووت لە خوا کرد دەبێت کە پشت لە خواکان و خاوەندارەکانی تر بکرێت. من لە دەورانی حوجرەدا لەهەمان کات کە لەگەڵ ناوی سادقی هیدایەت و ناسری سوبحانی بووم لە هەمان کاتدا لەگەڵ ناوی سەید قوتب هەنگاوم هەڵدەگرت. هەروەها لە دەورەیەک کە بە ناوی فردریک نیچە ئاشنا بووم، ئەو سێ ناوەی سەرەوە لە مندا وەک ناوی نەکراوە مابوونەوە. من لە ڕێیەک دەڕۆیشتم کە ناوەکان شان بە شانی یەکدی لەگەڵ مندا دەڕۆیشتن. هەر ئەمە

کارێکی کرد کە من ڕووم لە چەند ناوی جیاواز بێت. کە ئەمە بە تەواوی دژ و بە گژی دەروونی مندا دەچووەوە.

من لە هەر هەمووی دەورەکان نائاگاە بووم لەوەی کە خاوەنداری ناوەکان بکەم. لە دەورەی بەندینخانە بوو کە بە پێگەی ناوەکان لە دەورەکانی ژیانمدا ئاشنا بووم. لە دەورانی بەندینخانە بەوە ئاشنا بووم کە ئەو ناوانەی کە دەروونی کوردیان بەند و بەستی خۆیان کردووەتەوە، زۆر ڕوون و ئاشکرایە.

ناوی کەو و کەر دوو ناوەی ترە کە تەوانی هەیە باس لە بارودۆخی دەروونی ناوەکانی کورد بکات، هەروەها تەوانی ئەوەی هەیە کە ڕێبازی نەوەکانی کورد لە ڕێی ناوەکانی کورد دیاری بکات. ناوی کەر لە دوو ناوەی هەڵۆ و کەر، وە کەو وکەر، وەک ناوی پایەدار ماوەتەوە، کە ئەمە ئاماژە بە باشی دۆخی ناوەکانی کورد و نەوەکانی کورد نیە!.

کەو ئەو پەلەوەرەیە کە کورد لە دنوک و دەنگی کەڵکی وەرگرتووە. کورد، کەو وەک پەلەورەێکی جوانی دەستی، بۆ دەنگی ڕای دەگرێت و لە قەفەسدا بە خێوی دەکات. کەو پەلەوەرێکە کە لە داوێنی کێوەکان دەژی و گۆشتی بۆ خواردن بە کار دەبرێت. هەبوونی ئەم پەلەوەرە لە ئەدەبی ژیانی کورد ئاماژە بە ناوەکانی کوردی دەکات. کەو بە پێچەوانەی هەڵۆ مەترسی نیە، ڕاو دەکرێت و ڕاو ناکات، دەستی دەبێت و ترسی لەسەر نیە، هەروەها جوان و دەنگ خۆشە، وە لە داوینی کەژەکان دەژی و بە دەنگ لە ئەدەبی کوردیدا ناوبانگی بەدەر کردووە.

## ناسری ڕەزازی و ناسری سوبحانی

ناسری ڕەزازی دەنگ خۆشی ناوداری کورد وەک نموونەی باسی کەو و کەر تەوانی ئەوەی هەیە کە بە ناوی خوای مەزن ئەو باسە بۆ نەوەکانی کورد شل و شی و شیتەڵ بکاتەوە. ناسری ڕەزازی هونەرمەندێکە کە کورد وەک دەنگخۆشێکی شۆڕشگێڕ ناسیویە. ئەم هونەرمەندە توانیویەتی کە بەرهەمی کوردی بۆ نەوەکانی کورد هەبێت. بۆ ئەوەی کە ناوی ناسری ڕەزازی وەک نموونە بخەمە بەردەستەوە، دەبێت کە کەڵک لە ژیانی کاری ئەو ناوە وەربگرم.

کورد یەک هەڵۆی هەبووە کە بەسەر سنوورەکان بە باڵیەوە، بە بێ ئەوەی کە حیساب بۆ کەس بکات، گوزەری کردووە، ئەویش ناوی زەردەشت بووە. ناوەکانی تر هەر وەک کەو لە داوێنی کێو لەبەر دەست و بن دەست ژیاون و زەوینەی[14] ئەوەیان تێدا هەبووە کە ڕاو یان داو بکرێن. ناسری ڕەزازی وەک کەو بۆ نەوەکانی کورد خوێندوویە، وە هەوڵی ئەوەی داوە کە وەک هەڵۆ بە ئەدەبێک، نەخشەیەک لە وشەکان بۆ نەوەکانی کورد بچنێت بۆ ئەوەی کە زمانی کوردی ناسیاو بکات.

پەلەوەر هەیە تا پەلەوەر، مریشک بۆ ئەوەی کە بژێوی ژیانی دەربکات ناچارە کە دنوکی بەسەر هەر خاک و ئاوێک بدات. بەڵام هەڵۆ هەرگیز دنوکی بە زەویدا نادات، بەڵکو بە دنوکی ئاژەڵەکان لە زەوی بەرز دەکاتەوە. هەروەها مرۆڤ هەیە تا مرۆڤ کە کار بۆ نەخشەی ناوەکان بکات. کەسێکی وەک ناسری سوبحانی کە مامۆستای بواری وشەکانی عەرەبی بوو، کاری لەسەر نەخشەیەکی دیاری وشەکان و ڕستەکان دەکرد. بۆ ئەوەی کە بگات بە ڕووناکی و ڕاستی. ناسری سوبحانی ئاوی لە پەنگئاو نەدەخواردەوە. پەنگئاو مەبەست ئەو ئاوەیە کە لە کان و جۆگە گوزەری کردووە وە لە دەشتێک کە جۆگە و ڕووگەیەکی نیە، بەرەڵا دەچێت. بەڵام بە پێچەوانەی ناسری سوبحانی، ناسری ڕەزازی ئاوی پەنگاو دەخواتەوە. دەست و دەمی لە دەشتێک نیاوە کە جۆگە و ڕووگەیەکی تێدا نیە. ئەم کارەی کە ناسری رەزازی بۆ نەخشەکێشانی وشەکانی کورد دەیکات، بارکردنی وشەکانی کوردیە. جووڵە کردن لە کەو بۆ کەر، لێرەوەیە کە ناسری ڕەزازی کاری ئەدەبی لە مەترسی دەکەوێت و کارێک دەکات کە بە کێشەی وشەکانی کوردی دەناسرێتەوە. کاتێک کە ڕووگە بۆ وشەکان نەبوو، هەر کەسی تر دەتوانێت کە دەم بەو ئاوەوە بنێت و لێی بخواتەوە. کەم کەس باسی ناوی ناسری سوبحانی دەکات، لەبەر ئەوەی کە لە سەرەتای نووسینەکانی بە ناوی خوای مەزن دەست پێ دەکات. هەر ئەمە کارێک دەکات کە ڕووگەی ئەدەبی ناسری سوبحانی دەرکەوێت. گەر ناسری ڕەزازی بیەوێت کە بە بێ ناوی خوای مەزن وشەکان کۆ بکاتەوە وەک چیرۆکی خاڵۆ موحەممەدی دراوسێمانی لێ دێت. باش وایە کە باسی بەسەرهاتی خاڵۆ موحەممەد بکەم بۆ ئەوەی کە ناسری ڕەزازی و ناوەکان و نەوەکانی تر ورد و وریا ببنەوە:

---

[14] _ زەوینە، زەمینە

لە ئاوابیەکەی ئێمە کابرایەک هەبوو بە ناوی خاڵۆ موحەممەد کە دوادوای ئەوەی کە خەڵکی ئاوایی گەڕانەوە، خۆی و ژنەکەی و کەنیشکەکەی هاتنەوە و خانوویەکی قوڕینیان دروست کرد. لە تەنیشت ئەو خانووە زەویەکی تر هەبوو و کەس خاوەنی نەبوو. خاڵۆ موحەممەد زەویەکەی دیاری کرد و بە دەوریدا بەردی هەڵچنی. لە بەرەبەیان تا ئێوارە ئەم کابرا بە دوو دەستی پیریەوە، بەردە وردەکانی کۆ دەکردوە و لە دەوری دیوارێک کە بۆ پاراستنی زەویەکی هەڵیچنیبوو، لەسەر یەکدی دایدەمەرزاند و ئەمی هەڵدەگرت و ئەوی دادەنیا. گەر سەگێکی نەناس بچووبایەتە نێو زەوی خانووکە بە بەرد دەری دەکرد، نەیدەهێشت کە کەس دەست بۆ ئەو بەردانە بەرێت کە لە دەوری دیوارەکە هەڵیچنی بوو. گەر منداڵێک لە بن سێبەری دیوارەکە گەمەی کردبایەت بە پەلە دەری دەکرد. ئیتر کاری ئەم کابرا پیرە ئەوە بوو کە چاو و دەستی لە سەر ئەو دیوارە بێت کە لە دەوری زەویەک بوو کە هیچ خانوو یان ژیانێکی تێدا نەبوو. ئەو بەردانەش کە سەگ میزی پێدا کردبایەت یان مریشک ڕیقنەی پێدا کردبایەت بە ئاو خاوێنی دەکرد. دەبوو بەردە وردەی دیواری زەویەکەی پاک و برقەی بهاتبایەت!.

پرسیارێک کە لە لای مندا دروست بوو، بۆ خاڵۆ موحەممەد ئەوەندە چاو و دەست و هەستی بەرانبەر ئەم دیوارە ئاسایشی نیە!؟.

خاڵۆ موحەممەد ئەو زەویەی بە بێ ئەوەی کە پرسی بە کەس کردبێت بە زەوی خۆی دەزانی، وە خۆشی نەدەهات کە بۆ ئەوەش پرس و ڕا بە کەس بکات. خەڵکی ئاوابیش لەبەر ئەوەی کە پێویستیان بەو زەویە نەبوو، بە سەیر لێهاتن بەلای ئەو دیوارە گوزەریان دەکرد. سەیرتر ئەوە بوو کە خاڵۆ موحەممەد کوڕەکانی لە شارانی تر بوون و خۆی لەسەری پیری و ناتەوانی دەوری ئەو خانووەی گرتبوو. سەیرترین شت بە لای منەوە ئەوە بوو کە هیچ دەرگە و ڕووگەیەکی لەو دیوارە نەهێشتبوو کە کەسێک بچێتە نێو زەویەکەوە. تەنیا لە حەوشەکەی خۆی ڕێگە هەبوو کە کەسێک بچێتە ناویەوە.

ماوەیەک بەسەر چوو و من ڕۆژێک هەواڵی ئەوەم بیست کە خاڵۆ موحەممەد، کۆچی دوایی کردووە. پاش ئەوەی کە سەردانی ئاواییم کرد، سەیرم کرد کە ئەو زەویە کە خاڵۆ موحەممەدی دەوری بە بەرد خڕ داوە، هەر وەک خۆی بە بێ ئەوەی کە کەس ئاگای لێ بێت، ماوەتەوە. ئەو زەویە بە بێ ئەوەی کە کەس ئاوەدانی بکاتەوە وە

به بێ ئەوەی کە نەوەکانی خاڵۆ موحەممەد بەهای پێ بدەن و خانوویەکی تێدا دروست بکەن، هەر وەک خۆی مایەوە. ئیتر دیوارە بەردیەکە سەگ میزی پێدا دەکرد و خەڵکی ئاوایی کە بە تەنیشت ئەو دیوارە گوزەریان دەکرد، خاڵۆ موحەممەدیان بە بیر دەهاتەوە کە ڕۆژانە بە دەست و چاوی ئاگای لە دیوارێک بوو کە هیچ نەخشەیەکی تێدا دروست نەکرا و وەک خۆی مایەوە.

پاش ئەوەی کە خاڵۆ موحەممەد کۆچی دوایی کرد، یەکێک لە کوڕەکانی کە لە شارانی ئێران ئاوارە بوو، بڕیاری ئەوەیدا کە بگەڕێتەوە بۆ ئاوایی و لەو شوێنە کە باوکی بەردی لە دەوری کێشابوو، خانوویەک دروست بکات. کوڕەکەی دەستی خستە بنەواکە و خەریکی دروست کردنی بوو. پاش ئەوەی کە بنەوایەکی دروست کرد، لەبەر دەست تەنیایی و ناتەوانی وازی هێنا. پاش ئەوەی کە کوڕەکەی وازی هێنا، چووم و سەیرم کرد. زۆر بە لای منەوە سرنجڕاکێش بوو. کوڕەکەی بنەوایەکی بەردی لە نێو دیوارەکەی باوکی دروست کردبوو. هەردووکیان بەجێیان هێشت.

ناسری ڕەزازی پاش ئەوەی کە دەورەیەکی درێژی ژیانی لەگەڵ دەنگ و ئاواز بەسەر برد، هەوڵی ئەویدا کە بگەڕێتەوە بۆ کۆ کردنەوەی وشەکانی کوردی و لە کتێبێک بەڵاوی بکاتەوە، وە ئومێدی ئەوەی هەیە کە ئەو وشانە کە کۆی دەکاتەوە لە نەوەکانی کورد کاریگەری هەبێت!.

ئەمەیە کە پێ دەڵێم گوزەر لە کەو بۆ کەر، لە کەوی دەنگخۆش لە قەفەس و بەردەستی ناوەکان بۆ کەرێک کە لەبەر دەستی ئەوانی تر بارکێش و باربەری دەکات. کەرێک کە دەنگی بە سەرە ناسراوە، کە لە ناخۆشترین دەنگەکانە. هێنانی ناوی کەر لەم پێگەدا بەند و پەیوەست بە ناوێکە لە داچووندا. داچوونی ناسری ڕەزازی بۆ ئەوەی کە وشەکانی کورد وەک باربەر هەڵگرێت و هیچ بەهایەکی تر بۆ کاری ئەو نیە. دەروونی کورد لە ناوی کەر و کەو و هەڵۆ بۆ من ناسراون. بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت بە هاوکاری ناوەکان بۆ یەکتایی بڕۆن.

کەر کە بێتە سەرە، دەنگی ناشیرین دروست دەکات، هەروەها گەر دەستەیەکی زۆر لە ناوەکانی کورد کە خەریک بە وشەکانن، بێنە قسە، وەک سەرەی کەر دەنگی ناخۆش دروست دەکەن. بە پێچەوانەی کەو کە خاوەندارێکی شایانی دەنگە، کەر هیچ خاوەنداریەکی بۆ دەنگەکان نیە.

کەسانی کەم تەوانی ئەوەیان هەیە کە ناوەکان کۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی کە بە ڕاستی و ڕووناکی بگەن. نەوەکانی کورد دەبێت لەوە وریا بن ئەگەر لە بەردەستی ناوی ناسری سوبحانی و ناسری ڕەزازی بیانەوێت کە بە ڕووناکی بگەن، پەیکەرێک و نەخشەیەک لە ڕستەکان و وشەکان دروست دەکەن کە کەو و کەر تێکەڵی یەکدی دەبن و نەوەیەکی تێکەڵ لە دوو ناو دروست دەبن.

ناوەکان وەک کوڕ و کچێک کە دەبنە هاوسەر، دەورەیەک بۆیان نیە دەست بە یەکەوە بدەن، وە دەورەیەک دەستیان بە هەموو گیانی یەکدی دەدەنەوە. لە پاش ئەوەی کە ئەو دوو ناوە یەکدیان ناسیەوە و لەگەڵ یەکدیدا مانەوە، زایین و بەرهەم دەکەوێتە نێوان ئەو دوو ناوەوە و ناوی تر دەزێنێت. هەروەها ناوی کەو و کەر وەک دووانەیەکی ناوەکان لەم نووسینە یەک دەگرنەوە. ئەو دوو ناوە دەوریان هەبوو لەوەی کە دووانەی ناسری ڕەزازی و ناسری سوبحانی بخولقێنن.

باران کە لە ئاسمان دەبارێت، کە لە زەوی یەک دەگرنەوە و لە داوێنی خاکێک تێکەڵی یەکدی دەبن، دەبنە هۆی وەچەدان و کرانەوەی تۆیەک و ناوێک. هەروەها ناوەکان چ چەند دانە وە چ چەندەها دانە کە لە ژیانی مرۆڤێک یەک دەگرنەوە، دەبنە هۆی ئەوە کە تۆیەک بخەنە وەچە. گورزی گەورە ئەوەیە کە نەوەی کورد بە ناوی گۆرانی بێژەکانەوە، وەچە بە ناوی خۆیان بدەن. گۆرانیبێژەکانی کورد و شاعیرەکانی کورد کە لە یەکدی نزیکن و هاوکاری یەکدی دەکەن، وەک هەورێک بەسەر نەوەکانی کورد سێبەریان کردووە.

ناسری سوبحانی کاتێک گەیشت بەو ڕادە کە کەڵک لە ژیانی خوێندنی خۆی وەربگرێت و بەرهەمی لە نووسین هەبێت، کۆماری ئیسلامی ئێران بەندی دەکەن و دەیکوژن. بە پێچەوانەوە کاتێک ناسری ڕەزازی لەسەر هیچ بنەیەکی پتەوی وشەکان و ناوەکان دانەمەرزاوە، دەیەوێت کە نەخشەیەک و ئەدەبێک بۆ نەوەکانی کورد دروست بکات!

" ئەگەر کەر بە دارێکەوە ببەستیت، هەستی ئەسپی لی دەکەوێت و پێ خۆشە."

بە ناوی خوای مەزن هەوڵی سووک کردنی ناوەکان ناوەم، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدەم کە توورەکە بە دەمی کەرەوە بنێم، لەبەر ئەوەی کە کەر بە توورەکەی دانەوە باشتر دەڕوات. خواستی من ئەوەیە کە ناوەکان و پێگەی ناوەکان لە

ئەدەبی کوردیدا دامەرزێنم بۆ ئەوەی کە نەوەکان بزانن چ ئەستێرەیەک بۆ ڕۆیشتن دەبێت سقەی پێ بکرێت؟ وە چ ناوێک باشە کە سقەی پێ بکریت کە ڕێ و ڕێگا و ڕووگا بە ناویەوە دامەرزێت؟.

بە ناوی خوای مەزن گەر بە قسەی من بکەن، لە کەر و کەو و هەڵۆ واز دەهێنن و لە پێگەی مرۆڤەوە بە ناوی خوای مەزن گیان پێ دەکەن. بە ناوی خوای مەزن ئەدەبێک دادەمەرزێنن کە خۆر ئامادە بێت کە پاش باران بە سەر ڕوومەتی نەوەکانی کورددا بتاوێت. بۆ ئەوەی کە دەستی ستەمی ناوەکان لەسەر ڕوومەتی نەوەکان هەڵکەنێت.

عەباس موحەممەدی

مانگی ئاگۆستی ساڵی ٢٠١١

بەندینخانەی تینسلی هاوس لە لەندەن